# ڕێبازی سەرۆکەکانی ئەمەریکا

**ناوی کتیب:** ڕێبازی سەرۆکەکانی ئەمەریکا
نووسینی: سەلیم حوسنی و سەردار عەزیز
وەرگێڕانو ئامادەکردنی: سەردار محەمەد
بابەت: لکۆڵینەوە
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: بەختیار ئەورەحمان
هەڵەچنی: زانا سامان
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن:(١٥١٧)ی ٢٠٠٩
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩
کوردستان - سلیمانی

www.serdam.org

**مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

سەلیم حوسنی
سەردار عەزیز

# ڕێبازی سەرۆکەکانی ئەمەریکا

وەرگێڕان:
سەردار محەمەد

سلیمانی - ٢٠٠٩

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی سەردەم ژمارە (٥٠١)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| دەروازەیەک | ٧ |
| دۆکترن | ٩ |
| ڕێبازی سەرۆکەکانی ئەمەریکا | ١١ |
| مۆنرۆ | ١٣ |
| ڕۆزفلت | ٢٠ |
| ترومان | ٢٤ |
| دەستگرتن بەسەر ڕۆژهەڵاتدا | ٢٨ |
| جموجۆل ڕووەو ئەوروپا | ٣٣ |
| لەقاڵبدانی سۆڤیەت | ٣٨ |
| پەیمانی باکووری ئەتڵەنتیکی | ٤٣ |
| ئیزینهاوەر | ٥١ |
| پەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا | ٥٣ |
| پەیمانی بەغداد | ٥٧ |
| جموجۆڵ ڕووەو وڵاتانی ئیسلامی | ٦١ |
| بەرەنگاربوونەوەی ئۆردوگای کۆمۆنیزم | ٦٨ |
| کەنەدی | ٧٨ |

| | |
|---|---|
| ستراتیژیی هێزی هێرشبەری سنووردار | ٨٠ |
| پەیوەندیی لەگەڵ سۆڤیەتدا | ٨٤ |
| نیکسۆن | ٩٦ |
| کارتەر | ١١٢ |
| ڕیگان | ١٢٣ |
| بوش | ١٢٧ |
| گەردەلولی بیابان | ١٢٩ |
| دوا کێبڕکێ | ١٣٩ |
| ئەنجامگیری (پیاچوونەوەی گشتی) | ١٤٤ |
| هەڵسەنگاندنی پەیمانە ئەمەریکییەکان | ١٤٥ |
| هەڵسەنگاندنی ڕێبازە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا | ١٥٦ |
| هەڵسەنگاندنی دۆکترنی سەرۆکەکان | ١٦٢ |
| دۆکترنی کلینتۆنو دۆکترنی دەبلیو بوش | ١٦٧ |
| کلینتۆن | ١٦٩ |
| جۆرج دەبلیو بوش | ١٨٨ |
| پانۆرامای کاریگەریی ئەمەریکا لەسەر کورد | ٢٠٥ |
| ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا | ٢٠٧ |
| پانۆرامای کاریگەریی ئەمەریکا لەسەر کورد | ٢٢٣ |

# دەروازەیەك

لەجەنگــی دووەمــی جیهانییــەوە، ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریــکا ڕۆڵێکی گەورەی لەدیاریکردنی ئاڕاســتەی ڕووداوەکان و لەدارشتنەوەی نەخشــەی سیاســی جیهاندا بینیوە: نەتێکشکانی فاشــیزم و نازییەکان لەنیوەی یەکەمی ســەدەی بیســتەمدا بەبێ بەشــداری ئەمەریــکا لەجەنگــی دووەمی جیهانیدا مەیســەر بوو، نەهەڵسانەوەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لەئاسەوارە وێرانەکانی ئەو جەنگە بێ پرۆژەی مارشــاڵ کارێکی ئاسان بوو، نە ئیحتیواکردنی کۆمۆنیزم و نەتێکشکاندنی "ئیمپراتۆرییەتی شەڕەنگێزی" و نەکۆتایی هێنان بەجەنگی سارد لەبەرژەوەندیی جیهانی سەرمایەداریی ڕۆژئاوا لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، بێ رابەریو هەوڵی شێلگیرانەی ئەمەریکا مومکین بوو.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆشــماندا، گرنگی ئەمەریــکا بەئەندازەیەکە کە بەئەســتەم کێشــەیەک بەدەر لەئیرادەی ئەم دەسەڵاتە گەردونییە بەچارەســەری یەکجــاری دەگات. ڕەنگــە بۆ پەیبــردن بەگرنگی ئەمەریکا لای خۆمان، باشترین ئاماژە ڕێکەوتننامەی واشنتۆن بێت، بەســەرنجدان لەوەی کە نەرێککەوتننامــەی پاریسو نەکۆبوونەوەو دانیشــتنەکانی ئێرلەنداو پەرلەمانی کوردســتان و تاران و ئەنقەرە نەیانتوانی دوو هێزە بەشــەڕهاتووەکەی کوردستان ناچار بەدانانی سنوورێک بۆ شەڕی ناوخۆیان بکەن. بەڵام بەدوای ڕێککەوتننامەی

واشـــنتۆندا هیچ لایەکیان جورئەتی شـــێواندنی کەشـــی ئاشتی و شکاندنی ئاگربەستیان نەکرد.

لەئێستاشـــدا کە ئێمە بەگۆڕانکارییەکی گرنگ و وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورەدا تێدەپەڕین، پێویستە بەوپەڕی ئاگایی و بەوپەڕی واقیعبینـــی و بەرژەوەندخوازییـــەوە لەم هێـــزە گەورەیەی ئەمڕۆی جیهـــان بڕوانین، کە بەهێزترین وڵاتی ســـەر گۆڕەپانی سیاســـی و ســـەربازی و ئابووری جیهانەو ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لەتەرتیباتە ئایندەییەکانی دۆسیەی عیراق و ناوچەکەدا.

ئـــەم کتێبە دەروازەیەکە بۆ تێگەیشـــتن لەپلانی ســـتراتیژی و دۆکترنی "Doctrine"ی سەرۆکەکانی ئەمەریکا.

وەرگێڕ

# دۆكترن
# Doctrine

چەمكی دۆكترن لەزمانی كوردیدا ئاسـان نییە بەتەنها وشەیەك یـان زاراوەیـەك وەربگێردرێـت یـان دەربـبڕدرێت. ئـەم چەمكە لەبنەڕەتدا لەوشەی لاتینی دۆكتریناوە هاتووە، كە بەمانای تێزێك، دیدێك یان ڕێبازو باوەڕێكی چڕو تێكهەڵكێش دێت، كاتێك لەلایەن دەزگایەكەوە، بیروڕایەكەوە، كەسـێكەوە دەربـارەی دیاردەیەكی تایبەت، دەربڕدرێتو لەئەنجامدا دەبێتە پەیڕەو. ئەم چەمكە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەمەریكا مانایەكی تایبەتی وەرگرت، بەتایبەت لەپاش وتارەكـەی جیمس مۆنرۆ لەڕێكەوتی ٢ی كانوونی یەكەمی سـاڵی ١٨٢٣. لەو ڕۆژە بـەدواوە دۆكترن Doctrine بوو بەزاراوەیەكی سەرەكی لەپانتایی سیاسـەتی دەرەوەی ئەمەریكا. بەجۆرێك هەر سـەركردەیەك و دۆكترنی خۆی هەیە. هەندێـك زۆر بەناوبانگ و دونیاگۆڕ، هەندێك سادەو زوو لەبیرچوو.

دۆكتـرن، بەتایبـەت لەئەمەریـكا دەرئەنجامـی ئـەو عەقڵە كارگێڕییەیە كە سیاسـەتی ئەمەریكی تیـا ئەژی. عەقڵی كارگێری عەقڵی كەپیتالیزمـە. عەقڵێكە كە دەخوازێت پلانێكی چڕو كورتو ڕوون هەبێـت كە بەزمانـی ئینگلیزی پێی دەوترێـت "كۆر ڤالیو" یـان بەها بنەڕەتییەكان. ئەم بەهـا بنەڕەتییانە ئەو بەهایانەن كە هەرچەندە گۆڕان ڕووبدات ئەمان ناگۆڕێن. ئەوەی پێویستە بووترێت

دۆکتـــرن زیاتر لەسیاســـەتی دەرەوەدا پەیـــڕەو دەکرێت، بەڵام بێ پەیوەندیی نییە بەسیاســـەتی گشتیی کەسی سەرۆکەوە. بۆ نموونە هەمیشـــە کۆمارییەکان ئەوەیان لەلا گرنگتـــرە کە بەهێز دەرکەون، گرنگ نییە ئەگەر هەڵەش بن. ئەوان پێیان وایە کە ڕێز لەئەمەریکا دەگیرێـــت ئەگەر خاوەن تواناو هێز بێت، نەک خاوەن بەها. جۆرێک لەمیکیاڤێلییەت بەئاشـــکرا دەبینرێـــت، بەتایبەت لەکتێبی "میر"دا میکیاڤیلـــی دەڵێـــت: "وەها باشـــترە بۆ میر، کـــە ئەوانی تر لێی بترسن لەبری ئەوەی خۆشیان بووێت". ئەمە لەفەلسەفەی سیاسیدا بەسەرەتای ســـەرهەڵدانی ڕیالیزم یان واقیعییەت لەقەڵەم ئەدرێت. کۆمارییەکانیش هەمیشـــە خۆیان بەریالیســـت و واقیعبین لەقەڵەم ئەدەن و نەیارەکانیان بەئایدیالیست و خەیاڵپەرست.

ئەوەی پەیوەســـت بێـــت بەوانە وەرگرتـــن لەچەمکی دۆکترن و ســـەرکردە، بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ئەوەیە: سەرکردە دەبێت بەپلان و دیدەوە بناســـرێتەوە. ئـــەم پلان و ڕوانینەیـــە یارمەتمان ئەدات هەتا بتوانین ئەم سەرکردەیە بناسینەوە، هەڵیسەنگێنین و ڕەخنەی لێبگریـــن. لەهەمانکاتدا پێمان دەڵێت ســـەرکردە بۆیە لەوێیە هەتا خەونێک بێنێتە دی، هەتا دونیایەکی تر بخولقێنێ. نەک تەنها لەسەر کورســـییەکەی بمێنێتەوە هەتا ئەیخەنە تابووتەوە. ئەوەی شایەنی وتنە ئەوەیە، هەتا سیاسەت بەتاڵ بێت لەدیدو بەها، خۆشەویستی بۆ دەسەڵات زیاتر دەبێت.

سەردار عەزیز

# ڕێبازی سەرۆکەکانی ئەمەریکا
نووسینی: سەلیم حوسنی

# مۆنرۆ[١]
# James Monroe

دەســـپێکی ســـەدەی نۆزدەهەم بوو، کە بۆ یەکەمجار ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هێزی ســـەربازیی لەدژی جیهانی ئیسلام بەکارهێنا. ئەم پلانە ســـەربازییە، یەکەمیـــن ئەزموون و یەکەمین جموجۆڵی هێزی دەریایی ئەمەریکا بوو لەدەرەوەی ســـنووری ئاوە ناوچەییەکانیدا.

هاندەرو ئامانجی ئەم لەشکرکێشـــییەش، تەنها بەدەســـتهێنانی "ئیمتیازی ئابووری" بوو. لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە، ئیدارەی ئەمەریـــکا کەوتبووە ژێر گوشـــاری بازرگان و دنەدانی مســـیۆنێرە ئاینییەکانەوە لەپێناو ڕووکردنـــە بازارەکانی ڕۆژهەڵات و چێکردنی پەیوەندییەکـــی بازرگانیی تۆکمەو پتەو لەگەڵ وڵاتانی ئیســـلامیی ســـەر کەناری دەریای ناوەڕاستدا. بۆ ئەو مەبەستەش، خێرا کەوتە

---

١- جیمس مۆنرۆ (١٧٥٨ - ١٨٣١)، یەکێک لەباوکانی دامەزرێنەرو پێنجەمین سەرۆکی ئەمەریکایە (١٨١٧ - ١٨٢٥)، لەویلایەتی ڤێرجینیا لەدایکبووە. لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا دەستی لەخوێندن هەڵگرتووەو لەدژی هێزەکانی بەریتانیا جەنگاوەو لەشەڕی ترینتۆندا بریندار بووە. دوای خزمەتی سەربازی ڕرووکردووەتە کاری پارێزەری. لە١٧٨٢ەوە تا ١٧٩٤ ئەندامی کۆنگرێس بووە. لە١٧٩٤دا بووەتە باڵوێزی ئەمەریکا لەفەرەنسا. یەکێک بووە لەو دیبلۆماسییانەی سەرسەختانە پشتیوانی لەشۆڕشی فەرەنسا کردووە. لەساڵی١٨٠٧ ەوە تا ١٨٣٠ حاکمی ویلایەتی ڤێرجینیاو لە١٨١١ەوە تا بوونی بەسەرۆکی ئەمەریکا چەندین پۆستی گرنگی وەک وەزارەتی جەنگ و دەرەوەی پێسپێردراوە. (و)

گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردەکانی لیبیا، جەزائیر، تونس و مەغریبدا، تا لەم ڕێگەیەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێش هەموو ڕکەبەرە ڕۆژئاواییەکانی خۆی بکەوێت لەبەدەستهێنانی ئیمتیازیی ئابووریدا.

بەڵام سەرەنجام ئەم گفتوگۆیانە ئیدارەی ئەمەریکییان بەوشێوەیە ڕازی نەکرد کە گەرەکیان بوو. لەبەرئەوە بێ کات لەدەستدان بڕیاریدا بۆ پشتیوانیکردن لەکارە دبلۆماسییەکانیان سوود لەهێزی سەربازیی وەربگرن. بەر لەئاوابوونی سەدەی هەژدەهەم، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەشتیی گەلی جەنگی بۆ دەستێوەردانی سەربازیی لەناوچە دوورەدەستەکاندا سازو ئامادە کرد. بەمجۆرە قۆناغێکی نوێی فراوانخوازیی درێژخایەنی ئیدارەکانی ئەمەریکا دەستی پێکرد، ئەم ئەزموونەش هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئەمڕۆ بووە بەڕاستە ڕێیەکی چەسپاوو نەگۆڕو سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکای پیادا تێدەپەڕێت.

ئەم هێرشەی ئەمەریکا تا ئەندازەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو. هێزی دەریایی ئەمەریکا توانی لەسەر ئەرزی واقیع ئامانجە دبلۆماسییەکانی ئەم وڵاتە بەدیبهێنێت کە بەستنی ڕێککەوتننامەی ئابووری بوو لەگەڵ وڵاتانی باکوریی ئەفەریقادا. بەپێی ئەم ڕێکەوتننامانەش، ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر لەهەر وڵاتێکی دیکە لەئاڵوگۆڕی بازرگانیدا ئاسانکاریی بۆ کراو سوودمەند بوو.

هەر لەو ئەزموون و سەردەمەشەوە، چەمکی «بەرژەوەندیی نەتەوەیی»لەلای گەلی ئەمەریکی گەلاڵە بوو، چەمکێک کە بووە یەکێک لەپایە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا. ئەم چەمکە لەڕووی ستراتیژییەوە بەڕێگەی سەربازیی ئەمەریکاوە شەتەک

درا، بەئەندازەیـــەک کە دابینکردنی بەرژەوەندییـــە نەتەوەییەکان، بـــووە یەکێک لەئەولەوییات و بەرپرســـیاریەتییە هـــەرە دیارەکانی هێزی ســـەربازیی ئەمەریکا. هەروەها ولایەتە یەکگرتووەکان توانی پەیوەندییەکی ئابووری بەرفراوان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا ببەســـتێت. لەم نێوەندەشـــدا توانیی ئیمتیازو ئاســـانکارییەکی بەرچاوی ئاڵوگۆڕی بازرگانـــی بەدەســـت بهێنێت لەگـــەڵ دەوڵەتی عوســـمانییدا. ئەم بەرژەوەندییـــە بازرگانییە، بـــووە پێوەری ســـەرەکی دیاریکردنی ئاراستەی هەڵوێستی دیبلۆماسی ئەمەریکا. لەگەڵ تێپەڕینی کاتیشدا بوو بەو ڕێسا گشتییەی ئاراستەی سیاسەتی ئەمەریکای سەبارەت بەمەسەلە نێودەوڵەتییەکان دیاریدەکرد.

لەســـەرەتای دەیەی سێهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، گڕو بڵێسەی شۆڕشـــی یۆنان لەدژی دەوڵەتی عوسمانی هەڵگیرسا. یۆنانییەکان داوای کۆمەکی سیاســـی و ماددیـــان لەحکومەتـــی ئەمەریکا کرد لەپێناو سەرکەوتنی شۆڕشەکەیاندا. ئەم داخوازییە بەوپەڕی سۆزو هاودەردییەوە سەرنجی کۆمەڵگەو ناوەندە مەدەنییەکانی ئەمەریکای بـــەرەو لای خۆی ڕاکێش کرد. زۆرێک لەبەرپرســـان و گرووپەکانی گوشـــاری ئەمەریکا داوایان لەئیـــدارەی ئەو ولاتە کـــرد بڕیارێکی خێراو بەپەلە بدات لەپێناو یارمەتیدانی شۆڕشـــگێرانی یۆنان لەدژی دەوڵەتی عوســـمانی و کارکردن بۆ دابڕینی یۆنان لەئیمپراتۆرییەتی عوسمانی.

بەڵام دەوڵەتـــی ئەمەریکا بەســـەرۆکایەتی "جیمـــس مۆنرۆ"، لەگۆشەنیگایەکی دیکەوە لەمەسەلەکەی دەڕوانی. ئەو پێی وابوو کە کۆمەک کردن بەیۆنان بەشـــێوەیەکی ڕەسمی و ئاشکرا، پەیوەندیی

سیاســـی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ڕووبـــەڕووی گرژی و قەیـــران دەکاتەوە، یەکەمیـــن کاریگەری ئەم قەیرانەش پچڕانی پەیوەندی بازرگانی و ئابووری نێوان هەردوو وڵات دەبێت، ئەمەش زیانێکی گەورە دەگەیەنێت بەویلایەتە یەکگرتووەکان. واشـــنتۆن لەپێناو خۆلادان لـــەم زیانە قەرەبوو نەکـــراوەدا، خۆی لەپێشکەشـــکردنی کۆمەکی دارایی بەیۆنان بەشـــێوەیەکی ئاشکراو ڕەسمی بەدوور گرت.

لەم هەلومەرجەدا ســـەرۆک کۆمـــاری ئەمەریکا یەکەمین پلان و دۆکترینی لەسیاســـەتی دەرەوەی ئەمەریـــکادا گەڵاڵە کرد کەدواتر بە (دۆکترنی مۆنرۆ) ناوبانگی دەرکرد. بەپێی ئەم پلانە ستراتیژییە، ویلایەتە یەکگرتووەکان نابێت دەســـت بخاتـــە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتەکانی ترەوە، هەروەک چۆن وڵاتانی دیکە مافی ئەوەیان نییە دەست بخەنە نێو کاروباری ناوخۆیی ئەمەریکاوە.

ئەم دۆکترنە کە لەدیســـەمبەری ١٨٢٣دا بەشـــێوەیەکی ڕەسمی لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکاوە ڕاگەیاندرا، بووە ڕێسایەک بۆ سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان. هەروەها بووە بنەمایەکی چەسپاو بۆ ئەو پاســـاو هێنانەوانەی کە دیبلۆماســـیی ئەمەریکی پێویستی بوو هەر کاتێک بیویســـتایە بەهانای ئەو داواکارییانەوە نەچێت کە لەدەرەوە بۆ یارمەتیدان ئاراستەی دەکرا یان بەنیاز بوایە بەئاشکرا خۆی لەکۆمەک بەخشین و دەستێوەردان بەدوور بگرێ و بەشێویەکی نهێنی کۆمەک بەدۆستانی بکات.

زیاتر لەســـەدەیەک بەدیـــدی ڕێزەوە لـــەم دۆکترنەیان ڕووانی. تێبینییەکی گرنگ ســـەبارەت بەدۆکترنی مۆنرۆ ئەوەیە کە ئیدارەی

ئەمەریکی بەردەوام بەرەســمی تەئکیدی لەسەر پابەندبوونی خۆی بەجێبەجێکردنی ئەم پلان و ڕێبازە دەکردەوە، بەڵام هەڵسوکەوتی بەکردەوەو ڕاستەقینەی نادیدە گرتنی ئەم پرەنسیپە بوو، سەرەرای ئەمەش هێشتا ئیدارەی ئەمەریکی هەمیشە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە "ڕێز لەدۆکترینی مۆنرۆ دەگرێت".

بۆ نموونە: کاتێک گوشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بەمەبەستی پشــتیوانی کردن لەیۆنانییەکان ڕووی لەهەڵکشــان کردو گەیشت بەقۆناغێک کە ڕای گشــتی خوازیاری بەرەسمی ناسینی حکومەتی یۆنان لەلایەن دەوڵەتی ئەمەریکاوە بوو، بەمەبەســتی ئاســانکاری کردن بــۆ جیابوونەوەی لەدەوڵەتی عوســمانی، ئیدارەی ئەمەریکا بەرەســمی شانی لەم مەســەلەیە خاڵی کردو بڕیاری ئەوەیان نەدا کۆمەک و پشتگیریی یۆنان بکەن، بەڵام بەنارەسمی کۆمەکی دارایی و هێزی سەربازییان لەژێر پەردەی یارمەتییەکانی خەڵکی ئەمەریکاو خۆبەخشــانی ئەمەریکادا رەوانەی یۆنان کــرد. ئەم کۆمەکانەش ڕۆڵێکی کاریگەریان لەســەرکەوتنی شۆڕشــی یۆنان و سەربەخۆیی و جیابوونەوەی لەدەوڵەتی عوســمانیدا گێڕا. لەڕاستیدا ئەگەر ئەم یارمەتییــەی ویلایەتە یەککگرتووەکان نەبوایــە، هەگیز یۆنانییەکان نەیاندەتوانی لەجەنگی جوداخوازانەی خۆیاندا سەربکەون.

پاشــان ویلایەتە یەکگرتووەکان هەمان هەڵوێست و سیناریۆی بەرامبەر بەدورگەی "کریت" دووبارە کردەوەو بەشێوەیەکی نارەسمی کۆمەکی بەشۆڕشــگێران کرد، لەکاتێکدا کاربەدەســتانی ئەمەریکا بەرەســمی ئەوەیان ڕادەگەیاند کە "ناتوانن پشــتی شۆڕشگێرانی کریــت بگرن، چونکــە پەنابردنە بەر کارێکــی وا لەگەڵ پلانەکەی

مۆنرۆدا ناکۆکە".

سێهەم ئەزموونی ئیدارەی ئەمەریکا لە"بولغاریا" بوو. هەرچەندە دەرهەق بەو شۆڕشەی ئەوێش ئەمەریکا پابەندبوونی خۆی بەپرەنسیپی مۆنرۆوە ڕاگەیاند کە دەست ناخاتە کاروباری ناوخۆیی بولغاریاوە، بەڵام مسیۆنێرە مەسیحییەکانی ئەمەریکا، سەختی و زەحمەتێکی قورسییان لەسەرخستنی شۆڕشی بولغاریادا دژ بەعوسمانییەکان کێشا.

لەبەرامبەریشدا، کاتێک کە دەوڵەتی عوسمانی بەر لەدەستپێکی جەنگی یەکەمی جیهانیی ڕووبەڕووی دەست درێژی سەربازیی دەوڵەتی بەریتانیاو وڵاتانی بالکان بوویەوەو داوای لەویلایەتە یەکگرتووەکان کرد وەک ناوبژیوانێکی ئاشتیخواز بکەوێتە نێوانیانەوە بۆ کۆتایی هێنان بەو ناکۆکییانە، ئەمەریکا ئەم داواکارییەی بەبیانووی پابەندبوون بەپلانی مۆنرۆ دەست نەخستنە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی دیکەوە، ڕەتکردەوە.

ئەگەرچی پلانی مۆنرۆ بەکردەوە دەستی ئیدارەی ئەمەریکای بۆ خۆهەڵقورتان لەکاروباری ناوخۆیی وڵاتانی دیکەدا کردەوە، بەڵام لێبڕاوانە هەوڵدرا وا پیشان و گەورە بکرێت کە هەڵوێستێکی نەگۆڕو ڕەسمییەو ڕێگە بەویلایەتە یەکگرتووەکان نادات خۆی لەکاروباری نێودەوڵەتی هەڵقورتێنێت. ئەم بۆچوونە بووە ئاراستەی باوی ناوەندە سیاسییەکان کە پێیان وابوو ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەردەمی ڕاگەیاندنی پلانی مۆنرۆوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی لەگۆشەگیریی سیاسییدا ڕۆژگاری بەسەربردووە.

بەڵام ئەم بۆچوونە پشت بەشرۆڤەو ڕاڤەکردنێکی تایبەتی

ئەمەریکی دەبەستێت، کە هەڵوێستی دەستتێوەردانی لەکاروباری دەرەکیدا پەیڕەو دەکرد بۆ ئەوەی خەسڵەتی ڕەسمی بەدەست تێوەردانەکەی ببەخشێت. لەڕاستیدا ئەم شرۆڤەکردنە توانی بڕوا بەبەشێکی فراوان لەوانە بهێنێت کە بایەخ بەسیاسەت دەدەن، تەنانەت لەنێو ناوەندە سیاسییەکانی ئەمەریکا خۆشیدا.

# رۆزفلت [٢]
# Franklin Roosevelt

**بەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانییدا، گۆڕانکارییەکی ڕیشـــەیی لەنەخشەی سیاســـی و نێودەوڵەتی جیهاندا سەریهەڵدا. لەسایەی ئەم هەلومەرجەدا، ناوەندە سیاسییەکانی ئەمەریکا پێیان وابوو پابەندبوونی ڕووکەشـــی ویلایەتە یەکگرتـــووەکان بەدۆکترنی مۆنرۆوە، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەدا ناگونجێت کە لەگۆڕەپانی سیاسی جیهاندا ڕوودەدەن، کەواتە پێویستە ڕێبازو پلانێکی نوێ بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دابڕێژرێت. لەئەنجامی چاوخشاندنەوە**

---

٢- فرانکلین ڕۆزفلت (١٨٨٢ ـ ١٩٤٥): سیو دووهەمین سەرۆکی ئەمەریکایە (١٩٣٢ ـ ١٩٤٥)، لەباوەشی خێزانێکی سەرمایەداری ویلایەتی نیویۆرکدا لەدایکبووەو سەر بەپارتی دیموکراتە. ڕۆزفلت دەرچووی زانکۆی هارفاردەو لەیاسادا خوێندویەتی، ساڵی ١٩١٠ بووە بەئەندامی کۆنگرێس، لە١٩٢١دا قاچەکانی ئیفلیجی بوونو لەوەبەدوا هەموو ژیانی بەسەر کورسی کەمئەندامییەوە بەسەربرد. تاکە سەرۆکی ئەمەریکایە کە زیاتر لەدوو خول هەڵبژێردراوەتەوەو بەیەکێک لەسەرۆکە هەرە مەزنەکانی ئەمەریکا دادەنرێت، ئەو لەدەیەی ١٩٣٠دا ئەمەریکای لەشکستێکی ئابووری گەورە دەربازکردو پاشان سەرکردایەتی ئەمەریکاو هێزەکانی هاوپەیمانی کرد لەجەنگی دووەمی جیهانییدا بەرەو سەرکەوتن. لەجەنگدا کۆمەکی بەبەریتانیاو یەکێتی سۆڤیەت کردو لەکۆبوونەوە هاوبەشەکانیدا لەگەڵ ونستۆن چەرچیلو جۆزێف ستالیندا سەرلەنوێ نەخشەی جیهانی دوای جەنگی دووەمیان داڕشتەوە. ساڵی ١٩٤٤، بۆ جاری چوارەم بەسەرۆکی ئەمەریکا هەڵبژێردرایەوە. (و)

بەو پرەنسیپانەی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا باڵادەست بوون، دوو دیدگای جیاواز لەناوەندە ڕەسمییەکانی ئەمەریکادا سەریان هەڵدا سەبارەت بەچۆنییەتی گرتنەبەری سیاسەتی دەرەوە:

دیدگای یەکەم: تەئکیدی لەسەر پێویستی خۆدوورخستنەوە لەجەنگ و ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی "پەنابردنە بەرجەنگ بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەجەنگ" دەکردەوە. هەروەها بانگهێشتی ئەمەریکای دەکرد بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا ڕۆڵی ڕابەرایەتی جیهان بگێڕێت بۆ پارێزگاری کردن لەئاسایش و ئارامی جیهان.

دیدگای دووەم: تەئکیدی لەسەر ئەو هەڵوێستە دەکردەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵی ڕابەرایەتی جیهان لەئەستۆ بگرێت، پێویستە لەڕێگەی سوودوەرگرتن لەهێزو توانای سەربازییەوە کاریگەرییەکی زیاتری لەسەر ڕووداوە نێودەوڵەتییەکان هەبێت، بەشێوەیەک کە لەهەموو ئانوساتێکدا ئامادە بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر گرفتێک هەڕەشە لەئاسایشی نەتەوەیی بکات و لەڕووی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکادا بوەستێت، ئەم بەرەنگاربوونەوەیەش تەنها بەپشت بەستن بەو هێزو توانا فراوانە بەدیدێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکان خاوەنیەتی.

سەرەنجام "ویلسۆن"ی سەرۆک کۆماری ئەمەریکا، بەهەڵبژاردنی ڕێگای دووەم، واتە ئەو ڕێگەیەی بانگەوازی پەنابردنە بەر جەنگ و بەکارهێنانی هێزی سەربازیی دەکرد، کۆتایی بەم باس و خواسە هێنا. بەڵام لەهەمان کاتدا هێشتا گرنگی پابەندبوون بەدۆکترینی مۆنرۆوە لەناوەندە سیاسییەکانی ئەمەریکادا تا سەردەمی بەدەسەڵات گەیشتنی فرانکلین ڕۆزفلت هەروا درێژەی کێشا.

ڕۆزفلت لەســـەرەتای سەرۆکایەتیدا ئارەزووی بەلای بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی هێزی ســـەربازیدا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان نیشان نەئەدا، بەڵام هەڵگیرســـانی جەنگی دووەمی جیهانی و داگیرکردنی وڵاتانی ئەورووپا لەلایەن ئەڵمانیا و پەیامە نەگریس و مەترسیدارەکانی ئەم لەشکرکێشـــەییەی نازییەکان، وایکرد بەبڕەوسەندنێکی ڕێژەیی لەبیرۆکەی بێلایەنی دوورکەوێتەوەو پشتیوانی لەبیرۆکەی "پەنابردنە بەر جەنگ، بۆ کۆتایی هێنان بەجەنگ" بکات.

ڕۆزفلت هەوڵیدا لەڕێگەی هێزی ســـەربازیی و سوپای ئەمەریکا خســـتنە نێو گۆڕەپانی جەنگەوە ئەو سیاســـەتە نوێیە لەشـــانۆی جیهانییـــدا جێبەجێ بـــکات کە ویلایەتـــە یەکگرتـــووەکان ڕۆڵی "پۆلیس"ی تیا دەبینی بۆ پاراســـتنی سیستەمی نێودەوڵەتی، ئەو پێی وابوو بەپشـــت بەستن بەهێزی سەربازیش دەتوانێت کەرەسەو پێداویستییەکانی ئەم ڕۆڵبینینە فەراهەم بکات. ڕۆزفلت باش دەرکی بـــەوە کردبوو کە لەڕێگەی چوونە نێـــو گۆڕەپانی جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ئەمەریـــکا ئامانجەکانی بەدیدەهێنێت. پێشـــی وابوو کە بەم چوونە نێو جەنگەوە، ئەمەریکا ئاراســـتەو ئەنجامی کۆتایی شەڕەکە دیاری دەکات و هاوسەنگی هێز لەبەرژەوەندیی هاوپەیمانان یەکلایی دەکاتەوە. بەمـــەش ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی کاراو ئەکتیڤانەی لەهەیمەنەکردن بەســـەر سیستەمی نوێی نێودەوڵەتیدا لەئەستۆ دەگرت.

ڕۆزفلـــت لەگەیشـــتن بەئامانجەکانیـــدا ڕووبـــەڕووی دوو گرفت بووەوە:

گرفتی یەکەم: قۆناغی دوای جەنگ بوو. کاتێک کە پێشـــنیاری

پێکهێنانی هێزێکی پۆلیسی هاوبەشی خستە بەردەم بەریتانیا، بەڵام ئەم پێشنیارە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، لەبەرئەوەی هەلومەرجی ناهەموارو سەختی جەنگ دەرفەتی ئەوەی بەسەرکردەکانی بەریتانیا نەدا بیر لەقۆناغی دوای جەنگ بکەنەوە.

گرفتی دووەم: ئەو دەمە بوو کە ڕۆزفلت بیری لەپشت بەستن بەیەکێتی سۆڤیەت دەکردەوە بۆ ئەوەی کۆمەک بەویلایەتە یەکگرتووەکان بکات ببێتە پۆلیسی جیهان دوای کۆتایی هاتنی جەنگ. بەڵام ئەم هیوایەی ڕۆزفلت خۆش باوەڕی و دوور لەواقیع بوو، چونکە یەکێتی سۆڤیەت بەتوندی ڕووبەڕووی ئەم بیرۆکەیەی ڕۆزفلت وەستایەوە[٣].

سەرەنجام بەهۆی ئەو گرفتانەوە ئامانجە سیاسی و سەربازییەکانی ڕۆزفلت بەدینەهاتن. بەڵام ئەو بیرۆکەیەی کە «ئەمەریکا ببێتە پۆلیسی جیهانی»، بووە یەکێک لەکۆڵەکە چەسپاوەکانی بیرکردنەوەی کاربەدەستانی ئەمەریکا. سەرۆکەکانی دوای ئەویش، بەجۆرێک مامەڵەیان لەگەڵ ئەو بیرۆکەو سیاسەتەدا کرد کە بەدیهێنانی مومکینە، بەڵام لەڕێی گەڕان بەشوێن هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایانەی کە ڕیالیزم و واقیعین لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا، هەروەها لەڕێگەی دیاریی کردنێکی وردو دروستی ئامانجە باڵاکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە.

---

٣ـ ريتشاد بارنت، حروب التدخل الاميركيه، ص ٥٨.

# ترومان[٤]
# Harry Truman

**سیاسەتی ســـەرۆک "هاری ترومان"، بەدەستپێکی ڕاستەقینەی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دادەنرێت، ئەم سیاسەتە خاڵی دەســـتپێکی ستراتیژی گشـــتیی ئەمەریکایە لەقۆناغی دوای**

---

٤- هاری ترومان (١٨٨٤ ـ ١٩٧٢)، سیو سێهەمین سەرۆکی ئەمەریکایە (١٩٤٥ تا ١٩٥٣)، لەویلایەتی میسۆری لەدایکبووەو سەر بەپارتی دیموکراتە. بەرلەوەی لەساڵی ١٩٣٤دا ببێتە ئەندامی کۆنگرێس، ئەفسەری تۆپخانە بووە. ساڵی ١٩٤٤، بووە جێگری فرانکلین ڕۆزفلت، بەدوای مردنی ئەویشدا پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکای لەئەستۆ گرت.
ترومان، ئەو سەرۆکەی ئەمەریکایە کە لەئابی ١٩٤٥دا، فەرمانیدا هەردوو شاری هێرۆشیماو ناکازاکی ژاپۆن بەبۆمبای ئەتۆم بۆردومان بکرێن. لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا، ڕووداوگەلێکی هەژێنەر هاتنە ئاراوە: سەرهەڵدانی سەرەتاکانی جەنگی سارد لەنێوان هەردوو ئۆردوگای کۆمۆنیزمی ڕۆژهەڵات و سەرمایەداری ڕۆژئاوا، دروست کردنی دیواری بەرلین لە٢٤ی حوزەیرانی ١٩٤٨دا کە ٥١ ساڵی خایاند، هەڵگیرسانی جەنگی کۆریا لەحوزەیرانی ١٩٥٠دا کە تا تەمووزی ١٩٥٣ درێژەی کێشاو نزیکەی چوار ملیۆن کەسی تیادا کوژرا. هەروەها دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە١٤ی ئایاری ١٩٤٨داو دانپێدانانی ئەمەریکا بەو دەوڵەتەدا دوای تێپەڕینی دە دەقیقە بەسەر دامەزراندنیدا. ترومان کە لەدوای جەنگی دووەمەوە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای کرد، ئێوارەی ٣١ی دیسەمبەری ١٩٧٢ لەکاتی سەردانێکیدا بۆ ڕووسیا کۆچی دوایی کرد. (و)

جەنگی دووەمی جیهانییەوە، کە قۆناغێکی نوێ بوو لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا.

لەدیدی ئیدارەی ئەمەریکییەوە، ئەم قۆناغە نوێیە قۆناغی سەرهەڵدانی ململانێیەکی ستراتیژی بوو لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا، کە دواتر بە "جەنگی سارد" ناوبرا. گرنگترین مەسەلەش کە داڕێژەرانی ستراتیژی و بڕیار بەدەستانی ئەمەریکی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، ڕێگەگرتن بوو لەبەرین بوونەوەی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزم لەجیهاندا، بۆ ئەو مەبەستەش دروشمی "وا هاتن ڕووسەکان" یان بەرزکردەوە.

لەپاڵ ئەمەشدا، ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا دەرفەتی ئەوەی بۆ هەڵکەوت پێناسەیەکی ڕوون و پراکتیکی بۆ چەمکی "بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا" دابڕێژێت، کە بووە ڕێساو پێوەری کۆتایی لەپرۆسەی بڕیاردان و دیاریی کردنی ئاراستەی هەڵوێستی ئیدارەی ئەمەریکا بەرامبەر بەڕووداو و گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان. بازنەی ئەم بەرژەوەندییانەی ئەمەریکاش هێندە بەرفراوان بوو کە هەموو ناوچەیەکی ئەم جیهانە بەرینەی دەگرتەوە.

ئەوەی سیاسەتی ترومانی لەسەرۆکەکانی پێشووی ئەمەریکا جیادەکردەوە، دوورکەوتنەوەی ڕاشکاوانەو ئاشکرای ئەمەریکا بوو لەسیاسەتی «دەست نەخستنە کێشە نێودەوڵەتییەکانەوە»، کە سەرۆکەکانی پێشووی ئەمەریکا هەوڵیان دەدا سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی پێ سواغ بدەن، تا ئەندازەیەکی زۆریش توانیان بڕوا بەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی بهێنن کە پابەندن بەم پرەنسیپەوە.

لەســـەردەمی تروماندا، دەســـتێوەردانی ئەمەریـــکا لەکاروباری ناوچەییدا وەک بەشێک لەو ئامانجە فراوانەی بە«بەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازی یەکێتی سۆڤیەت» ناودەبرا، دەستی پێکرد.

ئەم سیاســـەتی دەســـت تێوەردانەی ئەمەریکا، سەرەنجام بووە هۆی ڕاگەیاندنی دۆکترنی ترومان. کە بەخاڵی وەرچەرخانێکی گرنگ دادەنرێت لەسیاســـەتی نێودەوڵەتیدا. دەکرێ بڵێین هەرچەندە ئەم پلان و دۆکترنە لەمارســـی ١٩٤٧دا بەڕەسمی ڕاگەیەندرا، بەڵام زۆر بەر لەو وادەیە بەکردەوە جێبەجێ کردنی ئەزموون کرابوو.

بنەما گشتییەکانی دۆکترنی ترومان بریتی بوون لە:

١ـ بـــۆ بایەخکـــردن و لەقاڵبدانـــی ڕۆڵی یەکێتی ســـۆڤیەت و سنووردار کردنەوەی جموجۆڵەکانی لەنێو بازنەی جوگرافیای بلۆکی کۆمۆنیستیدا.

٢ـ گرێدانـــی سیاســـەتی ئەوروپا بەسیاســـەتی واشـــنتۆنەوەو ئیحتیواکردنـــی بڕیاری ئەوروپی لەچوارچێـــوەی پەیوەندییەکدا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕۆڵی سەرەکیو کاریگەری لەسەر پرۆسەی بڕیاردانی ئەوروپا هەبێت، هەڵوێست و بیرو بۆچوونەکانی ئەمەریکاش سەرچاوەی بڕیارە سیاسییەکانی ئەوروپا بێت.

٣ـ سەپاندنی هەژموونی ئەمەریکا بەسەر سەرتاسەری جیهاندا، لەڕێگەی سوود وەرگرتن لەو کەلێنەوە کە هەلومەرجی جەنگی جیهانی خستبوویە نێو پەیوەندییەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە.

لەســـەر ئەم بنەمایانە، سیاســـەتی نوێی ترومان لەدوو بەرەی ڕۆژهـــەڵات و ئەوروپـــادا دەســـتی بەجموجۆڵ کرد. بەســـەرنجدان لەهەلومەرجی نێودەوڵەتی ئەو سەردەمە، ئەم سیاسەتە لەسەرەتادا

ئاراســتەی ئێران، فەلەســتین، کۆریا، تورکیا و یۆنان کرا. ترومان لەڕێگەی گەورەکردنی مەترســی فراوانخوازی یەکێتی ســۆڤیەت و گەورە پیشاندانی هەڕەشەی کۆمۆنیســتەکانەوە لەوڵاتانی جیهان، ویستی دروشمی «وا هاتن ڕووسەکان» بکاتە دەروازەیەکی گەورە بۆ دەستێوەردانی ئەمەریکاو دەستگرتن بەسەر ئەو ناوچە ستراتیژیانەدا کە بایەخی پێدەدان. هەروەها زامنکردنی بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیــی ئەمەریــکاش فاکتەرێکی هاندەری دیکــە بوو بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجە دەسەڵاتخوازەکانی ئەمەریکا لەو ناوچانەدا.

## دەستگرتن بەسەر ڕۆژهەڵاتدا

ئێران خاڵی دەســپێکی هەوڵدانی ئەمەریکا بوو بۆ دەســتگرتن بەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا. ئیدارەی ترومان، «ڕێککەوتننامەی سێ قۆڵی» بــۆ دزەکردنە ناو ئێران و بەربەرەکانــێ کردنی هێزەکانی ســۆڤیەت بەکارهێنا. بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە «دەبوو هەریەک لەبەریتانیــاو ئەمەریکاو یەکێتی ســۆڤیەت لەماوەیەکی دیاریکراودا دوای کۆتایی هاتنی جەنگیی جیهانی، کە لەشەش مانگ تێنەپەڕێت هێزەکانیان لەئێران ببەنەدەر».

هاوینی ساڵی ١٩٤٥، ڕووداوگەلێکی زۆر گرنگ لەباکووری ئێراندا هاتنەپێش، کوردەکان (کۆماری مەهاباد) یان پێکهێنا، حزبی تودەش کەوتە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆماری ســەربەخۆیی ئازەربایجان بەکۆمەکی سوپای سوور، کە هەموو هەوڵەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی

ئێرانی بــۆ کۆتایی هێنـــان بەجوڵانەوە جوداخـــوازەکان پووچەڵ دەکردەوە.

ئەم ڕووداوە مەترســـیدارانە بوونە مایـــەی نیگەرانی ئەمەریکا، بەجۆرێک کە لەتشـــرینی دووەمی ١٩٤٥دا، ئیدارەی ترومانی هاندا داوا لەبەریتانیا و یەکێتی ســـۆڤیەت بکات هێزە ســـەربازییەکانیان بەتەواوی لەئێران ببەنەدەر. پاشـــان جارێکی تر نارەزایی نامەیەکی پێشـــکەش بەیەکێتی سۆڤیەت کردو هۆشـــیاری کردەوە گەربێتوو ڕێککەوتننامەی ســـێ قۆڵی جێبەجێ نەکرێت، ئەوا پەنا دەباتە بەر پشتیوانیکردن لەهەڵوێستی ئێران.

بەپشـــت بەســـتن بەم هەڵوێســـتەی ئەمەریکا، ئێران نارەزایی نامەیەکی پێشکەش بەئەنجوومەنی ئاسایش کردو سۆڤیەتی تۆمەتبار بەپێشـــێلکردنی ســـەروەری خاکەکەی کرد. هاوکات واشـــنتۆنیش بەردەوام بوو لەسەر نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بەمۆسکۆ بەمەبەستی کشانەوەی هێزەکانی لەئازەربایجان.

سەرەنجام سۆڤیەت ڕەزامەندی لەسەر کشانەوەی هێزەکانی نواند، بەڵام گوشاریان بۆ ئێرانییەکان هێنا تا ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی کۆمپانیایەکی هاوبەشی نەوت بنوێنن، کە یەکێتی سۆڤیەت لە٥١٪ی پشکی گرێبەستەکە بەدەست بهێنێت، ماوەی گرێبەستەکەش پەنجا ســـاڵ بخایەنێـــت، کۆمپانیاکەش لەپێنج ناوچـــەی باکووری ئێراندا ئیمتیازیی دەرهێنان و گەڕان بەدوای نەوتدا وەربگرێت[5]

لەمایسی ١٩٤٦دا، یەکێتی سۆڤیەت هێزەکانی لەباکووری ئێران

٥- توماس بريسون، العلاقات الدبلوماسيه الاميركيه مع الشرق الاوسط، ص ٣٣٣.

کشـــانەوە، بەڵام هێشتا گوشـــاریان بۆ حکومەتی ئێران دەهێنا تا ڕێککەوتننامەی نەوتەکە پەسەند بکات. لەکاتێکدا حکومەتی ئێران سەبارەت بەمەســـەلەی ڕێککەوتننامەکە لەگەڵ لایەنی سۆڤیەتدا لە وتوێژدا بوو، باڵوێزی ئەمەریکا لەتاران ڕایگەیاند کە «حکومەتەکەی پێیوایە ئێران ئازادە لەپەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی ڕێکەوتننامەکە، گەربێتوو یەکلایەنەش بڕیاری ڕەتکردنـــەوەی بدات، ئەوا ئەمەریکا بەئەرکی خۆی دەزانێت پشتیوانی لێبکات، بەو مەبەستەی لەبەرامبەر زۆر بۆ هێنانی یەکێتی ســـۆڤیەتدا خۆی ڕابگرێت». ئەم هەڵوێستە، کاربەدەســـتانی ئێرانـــی هاندا بـــۆ ڕەتکردنـــەوەی ڕێکەوتننامەکە لەتشرینی یەکەمی ١٩٤٧دا.

هەڵوێستی ئەمەریکا نەک تەنها بووە هۆی پاشەکشەی هێزەکانی یەکێتی ســـۆڤیەت لەخاکی ئێران، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا هاندەری «شـــا» بوو بۆ ڕەتکردنەوەی یەکلایەنـــەی ڕێکەوتننامە نەوتییەکەو کۆتایی هێنان بەبەرژەوەندییەکانی ســـۆڤیەت لەئێرانیشدا. هەروەها یارمەتییەکانـــی ئەمەریکا هێـــزو توانای ئـــەوەی بەدەوڵەتی ئێران بەخشـــی، کە کۆمـــاری مەهاباد بڕوخێنێت و هەوڵـــی جیابوونەوەی کۆمۆنیستەکانیش لەئازەربایجاندا سەرکوتو خەفە بکات.

ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکا لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازیی یەکێتی سۆڤیەتدا ڕاگەیەندراو بوو، ویلایەتە یەکگرتووەکان، پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێرانی بەمەرجێکی سەرەکی زامنکردنی ئاسایشی خۆی دادەنا، واشـــنتۆن دروشـــمی «بەرپەرچدانەوەی فراوانخوازیی یەکێتی سۆڤیەت»ی بەکارهێنا لەپێناو هەیمەنەکردن بەسەر هەموو ئەو ناوچانەدا کە بۆ ئامانجە ستراتیژییەکانی گرنگ و پێویست بوون.

لەپاڵ مەسەلەی ئێراندا، ئیدارەی ترومان هەنگاوێکی مەترسیدارتری لەهەنگاوی یەکەم نا لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەویش ئەو رۆڵە کاریگەرەبوو کە بووە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل.

ترومان بڕوای تەواوی بەبایەخ و گرنگی دامەزراندنی دەوڵەتی جوولەکە بوو لەفەلەستیندا. بەو پێیەی دەبێتە سەنگەری پێشەوەی بوونی ئەمەریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەبەرئەوە ترومان زنجیرەیەک رێوشوێن و هەڵوێستی گرتەبەر کە بوونە هۆی فەراهەمکردنی زەمینەی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە.

لەکۆتایی ئابی ١٩٤٥دا، ترومان داوای لەحکومەتی بەریتانیا کرد رێگە بەجوولەکەکان بدات بەرەو فەلەستین کۆچ بکەن، بەمەبەستی رێخۆشکردن و ئامادەکاریی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان. بەڵام ترومان رووبەڕووی نارەزایی بەرپرسە پایەبڵندەکانی حکومەتەکەی بووەوە، ئەو بەرپرسانە پێیان وابوو دامەزراندنی دەوڵەتی جوولەکە لەفەلەستین، دەبێتە هۆی هاندانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لەوڵاتانی عەرەبیدا بدۆزێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی ئەم بیرکردنەوەیە ژیرانە بوو، بەسەرنجدان لەو هەلومەرجە گرژو ئاڵۆزەی باڵی بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان دوو زلهێزەکەدا کێشا بوو، بەلام هێشتا ترومان ئاسەوارە ئیجابییەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی جوولەکەی بەرزتر لەبەرپەرچدانەوەی یەکێتی سۆڤیەت دەنرخاند.

هەندێک لەناوەندە دەست رۆشتووەکانی واشنتۆن هەوڵی ئەوەیان دا ترومان بخەنە سەر ئەو باوەڕەی کە پێویستە دەوڵەتێکی ئیئتیلافی و هاوبەشی جوولەکەو فەلەستینییەکان پێک بهێنرێت، بەڵام ترومان

بەهۆی کاریگەریی زایۆنیستەکانەوە ئەو پێشنیارەی ڕەتکردەوە، هەروەها پێشنیارێکی دیکەشی ڕەتکردەوە سەبارەت بەدامەزراندنی کۆنفیدرالییەک کە هەردوو دەوڵەتی عەرەبی و جوولەکە لەخۆبگرێت لەسایەی حکومەتێکی ناوەندیدا کە لەژێر چاودێری بەریتانیادا بێت. لەبری ئەوە ترومان گوشاری بۆ بەریتانیاو نەتەوە یەکگرتووەکان هێنا تا ڕەزامەندی لەسەر بڕیاری دابەشکردنی فەلەستین بنوێنن. لەم هەوڵەشیدا سەرکەوتوو بوو، سەرەنجام نەتەوە یەکگرتووەکان لەتشرینی دووەمی ١٩٤٧دا بڕیاری دابەشکردنی فەلەستینی ڕاگەیاند.

ترومان هەر بەمەشەوە نەوەستا، بەڵکو ڕایگەیاند «گەربێتوو بڕیاری دابەشکردنەکە جێبەجێنەکرێت، ئەوا ڕاستەوخۆ هێزی سەربازیی ئەمەریکا ڕەوانەی فەلەستین دەکات». بەڵام دوای ئەوەی ڕاوێژکارەکانی کاریگەریی نێگەتیڤی هەنگاوێکی بەو جۆرەیان لەسەر بەرژەوەندییە نەوتییەکانی ئەمەریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ڕوونکردەوە، ترومان دەستبەرداری بڕیارەکەی بوو.

کاتێک نەیتوانی دابەشکردنەکە بسەپێنێت، ترومان ڕەزامەندی لەسەر پێشنیاری داسەپاندنی ئینتیداب بەسەر فەلەستیندا نواند، بەڵام ئەمەش زۆری نەخایاندو لەم ڕەزامەندی نواندنەی پاشگەز بووەوە، ئەو دەمەی درکی بەوەکرد کە ئەم پشتیوانیی کردنەی لەپلانی «ئینتیداب»، دەبێتە هۆی دۆڕاندنی لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٤٨دا، هەرزوو پێشنیاری ئینتیدابی ڕەتکردەوەو پشتگیریی لەدامەزراندنی دەوڵەتی جوولەکە کرد.

لەناوەڕاستی مایســی ١٩٤٨دا، بەڕەسمی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕاگەیەندرا، دەوڵەتی ئەمەریکاش دەستبەجێ و بەرلەوەی نوێنەری خۆی لەنەتــەوە یەکگرتووەکان ئاگادار بکاتەوە، دەوڵەتی تازە دامەزراوی ئیسرائیلی بەڕەسمی ناسی[٦] .

## جموجۆڵ ڕووەو ئەورووپا

ئەورووپا دوو مۆتەکەی قــورس و گرانی لەجەنگەوە بەمیرات بۆ مایەوە: «یەکەمیان قەیرانێکی ئابووری کوشــندە»و ئەویتریشیان «ئەو مەترسییەی لەسەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتییەوە خۆی مەڵاس دابــوو، بەبێ ئــەوەی توانای تەواوی بەرپەرچدانــەوەی هەبێت»، لەپشــت ئەم دوو قەیرانەشەوە خەون و خۆزگە گەلێک هەبوون کە ئەورپییەکان توانای بەدیهێنانیان نەبوو.

ئەورووپا هیچ ڕێگایەکــی لەبەردەمدا نەبوو جگە لەپەنابردنە بەر ئەمەریکا، کە بەکەمترین زیانەوە لەشەڕ هاتبووە دەرو وەک ئەورووپا زەبری کاریگەری بەرنەکەوتبوو. دوای ئەو جەنگە جیهانییە، ئەمەریکا گەردوتۆزی پاشــماوەی جەنگی لەخــۆی تەکاندو بووە زلهێزێک کە بەدوای دەســکەوتی بێ بڕانەوەو گەورەدا دەگەڕا، لەو پێناوەشــدا خۆڕاگرو شــێلگیرانە بەرامبەر بەڕکەبەرە کۆمۆنیستەکەی ڕاوەستا بوو.

لەڕاستیدا ڕاکێشــکردنی ئەمەریکا بەلای خۆیاندا، بۆ دەوڵەتانی ئەورووپا هێندە زەحمەت و دژوار نەبوو، ئەوان (ئەورووپاو ئەمەریکا) تەواو کۆک بوون لەسەر ئەوەی کۆمۆنیستەکان گەورەترین مەترسین

---

٦ - المصدر السابق، ص ٤١٥

لەسـەر بەرژەوەندییان، هەرچی زیاتریش قەبارەی ئەم مەترسـییە یان لەلای ڕای گشـتیی ڕۆژئاوا گەورەتر دەکرد، سـەرەنجام زۆری نەخایاند ئەم پیاهەڵدانەی ئەوروپا بەواشـنتۆندا، پێکەوەگرێدانێکی توندی نێوان ئەوروپاو ئەمەریکای لێکەوتەوە، کە ئەمەش لەکۆمەک و یارمەتییە گەورەکانـی ئەمەریکادا خۆی دەنواند لەهەردوو بواری ئابووری و سەربازییدا.

لەڕووی ئابوورییەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا «پلانی مارشاڵ»ی لەساڵی ١٩٤٧دا بۆ بوژاندنەوەی ئابوورییە داتەپیوەکەی ئەوروپـا ڕاگەیاند. ئەم پلانە ڕۆڵێکـی کارای هەبوو لەرزگارکردنی ئابووری وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لەو گرفتە مەترسـیدارانەی تێی کەوتبـوون، بەڵام لەبەرامبەردا خسـتینییە ژێر هەیمەنەی ئابووری ئەمەریکییەوە[٧].

لەڕووی سەربازیشـەوە، حکومەتی ئەمەریکا ئامادەکاریی خۆی بۆ پشـتیوانیی کردن لەو وڵاتانەی ئەوروپا ڕاگەیاند کە ڕووبەڕووی هەڕەشەی سـۆڤیەت ببوونەوە. لەهەمان کاتیشدا بەرپرسیارییەتی ئاسایش و پاراستنی ئەو وڵاتانەی لەئەستۆگرت.

ترومان لەم پرەنسـیپەیدا پشـت ئەسـتور بوو بەو دروشمەی، ڕایگەیانـد بوو «لەرێگـەی خزمەتکردن بەخەڵکـی دیکەوە، ئێمە خزمەت بەخۆمان دەکەین».

ئـەو ئەزموونە کردەیەی ترومان لەکۆمەڵگـەی ئەوروپیدا کاری لەسەرکرد، لەهەردوو کێشەی تورکیاو یۆناندا خۆی نواند.

ساڵی ١٩٤٥، یەکێتی سـۆڤیەت کۆتایی هێنا بەڕێککەوتننامەی

---

٧- يراجع: سرفان شرايبر، التحدى الاميركى.

١٩٢٥ی لەگەڵ تورکیادا، کە ڕێککەوتننامەی دۆســتایەتی و دەست درێژی نەکردنە ســەر یەکتریی بوو، ئەوەشــی کرد بەمەرج بەسەر تورکیاوە کە ئەگەر نوێکردنــەوەی ڕێککەوتننامەکەی گەرەک بێت، ئــەوا دەبێــت بنکەیەکی ســەربازیی لەگــەرووی دەردەنیلدا بدات بەیەکێتی سۆڤیەت و هەردوو ناوچەی «قارس»و «ئەردەهان»یشی بۆ بگەڕێنێتەوە.

کاردانەوەی ئەمەریکا دەرهەق بەم هەڵوێستەی سۆڤیەت بەرامبەر بەتورکیا، یارمەتییەکی دارایی گەورە بوو لەشێوەی پێشکەشکردنی قەرزێکی ٢٥ ملیۆن دۆلاریدا، بەدوای ئەوەشــدا لەنیســانی ١٩٤٦دا ترومان هۆشدارییەکی ئاراستەی یەکێتی سۆڤیەت کرد، کە پوختەکەی ئەوە بوو «پرۆسەی ملکەچ پێکردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گوشار بۆ هێنانیان بەمەبەستی تەسلیم بوونیان بەیەکێتی سۆڤیەت، کارێکە بەویلایەتە یەکگرتووەکان قبوڵ ناکرێت»[٨].

لەسەرەتادا هۆشــدارییەکەی ئەمەریکا نەبووە هۆی پاشەکشەی هەڵوێســتی یەکێتی ســۆڤیەت بەرامبەر بەتورکیا، چونکە مۆسکۆ لەهەمان مانگدا بەپەلە ئەنقەرەی لەوە ئاگادار کردەوە کە پێویستە یەکێتی سۆڤیەت بەشداری بکات لەچاودێری کردنی گەرووەکانیدا.

لەدیــدی ئیــدارەی ئەمەریکاوە ئەم بڕیارەی یەکێتی ســۆڤیەت بەمانای زیان گەیاندن بوو بەبەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمەریکا، لەبەرئەوە بەســۆڤیەتی ڕاگەیانــد کە «ویلایەتــە یەکگرتووەکان پشتگیریی لەتورکیا دەکات و ئەرکی پاسەوانی کردن لەگەرووەکانیش تەنها بەرپرســیارێتی تورکیا خۆیەتی». بەمجۆرە هەڵوێستی کاراو

٨- توماس بريسون، المصدر السابق، ص ٣٤٢.

شـــێلگیرانەی واشـــنتۆن بەرامبەر بەتورکەکان، یەکێتی سۆڤیەتی ناچار بەپاشەکشەو دەستبەرداربوون لەگوشارخستنە سەر حکومەتی تورکیا کرد. ئەمە سەبارەت بەسیاسەتی ترومان لەتورکیادا.

بەڵام یۆنـــان گرفتەکەی گەلێک ئاڵۆزتر بـــوو لەگرفتی تورکیا، یەکێتی سۆڤیەت هەموو هەوڵێکی بۆ ڕووخاندنی حوکمی پادشایەتی لەو وڵاتەدا خستبووەگەڕ، ئەمەش ببووە مایەی نارەزایی و ورژاندنی بەریتانیا کە بەرژەوەندییەکـــی گەورەی هەبوو لەیۆناندا. لەبەرئەوە بەریتانیـــا هەوڵیدا بەوپەڕی کاراییەوە دەســـت بخاتە کاروباری ئەو وڵاتـــەوە تـــا ڕێگە لەوە بگرێت کە کۆمۆنیســـتەکان دەســـت بگرن بەســـەر یۆناندا، بەتایبەتی دوای ئەوەی جەنگـــی ناوخۆ بەوپەڕی توندوتیژییەوە لەنێوان حکومەتی پادشـــایەتی و کۆمۆنیســـتەکاندا هەڵگیرســـا. بەڵام گیروگرفتە ناوخۆییەکانی بەریتانیا، لێنەگەڕان تا بتوانێـــت بارودۆخەکە لەبەرژەوەندیی خۆی و دۆســـتەکانی یەکلایی بکاتـــەوە. ئەمەش «چەرچڵ»ی هاندا کـــە داوا لەئیدارەی ترومان بکات دەستبخاتە قەیرانی یۆنانەوە[٩] .

ترومانیـــش زۆر ئەکتیڤانـــە لـــەڕووی ئابووری و ســـەربازییەوە دەســـتی خســـتە قەیرانەکەوە تا ئەو کاتەی حکومەتی یۆنان توانی کۆمۆنیســـتەکان تێکبشکێنێت، ئەمەش دوای شەڕو کێشمەکێشێکی سەخت و خوێناویی ناوخۆ کە لە١٩٤٧ەوە تا ١٩٤٩ بەردەوام بوو.

ئـــەم ئەزموونانە هاندەربـــوون بۆ ئەوەی ســـەرۆکی ئەمەریکا بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە سەبارەت بەسیاسەتە گشتییەکانی بدوێت، لەئـــازاری ١٩٤٧دا «واتـــە بەر لەکۆتایی هاتنـــی جەنگی ناوخۆیی

---

٩- فی مواجهه الحرب البارده، ص ٢١.

یۆنان» ڕایگەیاند کە «لەسـەر ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویسـتە پشتگیریی لەگەلانی ئازادیخواز بکات لەسەرتاسەری دونیادا». ئەم پشتگیرییەش گوزارشتی لەئاراسـتەیەکی نوێ دەکرد لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا.

بەو مەبەستەی هەرچی زیاتر سیاسەتەکەی کاراو کاریگەر بێت، ترومان لەڕێگەی چەند پلانێکی نوێوە کەوتە بەهێزکردنی شـێوازو میکانیزمەکانی.

ئەو کۆمەکە ئابوورییانەی حکومەتـی ئەمەریکا لەڕێگەی پلانی مارشـاڵەوە پێشـکەش بەئەوروپای ڕۆژئاوای دەکرد، لە١٩٤٩دا بە بەرنامەی کۆمەکە تەکنیکییەکان تۆکمەتری کرد. هەروەها پشتیوانی سەربازیی ئەم سیاسـەتەی ترومانی سـەقامگیرتر کرد، لەڕێگەی چوونە ناو پەیمانی باکووری ئەتڵەنتیک و کۆنترۆڵکردنیەوە، هەروەها لەڕێگەی بەرنامەی ئاسایشی دوو لایەنەوە لەساڵی ١٩٥١دا[١٠].

## لەقاڵبدانی سۆڤیەت

لەڕاسـتیدا ترومـان خوازیاری ئـەوە نەبوو ئەوروپـا بەئەرکی بەرەنگاربوونەوەی یەکێتی سـۆڤیەت هەڵسـێت، لەترسـی ئەوەی نەبادا سـەربەخۆیی بڕیاری سیاسی خۆی بپارێزێت، بەڵکو گەرەکی بوو واشـنتۆن بەتەنها خۆی ئەرکی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو زلهێزە

١٠- معجم الدبلوماسيه والشؤون السياسيه، ص ١٤١.

لەئەستۆ بگرێت، بۆ ئەوەی پێگەیەکی تۆکمەو پێشرەوانە بۆ ئەمەریکا زامن بکات لەئیدارەکردنی قەیرانە نێودەوڵەتییەکاندا.

ئیدارەی ترومان هەر لەسەرەتاوە بیری لەدۆزینەوەی ڕێگەیەک دەکردەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی سۆڤیەت بێ ئەوەی هەڵگری دیاردەی کاری سەربازی بێت. ئەو دەیویست یەکێتی سۆڤیەت لەهەموو دەسکەوتێکی نێودەوڵەتی بێبەش بکات بێ ئەوەی پەنا بۆ هێز ببات، بەڵکو لەڕێگەی سیاسییەوە یان زیاتر لەو ڕێگەیانەوە کە هەڵگری مۆرکێکی نێودەوڵەتین نەک تایبەت بن بەئەمەریکا. لەم قۆناغەدا ئیدارەکەی تێزی «ستراتیژییەتی ڕێ لێگرتن و ئیحتیواکردن»ی ڕاگەیاند.

ئەم ستراتیژییە بەمانای گەمارۆدانی یەکێتی سۆڤیەت بوو لەچوارچێوەو سنووری ناوچەکانی خۆیدا، هەروەها توندکردنەوەی گوشار بوو لەسەر ئەو وڵاتە بەمەبەستی ڕێگەنەدان بەفراوان بوونەوەی پێگەی مۆسکۆ لەوڵاتانی دیکەدا.

ئەم ستراتیژییە بۆ دوو ئامانجی سەرەکی تێدەکۆشا:

یەکەم: دیاریکردنی پێگەی یەکێتی سۆڤیەت و کۆنترۆڵکردنی، بۆ ئەوەی نەتوانێت دەست بۆ ئەورووپای ڕۆژئاوا درێژ بکات.

دووەم: پووچەڵ کردنەوەی ئەو نەخشەو پلانانەی سۆڤیەت کە کاری بۆ دەستگرتن بەسەر وڵاتانی جیهاندا دەکرد بۆ ئەوەی بیانخاتە چوارچێوەی قەڵمڕەوی کۆمۆنیستییەوە.

ترومان پێیوابوو کە هێزی سۆڤیەت دوای ئەوەی لەچوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدا ئیحتیواو کۆنترۆڵ دەکرێت، توانای بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی نامێنێت، ئیدی دەستبەرداری بەرنامە

فراوانخوازییەکانـــی دەبێ و بەمەش پێگەی ســۆڤیەت لەڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا هەرەس دەهێنێت[11].

بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییە ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتی بەدوو فاکتەر بەستبوو:

١ـ چەکی ناوەکی (ئەتۆمی)

٢ـ پەیمانی سەربازیی

لەپەیوەنـــد بەچەکی ناوەکییدا، ویلایەتـــە یەکگرتووەکان دڵنیا بوو لەباڵا دەســـتی ئەتۆمی بەســـەر یەکێتی سۆڤیەتدا، وە لەم باڵا دەستیەشـــی دەڕوانی کە دەتوانێـــت وەک قەڵغانێک بەرامبەر هەر جموجۆڵێکی یەکێتی سۆڤیەت ڕووەو ڕۆژئاوا بوەستێت، لەبەرئەوەی شەڕی داهاتوو، گەر یەکێتی سۆڤیەت بیر لەهەڵگیرسانی بکاتەوە دژ بەئەوروپا، ئەوا حەتمـــەن «لەدیدی ئەمەریکییەکانەوە» جەنگێکی گشـــتگیرو سەرتاســـەری دەبێت. ئەمەش بەمانای تێکشـــکاندن و تەفروتوناکردنی یەکێتی سۆڤیەت دەبێت بەچەکی ئەتۆمی.

لـــەم ڕوانگەیەوە، ویلایەتە یەکگرتـــووەکان پێی وابوو کە چەکە ئەتۆمییەکەی بنەمای بەرەنگاربوونەوەیەکی کارا دەبێت دژ بەیەکێتی سۆڤیەت، هەر ئەمەش گرنگترین فاکتەر بوو کە سەرکەوتنی ستراتیژیی ڕێ لێگرتن و ئیحتیواکردنی یەکێتی سۆڤیەتی لەسەر بنیات نرابوو.

ئەم بۆچوون و شیکارییەی ئیدارەی ئەمەریکی، تا سەرەتای پەنجاکان واتە تا ئەودەمەی یەکێتی سۆڤیەت بووە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، بڕیکرد. هەرچەندە بەدوای ئەوەدا ئیتر بەهای ئەم فاکتەرە سەرەکییە ستراتیژی

---

١١- د. محمد عزيز شكرى، الاحلاف والتكتلات فى السياسه الدوليه، ص ٢٠٧.

ڕێ لێگرتن و ئیحتیواکردن پاشەکشـــەی کرد، بەڵام هێشتا بەرپرسانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەگرنگییەوە لەچەکی ئەتۆمییان دەڕوانی و پێیان وابوو ئامرازی یەکلایی کردنەوەی جەنگی داهاتوو دەبێت.

بـــەڵام لەبواری پەیمانی ســـەربازییدا، گەمارۆدانـــی نفوزی یەکێتی سۆڤیەت لەچوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدا، دامەزراندنی پشتێنەیەکی بەهێز لەهاوپەیمانی و بنکەی سەربازیی دەخواست بۆ وەستان بەرووی هەر هەوڵێکی فراوانخوازیی کۆمۆنیستییدا ڕووەو وڵاتانی دیکەی جیهان.

ئەو هەلومەرجەی ئەودەمە باڵی بەسەر جیهاندا کێشا بوو کە حکومەتی ئەمەریکا ئەم ستراتیژییەی ڕاگەیاند، هاندەر بوو بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئەو ئاراستەیە، تەنانەت لەهەندێک حاڵەتدا بەخواست و دەست پێشکەری دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بوو، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەچوو بەپیریانەوەو دەیخستە چوارچێوەی پلانە ستراتیژییەکانییەوە.

سەرەرای ئەو بایەخە گەورەیەی ئیدارەی ترومان دەیدا بەستراتیژی ڕێ لێگرتن و ئیحتیواکردنی سۆڤیەت، هێشتا ئەم ستراتیژییە لەبەر ئەم هۆکارانە ئەو مەبەستانەی سیاسەتی ئەمەریکای بەدینەهێنا کە بەهیوای بوو:

١ـ هەرچەنـــدە ویلایەتە یەکگرتووەکان پشـــتی بەباڵادەســـتی ئەتۆمی بەســـتبوو لەبەرپەرچدانەوەی یەکێتی ســـۆڤیەتدا لەحاڵی دەســـت درێژیکردنە ســـەر ناوچەکانی نفوزی ئەمەریکا یـــان وڵاتانی هاوپەیمانـــی، بەڵام دەیـــەی پەنجای ســـەدەی رابردوو، ســـەرەتای ســـەرهەڵدانی چەکی ئەتۆمی سۆڤیەتی بەخۆیەوە دی، ئیدی سۆڤیەت سازو ئامادە بوو بۆ بەگژداچوونەوەی هێزی ئەتۆمی ئەمەریکی. بەهۆی بەدیهاتنی ئەم هاوســـەنگییە ڕێژەییەوە لەنێوان هـــەردوو زلهێزەکەدا،

هەلومەرجێکی نوێ باڵی بەســەر پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتدا کێشا کە لەساڵانی پێشوودا بەخۆیانەوە نەدیبوو، ئەویش «بەرگریی هاوتا» بوو کە لەسایەیدا هەر ئۆردوگایەو لەهێزو توانای ئەتۆمی بەرامبەرەکەی دەترسا، بەمجۆرە ستراتیژی ئیحتیواکردن فاکتەری هەرە بنەڕەتیەکەی خۆی، واتە «باڵادەســتی ئەتۆمی ئەمەریکی بەسەر هێزی رکەبەردا» لەدەســت داو چیتر چەکی ئەتۆمی ئەو بایەخەی ڕابردووی لەستراتیژی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا نەما بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەجندەکانی یەکێتی سۆڤیەت.

٢ـ لەئەنجامــی ئــەو وەرچەرخانە خێرایەی لەتوانــای تێکدەرانەو ســەرتاپاگیریی چەکی ئەتۆمیدا بەدیهات، هەروەهــا بەهۆی ئەو ڕۆڵە کارایەوە کە ئەم چەکە لەبەدیهێنانی گۆڕانکاریی لەگۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتــی و پەیوەندییەکانــی نێوان هــەردوو ئۆردوگاکەدا گێڕای، لەبازنەی ستراتیژیی تایبەتی هەردوو زلهێزەکە هاتەدەرو پێینایە بازنەی سیاسەتی گشتیی جیهانییەوە. ئەم گۆڕانکارییە، ئەوەی بەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ســەپاند کە گۆڕانکاری لەشێوازی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمییدا بەدیبهێنێت، ئەم ڕەوشە چیتر لەگەڵ ستراتیژی ڕێ لێگرتن و ئیحتیواکردندا نەدەگونجا.

٣ـ ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵیدا یەکێتی سۆڤیەت بەپشتێنەیەک لەپەیمان و تەکەتولاتی ســەربازیی گەمارۆ بدات، بەڵام پێداویســتی و کەرەسەکانی تەواوکاریی ئەم پلانە بەخێرایی ئامادەو بەردەست نەبوو. ئەمەریکا لەم پێناوەدا ئاستەنگێکی تۆکمەو بەهێزی لەسەر سنوورەکانی ڕۆژئاوای کوتلەی کۆمۆنیزم دامەزراند کە بریتی بوو لە«پەیمانی باکووری ئەتڵەنتیک»، بەڵام سنوورەکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی یەکێتی سۆڤیەتی

بەکراوەیی لەبەردەم جموجۆڵەکانیدا هێشتەوە.
هەموو ئـەم فاکتەرانـە کاریگەرییان هەبوو لەشکسـت پێهێنانی سـتراتیژیی ڕێ لێگرتن و ئیحتیواکردندا، دوای ئەوەی چەکی ئەتۆمی لەبەرپەرچدانەوەی یەکێتی سۆڤیەتدا شکستی هێناو پشتێنەی پەیمانە سەربازییەکانی ئەمەریکاش لەگەڵ هاوپەیمانەکانی نەیانتوانی گەمارۆی ئـۆردوگای کۆمۆنیزم بدەن، حکومەتی ئەمەریـکا درکی بەوە کرد کە ستراتیژییەکەی سەرکەتوو نەبووە لەبەدیهێنانی ئامانجەکانیدا، بەتایبەتی لەدوای دۆڕاندنی جەنگی کۆریـاوە. لەبەرئەوە ئیدارەی ئەمەریکی پێی وابوو بەردەوامبوون لەسەر ئەم ڕەوشە زیانێکی زیاتریان پێدەگەیەنێت و هێزو تواناشی لەو ناوچانەدا دادەخورێت کە بایەخێکی لاوەکییان هەیە. سەرۆک ترومان هەستی بەوە کرد بەردەوامبوونی لەسەر ئەم ستراتیژییە، دەبێتە مایەی ناڕەزایی و تووڕەیی ئەوروپییەکان، چونکە لەدیدی ئەوانەوە ئەم ستراتیژییە زیاتر لەوەی ئاسایشی ئەوروپا دابین بکات کە سنووری وا بەسنووری سۆڤیەتەوە، ئەمەریکا بەناوچە دووردەستەکانەوە سەرقاڵ دەکات.
ئەم دیدەش لەنێو ئیـدارەی تروماندا بەهێزتر دەبوو گەربێتوو ئەم هەلومەرجە بەم شێوەیە درێژە بکێشێت، ئەوا دەوڵەتانی ئەوروپا هاوکاری پلانەکانی ئەمەریکا ناکەن[١٢].

١٢ - د. اسماعيل صبری مقلد، قضايا دوليه معاصره، ص ١٧.

# پەیمانی باکووری ئەتڵەنتیکی

سەرەڕای ئەوەی خولیای دامەزراندنی پەیمانی سەربازیی ئەندێشەی ترومانی بەخۆیەوە سەرقاڵکرد بوو، کە پێی وابوو لەپێناو ئامادەکارییەکی ستراتیژیدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی یەکێتی سۆڤیەت، پێویستە بەپەیمانی سەربازی پشتیوانی لەسیاسەتەکەی بکرێت. سەرەڕای ئەوەش کە سەرکردایەتی پەیمانی ناتۆ کەوتە دەست ئەمەریکییەکانەوە، بەڵام بیرۆکەو بناغەدارشتنی پەیمانەکە بەدەست پێشکەری ئەمەریکا نەبوو، بەڵکو دەوڵەتە ئەورووپییەکان دایانمەزراند.

بەریتانیاو فەرەنسا، پێشرەوی ئەو دەوڵەتانەی رۆژئاوابوون کە لەمەترسی یەکێتی سۆڤیەت دەترسان، ئەم دوو دەوڵەتە بیرۆکەی بەستنی رێککەوتننامەیەکی سیاسییان خستە بەردەم دەوڵەتانی بەلجیکاو هۆڵەنداو لۆکسمبۆرغ. سەرەنجام ئەم دەوڵەتە ئەورپییانە، بۆ تاوتوێکردنی ئەو رێکەوتننامە سیاسییە لە١٧ی ئازاری ١٩٤٨دا لەبرۆکسل کۆبوونەوەو سەبارەت بەپێویستی پێکهێنانی پەیمانێکی سەربازیی بەو پێیەی کە تەواوکاری رێککەوتننامەکەیەو کۆمەک بەبەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی دەکات رێککەوتن[13] (٢).

پاشان بەمەبەستی رێکخستن و دامەزراندنی سیستەمێکی بەرگری سەربازیی بەهێز بۆ ئەورووپای رۆژئاوا، ئەم دەوڵەتانە کەوتنە وتوێژکردن لەگەڵ حکومەتی ئەمەریکا بۆ ئەوەی بەشداری لەرێکەوتننامەکەدا بکات، ئیدارەی ترومانیش یەکسەر رەزامەندی خۆی بۆ چوونەنێو رێککەوتننامەکەوە راگەیاند.

١٣ - ج. ب. دروزیک، التاریخ الدبلوماسی، ص ٢٠٩.

دوای ڕەزامەنـــدی ئەمەریـــکا، نوێنەرانی پێنـــج دەوڵەتەکە کە لەبرۆکسل کۆبببوونەوە، کەوتنە گفتوگۆکردن بەمەبەستی پێکهێنانی پەیمانێکی ســـەربازیی بەو مەبەســـتەی ئەرکی پاراستنی ئاسایشی باکووری ئەتڵەنتیک لەئەستۆ بگرێت. ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ دەوڵەتانی دیکـــەی ڕۆژئاوادا تـــاو و توێکرا، کەنەدا لە٢٩ی تشـــرینی دووەمی ١٩٤٨دا ڕەزامەندی لەسەر بوون بەئەندامی پەیمانەکە نواند. پاشان هەریەک لەنەرویج و دانیمارک و ئایسلەنداو پرتوگال و ئیتالیا لە١٥ی ئازاری ١٩٤٩دا ڕەزامەندی خۆیان بۆ چوونە پاڵ پەیمانەکە ڕاگەیاند. سەرەنجام ئەم وتوێژانە بەئیمزاکردنی پەیمانی ئەتڵەنتیک لەنیسانی ١٩٤٩دا لەواشنتۆن کۆتاییان هات.

لەســـاڵی ١٩٥٢دا، تورکیـــا و یۆنان چوونە نێـــو پەیمانەکەوە. پاشـــان لەساڵی ١٩٥٥یشدا ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، سەرەنجام ئەندامانی پەیمانەکە بوون بە١٤ دەوڵەت[١٤] .

ئەو ناوچە سەربازییەی کەوتە ژێر چەتری پەیمانەکەو چوارچێوەی گۆڕەپانی ئۆپۆراسیۆنە جەنگیەکانییەوە لەلوتکەی «نۆرس کاپ»ەوە تا دەریای ناوەڕاســـت و لەئۆقیانوسی ئەتڵەنتیکەوە تا سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا درێژ دەبووەوە.

---

١٤ - مجله الجهاد للبحوث والدراسات، العدد الرابع.
لەساڵی ١٩٨٢دا ئیسپانیا بوو بەئەندام و لەساڵی ١٩٩٢شەوە تا ٢٠٠٤، دە وڵاتی کۆمۆنیستی پێشووی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بوون بەئەندامی پەیمانی ناتۆ. لە٢٠٠٨دا لەدرێژەی هەوڵدان بۆ بەرفراوانکردنەوەی ناتۆ بەرەو دەریای بالتیکو پێشڕەوی کردن ڕووەو سنوورەکانی ڕووسیا، سێ وڵاتی ئەلبانیا و کرواتیا و مەکدۆنیا بوون بەئەندامی پەیمانەکە، هاوکات ڕووسیا لەدژی ئەوەیە گورجستان و ئۆکرانیا بچنە ژێر چەتری ناتۆوە کە سنووریان بەسنووری ڕووسیاوەیە. (و)

کــه بەرەیەکی لەباکوورەوە بۆ باشــوور بەدرێژایی زیاتر لەپێنج هەزار کیلۆمەتر لەخۆدەگرت و بەسەر سێ ناوچەدا دابەشکرا:
ناوچــەی باکــوور: وڵاتانــی ســوید و هۆڵەنــدا و دانیمارکی دەگرتەوە.
ناوچەی ناوەڕاست: وڵاتانی ناوەڕاستی ئەورووپای دەگرتەوە.
ناوچەی باشوور: وڵاتانی یۆنان و تورکیا و ئیتاڵیای دەگرتەوە.
هەموو ئەو ناوچانە لەلایــەن پەیمانی ناتۆوە دەپارێزران، وێڕای ئەمەریکای باکوورو دەریای ناوەڕاســت و هەموو ئەو دورگانەی سەر بەوڵاتانی ئەندامی پەیمانەکە بوون.
بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەیمانیی ئەتڵەنتیک، هێزی نیشتمانی هەر یــەک لەدەوڵەتانــی ئەنــدام نەدەچووە چوارچێــوەی هێزی پەیمانەکــەوە، بەڵام لەکاتی هەڵگیرســانی جەنگــدا ئەو هێزانەش دەبوون بەبەشێک لەهێزەکانی[15].
پەیمانــی ئەتڵەنتیــک لەیەک کاتدا بایەخیــدا بەهەردوو چەکی کلاســیکی و ئەتۆمی و هەوڵی زیادکردنــی توانای تێکدەرانەی ئەو چەکانەشی ئەدا، ئەمەش خواستی ئەمەریکا بوو کە بەئاشکرا دەستی گرتبوو بەسەر پەیمانەکەدا. لەئەنجامی باڵادەستی ئەمەریکا بەسەر ئۆرگانەکانی بڕیارداندا، سیاسەتی گشتیی ناتۆو سروشتی ئەو ئەرکەی پێی سپێردرا بوو بەپێی خواستی کۆشکی سپی بەڕێوەدەچوو، ئەوەش بەمیکانیزمی ئیدارەکردنی کاروباری سەربازی و سیاسیی پەیمانەکەدا دەردەکەوێت کە ئەمەریکا هەموو جومگە سەرەکییەکانی بەدەستەوە گرتبوو، بەتەنها بەرپرسانی ئەمەریکا بۆیان هەبوو فەرمانده‌ی چەکە

١٥ - المصدر السابق.

ئەتۆمی و کلاسیکییەکان بن. هەروەها بەکردەکی بڕیاری بەکارهێنانی هێزی سەربازیی پەیمانەکەش بەدەست ئیدارەی ئەمەریکییەوە بوو. لەهەمان کاتیشـــدا چەکە ئەتۆمی و کلاســـیکییەکانی بەشێوەیەک بەسەر ناوچەکانی پەیمانەکەدا دابەشـــکرد لەگەڵ ستراتیژییەکەیدا بگونجێت کـــە بەرەنگاربوونەوەی ئۆردوگای کۆمۆنیزم بوو، ئەمەش لەڕێگەی جێبەجێکردنی ئەم دوو پلانەوە:

یەکەم: لەڕووی هێزی ســـەربازییەوە «ئەتۆمی و کلاســـیکی»، ویلایەتە یەکگرتووەکان گرنگییەکی گەورەی دا بەناوەڕاستی ئەورووپا بەگشتی و بەئەڵمانیای ڕۆژئاوا بەتایبەتی، بەو پێیەی هەستیارترین ناوچەو هێڵی پێشـــەوەی ڕووبەڕوو بوونەوەی یەکێتی ســـۆڤیەتن، بەمجۆرە ڕۆڵی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لەبەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازیی یەکێتی ســـۆڤیەتدا زیاتر بەبایەخ و گرنگتر بـــوو لەوڵاتانی دیکەی ئەندامی پەیمانی ناتۆ.

دووەم: ویلایەتـــە یەکگرتـــووەکان، وڵاتانی ناوچەی باشـــووری پەیمانەکە «تورکیاو یۆنان»ی زیاتر بەچەکی کلاســـیکی پڕ چەک کرد نەک بەئەتۆمی. لەبەرئەوەی ڕۆڵی ئەو دوو وڵاتە بەپلەی یەکەم کورت کرابووەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشـــی پیادەو وشـــکانیی یەکێتی ســـۆڤیەت، چونکە مەترسی هێرشی چەکی ئەتۆمی بۆ سەر ئەم ناوچەیە بەبەراورد بەو هەڕەشانەی ئاراستەی ناوچەکانی باکوورو ناوەڕاستی ئەورووپا دەکران، کەمتر بوو.

دەستگرتنی ئەمەریکا بەسەر پەیمانی ئەتڵەنتیکدا، گرژی خستە نێو پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی ئەورووپاو ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، ئەم سیاســـەتە جێی ڕەزامەندی ئەندامە ئەورووپییەکانی پەیمانەکە

نەبوو، ئەوان لەچۆنییەتی مامەڵەکردنی واشنتۆن لەگەڵ پەیمانەکەدا ناڕازی بوون، کە سەرەکیترین دیاردەکانی بریتی بوون لە:

*ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر بنەمای هەلومەرجی سەربازی و جیۆپۆلیتیکی وڵاتەکەی، ستراتیژی رووبەڕوو بوونەوەی یەکێتی سۆڤیەتی دارشت و ئەوروپای ڕۆژئاوای کرد بەگۆرەپانی ململانێ و هێڵی پێشەوەی بەرەنگاربوونەوەی سۆڤیەت لەحاڵی ڕوودانی هەر جەنگێکی چاوەڕوان کراوی کلاسیکی یان ئەتۆمیدا، بەهۆی ئەو هێزە زۆرو زەبەندەی لەئەوروپادا کۆی کردبۆوەو ئەو مووشەکە ئەتۆمییانەشەوە کەلەسەر خاکەکەیدا بڵاویکردبۆوە، کوشندەترین زیانو زەبری بەردەکەوت.

*لەو ڕوانگەیەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەتەنها بەرپرسیارییەتی سەرپەرشتیکردنی مووشەکە ئەتۆمییەکانی لەئەستۆدا بوو، لەحاڵی سەرهەڵدانی هەر ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی ڕاستەقینەی نێوان ئەمەریکاو یەکێتی سۆڤیەتدا، ئاسەواری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەوروپای ڕۆژئاوا دەبوو کە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە قەڵغان و هێڵی پێشەوەی بەرگریی کردن لەئەمەریکا بوو. ئەمەش بەمانای ئەوە بوو «لەدیدی ئەوکاتی ئەوروپییەکانەوە» ئاسەواری تێکدەرانەی جەنگی چاوەڕوان کراو، بەرلەوەی ئاراستەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکرێت، گڕ لەئەوروپا بەردەدات.

*ویلایەتە یەکگرتووەکان دیدو بۆچوونی خۆی، بەتایبەتی ئەگەر پەیوەندیدار بەمەسەلەی سەربازییەوە بوایە، بەسەر دەوڵەتانی ئەندامی پەیمانەکەدا دەسەپاند. واشنتۆن داوای لەوڵاتانی ئەندام دەکرد لەپێناو پێشبڕکێی خۆ پڕچەک کردندا بودجەی سەربازییان

زیاتر بکەن، بەبیانوی بەدیهێنانی هاوسەنگی هێزی سەربازییەوە لەنێوان پەیمانی ئەتڵەنتیک و پەیمانی وارشۆدا.

*ویلایەتە یەکگرتووەکان دژ بەهەموو جموجۆڵێکی سیاسی ئەوروپا دەوەستایەوە گەر لەگەڵ ئاراستەی تایبەتی خۆی نەگونجایەو پشتگیری لەسیاسەتی دەرەکی نەکردایە. لەبەرامبەریشدا داوای لەدەوڵەتانی ئەوروپا دەکرد بەتەواوی پشتیوانی لەپلانەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاو هەڵوێستو بڕیارەکانی بکەن.

ئەم سیاسەتەی واشنتۆن کەشێکی پڕ لەگرژیی و ئاڵۆزی لەنێوان ئەمەریکاو دەوڵەتانی ئەوروپیدا بەدیهێنا. بەجۆرێک کە هەندێکیان هەڵوێستی توندیان بەرامبەر بەحکومەتی ئەمەریکی بەتایبەتی و بەرامبەر بەپەیمانی ناتۆ بەگشتی ڕاگەیاند. بەدوای توندبوونەوەی ئەم ناکۆکیانەدا، لەساڵی ١٩٦٦دا فەرەنسا وەک نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بەو هەلومەرجە، لەپەیمانەکە کشایەوە. هەروەها دانیمارک و نەرویجیش پاش ماوەیەک ڕاشکاوانە خوازیاری ئەوەبوون لەپەیمانەکە بێنەدەر، ئیسپانیاش هەر لەبەر ئەو هۆکارانە چوونە پاڵ پەیمانەکەی ڕەتکردەوە.

پێکهاتەی پەیمانەکە هێندە تۆکمەو پتەو نەبوو کە ئەندامەکانی بتوانن بەشێوەیەکی سەنترال لەمامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکاندا پەیڕەوی لەئاراستەیەکی سیاسی و سەربازیی دیاریکراو بکەن. لەلایەکی دیکەوە، بونیادی سیاسیی پەیمانەکە بەجۆرێک دارێژرا بوو کە ئەندامەکانی پابەند نەبوون بەجێبەجێ کردنی هەموو بڕیارەکانییەوە، ئەم هەلومەرجە ڕووبەرێکی فراوانی بۆ مانۆڕکردنی سیاسییان فەراهەم کردبوو، کە هۆکارەکەی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی

پاڵنەری سەربازیی بەپلەی یەکەم لەپشت دامەزراندنی پەیمانەکەوە بوو. لەبەرئەوە بڕیارە سەربازییەکانیشی ملکەچی بڕیاری سیاسی بوون، کۆکییەک لەنێو ئەندامەکانیدا لەگۆڕێدا نەبوو، ئەمەش بەوەدا دەردەکەوت کە لەحاڵی پەلاماردانی ناوچەکانی پەیمانەکەدا هەر ئەندامەو بەپێی بەرژەوەندییە ناوچەییەکانی خۆی شێوازی بەرەنگاربوونەوەی دەست درێژیەکەی دیاریدەکرد.

لەلایەکی دیکەشەوە، جیاوازی ئاراستە سیاسییەکانی نێوان ئەندامەکانی، زۆرجار ناکۆکی سیاسی لەنێو پەیمانەکەدا لێ دەکەوتەوە، لەئەنجامدا ناتەبایی دەکەوتە ناویانەوە، بێ ئەوەی پەیمانەکە توانای چارەسەرکردنی هەبێت، یان بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەبارەیانەوە بدات.

بۆ نموونە، کاتێک لە١٩٧٤دا تورکیا بەشێک لەدورگەی قوبرسی داگیرکرد، یۆنان داوای لەفەرماندەیی ناتۆ کرد ڕێگە لەدەست درێژی تورکیا بۆ سەر قوبرس بگرێت، بەڵام ناتۆ هیچ بڕیارێکی دژ بەتورکیای نەدا، لەپای ئەوەدا یۆنان لەباڵی سەربازیی پەیمانەکە کشایەوەو پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا تێکچوو. یۆنان داوای لەحکومەتی ئەمەریکا کرد کە بنکە سەربازییەکانی لەخاکەکەی بکشێنێتەوە. بەو پێیەی واشنتۆن نەکۆمەکی بەیۆنان کردو نەهەرگیز نارەزایی بەرامبەر بەحکومەتی تورکیا دەربڕی، بەڵکو دوای ئەو دەست درێژییەش ئەمەریکا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا بەهەمان شێوە ئاساییەکەی جاری جاران بەردەوام بوو.

سەرەرای هەبوونی هەموو ئەو خاڵە لاوازانەش لەپەیمانی ئەتڵەنتیکدا، هێشتا دەبێت بوترێت کە بەهێزترین پەیمانی سەربازیی

بوو لەنێــو ئەو پەیمانانــەدا ئەمەریکا دایمەزراندو بەشــدارییەکی کارای لەبنیات نانییدا کرد. بەشــێوەیەکی گشتیی ناتۆ زۆربەی ئەو ئەرکانەی بەئەنجام گەیاند کە پێی سپێردرا بوو، هەروەها بەدرێژایی ڕۆژگاری جەنگی ساردیش، «ناتۆ» فاکتەرێکی بەهێزو کاریگەر بوو لەبەرپەرچدانەوەی یەکێتی سۆڤیەتدا.

هەرچەندە ناتۆ گوزارشتی لەشێوازی جێبەجێکردنی پلانی ترومان دەکرد، بەڵام لەدوای کۆتایی هاتنی ماوەی ســەرۆکایەتی ترومان و تەنانەت پاش دەستبەرداری ئیدارەی ئەمەریکاش لەو پلانە، هێشتا وەک فاکتێکی چەســپاو لەسیاســەتی ئەمەریکادا درێژەی بەژیانی خۆیدا. شێوازی پەیمانە ســەربازییەکان یەکێک لەبنەما چەسپاوە هەرە دیارییەکانی هێڵی گشتیی سیاسەتی ئەمەریکای پێک دەهێناو لەو ڕێگایەشــەوە درک بەهەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر بەسیاسەتی نێودەوڵەتــی و هاوکێشــەکانی ململانــێ دەکرێت لەسیســتەمی جیهانییدا.

## ئیزینهاوەر[16]
## Dwight Eisenhower

دۆکترنی ترومان بەئەزموونێکی گرنگ دادەنرێت لەفکری سیاسیی ئەمەریکییــدا. هەرچەندە ئەم سیاســەت و دۆکترنە ســەرکەوتنی تەواوی بەدەست نەهێنا، بەڵام لەناوەندە سیاسییەکانی ئەمەریکیدا وەک ڕێبازو هێڵێکی تایبەتی سیاســەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان لێی دەڕوانرێت، ئەم ناوەندانە پێیان وایە پێویســتە لایەنە ئیجابییەکانی بەهێزبکرێت و سەرکەوتنەکانیشی بگوازرێتەوە بۆ هەموو گۆڕەپان و

---

١٦- دوایت ئیزینهاوەر (١٨٨٠ ـ ١٩٦٩) سیو چوارهەمین سەرۆکی ئەمەریکایە (١٩٥٣ ـ ١٩٦١)، سەر بەپارتی کۆمارییە. لەویلایەتی تەکساس هاتووەتە دونیاوە. سەرۆک ئەرکانی هێزەکانی هاوپەیمان بوو لەجەنگی دووەمی جیهانیدا، ئەو بەنەخشەداڕێژەری هێرشی نۆرماندیو ئەندازیاری سەرەکی تێکشکاندنی هێزی نازییەکانو ئەڵمانیا دادەنرێت لەبەرەی ڕۆژئاواوە، کە بەوپەڕی کارامەییەوە فەرماندەیی شەڕەکانی ئەورووپای کرد لەساڵانی ١٩٤٤و ١٩٤٥دا. پاشان لەساڵی ١٩٤٥ەوە تا ١٩٤٨ بووە سەرۆک ئەرکانی هێزەکانی ئەمەریکا، لەساڵی ١٩٤٨ەوە تا ١٩٥٠ بووە سەرۆکی زانکۆی کۆلۆمبیاو لەساڵی ١٩٥٠ەوە تا ١٩٥٢ فەرماندەی هێزەکانی ناتۆ بوو. کۆتایی بەجەنگی کۆریا هێناو گوشاری خستنە سەر یەکێتی سۆڤیەت لەڕێگەی پێشبڕکێی خۆپڕچەک کردنەوەو هەروەها لەسەردەمی ئەودا، چالاکی ئیستیخباراتی ئەمەریکا لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا پەرەی سەندو ئەمەریکا دەرگیری جەنگی ڤێتنام بوو. ئیزینهاوەر لەئازاری ١٩٦٩دا لەواشنتۆن کۆچی دوایی کرد.(و)

ناوچەکانی دیکەی جیهان. لەلایەکی دیکەشەوە پێویستە هەڵەکانیشی بەشـــێوەیەک هەموارو ڕاست بکرێنەوە لەگەڵ ئەم واقیعەی ئێستای جیهاندا بگونجێت کـــە ئەمەریکا مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، هەروەها پێویســـتە بنەماکانیشی وەک پرەنســـیپێکی چەسپاو بپارێزرێن بەو پێیەی هێشتا کاتی گۆڕینیان نەهاتووە.

ئیزینهاوەر هەر لەســـەرەتای بەدەســـەڵات گەیشتنیەوە لەساڵی ١٩٥٢دا، هەموو ســـەرنجی لەســـەر بەرز نرخاندنی دۆکترنی ترومان بوو. لەسەر ئەو بناغەیەش ئەجندە سیاسییەکانی خۆی دارشت، کە هێڵە گشتییەکانی بەمجۆرە دیاریکرد:

١ـ ئەو پلانانەی لەسەردەمی تروماندا جێبەجێ نەکران، پێویستە کار بۆ بەئەنجـــام گەیاندنیان بکرێت، بەتایبەتـــی گەر ئەم پلانانە ڕاستەوخۆ خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی واشنتۆن بکەن یان پەیوەست بن بەپەیوەندییە دەرەکییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە.

٢ـ پێویستە بواری ئەزموونە سەرکەوتووەکانی ترومان لەئەوروپای رۆژئاوادا بەرفراوان بکرێتەوەو ئەو ئەزموونانەش بگوازرێنەوە بۆ ئەو ناوچانەی لەبازنەی گرنگی پێدانی ئێستای ئەمەریکادان.

٣ـ پێویستە هەڵەکانی پلانی ترومان بێ چارەسەر بەجێنەهێڵدرێن. چونکە بنەمایەکی چەســـپاو و پرەنســـیپێکی نەگۆڕە لەسیاسەتی ئەمەریکییـــدا، بـــەڵام دەکرێت گفتوگۆ لەســـەر ڕێگـــەو چۆنییەتی جێبەجێ کردنیان بکرێت.

ئیزینهاوەر بەکردەکی ئەم هێڵە گشتییانەی لەڕێگەی قوڵکردنەوەی سیاسەتی بەرفراوان کردنەوەی پەیمانە سەربازییەکانەوە بەرجەستەو جێبەجێکرد، بەو پێیەی سیاسەتێکی گرنگ و کاریگەرە لەبەدیهێنانی

ئامانجەكانی ئەمەریكادا. ئیزینهاوەر بۆ پێكهێنانی پەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو پەیمانی بەغداد تێدەكۆشا. دووەمیشیانی لەڕێگەی گواستنەوەی ئەزموونی ترومانەوە بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرجەستەكرد. لەپاڵ ئەم دوو هەوڵەشدا، ستراتیژی هێرشی سەرتاسەری بۆ بەرەنگاربوونەوەی یەكێتی سۆڤیەت ڕاگەیاند.

## پەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا

لە٨ی ئەیلولی ١٩٥٤دا، پەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەمانێلای پایتەختی فلیپین دامەزرا، هەر یەک لەپاكستان، فلیپین، سیام، ئوستورالیا، نیوزلەندا، فەرەنساو بەریتانیاو ویلایەتە یەكگرتووەكانیش بوون بەئەندام[١٧]. ئەوەی جێی سەرنجە ئەم پەیمانە هەندێک دەوڵەتی وەک فەرەنساو بەریتانیاو نیوزلەندای لەخۆدەگرت كە نەدەكەوتنە بازنەی جوگرافیی پەیمانەكەوە. بەڵام پاڵنەری سیاسی، فاكتەرێكی لەپێشترو گرنگتر بوو لەجوگرافیای سروشتی.

لەم سەروەختەدا فەرەنسا بوونێكی كاراو ڕاستەوخۆی لەڤێتنامدا هەبوو. پاش دەركەوتنی چین وەک دەسەڵاتێكی تازە سەرهەڵداوی كاریگەر لەهاوكێشەكانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، فەرەنسا زیاتر لەجاران پێگەی سیاسی خۆی لەو ناوچەیەدا لەمەترسیدا دەدی، دەستێوەردانی ئەو دەوڵەتە لەهەلومەرجی سیاسی ناوچەی هندی

١٧ - موسوعە السیاسە، الجزو الثانی، ص ٥٧٤.

ـ چیینیدا، فەڕەنســـای ڕووبەڕووی قەیرانێکی ڕاســـتەقینە کردەوە لەپاراستنی بەرژەوەندییەکانیدا لەڤێتنام.

بەریتانیاش وڵاتێکی دیکە بوو کە لەناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاســـیادا خاوەنی بەرژەوەندی سیاســـیی و ئابووری بوو، دیســـان ئەویش نیگەران بوو لەو مەترسی کۆمۆنیزمەی لەچیینەوە دەهات و هەڕەشەی لەبەرژەوەندییەکانی دەکرد لە«هۆنک کۆنگ»دا[18].

بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەیویست لەپشت ئەم پەیمانەوە ئامرازو کەرەســـەی ستراتیژییەکەی خۆی بەدیی بهێنێت کە بەرەنگاربوونەوەی مەترســـیی کۆمۆنیـــزم و ڕێگرتن لەبەرفراوان بوونەوەی بازنەی نفوزو دەســـەڵاتی چیین و یەکێتی سۆڤیەت بوو. لەم هەلومەرجەدا، ئەمەریکا لێ بڕوانە تەئکیدی لەســـەر پێویستی پێکهێنانی پەیمانی ســـەربازیی ناوچەیی کردەوە، تا لەم ڕێگەیەوە «ستراتیژیی ڕێ لێگرتن و ئیحتیواکردن»ی ترومان و ئەو ستراتیژییە هێرشـــە سەرتاســـەرییەی کە لەلایەن ئیزنهاوەرەوە ڕاگەیەندرا بوو بەئەنجام بگەیەنێت.

بەمجۆرە هۆکاری هاوبەشـــی بوون بەئەندامبوونی ئەم دەوڵەتانە لەپەیمانی باشـــووری ڕۆژهەڵاتی ئاســـیادا، ترس و نیگەرانییان بوو لەمەترسی بەرین بوونەوەی کۆمۆنیزم، کە ئەمجارەیان لە«چیین»دا خـــۆی دەنواند. چیین خاوەنـــی هێزێکی ســـەربازی زەبەلاح بوو، لەکاتێکدا کە هێزی ســـەربازی ئەو دەوڵەتانەی ڕۆژهەڵاتی ئاســـیا بەبەراورد لەگەڵ هێزو توانای «چیین»دا زۆر لاوازو سنووردار بوون. لەئەنجامی ئەم ناهاوســـەنگی هێزەشـــدا، ئەو دەوڵەتانە بەگشتی و

١٨- محمد عزيز شكرى، الاحلاف والتكتلات فى السياسه العالميه، ص ٦٠.

ویلایەتە یەکگرتووەکان بەتایبەتی لەوە دەترسان سەرتاسەری باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بکەوێتە نێو چنگی کۆمۆنیستەکانەوە.

لەبەرئەوەی هێزی سەربازیی چیین هەڕەشەیەکی بەردەوام بوو لەسەر پەیمانەکە، ویلایەتە یەکگرتووەکان دەیویست لەڕێگەی یارمەتیدانی ئەندامەکانی و ئامادەکارییەکی سەربازیی گەورەوە لەناوچەکەدا کە دیارترینیان کەشتی گەلی حەوتەم بوو، پێگەی سەربازیی پەیمانەکە بەهێز بکات[19].

هەڵسوکەوتی پەیمانەکە وەک قەوارەیەکی سیاسی لەگەڵ ئەندامەکانیدا، هەڵسوکەوتێکی دۆستانەو شیاو نەبوو. کاتێک لەساڵی ١٩٧١دا پاکستان چووە جەنگەوە دژ بەهندستان، دەوڵەتانی ئەندامی پەیمانەکە هیچ یارمەتییەکی ئەوتۆیان پێشکەش نەکرد، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بڕگەو بەڵێنانە بوو کە لەپەیمانەکەدا لەسەری ڕێک کەوتبوون و پاگەندەی ئەوەشیان دەکرد پابەندن بەجێبەجێ کردنییەوە. ئەم هەڵوێستەی پەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بووە هۆی کشانەوەی پاکستان لەپەیمانەکە لەساڵی ١٩٧٢دا، دوای ئەوەی کە پەیمانەکەی بینی پابەند نییە بەجێبەجێ کردنی بەڵێنەکانییەوە، لەکاتێکدا چیین کە پەیمانەکە پێی وابوو دوژمنی سەرەکییەتی، هەڵوێستێکی پۆزەتیڤتری هەبوو بەرامبەر بەپاکستان لەکێشمەکێشیدا لەگەڵ هند[20].

هەندێک لەتوێژەران هۆکاری ئەم هەڵوێستەی پەیمانەکە بەرامبەر بەپاکستان دەگەڕێننەوە بۆ خواستی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە نەیدەویست هێزی سەربازیی پەیمانەکە بکات بەگژ وڵاتێکی غەیرە کۆمۆنیزمدا.

١٩ - موسوعە السیاسە، الجزو الپانی، ص ٥٧٥.

٢٠- د. محمد عزیز شکری، المصدر السابق، ص ٥٨.

بەڵام ئەم قسەو شیکارییە ڕاستیی نەپێکاوە. چونکە لەکاتی جەنگی هندو پاکستاندا، ویلایەتە یەکگرتووەکان پەیڕەوی لەستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازیی کۆمۆنیزم نەدەکرد، هەڵوێستی بەرامبەر بەئۆردوگای کۆمۆنیزم هەڵوێستێکی نوێ و جیاواز بوو لەهەڵوێستەکانی ڕابردووی کە بەرامبەر بەو ئۆردوگایە هەیبوو لەدەیەی پەنجاکانو شەستەکاندا. لەبەرئەوە پێویستی بەکۆکردنەوەی هێزی سەربازیی پەیمانەکەو سەرپێچی کردن لەبەڵێنەکانی نەبوو.

هۆکاری ڕاستەقینەی ئەو هەڵوێستەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەروەختی جەنگی هندو پاکستاندا ئەوە بوو کە بەدوای پرۆژەیەکی سیاسی دیکەوە بوو، واشنتۆن گەرەکی بوو هاوسەنگییەکی نوێ لەناوچەکەدا بەدی بهێنێ و نەیدەویست خۆی دەرگیری پشتیوانی کردن لەدەوڵەتێکی ئیسلامیی وەک پاکستان بکات لەسەر حسابی دەوڵەتێکی گرنگی دیکەی ناوچەکە، کە ڕەنگە ببێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگییەکی هەستیاری ناوچەیی.

گرنگ ئەوەیە پەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کارا نەبوو لەبەدی هێنانی ئامانجە سیاسییەکانی ئەمەریکاداو نەیتوانی هاوکێشەو نەخشەی سیاسی ناوچەکە بپارێزێت. لەم قۆناغەدا، چەندین وڵاتی ناوچەکە کەوتنە ژێر سایەی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکانەوە، بێ ئەوەی پەیمانەکە توانای ڕێگرتن لەڕوودانی ئەم گۆڕانکارییە گەورانەی هەبێت.

# پەیمانی بەغداد

ئەم پەیمانە لەشوباتی ساڵی ١٩٥٥دا لەچوارچێوەی رێککەوتنێکی سەربازیی نێوان عێراق و تورکیادا دامەزرا، پاشان لەهەمان ساڵدا هەریەک لەبەریتانیا و پاکستان و ئێران پەیوەست بوون بەپەیمانەکەوە، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانیش وەک ئەندامی چاودێر چووە پاڵ پەیمانەکەوە.

هۆی سەرەکی دامەزراندنی ئەم پەیمانە، ئەو پێگە ستراتیژییە بوو ناوچەی پەیمانەکەی لەناوچەکانی دیکە جیادەکردەوە. کە ئەم لایەنە گرنگانەی لەخۆدەگرت:

*وڵاتانی ئەندامی پەیمانی بەغداد لەڕووی ستراتیژییەوە گرنگییەکی تایبەتییان هەبوو بۆ زلهێزەکان و زیاتر لەهەر ناوچەیەکی دیکەش بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەم زلهێزانە لەم ناوچەیەدا چڕ ببۆوە، بەهۆی ئەو کانە نەوتە زۆرو زەبەندەی کە لەخاکی هەندێک لەدەوڵەتانی ئەندام یان وڵاتانی دراوسێیاندا هەڵکەوتبوو.

*ناوچەی پەیمانەکە هاوسنوور بوو لەگەڵ باشووری یەکێتی سۆڤیەتدا، کە لەشێوەی دەروازەیەکدا خۆی دەنواندو پێدەچوو لەو ڕێگایەوە یەکێتی سۆڤیەت دزە بکاتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. ئەمەش دەوڵەتانی ڕۆژئاواو لەپێشیانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای هاندا بۆ ئەوەی هەوڵی داخستنی بدەن بەڕووی فراوانخوازی یەکێتی سۆڤیەتدا. بەمجۆرە ئەمەریکا هەوڵی دەدا ئەڵقەکانی گەمارۆدانی ستراتیژیی ئۆردوگای کۆمۆنیزم تەکمیلە بکات. دوای ئەوەی کە لەوەوپێش لەڕۆژئاواوە بەهۆی پەیمانی ناتۆو لەڕۆژهەڵاتیشەوە بەپەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا گەمارۆی دابوو.

*ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت لەم قۆناغــەدا هەلومەرجێکی سیاسی نائارامی بەخۆوە دەبینی. بەڕادەیەک کە دەزگای هەواڵگریی و ناوەنـــدە سیاســـییەکانی ڕۆژئاوا بیریان لەبەکارهێنانی ڕەوشـــی ســـەربازیی دەکردەوە بۆ ســـەپاندنی هەیمەنەی سیاسییان بەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا.

ســـەرۆک ئیزینهاوەر بایەخێکی گەورەیدا بەپەیمانی بەغداد، ئەو پلانی بۆ ئەوە دادەڕشت ڕێگا لەبەردەم دەوڵەتانی دیکەدا واڵا بکات بۆ بوون بەئەندامی پەیمانەکە. بۆ ئەو مەبەســـتەش سێ هەوڵی بۆ زیادکردنی ئەندامانی پەیمانەکە دا، بەڵام لەهەر ســـێکیاندا شکستی هێنا.

یەکەمیان لەگەڵ ئەردەن، کاتێک شـــا حســـێن خواســـتی بوون بەئەندامبوونـــی لەپەیمانەکەدا دەربڕی، بـــەڵام بارودۆخی ناوخۆی ئەردەن ڕێگەی ئەوەی پێنەدا. لەبەرئەوەی ڕای گشـــتیی ئەو وڵاتە بەرهەڵســـتییەکی بەهێزی دژ بەپەیمانی بەغـــدادی بەخۆوە بینی، بەڕادەیەک کە هەڕەشـــە بوو لەســـەر ڕژێمی پادشایەتی، لەبەرئەوە شاحســـێن لەبڕیارەکەی پاشـــگەز بۆوەو بەمجـــۆرە یەکەم هەوڵی ئەمەریکا لەپێناو پەیوەســـت بوونی وڵاتێکی نـــوێ بەپەیمانەکەوە سەری نەگرت.

هەوڵی دووەمی، لەگەڵ میسردا بوو، بەڵام حکومەتی میسر چوونە پاڵ پەیمانە سەربازییەکانی ڕەت دەکردەوە. ئەم ڕەت کردنەوەیەی میســـر هاوکات بوو لەگەڵ چەند پێشـــهاتێکی وەک خۆماڵی کردنی کەناڵی ســـوێسو زیاتر هەڵگشـــانی گرژی و ئاڵۆزی نێوان میسرو ڕۆژئاوادا، ئەم گرژی و ئاڵۆزییە بووە هۆی هێرشـــە ســـێ قۆڵییەکە

بۆ ســـەر میسر لەساڵی ١٩٥٦دا. بەدوای ئەو ڕووداوەشدا مەسەلەی بەئەندامبوونی میسر لەپەیمانەکەدا ئەستەم و مەحاڵبوو.

هەوڵی ســێهەمی، لەگــەڵ ســوریادا بوو، کە هەڵگــری دیدو بۆچوونێکی هاوشــێوەی هەڵوێستی میســر بوو بەرامبەر بەپەیمانە ســەربازییەکان. ســوریا لەســاڵی ١٩٥٧دا ڕووبەڕووی هەڕەشەی ســەربازیی بووەوە لەلایــەن تورکیاوە، کە ســەرەنجام بووە هۆی تێکچوونــی پەیوەندییەکانی لەگــەڵ ئەمەریکاو ئەمەش کاری کردە سەر پەیوەست نەبوونی بەپەیمانەکەوە.

هۆکارێکــی گرنگ کە ڕێگربــوو لەبەردەم پەیوەســت نەبوونی دەوڵەتانــی عەرەبی بەپەیمانی بەغدادەوە، ئەو بارە ئاڵۆزو تایبەتە بوو بەســەر جیهانی عەرەبیدا زاڵبوو. میسرو سوریا لەگەڵ عێراقدا لەناکۆکییەکــی گەورەدا بــوون و بەعالەمی ئاشــکرا دوژمنایەتی یەکدییان دەکرد. هەندێــک لەدەوڵەتانی دیکەش بەدیدی گومانەوە لەهەموو هەنگاوو جموجۆڵێکی عێراقیان دەڕوانی، بەتایبەتی ئەگەر ئەم هەنگاوانە بەدەست پێشــکەری و پشتگیریی «نوری سەعید» بنرابانایە.

ئیزنهــاوەر، دیــدگای وڵاتانــی عەرەبــی ســەبارەت بەواقیعی ناوچەکەیان و کارلێکردنی لەگەڵ جموجۆڵە سیاسییەکانی هەرێمەکەو هەروەها دیدو بۆچوونی ئەمانی سەبارەت بەسەرچاوەکانی مەترسی، لەهاوکێشــەکانی خۆیدا لەبەرچاو نەگــرت. حکومەتە عەرەبییەکان بەوجۆرە لەیەکێتی ســۆڤیەتیان نەدەڕوانی کە مەترســییەک بێت و ڕاســتەوخۆ هەڕەشە لەئەمن و ئاسایشــیان بکات، چونکە بەلای ئەوانەوە تەنها دەستێوەردانی ســەربازی مەترسی ڕاستەقینە بوو،

هەربۆیە هەمان دیدو ڕوانینـــی ڕۆژئاوایان نەبوو بەرامبەر بەیەکێتی سۆڤیەت.
وڵاتانـــی عەرەبـــی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت، ئیســـرائیل یـــان بەمەترسییەکی کوشندە دەزانی لەسەر سنوورەکانیان، مەترسییەک کە پێویســـتی دەکـــرد بەوریاییەوە بەرەنگاری ببنـــەوەو خۆیان بۆ جموجوڵە چاوەڕوان نەکراوەکانی ئامادە بکەن، نەک ســـۆڤیەت کە لەو هەلومەرجەدا هەندێک لەوڵاتانی عەرەبی وەک ســـوریاو میســـر پەیوەندییەکی ڕەسمی دۆســـتانەیان لەگەڵدا ساز کردبوو، لەهەمان کاتدا ســـۆڤیەتیش خاوەنی هەڵوێســـتێکی سیاســـی کاریگەر بوو لەداکۆکـــی کردن لەبەرژەوەندی ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەدا بەتایبەتی میسرو سوریا.

## جموجۆڵ ڕووەو وڵاتانی ئیسلامی

وەک پێشـــتر لێـــی دوایـــن، ئـــەو ســـەرکەوتنەی دۆکترنەکەی ترومان لەئەوروپادا بەدیهێنا، ئیـــدارەی ئیزینهاوەر هەوڵیدا بازنەی جێبەجێکردنی بەرفراوانتر بکاتەوەو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بگرێتەوە. بەڵام هەلومەرجی سیاســـیی ناوچەکەو هەڵســـوکەوت و سیاســـەتە هەڵەکانـــی ئەمەریـــکا، ڕێگەیان بەجێبەجـــێ کردن و ســـەرکەوتنی ئەو پڕۆژەیە نەدا. ئیدارەی ئیزنهاوەر سەرنج و گرنگی نەدا بەجیاوازیی هەلومەرجی سیاســـی نێوان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپای ڕۆژئـــاوا. بەڵکو هەوڵیدا ڕژێمە عەرەبییەکانی ناوچەکە بەپەیمانە ســـەربازییەکانیەوە پەیوەســـت بکات، مەترسیی یەکێتی سۆڤیەتیشی دەکرد بەهاندەرو پاساوی ئەو هەوڵ و بانگەوازەی، بەڵام

ئەم هەنگاوانە لەلایەن دەوڵەتانی عەرەبییەوە بەهەند وەرنەگیران و پێشــوازییان لێنەکرا، چونکە ئەم دەوڵەتانە بڕوایان بەو پاساوەی واشنتۆن نەبوو کە مەترســییەک بەڕێوە بێت بۆ سەریان لەیەکێتی ســۆڤیەتەوە. کاردانەوەی ســاردی ڕژێمە عەرەبییــەکان، یەکێتی سۆڤیەتی وا لێکرد هەرچی زیاتر لێیان نزیک بکەوێتەوە، بەتایبەتی لەمیسرو سوریا.

میســر دوای ئــەوەی پێشــنیاری بەئەندامبوونــی لەپەیمانــە ســەربازییەکاندا ڕەتکــردەوە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ واشــنتۆندا تێکچوو، دەوڵەتی ئەمەریکا بۆ سزادانی میسر بەهۆی ئەم هەڵوێست وەرگرتنەوەیە، وێڕای ڕاگرتنی کۆمەکی دارایی و ســەربازیی، هەموو جۆرە یارمەتییەکی ئابووری و تەکنیکیشــی بۆ تەواوکردنی بەنداوی ئەســوان ڕاوەســتاند، وەک کاردانــەوە بەرامبەر بەم هەڵوێســتە نێگەتیڤــەی ئەمەریکا، کاربەدەســتانی یەکێتی ســۆڤیەت بەپەلە کۆمەکی ئابووری و سەربازییان پێشکەش بەمیسر کرد.

سەبارەت بەســوریاش، هەلومەرج بەهەمان شێوەی میسر بوو. یەکێتی ســۆڤیەت لەڕێگەی چیکوســلۆڤاکیاوە کۆمەکی سەربازی و کۆمەکــی ئابــووری ڕەوانەی ســوریا دەکرد. هەروەهــا لەڕووی سیاسیشەوە دیســان مۆسکۆ پشتیوانی لەســوریا کرد ئەودەمەی تورکیا هێزەکانی لەســەر سنووری باکووری سوریا لەساڵی ١٩٥٥دا کۆکردەوە، یەکێتی سۆڤیەت هەڵوێستێکی داکۆکیی کارانەی لەسوریا گرتەبەر، خرۆشــۆف هەڕەشەی لەحکومەتی تورکیا کردو ئامادەیی وڵاتەکەشی بۆ پشتگیریی کردن لەسوریا ڕاگەیاند[٢١].

---

٢١- جورج کیرک، السیاسە العربیە المعاصرە، ص ١٠٥.

بـــەدوای ســـەرهەڵدانی ئەم پێشـــهات و گۆڕانکارییانـــەدا، کە دیارترینیان نزیکەوتنەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەبەرامبەریشـــدا پاشەکشـــەی نفوزی بەریتانیاو فەرەنســـا بوو لەناوچەکەدا، پەیمانی بەغداد لەبەدیهێنانی ئامانجەکانیدا شکستی هێنا.

ئەم پێشهاتانە بوونە مایەی دڵەڕاوکێی ئیزنهاوەر کە بەنیگەرانییەوە لەو بۆشـــاییە ڕادەما بەهۆی پاشەکشەی نفوزی هەردوو زلهێزەکەی پێشـــترەوە بەدیهاتبوو، ئەو پێی وابوو یەکێتی سۆڤیەت دەکەوێتە خۆی و دەست پێشکەری دەکات بۆ سوود لێوەرگرتن و پڕکردنەوەی. لەسەر ئەم بناغەیە، پرەنسیپەکەی خۆی لەکانوونی دووەمی ١٩٥٧دا بۆ دەست گرتن بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕاگەیاند.
بەپێی ئەم دۆکترنەی ئیزنهاوەر، لەســـەر ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویست بوو کە بەرپرسیارییەتی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەئەستۆ بگرێت، لەڕێگەی پێشکەش کردنی یارمەتییەکی بەفراوانی ئابووری و سەربازییەوە بەدەوڵەتانی ناوچەکە. هەروەها ئەم پرەنسیپە ئەو بڕیارەشـــی لەخۆدەگرت کە لەهەلومەرجی پێویستدا، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بێ گەڕانەوە بۆ کۆنگرێس، دەتوانێت فەرمانی دەستێوەردانی ســـەربازیی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەربکات[٢٢].

هەروەها دۆکترنەکەی ئیزنهاوەر ئەو دوو حاڵەتەی دیاریکرد بوو کە پێویستی بەدەستێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکرد:

---

٢٢ - مجله السياسه الدوليه، العدد الثانى، ص ٨٧.

١ـ لەبارێکــدا دەوڵەتێکــی هاوپەیمانی ئەمەریــکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووبەڕووی مەترسی یان هەڕەشەی کۆمۆنیزم ببێتەوە.
٢ـ لەبارێکــدا کە یەکێک لەو دەوڵەتانەی ناوچەکە بۆ بەرژەوەندی ئەمەریــکا گرنگن، بەئەندازەیەک ڕووبەڕووی قەیرانی ناوخۆیی ببنەوە کە ڕژێم و قەوارە سیاسییەکەیان بکەوێتە مەترسییەوە.
حاڵەتی دووەم ئەو دەمە خرایە چوارچێوەی پرەنسیپی ئیزنهاوەرەوە کە ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی بەندی یەکەم کرا، ئیدارەی ئەمەریکی زانــی جێبەجێکردنی بەندی یەکەم زۆر زەحمەتە بەســەرنجدان لەو هەلومەرجە سیاسییە ئاڵۆزەی ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت.
ئەم دۆکترنەی ئیزنهاوەر بەشــێوەیەکی ئاشــکرا لــەدوو وڵاتدا جێبەجێکرا:
یەکەمیان: لەئەردەن، کاتێک هەڵوێســت و دەسەڵاتی شا حسێن بەتەواوی لەرزۆک ببوو، لەئاکامی ئەو
بەرهەڵســتییە توندەی سەرۆکی حکومەتەکەی سلێمان نابلوسی بەرامبەری نواندی و بووە هۆی ئەوەی ئەردەن زنجیرەیەک خۆپیشاندان و نائارامی بەخۆیەوە ببینێت بەمەبەستی ئیدانەکردنی هەڵوێستی شا حسێن. ئیدارەی ئیزنهاوەر پێی وابوو ئەوەی لەئەردەندا ڕوودەدات، جێبەجێکردنی پرەنســیپەکەی گەرەکە، سەرۆک کۆماری ئەمەریکا لەنیسانی ١٩٥٧دا کەشتی گەلی شەشەمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ڕەوانەی ناوچەکە کرد. هەروەها ڕەزامەندی لەســەر کۆمەک کردنی دارایــی بەئەردەن نواند، کە بڕی ئەم کۆمەکە لەماوەی دوو ســاڵدا (٧٠) ملیۆن دۆلاری تێپەڕاند.
دووەمیان: لەلوبنان بوو، کە بەهۆی سیاسەتی کەمیل شەمعونەوە

جەنگــی ناوخــۆو نائارامی بەخۆیەوە دی، شــەمعون پشــتیوانی لەپرەنســیپی ئیزنهاوەر دەکرد، ڕێگەی بەکەشتی گەلی ئەمەریکاش دا لەکەنارەکانی لوبنان بمێننەوە تا ئەودەمەی پێگەی شــا حسێن لەئەردەندا دەچەسپێ و مەترسی لەسەر نامێنێت. لەدرێژەی بەردەوام بوون لەسەر پشــتیوانی کردن لەسیاسەتی ئەمەریکاشدا، شەمعون هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی دەرهەق بەسوریاو میسر ڕاگەیاند. ئەم سیاســەتە ڕووبەڕووی بەرهەڵســتییەکی توند بــۆوە لەلایەن هێزە سیاسییەکانی لوبنانەوە.

کاتێک ماوەی ســەرۆکایەتی شــەمعون بــەرەو کۆتایی دەڕۆی، ناوبراو هەوڵیدا لەڕێگەی هەموارکردنی دەستورەوە، ماوەی مانەوەی لەدەسەڵات و ســەرۆکایەتییەکەی درێژ بکاتەوە. لەئەنجامی هەموو ئەمانەدا، ئۆپۆزیسیۆن دژبەحکومەت خرۆشا، جەنگی ناوخۆ هەڵگیرسا و هێندەی نەمابوو کە هەرەس بەدەســەڵاتی شەمعون بهێنێت. ئەم نائارامییــەی لوبنان، هاوکات بوو لەگــەڵ ڕوخانی حکومەتی نوری ســەعید و ڕژێمی پادشایەتی لەبەغداد لەتەمووزی ١٩٥٨دا، ئەمەش شەمعونی خستبووە هەڵوێستێکی دژوارەوە، لەبەرئەوە بەپەلە داوای دەستێوەردانی سەربازیی لەئیدارەی ئیزنهاوەر کرد تا حکومەتەکەی لەڕەوتە سیاســییەکانی دژ بەدەسەڵاتەکەی و دژ بەئەمەریکا ڕزگار بکات. ئیدارەی ئیزنهاوەر بەدەنگ خواســتەکەی شەمعونەوە چوو، سەرەنجام هێزەکانی ئەمەریکا لەبەیروت دابەزین[٢٣].

وەک تێبینــی دەکرێت ئــەم دوو دەســت تێوەردانە لەهەریەک لە (ئــەردەن و لوبنــان)دا ناچنە چوارچێوەی ئــەو هۆکارانەوە کە

٢٣ - ريتشارد بارنت، حروب التدخل الاميركيه، ص ١٣٠.

پێویستی بەدەستێوەردانی ئەمەریکی دەکرد بەوجۆرەی لەدۆکترنی ئیزنهاوەردا هاتبوو. چونکە ئەردەن هەرگیز ڕووبەڕووی هەڕەشـــەی کۆمۆنیـــزم یان تەنانەت ڕووبەڕووی هەڕەشـــەی دەوڵەتێکی ســـەر بەیەکێتی سۆڤیەتیش نەبێوە، بەڵکو حکومەتی ئەردەن کەوتبووە بەر هەڕەشەی توندی ڕەوتە ناڕازی و بەرهەڵستکارەکانی سیاسەتی پادشـــایەتی هەواداری ڕۆژئاواوە. شا حســـێن لەمبارەیەوە گەلێک کارامەو لێزان بـــوو، دەیزانی ئیدارەی ئەمەریـــکا هیچ بەهانەیەکی بەدەســـتەوە نییە بـــۆ جێبەجێکردنـــی پرەنســـیپەکەی ئیزنهاوەر لەئەردەندا، لەبەرئەوە بەمەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ دەستێوەردانی ئەمەریکا لەوڵاتەکەیدا، ئۆپۆزیسیۆنی بەپەیرەوی کردن لەکۆمۆنیزم تاوانبار کردو ڕایگەیاند کە ئەوان نیازی ڕوخاندنی دەوڵەت و دەست گرتنیان هەیە بەســـەر ئەردەندا. بەتایبەتی کە شا حسێن هەواداری سەرســـەختی دۆکترنی ئیزنهاوەر بوو، خوازیاری سەرکەوتنیشـــی بوو.

لوبنانیش بەهەمان شێوە بەدەر بوو لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی پرەنســـیپەکانی ئیزنهـــاوەر، ئـــەم وڵاتـــە لەبەردەم هیـــچ جۆرە هەڕەشەیەکی کۆمۆنیزمدا نەبوو، ئەگەر ئیدارەی ئەمەریکا بیتوانیایە بەرەنگاربوونـــەوەی کۆمۆنیزم بکات بەپاســـاوی دەســـتێوەردانی لەئەردەندا، ئەوا پاســـاوێکی هاوشـــێوەی پێنەبوو بۆ دەستوەردانە کاروبـــاری لوبنانەوە. لەبەرئەوە پاســـاوێکی دیکـــەی هێنایەوە بۆ دەســـت تێوەردانەکـــەی، «جـــۆن دالاس»ی وەزیـــری دەرەوەی ئیزنهاوەر لەمبارەوە ڕایگەیاند «پاراستنی سەربەخۆیی لوبنان ئەوە لەئەمەریـــکا دەخوازێـــت کە بوونی ســـەربازیی هەبێت لەو وڵاتەدا،

چونکە مەســـەلەیەکی بـــێ ئەندازە گرنگە بۆ ئاسایشـــی نەتەوەیی ئەمەریکا».

بەمجۆرە پاساو بۆ حاڵەتی دووەمیش داتاشراو خرایە چوارچێوەی دۆکترنی ئیزنهاوەرەوە بۆ ئەوەی دەستێوەردانی سەربازیی لەلوبناندا ئەنجام بدرێت، چونکە ئەم دەست تێوەردانە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بۆوەو ئیدارەی ئیزنهاوەریش هیچ پاساوێکی نەبوو بۆ چوونە ناو لوبنانەوە جگە لەو پاساوەی دالاسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ دەست خستنە کاروباری ناوخۆیی ئەو وڵاتەوە ڕایگەیاند.

بەکورتی، دۆکترنی ئیزنهاوەر سەرەڕای دووکردەی دەستێوەردانیش لەئـــەردەن و لوبناندا، شکســـتی هێنا، لەبەرئـــەوەی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا زەمینەیەکی گونجاو لەگۆڕێدا نەبوو بۆ جێبەجێکردنی، لەڕاســـتیدا دەوڵەتانی عەرەبی پشتیوان و لایەنگریی ئەم جموجۆڵە سەربازییانە نەبوون، کە تەنها هەوڵێک بوون لەزنجیرە هەوڵدانێکی سیاسی ئەمەریکا لەپێناو دەست گرتن بەسەر ناوچە ستراتیژییەکانی جیهاندا لەڕێگەی دەستێوەردانی سەربازییەوە.

لەلایەکـــی دیکـــەوە، ئیزنهـــاوەر هەوڵی ئـــەوەی دا لەڕێگەی ڕاگەیاندنی پرەنسیپەکەیەوە چەند ئامانجێکی دیکە بپێکێت، یەکێک لەم ئامانجانە، هەوڵدان بوو بۆ دروســـت کردنی وێنەیەکی بەشکۆو ســـامناکی ئەمەریکا لەمەغزو مێشـــکی فەرمان ڕەواکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا، ئیزنهاوەر گەرەکی بوو بۆ هاوپەیمانەکانی بسەلمێنێت کە ئەمەریکا لەهەلومەرجە دژوارە سیاســـی و ئابوورییەکاندا ئەوان بەتەنها بەجێ ناهێڵێ و پشت و پەنایانە، هەروەها ئەم هەڵوێستانەی دەرهەق بەمەســـەلەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەڵامێک بوو بۆ ئەو

ڕەخنە زۆرو توندانەی کە ئاراستەی دۆکترنەکەی دەکرا، ڕەخنەگران پێیان وابوو دۆکترنی ئیزنهاوەر قابیلی جێبەجێکردن نییە و بێسوودە، پێویستیش ناکات بەهەر نرخێک بووە جێبەجێ بکرێت.

## بەرەنگار بوونەوەی ئۆردوگای کۆمۆنیزم

لایەنێکی دیکەی سیاسەتی ئیزنهاوەر، جموجۆڵێکی هەمەلایەنە بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئۆردوگای کۆمۆنیزم، تا ڕێگە لەفراوانکردنەوەی رووبەری نفوزی بگرێت و نەهێڵێت بەرەو ئەو ناوچانەی جیهان بکشێت کە هێشتا نەکەوتبوونە بندەستی کۆمۆنیستەکانەوە. ئەم جموجۆڵەی ئیزنهاوەر کە ڕاستەوخۆ ئاراستەی ئۆردوگای کۆمۆنیزم دەکران، جیاواز بوو لەهەوڵەکانی پێشووی کە بۆ دروست کردنی پەیمانی سەربازیی و بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی تایبەت بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خرابووە گەڕ. واتە ئەم سیاسەتە تەواوکەری ستراتیژیی ئەمەریکا بوو بۆ بەرەنگاری و لەقاڵبدانی یەکێتی سۆڤیەت. پاش شکست هێنانی ئەزموونی ستراتیژیی «ئیحتیواکردن»، ئیزنهاوەر باوەڕی بەپێویستی گرتنەبەری ستراتیژییەکی نوێ هێنا بۆ ئەوەی بتوانێت لەڕێگەیەوە دەستی بەو ئامانجانە بگات کە ستراتیژییەکەی پێشوو توانای بەدیهێنانی نەبوو. لەو پێناوەدا بەهاوکاری وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان «دالاس»، ستراتیژی (هێرشی سەرتاسەری) ڕاگەیاند، بەپێی ئەم ستراتیژییە، ئەمەریکا دەیتوانی بەپەنابردنە بەر جەنگی ئەتۆمی سەرتاسەری بەرەنگاری هەر جۆرە

هەرەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ببێتەوە[٢٤] .
ئیــدارەی ئەمەریکا پێی وابوو «ئەوروپــای رۆژئاواو ناوچەکانی پەیمانی بەغدادو باشــووری رۆژهەڵاتی ئاســیا» هێڵی ســوورن و نابێت لەلایەن نفوزی کۆمۆنیزمی «یەکێتی سـۆڤیەت و چیین»ەوە ببەزێنرێن. ئەگەر ئەم ناوچانە لەلایەن کۆمۆنیســتەکانەوە دەست درێژییان بکرێتە سەر، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەجەنگی ئەتۆمیی سەرتاسەری وەڵام دەداتەوە.
بەڵام چارەنووسی ئەم ســتراتیژییەش لەستراتیژییەکەی پێشوو باشتر نەبوو، چونکە زۆری نەخایاند ستراتیژی هێرشی سەرتاسەریش لەبەرامبەر شــەپۆلی بەرفــراوان بوونەوەو هەڵکشــانی کۆمۆنیزمدا هەرەسی هێنا. ئەگەر جەنگی کۆریا گوزارشت لەئەزموونێکی کردەکیی شکستی ستراتیژیی ســنووربەند کردن کردبێت، ئەوا جەنگی هندی چیینی بەمانای شکســتی ستراتیژی هێرشی سەرتاسەریی بوو. لەم جەنگەدا ڤێتنامی باکوور کەوتە دەست کۆمۆنیستەکانەوە بێ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان پەنا بباتە بەر جێبەجێکردنی هەرەشەکەی.
ستراتیژی هێرشی سەرتاسەری چەندین خاڵی لاوازی لەخۆدەگرت، کە دیارترینیان بریتی بوون لە:

*ئیدارەی ئەمەریکا، ســتراتیژییەکەی لەسەر ئەم بنەمایە بنیات نابوو کە کۆمۆنیستەکان بڕوای تەواویان بەوەیە ویلایەتە یەکگرتووەکان جدییە لەهەڵگیرســانی جەنگی ئەتۆمییدا گەربێتــوو هێرش بکرێتە ســەر ئەو هێڵانەی بەلای واشنتۆنەوە هێڵی سوورن. بەڵام لەڕاستیدا پێچەوانەوەکەی لەســەر ئەرزی واقیع ڕوویدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

٢٤- امين هويدى، فى السياسه والامن، ص ٢٠٢.

چەکی ئەتۆمی لەســەردەمێکدا بەکارنەهێنا کە یەکێتی سۆڤیەت لەم بوارەدا دەســت بەتاڵ و لاواز بوو، ئیتر چــۆن دەیتوانی ئەم چەکە لەدژی سۆڤیەت بەکار بهێنێت کە ببووە خاوەن چەکێکی ئەتۆمی کاراو ئۆردوگایەکی گەورەی وەک کوتلەی کۆمۆنیزمیشــی لەپشت بوو؟

*کۆمۆنیســتەکان دڵنیابوون لەوەی ویلایەتــە یەکگرتووەکان، ســتراتیژییەکەی جێبەجــێ نــاکات مەگــەر خۆی یــان یەکێک لەهاوپەیمانــە ڕۆژئاواییەکانی ڕووبەڕووی هێرشــێکی مەترســیدار ببێتەوە. بەدەر لەوەش کارێکی شــیاو ناکات گەر بچێتە جەنگێکی ئەتۆمی سەرتاسەرییەوە لەپێناو ناوچەیەکدا کە بایەخێکی ئەوتۆی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا نەبێت، دروســت ئەمە ئەوە بوو کە ڕوویــدا. چیین بڕوای بــەوە نەبوو ئەمەریکا چەکــە ئەتۆمییەکەی بەکاردەهێنێت، لەبەرئەوە لێ بڕوانە دەستی وەردایە کاروباری هندی چینییەوە بۆ گۆڕینی چارەنووسی جەنگی هەڵگیرساوی ئەو ناوچەیەو سەرەنجامیش توانی باکووری ڤێتنام بخاتە بازنەی کۆمۆنیزمەوە.

*ئەم ســتراتیژییە نەک هەر بەدوور بوو لەهەر جۆرە دەرفەتی مانۆڕکردنێک، بەڵکو تا ئەندازەیەکی زۆر سیاسەتی ئەمەریکای کۆت کــرد بوو، لەهەمان کاتدا ئەمەریکاشــی لەئازادی جموجۆڵ و مانۆڕ بێبەری کرد. لەسایەی ئەم هەلومەرجەدا کە لایەنی بەرامبەر بڕوای بەبایەخی هەڕەشەکانی ئەمەریکا نەدەکرد، ویلایەتە یەکگرتووەکان تەنها ڕێگەیەکی لەبەردەمدا بوو: ئەویش بێدەنگی و چاو داخســتن بوو لەبەرامبەر هێرشــی کۆمۆنیستەکان بۆ ســەر ئەو هێڵانەی کە ئەمەریــکا بەهێڵی ســووری دانابوون. دەنا هــەر ڕێگەیەکی دیکە

بەمانـــای چوونە ناو جەنگێکی سەرتاســـەریی ئەتۆمییەوە بوو، کە لەڕاســـتیدا ڕێگەچارەیەکی تییۆری بـــەدوور لەڕیالیزم بوو، چونکە لەسایەی ئەو هاوکێشە هاوسەنگانەی تەحەکومیان بەپەیوەندی دوو زلهێزە ئەتۆمییەکە دەکرد، جێبەجێکردنی ئەستەم بوو[٢٥] .

*ئەم ســـتراتیژییە گرنگییەکی تایبەتی بەپەیمانە سەربازییەکان دابوو، بەمەش ڕۆڵێکی زیاترو بەبایەختری لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا گێڕا بەبەراورد لەگەڵ ڕابردوودا، لەبەرئەوەی تا ئەندازەیەکی زۆر ئەو سنوورە دیاریکراوە بوو کەڕبێتوو کۆمۆنیستەکان دەستی بۆ درێژ بکەن جەنگی ئەتۆمی لەســـەر هەڵدەگیرســـا. بەڵام لەبەرامبەر ئەم بایەخە سیاســـییەی ئەم ستراتیژییە بەدەســـتی هێنا، لەڕووی تواناو کارایی ســـەربازییەوە لەپاشـــەکردندا بوو. ئەمە لەهەردوو پەیمانی بەغداد و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاســـیادا ڕوویاندا، هەرچەندە ئیدارەی ئەمەریکا بەناوچەی قەدەغەکراو و بەشـــێک لەو وڵاتانەی دادەنان کە مومکین نەبوو لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە دەستیان بۆ درێژ بکرێت، بەڵام ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی نفوزی کۆمۆنیزمی پێ نەســـپاردن، واتە نەیکردنە بنکەی هێرشـــبەری و ئەندامانی ئەم پەیمانە سەربازییانە لەئاستێکدا ڕاگیران کە خاوەنی هێزو توانای هێرشبردن نەبوون. هاوکات نەشکرانە ناوچەیەکی بەرگری تۆکمەو قایم، کە ئەمەش فاکتەری لاوازیی ئەو دوو پەیمانە بوون، کاریگەری و ڕەنگدانەوەشی لەسەر ستراتیژی هێرشی ســـتراتیژی هەبوو، دوای ئەوەی کۆمۆنیستەکان توانییان دزە بکەنە سنووری دوو پەیمانەکەوەو هێڵی بەرگرییان ببەزێنن.

لەپێشگرتنی ستراتیژی هێرشی سەرتاسەری لەلایەن واشنتۆنەوە،

---

٢٥ - د. اسماعیل صبری مقلد، قضایا دولیه معاصره، ص ٢٢.

کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی هەریەک لەویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەتیش هەبوو، کە ئەم دوو زلهێزەی وا لێکرد سەرمایەگوزارییەکی گەورە لەپێناو بەرزکردنەوەی تواناو کارایی چەکی ئەتۆمییان بکەن و هەریەکەو بەدوای هاوپەیمانی نوێدا بگەڕێن.

دوای ئەوەی کە بەئاشکرا دەرکەوت لەڕێگەی دوو ستراتیژییەکەی پێشووەوە ناتوانرێت بەر لەمەترسی فراوانبوونەوەو هێرشی کۆمۆنیزمەکان بگیرێت، مشتومڕێکی گەورە کەوتە نێو ناوەندە سیاسییەکانی ئەمەریکاوە سەبارەت بەو شێوازەی کە پێویست بوو ئیدارەی ئەمەریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئۆردوگای کۆمۆمنیزم بیگرێتەبەر. سەرەنجام لەناوەندە ئەمەریکییەکاندا ڕەواجێکی گەورە بەدوو تێز درا، بەڵام هەردووکیان لەچوارچێوەیەکی بەرتەسکدا نەبێت، نەچوونە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەم دوو تیۆرەش بریتی بوون لە:

## ١. جەنگی سنووردار

بەپێی ئەم تێزە، ئەو هەڵوێستەی پێویستە حکومەتی ئەمەریکا لەکاردانەوە بەرامبەر بەهێرشی سەربازیی کۆمۆنیستەکان بیگرێتەبەر، بریتییە لەپەنابردنە بەر هەڵگیرسانی جەنگێکی سنووردار کە تیایدا پشت بەچەکی ئەتۆمییەک دەبەستێت تواناکەی گەلێک سنووردارە.

وەک ئاشکرایە داهێنەرانی ئەم تێزە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ناکارایی ستراتیژی هێرشی سەرتاسەرییەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو مەترسییانەیان دەدا کە دەرهاویشتەی ئەم ستراتیژییە بوون

و ئاستەنگ بوون لەبەردەم جێبەجێکردن و کردنی بەواقیعێکی بەردەستدا، ئەویش لەڕێگەی کەمکردنەوەی ئاسەوارە تێکدەرەکانییەوە، کە چەکێکی ئەتۆمی توانا سنووردار جێگەی چەکێکی ئەتۆمی سەرتاپاگیری بەتوانای تێکدەرو وێرانگەر بگرێتەوە.

تێزی «جەنگی سنووردار» مشتومڕێکی دوورودرێژی لەنێوان هەوادارو نەیارانیدا ورژاند، هەرلایەو هۆکارو پاساوی تایبەت بەخۆیان هەبوو. هەوادارانی پێیان وابوو ئەم تێزە لەسەر بنەمایەکی قایم و سەقامگیر بنیات نراوە، بەو مانایەی کە جێبەجێکردنی بەرپەرچدانەوەیەکی کاراو ئەکتیڤتر دەبێت لەستراتیژییەکەی پێشوو، پێشیان وابوو کە پەنابردنە بەر هەڕەشەی هەڵگیرسانی جەنگێکی سنووردار زۆر بەسوودترە لەوەی هەڕەشەی هەڵگیرسانی جەنگێکی سەرتاسەری بکرێت، لەبەرئەوەی حاڵەتی یەکەمیان جێبەجێکردنی مومکینە، بەڵام دووەمیان بەئەنجام گەیاندنی مومکین نییە.

بەڵام لەبەرامبەردا، نەیارانی ئەم تێزە پێیان وابوو مسۆگەرکردنی «بردنەوە»، لەسایەی هەڵگیرسانی جەنگێکی سنووردار‌دا کارێکی هەروا ئاسان نییە، ئەمان دەیان پرسی: ئاخر گرەنتی چییە گەر پێ بخەینە جەنگێکەوە چەکێکی ئەتۆمی سنووردارو بچووکی تیا بەکاربێت، تا کۆتایی هەروا بەشێوەیەکی سنووردار بمێنێتەوە؟

ئەمان پێیان وابوو لەسایەی ئەم هەلومەرجە پڕ لەگێژەنەدا، کۆنترۆڵکردنی وەها جەنگێک کارێکی زۆر زەحمەتە، لەبەرئەوەی لایەنی بەرامبەریش خاوەنی هەمان چەکە، ئەمەش هەموو ئانوساتێک ئەگەری هەڵکشان ڕووەو هەڵگیرسانی جەنگی سەرتاسەری بەهێز دەکات.

لەبەرامبەردا، هەوادارانی جەنگی سنووردار داکۆکیان لەوە دەکرد کە دەست پێکردنی جەنگ بەچەکێکی ئەتۆمی بچووک و سنووردار، بەڵگەیــە بۆ ئەوەی لایەنی هێرشــبەر ئــارەزووی هەڵگیرســانی جەنگی سەرتاســەریی نییە، دەنا گەر خوازیــاری ئەوە بوایە ئەوا چەکی ســنوورداریان بەکارنەدەهێنا، دەرەنجامی ئەم بەکارهێنانە ســنووردارەش گەڤێک دەدات بە ڕکەبەر کە ئامادەین بەهێرشــێکی سەرتاپاگیر وەڵامی پەلاماردانە سنووردارەکەی بدەینەوە.

لەئەنجامی ئەم مشــتومڕەدا، ئیدارەی ئەمەریکا لەپشت بەستن بەتێزی جەنگی سنووردار نیگەرانبوو، چونکە پێی وابوو ئەم تێزەش لەبــەرەو ڕووبوونــەوەی فراوانخوازیی یەکێتی ســۆڤیەتدا، هەمان چارەنووسی ستراتیژییەکەی پێشووی دەبێت. لەبەرئەوەی ئەم تێزە پشت بەبڕوای لایەنی بەرامبەر دەبەستێت بەوەی هێرشبەر ئارەزووی بەرفراوان کردنەوەی جەنگ ناکات، کەواتە هیچ گرەنتییەک لەئارادا نییە بۆ ئەوەی جەنگ لەئاستێکی سنووردار‌دا بمێنێتەوە،

لەبەرئەوە تێزی جەنگی سنووردار لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکییەوە ڕەتکرایەوە، کاربەدەستانی ئەو وڵاتە سەرەڕای ئەو هەراو پیاهەڵدانە فراوانەی لەسەرەتادا لەلایەن هەوادارانییەوە سەبارەت بەتایبەتمەندییە پۆزێتیڤەکانی ورژاندبوویان، لەبەر ئەو هۆکارانەی لێی دواین نەچوونە ژێر باری جێبەجێ کردنییەوە.

## ٢ ـ وەڵامی نەرم و بەرگری هێواش

بەپێی ئـــەم ســـتراتیژییە، ویلایەتە یەکگرتـــووەکان لەقۆناغی یەکەمدا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر هەوڵێکی فراوانخوازیی یەکێتی ســـۆڤیەت، پەنا دەباتە بەر شێوازی بەرپەرچدانەوە. ئەو ئامرازانەی لەم بەرپەرچدانەوەیەشـــدا بەکار دەهێندرێن ئـــەو چەکانە نابن کە دەبنە هۆی هەڵگیرســـانی جەنگێکی سەرتاسەری و گشتگیر، بەڵکو چەکێکی ئاســـت ناوەندی لەم ســـتراتیژییەدا لەبەرچاو گیرابوو، کە ئاســـت ناوەند بوو لەنێـــوان وێرانکاریی سەرتاســـەری و بەرەهایی ڕاگرتنی دەستدرێژییەکانی دوژمندا[٢٦] .

ئەگـــەر بەرپەرچدانەوەکـــەش توانای ڕاگرتنی دەســـتدرێژی و فراوانخوازیی کۆمۆنیســـتەکانی نەبێت بەشـــێوەی بڕەو سەندنێکی ڕێژەیـــی، ئـــەوا ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڕەشـــەکەی پێشـــووی دەباتەســـەرو بەشـــێوەیەکی هێواش وەڵامـــی ئـــەو فراوانخوازییە دەداتەوە، واتە هێزی سەربازیی لەچەند قۆناغێکدا هەنگاو بەهەنگاو زیاتر بەکاردەهێنێت، تا ســـەرەنجام فراوانخوازیی کۆمۆنیســـتەکان لەسنوورێکی دیاریکراودا ڕادەگرێت.

ئەم ســـتراتیژییە لەسەرەتادا چەکێکی بەرپەرچدانەوەی ئەتۆمی بچووکی لەبەرچاو گرتبوو، بەڵام بەهۆی ئەو مەترسیانەی لەئەنجامی ســـوودوەرگرتن لەم چەکەوە دەهاتنە ئاراوە، داڕێژەرانی ستراتیژیی بە وەڵامی نەرم و بەرگری هێواش دەستبەرداری بوون.

جێبەجێکردنی ئەم ســـتراتیژییە لەیەک کاتدا پێویستی بەهێزو توانایەکی زۆروزەبەندی چەکی کلاسیکی و ئەتۆمی بوو، لەبەرئەوەی

٢٦ - امین هویدی، کیسنجر وادارە الصراع الدولی، ص ٤٩.

بەرپەرچدانەوەکە لەهەڵکشانێکی هێواشدا لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە پێویستی بەچەکی کلاسیکی و ئەتۆمیش بوو، بەپێی ئەم ستراتیژییە بەرپەرچدانەوەکە لەقۆناغی یەکەمدا بەچەکی کلاسیکی دەستی پێدەکردو لەحاڵەتی بەرفراوانبوونەوەو بەردەوامبوونیدا، سوود لەچەکی ئەتۆمی وەردەگیرا.

وەک تێبینی دەکرێت، ئەم ستراتیژییە گەلێک واقیعیترە لەستراتیژی هێرشی سەرتاسەری، کە لەچوارچێوەی بەرەنگار بوونەوەی فراوانخوازیی کۆمۆنیزمدا خۆی لەجەنگێکی وێرانگەر بەدوور دەگرێت. ئەگەر جەنگ بۆ ماوەیەکی درێژخایەنیش درێژە بکێشێت، هێشتا زەمینەیەکی گونجاو بۆ جموجۆڵ و مانۆڕی هەردوولا لەگۆڕێدایە بۆ ئەوەی بەرلەوەی بگاتە خاڵی نابوودی، خۆیان لەبەردەوام بوونی جەنگ بەدوور بگرن.

سەرەڕای ئەوەی ئەم ستراتیژییە لەلایەن ناوەندە سیاسی و ستراتیژییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە ستایشێکی زۆر کرا، بەڵام لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکییەوە وەک ستراتیژییەکی بنەڕەتی و گونجاو بۆ ڕاوەستان لەبەردەم بەرفراوانبوونەوەی کۆمۆنیستەکاندا نەنخێندراو تەبەنی نەکرا. لەبەر ئەم هۆیانە:

١ـ ئەم تێزە لەهەلومەرجێکدا ڕاگەیەندرا، کە هێشتا ئیدارەی ئیزنهاوەر ستراتیژی هێرشی سەرتاسەری ڕەت نەکردبۆوەو وەک ستراتیژییەکی بەتوانا بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتە ناوچەییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان باوەڕی پێبوو.

٢ـ لەکاتێکدا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەموو بایەخی خۆی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کۆمۆنیزم تەرخان کرد بوو، کەچی ئەم

ستراتیژییە ڕاستەوخۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی کۆمۆنیستەکان دانەڕێژرا بوو. بەڵکو ڕێبازێکی گشـتی و هەمە لایەنە بوو، کە ئەو توانایەی بەئیدارەی ئەمەریکا دەبەخشـی بەپێی بایەخ و چۆنییەتی ئەو ڕووداوە جیهانییانەی هەڕەشەیان لەبەرژەوەندییەکانی واشنتۆن دەکرد هەڵسـوکەوت بکات. ئەمەش وایکرد کاربەدەستانی کۆشکی سـپی وەک ئامرازێکی نـاکارا لێی بڕوانن کـە بەکەڵکی ڕووبەڕوو بوونەوەی کۆمۆنیزم نایەت.

٣ـ ستراتیژی وەڵامی نەرم و بەرگری هێواش، نەبەرەوشێکی نوێ دادەنرێت لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاداو نەتوانی گۆڕانکاریی و خاڵی وەرچەرخانێکی گەورەش بەدی بهێنێت لەو سیاسەتەدا. بەڵکو وەک چارەسەری ڕەوشە هەڵەکانی ستراتیژی هێرشی سەرتاسەری و تێزی جەنگی سنووردار لەبەرچاوگیرا، کە لەژێر کاریگەری ئەم دوو ستراتیژییەدا بوون.

لەبەر ئەم هۆکارانە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسیاسەتی دەرەوەیدا پەیڕەوی لەم ستراتیژییە نەکرد بۆ دژایەتی کردنی ئۆردوگای کۆمۆنیزم، هەروەهـا بەیەکجاریش ڕەتی نەکردەوە، بەڵکو وەک شـێوازێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکاری و ڕووداوگەلێکی نێودەوڵەتیدا سوودی لێوەرگـرت کە لەگەڵ سیاسـەت و بەرژەوەندییەکانـی ئەمەریکادا نەدەگونجان.

گرنگ ئەوەیـە ئیزینهاوەر تـا ئەودەمەی هەڵبـژاردن ناچاری کرد کۆشکی سـپی بەجێ بهێڵێت، پابەندبوو بەستراتیژی هێرشی سەرتاسەرییەوە، ئەو میراتییەی لەدوای دەسەڵاتداری ئەو بەجێما، دۆسـیەیەکی گەورەی پڕ لەهەڵوێسـتی سیاسـی ئاڵۆزی ویلایەتە

یەکگرتـــووەکان بوو بەرامبەر بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و ڕۆژهەڵاتی دوورو ئۆردوگای کۆمۆنیزم.

# کەنەدی[27]
# John Kennedy

**کەندی لەقۆناغێکدا پۆستی ســەرۆکایەتی ئەمەریکای وەرگرت، کە پەیوەندی نێوان هەردوو ئۆردوگای رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەوپەڕی گــرژی و ئاڵۆزیدا بــوو، ئەودەمــە قۆناغێکی جەنگی ســارد روو لەئاوابوون و سەروەختی دەسپێکی قۆناغێکی نوێ بوو لەگۆڕەپانی ململانێــی نێودەوڵەتیــدا، کە ئەو رۆژانە هێشــتا رەنــگ و رووی بەتــەواوی دەرنەکەوتبوو، لەبەرئەوە دەبــوو بەجۆرێک لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانــەدا مامەڵە بکات کە لەیەک کاتدا هەم پێگەی زلهێزیی**

---

٢٧- جۆن کەنەدی (١٩١٧ ـ ١٩٦٣)، گەنجترین سەرۆک و یەکەم کاسۆلیکە لەمێژووی ئەمەریکادا کە پۆستی سەرۆکایەتی وەرگرتووە. سەرۆکی سیو پێنجەمینی ئەمەریکایە (١٩٦١ ـ ١٩٦٣). سەر بەپارتی دیموکراتە، لەبرۆکلاین لەباوەشی خێزانێکی سەرمایەداری بەبنەچە ئیرلەندی شاری بۆستنی سەر بەویلایەتی ماساتسشوتس لەدایکبووە. لەساڵانی ١٩٤١ تا ١٩٤٥ ئەفسەر بووەو لەبەرەی ئۆقیانووسی ئارامدا لەدژی ژاپۆن جەنگاوە، دواتر لەئەنجامی کارامەیی ئیدارە کردنی جەنگو ڕزگار کردنی گیانی سەربازەکانییەوە، مەدالیای ئازایەتی پێ بەخشراوە. لەساڵی ١٩٤٧ەوە تا ١٩٦١ ئەندامی کۆنگرێس بووە. لەتەمەنی ٤٣ ساڵیدا بووەتە سەرۆکی ئەمەریکا. سەردەمی سەرۆکایەتی کەنەدی، مەترسیدارترین قەیرانەکانی جەنگی سارد، پەرەگرتنی بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ڕەش پێستەکان بەسەرۆکایەتی مارتن لۆسەرو بایەخدان بەبەرنامە ئاسمانییەکانی ئەمەریکای بەخۆیەوە دی. لە٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا لەشاری دالاسی ویلایەتی تەکساس تیرۆر کرا. کەنەدی، چوارەم سەرۆکە لەمێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا تیرۆر دەکرێت.(و)

و تاكرەوانـــەی ئەمەریكا لەجیهانـــدا بپارێزێت و هەم رێگە لەهەوڵی زلهێزەكانی دیكەش بگرێت كە دەست بەسەر جیهاندا نەگرن. لەبەر رۆشـــنایی ئەم واقیعەدا، سیاســـەتی كەنەدی لەدوو هێڵی بەرین و جودا لەیەكدا جموجۆڵی خۆی دەستپێكرد:

یەكەم: تایبەتمەندی ســـەرەكی ئەم سیاســـەتە پشتبەستن بوو بەهێزی ســـەربازیی، ئەمەش درێژەدان بوو بەو ســـتراتیژییانەی كە ئەركی بنەڕەتییان بەرەنگاربوونەوەی ئۆردوگای كۆمۆنیســـتی بوو، كەنەدی ناوی "ستراتیژی چەكی سنووردار"ی لەم ستراتیژییە نا.

دووەم: ئەم سیاسەتە بایەخێكی تایبەتی دەدا بەكاری دیبلۆماسی بـــۆ بەرەنگاربوونـــەوەی كۆمۆنیزم، بەڵام ئەم كاری دیبلۆماســـییە خرابووە خزمەت هێزی ســـەربازییەوەو بەلۆژیكی زۆرو توندوتیژیی دەدوا، هەرچەندە هەندێكجار هەڵوێستێكی هێمنانەشی دەگرتەبەرو تا ئەندازەیەكی زۆریش پاشەكشە بەشێوازی سەربازیی دەكرا.

لەنێوان ئەم دوو هێڵەدا، رووبەرێك لەئارادا بوو كە پەیوەندییەكانی نێـــوان ئەمەریكاو ئۆردوگای كۆمۆنیزمی لەخۆدەگرت ســـەبارەت بە زۆرێك لەرووداوە نێودەوڵەتییەكان.

بەم پێیە سیاســـەتی كەنەدی بەسەر دوو ئاراستەدا دابەش بوو: لەلایەكـــەوە بەلای ئۆردوگای كۆمۆنیزمدا بەشـــێوەیەكی گشـــتییدا دایدەشـــكاند كە خۆی لەستراتیژی چەكی سنووردار"دا دەبینییەوە. لەلایەكـــی دیكەشـــەوە پەیوەندییەكانی ویلایەتـــە یەكگرتووەكانی لەگەڵ یەكێتی سۆڤیەتدا بەشـــێوەیەكی تایبەتی رێك دەخست كە لەقەیرانەكانی ڤێتنام و بەرلین و كوبادا بەرجەستەبوو.

## ستراتیژی هێزی هێرشبەری سنووردار

بەپێی ئەم ستراتیژییە، ویلایەتە یەکگرتووەکان دەیتوانی زەبرێکی تۆڵەسـەندنەوە لەیەکێتی سۆڤیەت یان چیین بسرەوێنێت، گەربێتوو لەپێناو فراوانخوازی خۆیاندا هەوڵی دەستدرێژی بدەن. شێوەو ڕەهەندی ئەم زەبرو وەڵامدانەوەیەش پەیوەستە بەقەبارەی هێرشەکەیان و ئەو ئامانجانەوە کە ئەوان هەوڵی بۆ دەدەن. ئەم سـتراتیژییە هەنگاوێک بوو بۆ چارەسـەری یەکجاری کێشەکان، ئەمەش لەهەلومەرجێکدا کە گرتنەبەری ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوەو جەنگی سنووردار نەیدەتوانی کۆتایی بەقەیرانەکە بهێنێت و شکستی دەهێنا.

بنەمای سـەرەکی لەم ستراتیژییەدا، پەیڕەوی کردن لەسیاسەتی بەرپەرچدانـەوە بوو کـە دەیتوانـی بەگوێرەی قەبارەی هێرشـی کۆمۆنیستەکان سوود لەچەکی کلاسیکی یان ئەتۆمی وەربگرێت. دوو بنەماکەی دیکە کە جێبەجێکردنی بەرپەرچدانەوەکەیان لەسەر بنیات نرابوو بریتی بوون لە: جەنگی کلاسیکی و جەنگی ئەتۆمی، ئیدارەی ئەمەریکی بەرپاکردنی یەکێکیانی دیاریدەکرد لەحاڵی شکسـتهێنانی بەرپەرچدانەوەی کلاسیکی یان ئەتۆمیدا[٢٨] .

بۆ ئـەوەی ئـەم سـتراتیژییە ئامانجەکانی بپێکێـت، ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاسـتی توانا و کارایی هەردوو چەکی کلاسیکی و ئەتۆمیدا.

---

٢٨ - د. اسماعیل صبری مقلد، قضایا دولیه معاصره، ص ٤١.

لەپەیوەســـت بەچەکی ئەتۆمیدا ئیدارەی ئەمەریکی دەستیکرد بە بەهێزکردنـــی هێزە چەکدارەکانی خـــۆی و هاوپەیمانەکانی، بۆ ئەوەی بتوانێت جەنگی کلاسیکی لەدژی یەکێتی سۆڤیەت و هەر دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی دیکە بەرپا بکات و لەبەرژەوەندیی خۆشیدا یەکلایی بکاتەوە. ئەگەر ئەم هێزانەش نەیانتوانی ئەو ئامانجە بەدیبهێنن ئەوا بەچەکێکی ئەتۆمی بچووک پشـــتیوانیان لێدەکات. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان ریسک دەکات لەهەڵکشانی جەنگەکەدا، بەڵکو بەپێی ئەم ســـتراتیژییە هەموو هەوڵ و کۆششـــی دەخاتەگەڕ لەپێناو ســـنووردارکردنی و ڕێگرتن لەوەی ببێت بەجەنگێکی سەرتاســـەریی گشتگیر، ئەگەرچی ئەگەری پەرەسەندنی جەنگی کلاسیکی یان سنووردار بۆ جەنگێکی ئەتۆمی سەرتاسەری لەبەرچاو دەگرێت. سەرەڕای ئەوەی کە جەنگی کلاســیکی توخمێکی سەرەکی پێک دەهێنێت لەستراتیژی هەریەک لەویلایەتە یەکگرتـــووەکان و هاوپەیمانەکانیدا، بەڵام پەیمانە سەربازییەکان ،جگە لەپەیمانی باکووری ئەتڵەنتیک (ناتۆ) بایەخێکی ڕاستەقینەیان پێنەدرا لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە.

لەبەرامبـــەردا، تا ئەو جێیەی پەیوەندی بەچەکی ئەتۆمییەوە بوو، ئەم ســـتراتیژییە تەئکیدی لەپێویســـتی بەرزکردنەوەی ئاستی تواناو کارایـــی چەکە ئەتۆمییەکان دەکردەوە لەپێناو بەدیهاتنی باڵادەســـتی ئەتۆمی ڕەهای ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، بۆ ئەوەی کە جەنگی ئەتۆمی هەڵگیرسا، توانای زەبر وەشاندنێکی غافڵگیرانەی لەیەکێتی سۆڤیەت هەبێت، بەجۆرێک کە چەکە ســـتراتیژییەکانی تێک بشکێنێت و هێزو توانـــای ئەوەشـــی بەئەندازەیەک پەکبخات کـــە جارێکیتر کۆنتڕۆڵی

دۆخەکەی پێنەکرێتەوە[٢٩] .

هەروەهــا ئەم ســتراتیژییە هەوڵی کەمکردنــەوەی کاریگەرییە خراپەکانــی ڕووبەڕووبوونەوەکە دەدات گەربێتــوو جەنگی ئەتۆمی هەڵگیرسێت، ئەمەش لەڕێگەی هەڕەشەکردن لەسۆڤیەتەوە کە وەڵامی هێرشــەکەیان بەهێرشــێکی پێچەوانەی توندو وێرانکەر دەداتەوەو بنکە ســەربازیی و ئابوورییە گرنگەکانیان دەکاتــە ئامانج. بەپێی ئەم ســتراتیژییەش چەکی ئەتۆمی ئەرکێکی نوێ و شێوازێکی نوێی لەبەکارهێنانــدا بۆ دیاریکرا، کە ئەم ئەرکەشــی بریتی بوو لەبەرەو ڕووبوونەوەی ئەو یەکەم زەبرەی یەکێتی ســۆڤیەت دەیوەشێنێت، بەشــێوەیەک کە کارایی خۆی لەدەســتناداو توانای ئاراستەکردنی زەبرێکی تۆڵەســەندنەوەی وەهای دەبێت کە سۆڤیەت ئیفلیج بکات و توانای بەردەوامبوونی شــەڕی پەکبخات. واتە ئەم ســتراتیژییە و لەئەنجامی ئەو شــێوازە نوێیەی کە بــۆ چەکی ئەتۆمی دیاریکرا بوو، پشــتی بەبەرپەرچدانەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبەست، بەجۆرێک کــە توانای ویلایەتــە یەکگرتووەکان لەئاراســتەکردنی زەبروەشــاندنی دووەمــدا وەک قەڵغانێــک وا بوو بــۆ ڕێگە گرتن لەســۆڤیەت کە خۆی لەزەبروەشــاندنی یەکەم بەدوور بگرێ و بیر لەئەنجامدانی نەکاتەوە.

هەرچەندە ئەم ستراتیژییە شــێوازێکی نوێی بۆ چەکی ئەتۆمی دارشت، بەڵام پشت بەســتنی ڕاستەقینەی بەچەکی کلاسیکی بوو نەک ئەتۆمی، لەبەرئەوەی ئەو ماوەیەی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەم ســتراتیژییەی تیا ڕاگەیاند، خۆ پڕچەکردنێکی مەترسیداری هەردوو

---

٢٩- فی مواجهه الحرب البارده، ص ٦٠.

زلهێزەکەی بەخۆیەوە دیت، ئەمەش وایکرد ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگی سەرتاسەری لەنێوانیاندا دوور بێت، لەبەرئەوەی هەڵگیرسانی بەمانای خۆکوشتنی هەردوولا بوو. ئەم ترسەش، بۆ خۆی گرەنتی بوو بۆ هەڵنەگیرسانی جەنگێکی بەوجۆرە.

لەئەنجامی ئەم واقیعە نوێیەدا، ڕۆڵی چەکی ئەتۆمی لەم ستراتیژییەدا کورت کرایەوە بۆ لایەنی بەرپەرچدانەوە. چەکی کلاسیکیش ئەرکی جێبەجێکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی پێسپێردرا. ئەم ستراتیژییە کۆتایی هاتنی ئەو ئەزموونانە بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەدژی نفوزی یەکێتی سۆڤیەت و کۆمۆنیزم پراکتیزەی کرد بەشێوەیەکی گشتی لەبواری ستراتیژیدا. بێ ئەوەی بکەونە بواری هەڵسەنگاندنێکی کردەکییەوە تا مەودای ڕاستی و هەڵەکانیان دەرکەوێت، چونکە زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هات و چەندین شێوازی نوێی بۆ زیاد کرا، وێڕای هەموارکردنی ئامانجەکانی، دوای ئەوەی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی چەندین گۆڕانکاری گەورەو گرنگی بەخۆوە بینی لەئاستی پەیوەندییەکانی نێوان دوو زلهێزەکەدا.

## پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا

ڕۆڵی کەنەدی وەک سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان وای پێویست دەکرد بەهوشیاریی مامەڵە لەگەڵ جیهانی ڕۆژهەڵاتدا بکات، بەتایبەتی کە ئەو میراتگری کۆمەڵێک گرفتی بەجێماوی سەرۆک کۆماری پێشوو «ئیزینهاوەر» بوو، کەنەدی لەسەرەتای دەست بەکاربوونییەوە ڕووبەڕووی سێ قەیرانی ترسناک بووەوە: ڤێتنام، بەرلین و کوبا.

ویلایەتە یەکگرتووەکان لەقەیرانی ڤێتنامدا سـەری لێشێوا بوو، ڕۆژ بـەڕۆژ قەیرانی ئـەو وڵاتەش گرژو ئاڵۆزتر دەبـوو، ڕێگاچارە سەربازی و سیاسییەکانی ئەمەریکا نەیتوانیبوو کۆتایی پێ بهێنێت و تروسکاییەکیش بۆ کۆتایی پێهێنانی بەدینەدەکرا. کەنەدی پێی وابوو لەڕێگەی زیادکردنی هێزە سـەربازییەکانی ئەمەریکاوە لەڤێتنامدا، دەتوانێـت کۆتایی بەو جەنگە بهێنێـت لەبەرژەوەندی وڵاتەکەیدا. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە ئەمەریکا ژمارەی هێزەکانی لەڤێتنامدا زیاد کردو ئەم بڕیارەش هەرچی زیاتر بووە هۆی ئاڵۆزترکردنی بارودۆخی ڤێتنام و بەدوای ئەمەشـدا ئـەو قەیرانە بووە دێوەزمەیەکی قورس بەسەر کۆشکی سپییەوە.

لەقەیرانی بەرلیندا، گرژترین دانوستان لەنێوان ئەمەریکاو یەکێتی سـۆڤیەتدا بۆ کۆتایی هێنان بەو کێشـەیە لەئارادا بوو، هەردوولا خوازیاری چارەسـەرکردنی بوون، بەڵام هەریەکەو بەپێی تێڕوانینی تایبەتـی خۆی، ئەمەش چارەسـەرکردنی قەیرانەکەی دژوارتر کرد بوو. لەم دانوسـتانەدا هەریەکەو بەشوێن قەناعەت پێکردنی ئەوی دییەوە بوو، هەرچییەک لایەنێکیان دەیویست، لایەنەکەی دی ڕەتی دەکردەوە. لەکاتێکدا خرۆشۆف زیاتر پەرۆش بوو بۆ کۆتایی هاتنی، کەنەدی هێندە بەپەرۆش و پەلەی نەبوو. ئەو دەیویست لەکەشێکی ئارام و بەدوور لەگرفتدا چارەسەری بکات، بێ ئەوەی خۆی لەقەرەی ئەو خاڵانە بدات کە دەبوونە هۆی زیاتر گرژی خستنە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەتەوە.

لەبەردەم ئەم بێباکییەی کەنەدیدا، خرۆشـۆف قەیرانی بەرلینی بەڕێگە تایبەتەکەی خۆی چارەسـەر کرد، کـە دیوارێکی لەنێوان

هەردوو بەشـــی بەرلیندا دروســـتکرد بۆ جیاکردنەوەی ئەو بەشەی لەبندەستی سۆڤیەتدا بوو لەو بەشەی کە بەدەست ئەمەریکییەکانەوە بوو. سەرەرای ئەوەی چارەسەرکردنەکەی خرۆشۆف خێراو چاوەروان نەکراو بوو، بەلام ئەم بریارە سنووریکی بۆ ئەو دانوستانە دوورودریژەی نێوان خۆیو کەنەدی دانا، کە هەمیشـــە لەکەشـــێکی پر لەگرژیو ئالۆزیدا بەرێوەدەچوونو بێ ئەنجام کۆتاییان دەهات، سەرەنجامیش تووڕەبوونی روسو رەشبینی ئەمەریکییەکانی لێدەکەوتەوە[٣٠] .

هەلوێســـتی کەنەدی بەرامبـــەر بەهەردوو قەیرانـــی «ڤێتنامو بەرلین»، تـــا ئەندازەیەک لەگەڵ هێڵە گشـــتییەکانی سیاســـەتی ئەمەریکادا دەگونجا، لەقەیرانی بەرلیندا نەبێت چەند هەنگاوێک ئەم هێلانەی بەزاند. مامەلەکردنی لەگـــەڵ قەیرانی کوبادا بەرەوتکردن بەسەر ئەم هێلانەدا دەستی پێکرد، بەلام بەدوورکەوتنەوەی یەکجاری لێیان کۆتایی هات. لەســـەرەتادا هێزی سەربازیی بەکارهێنا، کەچی لەکۆتاییدا پەنابردنە بەر «هێز»ی رەتکردەوە.

لەســـەرەتادا ئامادەکاری بۆ هێرشی سەربازیی کرد بەمەبەستی داگیرکردنی کوبا لەرێگەی هاوکاری ئەو سەربازە نارازییە کوباییانەوە کە لەدەسەلاتی کاسترۆ یاخیی و بێزار ببوون. ئەم هێرشە بە«کەنداوی بەرازەکان» ناوبانگی دەرکرد و بەشکست کۆتایی هات.

ئەم کۆتاییە، بووە سەرەتای هێرشێکی سەربازیی دیکەی ئەمەریکا. رەنگە قەیرانی کوبا گرنگترین مەســـەلەی جیاکەرەوەی ســـەردەمی سەرۆکایەتی کەنەدی و بەلکو گرنگترین قۆناغی رووبەروو بوونەوەو کێشمەکمێشـــی نێوان هەردوو زلهێزی رۆژهەلات و رۆژئاوا بێت، کە

٣٠ - د. السيد امين شلبى، الوفاق الاميركى ـ السوفيتى، ص ١٩.

پەیوەندییەکانی هەردوولای لەسنووری تەقینەوەیەکی وێرانەر نزیک خستەوە، بەڵام لەدوا ساتەکانیدا دۆخەکە بەرەو هێوربوونەوە چوو، کە ئەم هێوربوونەوەیە شـێوازێکی نوێی مامەڵەکردنی لەنێوانیاندا سەپاند.

لە٢٢ی تشـرینی یەکەمی ١٩٦٢دا سـەرچاوە هەواڵگرییەکانی ئەمەریـکا ئەوەیان ئاشـکرا کـرد کە یەکێتی سـۆڤیەت خەریکی دامەزراندنی بنکەی مووشەکی ناوەند هاوێژە لەکوبا.

لەم سـاتەوەختەدا کەنەدی هەسـتی بەمەترسی ئەم هەنگاوەی سۆڤیەت لەسەر ئاسایشـی وڵاتەکەی کرد، کە سۆڤیەت لەپشتەوە دزەیان کردووەتە هێڵە سـوورەکانی سـتراتیژییەکەیەوە. ئەمەش هەڕەشـەیەک بوو کە ئەمەریکا بیری لـێ نەکردبووەوە. بەدرێژایی سـاڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بایەخ و چاوی واشـنتۆن لەسـەر بەهێزکردنی سیسـتەمی بەرگریی ئەورووپـای ڕۆژئاوا بوو، بەو پێیەی کە بەرەی پێشـەوەو هێڵی تەماسـە لەگەڵ سەنگەری ڕووسەکاندا.

وەڵامدانـەوەی کەنەدی بەرامبەر بەم هەڕەشـەیە، تا ڕادەیەک توندوتیـژ بوو، هێزە دەریاییەکانـی ئەمەریکا لەڕێگەی گەمارۆدانی سـنوورەکانی کوبـاوە، ڕێگـەی لەچوونـی هەمـوو کەلوپەل و کەرەسـتەیەکی هێرشبەریی بۆ نێو خاکی ئەو وڵاتە گرت. هەروەها چاودێرییەکی توندییان خستە سەر هەموو ئەو کەشتییانەی بەرەو کوبا دەچوون، پاشان کێشەکە پێینایە قۆناغێکی زۆر مەترسیدارەوە کاتێک کەنەدی «ئەو موشەکانەی بەئامرازی هێرشکردنی سۆڤیەت بۆ سـەر ئەمەریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی» ناوبرد، ئەو وتی

«ناکرێت لەبەرامبەریدا دەستەوەسان بین».

سروشـــتییە کە گرتنەبەری ڕێوشـــوێنێکی بەوجـــۆرە بەمانای ئامادەکاریی بۆ شەڕ بێت، واتە بەدەربڕینێکی ڕوونتر دوو زلهێزەکە دەستەو یەخەو ڕووبەڕوووی یەکدی وەستانەوەو لەم بەرامبەر بەیەک وەستانەشیاندا ئەگەری ئەوە لەئارادا بوو کە لەجەنگێکی وێرانکەریی ئەتۆمیدا خۆیان تەفروتونا بکەن.

خرۆشۆف هەرچەندە هێزەکانیشی خســـتبووە ئامادەباشییەوە، بەڵام ویستی واشنتۆن هێوور بکاتەوە، ڕەنگە هۆکارەکەشی ترسان لەو ئەنجامە بووبێت. دوای تێپەڕینی چوار ڕۆژ بەسەر هەڵگیرسانی قەیرانەکەدا، پێشـــنیارگەلێکی پێشـــکەش بەکەنەدی کردو بەڵێنی ئەوەی دا موشەکەکانی سۆڤیەت لەکوبا بکێشێنێتەوە گەر ئەمەریکا بەڵێـــن بدات بەدوای ئەوەدا هەڵناکوتێتە ســـەر ئەو وڵاتەو داگیری ناکات. لەبەردەم ئەم پێشـــنیارە فریودەرەدا، کەنەدی بۆ ماوەیەک سەرسام ما: ئایا پێویستە بەئیجابی وەڵامی پێشنیازەکەی خرۆشۆف بداتەوە؟ یان ئەوەتا سەرسەختانە خۆی ڕاگرێت وەک ڕاوێژکارەکانی دەیانویست؟

ســـەرەنجام کەنەدی لەبـــەردەم ئەم دووڕیانـــەدا، وەڵامدانەوەی ئیجابی هەڵبژارد نەک بێدەنگی و هەڵوێستی سەرسەختانە، کەنەدی ئامادەیی خۆی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە بەشێوەیەکی ئاشتییانە ڕاگەیاند و بەڵێنیشیدا هێرش نەکاتە سەر کوبا. بەدوای ڕاگەیاندنی ئەم هەڵوێستەشدا، مۆســـکۆ موشەکەکانی لەخاکی کوبا کشانەوەو بەمجۆرە کۆتایی بەمەترسیدارترین قەیران لەمێژووی پەیوەندییەکانی نێوان دوو زلهێزەکەدا هات.

کەنەدی بەشـــێوەیەکی ژیرانـــە مامەڵەی لەگەڵ ئـــەم قەیرانی موشەکانەدا کرد ـ وەک ڕووسەکان دەیان وت ـ زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو کە هەڵوێستی ســـەربازیی بەرەو هەڵکشان نەچێ، لەبەرئەوەی درکی بەمەترســـی هەنگاوێکی بەوجۆرە دەکرد، کە ڕووبوونەوەیەکی ڕاســـتەقینەی نێوان واشـــنتۆن و مۆســـکۆی لێدەکەوێتەوە. بەڵام ئەقڵانییەتی کەنەدی لەگەڵ هەڵوێســـتی سەرکردەکانی کۆنگرێسدا نەدەگونجا کـــە هەندێکیان بەتوندی ســـەرکۆنەی ســـەرۆکەکەیان دەکرد لەبەرئەوەی وەک پێویســـت و بەتەواویی پەنای بۆ هەڵوێست نواندنێکی توند نەبرد، هەندێکی دیکەشیان ڕاشکاوانە بە«ترسنۆک» ناویان دەبرد، چونکە ئەوپەڕی هەڵوێستی لاوازی نواند ئەو دەمەی گەمـــارۆی کوبایدا. بەڵام ئەو پێشـــوەخت رکی بـــەوە کرد بوو کە کاردانەوەی ئەمەریکییەکان دەرهەق بەهەڵوێســـتەکانی بەو توندییە دەبێت، لەگەڵ ئەوەشـــدا بەپێی بیروبۆچوونی خۆی هەڵســـوکەوتی کردو خۆی لەورژاندنی سۆڤیەت بەدوورگرت، تەنانەت لەڕای گشتیی وڵاتەکەشی ڕاگەیاند کە لەســـەریانە هێزی کاردانەوەیان لەوە زیاتر دەربخەن بەو پێیەی ئاسایشی نەتەوەییان وادەخوازێت.

پێدەچێت نەیارانی کەنەدی تا ئەندازەیەک لەســـەر هەق بووبن ـ هـــەروەک چۆن کەنەدیش تارادەیەک لەو هەڵوێســـتەیدا هەڵە بوو ـ چونکە لەم قەیرانەدا خرۆشـــۆف زیاتر لەکەنەدی لەجەنگی ئەتۆمی دەترسا، دیاریی ترین بەڵگەش بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەمە، دەست پێشـــکەری خرۆشـــۆف بوو لەوەی بەکەنەدی ڕاگەیاند کە مۆسکۆ ئامـــادەی کۆکردنەوەی موشـــەکەکانییەتی لەکوبا، بـــەو مەرجەی واشنتۆن موشەکەکانی لەتورکیا بکشێنێتەوە. سەرەنجام خرۆشۆف

ئەم پێشنیارەی تا ئاستی بەڵێن وەرگرتن لەئەمەریکییەکان بەداگیر نەکردنـــی کوبا هێنایەخـــوار. لەبەرئەوەی باش دەیزانی واشـــنتۆن ناتوانێت بەئاسانی وەڵامی ئیجابی ئەم داواکارییەی بداتەوە، هەرچەندە لەهاوکێشـــە سیاســـی و گەمە نێودەوڵەتییەکانیشدا مەنتیقی بێت. لەگەڵ ئەوەشدا خرۆشۆف چاوپۆشی لەو ڕاستییە لۆژیکییە کرد لەژێر کاریگەری ترسان لەتارمایی ڕوودانی جەنگێکی وێرانگەری ئەتۆمیدا. پێشنیارەکەی خرۆشۆف لەوپەڕی سادەیدا خرایەڕوو، وێڕای ئەوەی مۆرکی پاشەکشەکردنی لەبەردەم هێزی ئەمەریکادا پێوە دیار بوو. لەم هەلومەرجەدا سروشتی بوو کەنەدی کۆتایی بەگەمارۆدانی کوبا بهێنێت و دەســـت لەداگیرکردنی ئەم وڵاتـــە هەڵگرێت. چونکە هەر لەبنەڕەتیشەوە ئەو لەگەڵ داگیرکردنی کوبادا نەبوو، دوای شکستە کۆنەکەو ســـەرهەڵدانی ترسە نوێکەشی، سروشتی بوو کە واشنتۆن بەدەم پێشنیارەکەی مۆسکۆوە بچێت، لەبەرئەوەی ئەو ڕێوشوێنانەی گرتبوویبەر لەئاکامی دانانی مووشەکەکانی سۆڤیەتدا بوو لەکوبا، ئەگەر مۆســـکۆ وای نەکردایە، ئەوا واشـــنتۆن پەنای بۆ گەمارۆدان و هەڕەشـــەکردن نەدەبرد. گرنگ ئەوەیە خرۆشۆف پێشنیارێک یان باشتر بڵێین تەنازولێکی بێ بەرامبەری پێشکەش کرد.

کاربەدەســـتانی کۆشکی سپی تا ڕادەیەک لەسەر هەق بوون کە درکیان بەترســـە گەورەکەی ڕووسەکان کردبوو، لەسەر بنەمای ئەو ترسەش ئەوان خوازیاری گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی ئەمەریکی کاراتر بوون.

بەتەئکید ئەو بزۆزو ســـەرچڵانە ویستی ئەوەیان هەبوو لەڕێگەی هەڕەشەکردنی سەرۆکەکەیانەوە لەســـۆڤیەت بەشێوازێکی توندتر،

دەســـکەوت گەلێکی نوێ بەدەســـت بهێنن. ڕەنگە ویستەکەشـــیان بەدیبهاتایەو لەبری ئەوەی قەیرانەکە بەدەســـتکەوتێک کۆتایی بێت کە کشانەوەی مووشەکەکان بوو لەکوبا، چەندین دەسکەوتی دیکەی لێبکەوتایەتەوە.

ڕاســـتە لـــەڕووی ســـتراتیژییەوە هەلومەرجەکـــە گەڕایەوە بۆ دۆخی پێشـــووی بەر لەدانانی مووشەکەکان، بەڵام ئەم گەڕانەیەوە چەند ڕاســـتییەکی ســـەلماند کە لەڕابردوودا نادیاربوون و هەستیان پێنەدەکرا:

*ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپای ڕۆژئاوا تەنها لەئاراستەی ڕۆژهەڵاتەوە ڕووبەڕووی هەڕەشەی ئەتۆمی سۆڤیەت نابنەوە، بەڵکو چەندین پێگەی تریش هەن کە پێدەچێت سۆڤیەت هەڕەشەیان لێوە بکات و ڕەنگە مەترســـییەکی زیاتریشیان هەبێت لەسەر ئەمەریکاو ئەورپای ڕۆژئاوا، لەبەرئەوەی ئەمەریکاو ڕۆژئاوا دەکەونە نێوان دوو دەستاری ئەتۆمییەوە.

*فراوانخوازی یەکێتی سۆڤیەت ئەودەمە مەترسییەکی گەورەیە کە دەوڵەتێک بکەوێتە بندەستی کۆمۆنیزمەوە «خاوەنی پێگەیەکی ســـتراتیژی گرنگ و بەبایەخ بێت بۆ ئۆردوگای خۆرئاوا بەگشـــتیی و ئەمەریـــکا بەتایبەتـــی»، لەئەنجامی وەها ڕووداوێکـــدا ویلایەتە یەکگرتـــووەکان بەشـــێک لەکۆڵەکـــە قایمـــە ئەمنییەکانـــی خۆی لەدەســـت دەداو دەکەوێتە دۆخێکەوە کە لەگەڵ ڕوودانی هەر بەرەو ڕووبونەوەیەکی ئەتۆمیدا وەک ئەوروپای ڕۆژئاوای لێ بەســـەردێ و دەبێتە گۆڕەپانی ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی وێرانگەر.

*ســـەرکردەکانی یەکێتی سۆڤیەت بەئاشـــکرا سەبارەت بەبیرو

بۆچوونی ڕاســتەقینەی خۆیــان نادوێن و لەبەڵێندانەکانیشــیاندا ڕاستگۆ نین. ئەوان لەئەندێشــەی فراوانخوازی خۆیاندا پەیڕەوییان لەســتراتیژییەکی درێژخایەن دەکــردو خوازیاری بەدەســتهێنانی پێگەیەکی پێشڕەوانە بوون لەگۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا.

*ئاسایشــی ویلایەتــە یەکگرتــووەکان گەلێــک لەئاسایشــی هاوپەیمانەکانــی گرنگترە، ئەگەر ئاسایشــی ئەمەریکا ڕووبەڕووی هەڕەشە بێتەوە، ڕەنگە واشنتۆن پەنا بباتە بەر هەموو کارێک بەبێ لەبەرچاوگرتنــی پەیامە وێرانگەرەکانــی. بەتایبەتی کە لەدۆخێکی وەهادا باڵی توندڕەوو ســەرچڵەکان بەســەر باڵــی پارێزگارەکاندا سەردەکەون.

هەرچەنــدە دۆخەکــە وەک جــاری جارانی لێهاتــەوە لەڕووی ستراتیژییەوە، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە لەناوخۆی ئەمەریکاو تەنانەت لەپەیوەندییە دەرەکییەکانیشــیدا گۆڕانکارییەکی گەورەی بەدیهێنا. ئەم قەیرانە ئەوەی ســەلماند کە گەمەیەکی ترسناک دەقەوما گەر سەرۆک هاوسەنگی خۆی لەدەست بدایەو بەدەم خواستی کاربەدەستە توندڕەوەکانییەوە بچوایە. هەروەها ئەم قەیرانە ئەوەشــی سەلماند کاتێک لایەنی ڕکەبەر دەست پێشکەر بێت لەهەنگاوی ئاشتییانەدا، ئــەوا مانای ئەوەیە کە زیاتر لەلایەنەکەی بەرامبەری ترس و خۆفی لێ نیشــتووە. هەر لەبەرئەوەش ئامادەی دانوستان و تەنازولکردنە لەپێناو دەســکەوتێکی کەمدا یان تەنانەت بەبێ دەسکەوتیش، لەم دۆخەشدا لایەنی بەرامبەری توانای ئەوەی دەبێت لەیەککاتدا هێوورو شەڕەنگێزیش بێت. هێور بێت و بەبێ کاردانەوە ببزوێ و تا کۆتایی گەمەکە مەغزو مێشکی خۆی کۆنترۆڵ بکات گەر دەسکەوتی زیاتری

گـــەرەک بێت. هاوکات دەتوانێ شـــەڕەنگێزیش بێت و هەڕەشـــەی هەڵکشـــانی هەڵوێســـتەکە بکات، بەڵام لەســـنوورێکدا کە بەوردی تێبینی ئەوە بکا هێرشبەر دەترسێت و قەبارەی ترسەکەشی گەورەو زیاتـــر دەبێت لەگەڵ هەر هەنگاونانێکی نوێدا، وێڕای ئەوەش کاتێک ئەم ترســـە ئەنجامی پێچەوانەی لـــێ بکەوێتەوە، ئەوا ئەم هەنگاوە خاوەنەکەی بەرەو هەڵدێڕی تیاچوون و خۆکوژی دەبات. ئەم قەیرانە لەهەمان کاتیشدا ئەوەشی سەلماند چارەسەرکردنی بەپەلەو خێرای کێشەکان، ئەنجامی باشـــی لێ دەکەوێتەوە، «ساتەوەختی ترس» ئاسانکاریی بۆ پرۆسەی دانوســـتان و یەکتر قبوڵکردن دەکاو ڕەت کردنەوەو کەللەڕەقیش دوورتر دەخاتەوە.

دوا حەقیقەت کە قەیرانی مووشەکی کوبا فێری کردین ئەوە بوو «ڕێگەی لێک تێگەیشـــتن و ڕێککەوتن کارێکی شایســـتەو ئاسانەو پێویستە دوو زلهێزەکە هەمیشە بیگرنەبەر».

جارێکیتر بگەڕێینەوە بۆ کرۆکی بابەتەکە، وەک پێشتر ئاماژەی پێـــدرا، کەنەدی لەمـــاوەی ســـەرۆکایەتیدا مامەڵەی لەگەڵ ســـێ قەیراندا کـــرد «ڤێتنام، بەرلین و کوبـــا». لەیەکەمیاندا ئەمەریکا هەرچی زیاتر لەگێژاوی ســـەربازی و سیاسی قەیرانەکەوە تێوە گلا. لەدووەمیاندا بەڕاڕایی هەڵســـوکەوتی کرد تا ســـەرەنجام چارەسەر لەهەگبەی ڕکەبەرەکەیەوە هاتەدەر، نەک لەمەوە. لەسێهەمیشدا کە گرنگترینیان بوو، خۆپاراســـتنی ڕەچاوکـــردو لەئاکامدا دۆخەکەیان گەڕاندەوە بۆ پێش لەڕوودانی قەیرانەکە.

کاربەدەســـتە پیرو دەست ڕۆشتووەکانی واشـــنتۆن لەشێوازی مامەڵەکردنی لەگـــەڵ قەیرانی یەکەمدا ڕازی بوون، لەدووەمیشـــدا

هەرچەنــدە لەشــێوەی مامەڵەکردنــی ڕازی نەبوون بــەڵام مایەی بێزاریشــیان نەبوو، کەچی لەشێوەی هەڵســوکەتی بەرامبەر بەدوا قەیــران گەلێک بەقینو تووڕە بوون، لەســەر ئەوە لەدوای قەیرانی کوباوە زیاتر گڕیان بەرامبەر بەکەنەدی دەکردەوە. ئەو شــێوازەی کەنەدی بیری لێدەکردەوە زۆر ڕوون و ئاشــکرا بوو، ئەو پێی وابوو پەنابردنە بەر کاری ســەربازیی گەورە، کارو کردەیەکی نائەقڵانییە، هەروەهــا پێی وابوو چەندین ڕێگــەی دیکە هەن کە دەکرێ پەیڕەو بکرێــن بۆ گەیشــتن بەفۆرمۆڵەیەکــی ڕەزامەندیــی بەخش لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا، بەمەش سەرپێچی لەهەندێک لەڕەگەزەکانی هێڵە گشــتییەکانی سیاســەتی ئەمەریکا کرد، کە هەوڵی بەدەستهێنانی دەســکەوتی دەدا لەڕێگــەی بەردەوامبوونــی قەیرانەکانەوە، نەک لەڕێگەی بەپەلە چارەسەرکردنیانەوە.

وێڕای ئەوەش کەنەدی لەهێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لای نەدا، چونکە ئامانجی کۆتایی ئەو هێڵە گشتییانە بەرفراوانکردنەوەی ســایەی نفوزو باڵادەستی ئەمەریکایە بەســەر گەلانی چەوساوەی جیهاندا. لەو پێناوەشــدا گرەوی لەسەر ئاسایش و پاشەڕۆژی خۆی کــرد، هەرچەندە لەڕووی هەندێک شــێوازەوە لەگەڵ ئەم ئامانجەی واشــنتۆندا جیاواز بوو، بەڵام لەکۆددا پابەند بوو بەبنەماکانییەوە. لەکاتێکدا کەنــەدی بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بەســۆڤیەت ڕەت دەکردەوە، بەرنامەی خۆپڕ چەککردنەکانی ئەمەریکا بودجەی ئەو وڵاتەی ڕەتاندبۆوە، بەپێی ئامارەکان خەرجییە سەربازییەکانی ئەمەریکا پێنج بەرابەر زیادیــان کرد. لەکاتێکدا کەنەدی خوازیاری ئەوە نەبوو کە ڕووســەکان هەســت بەپێویســتی زیادکردنی هێزو

توانای ســـەربازییان بکەن، بەڵام لەئەنجامدا بەهۆی شـــێوازی خۆ پڕچەککردنییەوە، ڕووسەکانیشی هاندا تا شێلگیرانە هەوڵی گەیشتن بەئاســـتی هێزی ئەتۆمی ئەمەریکی بدەن. کاتێکیش کەنەدی باسی لەئازادی و ئاشـــتیی نێودەوڵەتی دەکرد، ئەو ئازادی و ئاشـــتییەی بەهێزی ســـەربازی ئەمەریـــکاوە گرێدەداو دەیوت گـــەر ئەم هێزە پاشەکشـــە بکات ئەوا ئـــازادی دەخنکێندرێ و ئاشـــتی جیهانیش تیادەچێت.

بەکورتـــی «کەنەدی»، بەپێـــی بۆچوونی باڵـــە توندڕەوەکانی کۆشـــکی سپی زۆر هەلی لەدەســـتدان. چەندین هەل لەئارادا بوون بەتەئکید لەدەســـت نەدەدران گەر بەپێی ڕوانینـــی تایبەتی خۆی کاری نەکردایە. ئەوان هەرگیز لەتێوەگلانی لەجەنگی ڤێتنام، ڕاڕایی لەقەیرانی بەرلین و لەشکســـت هێنانیشـــی «بەپێـــی لێکدانەوەی خۆیان» بەرامبەر بەڕووســـەکان لەقەیرانی کوبادا نەیان بەخشـــی، هەروەها لەوەشـــدا لەسەرۆکەکەیان نەبووران کە بیروبۆچوونی خۆی بەئاشـــکرا لەبەردەم کۆمەڵانی خەڵک و ڕای گشتیدا ڕاگەیاندو وتی «یەکێتی ســـۆڤیەت دوژمنی هەمیشـــەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نییە».

دوای هەمـــوو ئەمانە زیاتر لەپاســـاوێک لەگۆڕێدا بوو بۆ کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی ئەم ســـەرۆکەو بەجێهێشتنی کۆشکی سپی بەر لەکۆتایی هاتنی وادەی دیاریکراوی خۆی.

# نیکسۆن[31]
# Richard Nixon

بەر لەوەی نیکسـۆن دۆکترنەکـەی ڕابگەیەنێت، چەندین هۆکار بـۆ پلان دارشـتن و ڕاگەیاندنـی لەکایەدا بوو، ئـەم هۆکارانەش لەتێوەگلانی سیاسـەتی ئەمەریکاوە لەڤێتنام و کاریگەری ئەنجامە سلبییەکانییەوە لەسەر ئەم سیاسەتە سەرچاوەیان دەگرت. ئیدارەی ئەمەریکـی پێی وابـوو لەڕێگەی ڕەوانەکردنی هێزێکی سـەربازیی

31 - ڕیتشارد نیکسۆن (١٩١٣ ـ ١٩٩٤) سیو حەوتەمین سەرۆکی ئەمەریکایە (١٩٦٩ ـ ١٩٧٤)، لەشاری یوربالندەی سەر بەویلایەتی کالیفۆرنیا لەخێزانێکی بەڕەچەڵەک ئەڵمانی لەدایکبووەو سەر بەپارتی کۆمارییە. لەساڵی ١٩٤٧ەوە تا ١٩٥٣ ئەندامی کۆنگرێس و لە١٩٥٣ەوە تا ١٩٦١ جێگری سەرۆک ئیزینهاوەر بووە. نیکسۆن یەکێکە لەسیاسەتمەدارە دیارەکانی ئەمەریکای دوای جەنگی دووەمی جیهانی، کە لەگەڵ کەیسنجەری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و وەزیری دەرەوەیدا ڕۆڵێکی کارایان لەدارشتنەوەی هاوکێشە سیاسییەکانی جیهاندا هەبووە. نیکسۆن، یەکەم سەرۆکی ئەمەریکییە سەردانی چیین دەکات، ئەو پێی وابوو پێویستە لەڕێگەی چیینەوە گەمارۆی یەکێتی سۆڤیەت بدرێت، هەروەها پێی وابوو گەربێت و ژاپۆن بکەوێتە دەست کۆمۆنیستەکانەوە، ئەوا ڕێگەیان بۆ دەستگرتن بەسەر سەرجەم ئاسیادا بۆ تەخت دەبێت. لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا شەڕی ڤێتنام کۆتایی هات. نیکسۆن، یەکەم سەرۆکە لەمێژووی ئەمەریکادا کە بەهۆی ڕیسوایی «واترگێت»ەوە دەست لەکاردەکێشێتەوە.(و)

گەورەی ئەمەریکییەوە بۆ ڤێتنام، دەتوانن چۆک بەکۆمۆنیستەکان دادەنو ناچار بەتەسلیم بوونیان بکەن، کاربەدەستانی کۆشکی سپی بانگهێشتی ئەوەیان دەکرد کە پێویستە ئەرکی ئەم هێزە گەورەیەی ئەمەریکا لەم جەنگەدا لەلاوازکردنی وورەی کۆمۆنیستەکاندا چڕ بکرێتەوە، بەڕادەیەک کە توانای بەردەوامبوونی شەڕیان تێک بشکێندرێت.

بەڵام ئەم ستراتیژییەی ئەمەریکا لەڤێتنامدا پەیڕەوی لێدەکرد، ستراتیژییەکی هەڵەبوو، چونکە هێزەکانی ئەمەریکا بەکردەوە لەجەنگێکی بەردەوامی پارتیزانییەوە تێوەگلان[٣٢] . لەبەرئەوە ئەم ستراتیژییە لەبەدیهێنانی ئامانجەکانیدا سەرکەوتوو نەبوو، سەرەڕای ڕەوانەکردنی هێزو توانایەکی زەبەلاحی سەربازیی بۆ ڤێتنام، بەتایبەتی کە بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم هێزو توانا سەربازییانە لەسەردەمی «جانسۆن»[٣٣] دا بەبەراورد بەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی کەنەدیدا زیادیان کرد.

٣٢ - د. سعد الدين ابراهيم، كيسنجر وصراع الشرق الاوسط، ص ٧٦.

٣٣ -ليندۆن جۆنسۆن (١٩٠٨ - ١٩٧٣) سیو شەشەمین سەرۆکی ئەمەریکایە (١٩٦٣ - ١٩٦٩)، لەتەکساس لەدایکبووەو سەر بەپارتی دیموکراتە. لەساڵانی ١٩٤٦ تا ١٩٦١ ئەندامی کۆنگریس بووە، پاشان لەساڵی ١٩٦١ەوە تا ١٩٦٣ جێگری کەنەدی بووە. کاتێک کە لەدالاس کەنەدی تیرۆر کرا، ئەم لەکەژاوەی ئوتومبێلەکەی دواوەی سەرۆکدا سەیری ئەو دیمەن و ساتانەی دەکرد کە تەقەی لەکەنەدی تیا کرا. بەدوای تیرۆرکردنی کەنەدیدا، جۆنسۆن لەو فڕۆکە تایبەتەی کە تەرمی سەرۆکی هەڵگرتبوو، سوێندی سەرۆکایەتی خواردو بووە سەرۆکی ئەمەریکا. جۆنسۆن بەئەندازیاری یاسای مافە مەدەنی و چاودێریی تەندروستی گەورە ساڵان و هەژاران و یارمەتیدانیان بۆ پەروەردە و خوێندن دادەنرێت، هەروەها لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا هێزی سەربازی زیاتری ئەمەریکا ڕەوانەی ڤێتنام کراو لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا شەڕی شەش ڕۆژەی عەرەبو ئیسرائیل ڕوویدا.(و)

لەکاتی هاتنە سەرکاری نیکسۆندا، هەلومەرجی سەربازیی ئەمەریکا لەڤێتنام لەجاران شپرزەتر بوو، زیانە سیاسییەکانی ئەم جەنگەش لەزیانە ماددییەکانی گەلێک مەترسیدارتر بوون، هەڵوێستی ئەمەریکا لەڤێتنام ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی چەندین ناوەندی سیاسی نێودەوڵەتی و لەهەمان کاتدا ڕای گشتیی ئەمەریکاش بووەوە، کە بەتوندی ئیدانەی سیاسەتی ئیدارەی ئەو وڵاتەیان دەکرد هیچ دەستکەوتێکی سیاسی و سەربازییان بەدینەهێنابوو لەخۆتێوەگلانیاندا لەڤێتنام.

بەدوای بەبنبەست گەیشتنی ئەو مانۆڕو جموجۆڵە سەربازییانەشدا، ئیدارەی نیکسۆن بڕوای بەوە هێنا کە بەردەوام بوون لەسەر ئەم ڕێگەیە، هیچ سوودێکی بۆ واشنتۆن نابێت. لەبەرئەوە بەئامانجی دەربازبوون لەو گێژاوەی سیاسەتی ئەمەریکا خوڵقاندبووی، پەنای بردە بەر دانوستان بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی کە پاشان بووە گرێیەکی گەورەو تارماییەکەی باڵی بەسەر کۆشکی سپیدا کێشا.

ئەزموونی شکستی سەربازیی ئەمەریکا لەڤێتنامدا، ئیدارەی نیکسۆنی لەبەردەم ئەم ڕاستیانەدا ڕاگرت:

١ـ ویلایەتە یەکگرتووەکان ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو بەتەنها خۆی بخاتە هەموو کێشمەکێش و قەیرانە نێودەوڵەتییەکانەوە، تەنانەت ئەگەر نەچوونە ئەو کێشمەکێشانەوە بەرژەوەندییەکانیشی بخاتە مەترسییەوە. لەبەرئەوەی دەستێوەردانی سەربازیی ڕاستەوخۆ ڕەنگە بەرەو ڕووی زیانێکی سیاسی بکاتەوە، ئەگەر لەڕووی سەربازیشەوە بیباتەوە.

٢ـ شکســتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەڤێتنامــدا، نابێت ببێتە هــۆی پاشەکشــەی ئەمەریکا لەئاســتی نێودەوڵەتیدا، پێویســتە وەک هێزێکی گەورەی جیهان، ئەم شکســتە بەســەر هەلومەرج و هەڵوێســتی ئەمەریکادا نەشــکێتەوە. بەواتایەکی دی، پێویســتە ویلایەتە یەکگرتــووەکان کاریگەری هێزو توانــای خۆی لەیەکلایی کردنــەوەی تەنگەژە نێودەوڵەتییەکاندا، لەرێگەی هەڵوێســتەکانی داهاتوویەوە بســەلمێنێت. ئەمەش هەوڵ و کۆششــێکی شێلگیرانە لەئەمەریــکا دەخوازێ بۆ ئەوەی دووجار لەســەر یەک ڕووبەڕووی شکست نەبێتەوە[٣٤].

٣ـ پێویستە پاشەکشەی سەربازیی ئەمەریکا لەڤێتنام بەجۆرێک لەلایەن هاوپەیمانەکانییەوە لێک نەدرێتەوە کە واشنتۆن لەساتەوەختە دژوارەکاندا پشتیان تێدەکات، بەڵکو لەهەلومەرجێکی وەهادا لەسەر ئەمەریکا پێویســتە زیاتر لەهەر کات پشت و پەنایان بێت لەپێناو ڕێگرتن لەشکســت هێنانیان، هەروەها لەپێناو پاراستنی هەیبەت و شکۆی ئەمەریکاش لەبەردەم ڕای گشتیی جیهانییدا.

٤ـ بوونی هێزێکی گەورەی سەربازیی ئەمەریکی لەوڵاتانی هاوپەیمان و سەر بەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کاریگەری سلبی لەسەر چییەتی ئەو جەنگە دەبێت ئەمەریکا هەڵی دەگیرســێنێت، چونکە دەبێتە هۆی لەباربردنی ئەو هاندەرانەی کە وادەکات ئەو دەوڵەتانە بەوپەڕی کارابیەوە لەهەڵگیرسانی جەنگدا بەرگری لەخۆیان بکەن، کاتێــک کە دەبینن ویلایەتە یەکگرتووەکانــی ئەمەریکا بەوەکالەت لەبری ئەوان دەجەنگێ.

٣٤ - الاتحاد العام للكتاب والصحفيين الفلسطينيين، الخطر العسكرى الاميركى فى الشرق الاوسط، ص ٢١٤.

وێڕای ئـــەوەی کە پەنابردنـــە بەر ئەم شـــێوازە دەبێتە هۆی تووڕەیی و نارەزایی توندی جەماوەر دژ بەحکومەت و کاربەدەستانی ئـــەو وڵاتانە. ئەمەش بۆخۆی دەبێتە مایەی هەرچی زیاتر گڕگرتنی ئاگری ئەو قەیران و کێشمەکێشانەی کە یەخەی پێدەگرێت. هەروەها پەیڕەویکردن لەو ڕەوشە، هێزە کۆمۆنیستەکان بۆ دەستوەردانە ئەم جۆرە قەیرانانەوە هاندەدات، هەر بەوجۆرەی کە لەڤێتنامدا ڕوویدا.

٥- ویلایەتـــە یەکگرتـــووەکان دەتوانێت لەڕێگـــەی بەهێزکردنی هێـــزو توانای ســـەربازیی وڵاتانی هاوپەیمان و وابەســـتەیەوە، خۆی لەدەستێوەردانی ڕاســـتەوخۆی سەربازیی بەدوور بگرێت - بەتایبەتی کە بارودۆخەکە هەنگاوی وا نەخوازێ و پێویســـت نەکات - کاتێکیش هاوپەیمانەکانی بەرەو ڕووی مەترســـی ڕاستەقینە دەبنەوە پێویستە لەڕێگەی ناردنی هێزەوە بۆ ئەو وڵاتانە بەکۆمەک و هانایانەوە بچێت.

ئەم ڕاســـتییانە بوونە زەمینە خۆشکەر بۆ سەرهەڵدانی دۆکترنی نیکسۆن و دارشتنی بنەما نوێکانی سیاسەتی ئەمەریکا لەمامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوە نێودەوڵەتییەکاندا. هەرچەندە ئەم پرەنســـیپە بەری شکستی سیاسەتی ئەمەریکا بوو لەباشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، بەڵام جێبەجێکردنی بەپلەی یەکەم ئاراســـتەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرا، ڕەنگە هۆکارەکانی ئەم ئاراستەیەش بگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک:

١- بێ توانایی سیاسەتەکانی پێشووی ئیدارە یەک لەدوای یەکەکانی ئەمەریکا لەســـەپاندنی هەیمەنەی خۆیدا بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵات و تۆکمەکردنی دەستگرتن و دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکەدا.

٢- بایـــەخ و گرنگـــی تایبەتی و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتـــری ئەم ناوچەیە لەڕووی ســـتراتیژی و ئابوورییەوە، لەبەرامبەریشدا نیگەرانی و ترسی

هەرچی زیاتـــری ویلایەتە یەکگرتـــووەکان لەجموجۆڵی ئەکتیڤانەی یەکێتی ســۆڤیەت بـــەرەو ناوچەکەو ســـەرەنجام کەوتنە دەســـت کۆمۆنیستەکانەوە.

٣ـ ئەوەی ئەگەری مەترســـی ســۆڤیەتی زیاد دەکـــرد، لاوازی دەســـەڵاتی بەریتانیا بوو کە بۆ ماوەیەکـــی دوورو درێژ هەیمەنەی بەســـەر ئەم ناوچەیەدا کردبـــوو، بەتایبەتی ناوچەی کەنداو کە لەم ماوەیەدا بەردەوام ڕێوڕەسمی کشانەوەی بەریتانیای بەخۆوە دەبینی، ئەم هەلومەرجەش ئەوەی لەویلایەتە یەکگرتووەکان دەخواســـت کە دەســـت وبرد بـــکات لەپڕکردنەوەی ئەو بۆشـــاییەی بەریتانییەکان لەدوای خۆیانەوە بەجێیان دەهێشت.

ئەم هۆکارانە گەورەترین هاندەر بوون بۆ ئەوەی ئیدارەی ئەمەریکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بکات بەگۆڕەپانـــی جێبەجێکردنی دۆکترن و پرەنســـیپەکانی نیکســـۆن بەر لەهەر ناوچەیەکی دیکەی جیهان.

بەپێی دۆکترنەکەی نیکســـۆن کە لەســـاڵی ١٩٦٩دا ڕایگەیاند، ویلایەتـــە یەکگرتووەکان تێکڕای وڵاتـــە هاوپەیمانەکانی دەپارێزێت گەر ڕووبەڕووی هەڕەشـــەی هێزە ئەتۆمییـــەکان ببنەوە. هەروەها وەک بەشـــێک لەپابەندبوون بەبەڵێنەکانییـــەوە بەرامبەر بەوڵاتانی هاوپەیمانی، ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتیوانی سەربازیی و ئابووری بـــۆ ئەو وڵاتانـــە دەســـتەبەر دەکات گەر بـــەرەو ڕووی هەر جۆرە دوژمنکارییەکی تر ببنـــەوە، بەمەرجێک ئەو وڵاتانەی دەکەونە بەر هەڕەشـــەو دەســـتدرێژی، هێزی مرۆیی بۆ بەرگری کردن لەخۆیان دابین بکەن.

لەســـەر بنەمای ئەم سیاســـەتە، ویلایەتە یەکگرتووەکان لەپاڵ هێشـــتنەوەی بەشێکی کەم لەهێزە ســـەربازییەکانی خۆی لەخاکی ئەو وڵاتانەدا کە دەیپاراســـتن، هەوڵی دا لەبری ڕەوانەکردنی هێزی ســـەربازیی زیاتر بۆ ئەو وڵاتانە، پشتیوانی سەربازیی و ئابووری و لۆجیستیکی زیاتریان پێشکەش بکات و سوود لەهێزو توانای مرۆیی ناوچەیی وەرگرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەست درێژی دوژمن.

دۆکترنی نیکســـۆن، تەنها لەو وڵاتانەدا بەکردەوە جێبەجێ کران کـــە کارایی ئەوەیان هەبوو بەرژەوەندییەکانـــی ئەمەریکا بپارێزن و خاوەنی ئەو هێزو توانایەش بوون کە ئەمەریکا لەچەســـپاندنی نفوز و دەسەڵاتی خۆیدا لەناوچەکانیاندا پشتیان پێ ببەستێت. ئیدارەی ئەمەریکی ئەم ئەرکەی بەپلەی یەکەم بەئیســـرائیل و ئێران سپارد، لەقۆناغی دووەمیشدا بەسعودییە و ڕژێمەکانی تر.

هەڵبژاردنـــی ئەم وڵاتانەو ســـپاردنی ئەو ڕۆڵـــە پێیان لەلایەن ئەمەریکاوە، پرســـیارگەلێک دەورژێنێت: بۆچی ئیدارەی ئەمەریکی ئەم ئەرکەی بەڕژێمە عەرەبییەکانی تر نەسپارد؟ یان بەلانیکەمەوە بۆ بەهەمان ئەندازە بەشداریی نەکردن لەو ئەرکەدا؟

وەڵامەکەی ئەوەیە کە واشـــنتۆن لەهەڵبژاردنی هاوپەیمانەکانیدا چەند پێوەرێک لەبەرچاو دەگرێت:

١ـ بایەخی ســـتراتیژی: یەکێک لەمەرجـــە گرنگەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوەیە هاوپەیمانە ناوچەییەکەی خاوەنی پێگەیەکی ســـتراتیژی بێت لەو ناوچەو هەرێمەدا کە جێی بایەخی ئەمەریکایە، کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەو باوەڕەدا بوون ئیسرائیل لەپێگەیەکی شـــیاوو باشـــتردایە لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە

بەبــەراورد لەگــەڵ دراوســێکانی،بەنموونە «ئــەردەن». چونکە لەرووی جیۆپۆلیتیکەوە ئیســرائیل لەسەر دەریای سپیی ناوەڕاست هەڵکەوتــووەو بەســەر باکووری دەریــای سووریشــدا دەڕوانێت. بەواتایەکی تر، ئەم ناوچەیە کە بەشی رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و خۆرئاوای دەریای سوور دەگرێتەوە، بایەخ و گرنگییەکی ستراتیژی هەیە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان.

هەروەهــا ئێرانیش، هەڵکەوتــەی جوگرافی بەبــەراورد لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا، هەســتیارترە. ئێران تەنها وڵاتێکە کە بەتەواوی بەسەر سەرتاسەری ئاوی کەنداودا دەڕوانێت، لەکاتێکدا کە لەکەناری رۆژئاوای کەنداودا وڵاتانی: کوەیت، عەرەبستانی سعودیی، ئیماراتی عەرەبی و سوڵتان نشــینی عەممان هەڵکەوتوون. ئەم هەلومەرجە بەمانای ئەوەیە کە ئێران دەتوانێت زیاتر لەئەو دوای وڵاتانی ناوچەکە لەکۆنترۆڵ کردنی کەنــداودا ئەکتیف و کاریگەربێت. بەم پێیە هەر بڕیاردانێکی سیاسی یان هەڵوێست وەرگرتنێکی سەربازیی سەبارەت بەهەلومەرجی کەنداو پێویســتە بەتەنها لەلایەن رژێمی «شــا»وە بڕیاری لەســەر بدرێــت. لەحاڵێکدا ئەگەر ئەم رۆڵــە بەدەوڵەتانی باشووری کەنداو بدرێت، ئەوا واشنتۆن بۆ بەرەو پێشبردنی ستراتیژیی خۆی لەناوچەکەدا پێویستە لەگەڵ شەش وڵاتدا هەماهەنگی بکات. سەرەرای ئەوەی کە لەرووی جوگرافییەوە ئێران لەسنووری باشووری یەکێتی ســۆڤیەتدا هەڵکەوتــووەو دراوســێی ناوچەیەکی گرنگی رۆژهەڵاتی ئاسیاشــە کە لەدیــدی بەرژەوەندییەکانــی ئەمەریکاوە گەلێک جێی بایەخە. ئەم پێگە تایبەتییەی ئێران لەکەنداودا شایانی بەراوردکردن نییە لەگەڵ رۆڵ و ســتراتیژی رژێمــە عەرەبییەکانی

دیکەی وەک «عەرەبستانی سعودی و سوڵتان نشینی عەممان»دا. چونکە یەکەمیان بەسەر بەشێکی کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سووردا دەڕوانێت و دووەمیشیان بەسەر ئۆقیانووسی هندا.

٢ـ هەلومەرجی ناوخۆیی هاوپەیمان: ئیدارەی ئەمەریکی لەدارشتنی ستراتیژی ناوچەیی خۆیدا، هەمیشە بەدوای ئەو هاوپەیمانانەدا دەگەڕێت کە بۆ درێژەدان بەدەسەڵاتی خۆیان خاوەنی هەلومەرجێکی ناوخۆیی ئارام و دامودەزگایەکی ئاسایشی تۆکمەو ئەکتیڤن. بەواتایەکی ڕوونتر، ئەمەریکا ناتوانێت لەسیاسەتە ناوچەییەکانی خۆیدا پشت بەو هاوپەیمانانە ببەستێت کە هەلومەرجی ناوخۆییان بەئاسانی دەست خۆشی نائارامی و شۆڕشی ناوخۆیی بێت، یان بەهۆی دەرگیر بوونیانەوە بەگیروگرفتی ناوخۆییانەوە نەتوانن خزمەت بەبەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بکەن.

لەدیدی کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، ئیسرائیل خاوەنی چەندین تایبەتمەندی پێویست بوو لەڕووی ئەمنیو سەقامگیریی هەلومەرجی ناوخۆییەوە. لەدیدی ئەوانەوە ئەگەری ئەوە زۆر دوور بوو حکومەتی ئیسرائیل دەست خۆشی گۆڕانکارییەکی جەوهەری بێت و سەرەنجام ئەوەندە هەڵگەڕێتەوە کە ببێت بەدوژمنی واشنتۆن، یان ئەوەی کە بەهۆی پەرەگرتنی گیروگرفتی ناوخۆییەوە نەتوانێت ڕۆڵی خۆی لەناوچەکەدا ببینێت. لەدیدی داڕێژەرانی ستراتیجی ئەمەریکاوە، ئێرانیش لەهەلومەرجێکی هاوشێوەی ئیسرائیلدا بوو، بەبۆچوونی ئەوان ڕژێمی شا لەوپەڕی ئارامی و سەقامگیریی سیاسیدا بوو، پێشیان وابوو لەحاڵی سەرهەڵدانی مەترسی ناوخۆییدا لەباربردنی ئاسانەو ڕژێمی شا دەتوانێت

دەســـت بەسەر هەلومەرجی وڵاتدا بگرێت. بەڵام لەبەرامبەردا ڕژێمە عەرەبییەکانی ناوچەکە لەئاســتی ســەقامگیری و ئاسایشــێکی هاوشــێوەی ئەو دوو ڕژێمــەدا نەبوون بۆ لەئەســتۆگرتنی ئەرکی پاراستنی بەرژەوندنییەکانی ئەمەریکا لەناوچەکەدا.

٣ـ توانای هاوپەیمان و پێگەی دەرەکی: ئەو هاوپەیمانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کەئەرکی پاراســتنی بەرژەوندییەکانی واشــنتۆنی پێ دەســپێردرێت، پێویستە قورســاییەکی سیاسی گرنگی هەبێت لەناوچەکەدا، هەروەها پێویستە خاوەنی هێزو توانایەکی کاریگەریش بێت لەسەر هەلومەرجی سیاسی و سەربازیی. واتە دەبێت هاوپەیمان خاوەنی هێزو توانایەکی جیاکــەرەوە بێت لەوڵاتانی دەروجیرانی و بەباشی و هوشیارییەوە ئەم هێزو توانا باڵادەستییەی خۆی لەکاتی پێویستدا بەکاربهێنێت بۆ چەسپاندنی ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە. بەم پێیــە، ئەمەریکا بەدوای هاوپەیمانێکــدا دەگەڕێت کە بەپلەی یەکەم خــۆی کاراو خاوەنی توانایەکی بەهێز بێــت، هاوپەیمانێک کە بەبەردەوامی پێویســتی بەپاڵپشت و پشتیوانی دەرەکی نەبێت لەهەموو بــوارە جیاوازەکاندا. نەک ئەوەی ئەمەریکا هەلومەرجێکی بەهێز بۆ هاوپەیمانە لاوازەکەی بسازێنێت و بەردەوام دەستی پێوەی بێت.

لەدیدی ئیدارەی ئەمەریکییەوە، ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییانە بەئاشــکرا لەڕژێمەکانی ئیسرائیل و ئێراندا هەبوون. لەبەرامبەریشدا ڕژێمــە عەرەبییەکانی وابەســتەی ئەمەریکا لەم بوارەدا بەدەســت چەندین خاڵی لاوازی بونیادییەوە گیرۆدە بوون.

ئیســرائیل خاوەنی هێزو توانایەکی سەربازیی ئەوەندە گرنگ و

گەورە بوو کە هەموو وڵاتانی ناوچەکە حسابیان بۆ دەکرد، بەبەڵگەش ئەوەی ســەلماند ئەودەمەی توانی لەسێ جەنگی سەرەکییدا لەگەڵ عــەرەب «جەنگی چــوارەم دوای ڕاگەیاندنی دۆکترنی نیکســۆن ڕوویدا»، سەرکەوتنێکی گەورە لەگۆڕەپانی شەڕدا بەدەست بهێنێت.
هەروەها ئیســرائیل لەڕێگەی هێرش و دەست درێژی بەردەوامییەوە بۆ ســەر دراوسێ عەرەبەکانی، هەمیشــە کارامەیی و ئامادەکاریی خۆی سەلماندووە، ئەم باڵادەستییەشی وایکردووە وەک هاوپەیمانی ســتراتیجی و بەهێزی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا ڕۆڵ ببینێت، هــەر ئەم هەلومەرجەشــە بووەتە هۆی گونجانی لەگەڵ سەقامگیرکردنی هەیمەنەی ئەمەریکا لەناوچەکەدا.
ئێرانیش بەهەمان شــێوە خاوەنــی هێزو توانایەکــی گەورەی سەربازیی و قورساییەکی گرنگ و بێ ڕکەبەر بوو لەناوچەی کەنداودا، لەڕووی خۆ پڕ چەککردن و هێزو توانای مرۆییەوە بەتەنها بەســەر کۆی ڕژێمە عەرەبییەکانی کەنداودا باڵادەســت و زاڵبوو. «شا»ی ئێران بەبەردەوامی داوای لەئیدارەی ئەمەریکی دەکرد زیاتر بەچەکی مۆدرێــن پڕچەکی بکات، بۆ ئەوەی ڕژێمەکەی تا ئایندەیەکی دوورو درێژخایەن بە تاکە هێزی هەژمونگەری ناوچەکە بمێنێتەوە.
لەکاتێکــدا لەبەرئــەوەی ڕژێمە عەرەبییــەکان خاوەنی هێزێکی ســەربازیی کاریگەر نەبوون، لەهەمان کاتدا قورســاییەکی سیاسی کاراو ئەوتۆشیان نەبوو لەناوچەکەدا.
بەپێی ئەم ئاماژانە، ئیسرائیل و ئێران لەهاوکێشە ناوچەییەکانی واشــنتۆندا باڵادەســت و بێ ڕکەبەربوون بەبــەراورد لەگەڵ ڕژێمە عەرەبییەکانــدا، بەمجــۆرە ویلایەتە یەکگرتــووەکان ئەوەی بەلاوە

پەسەند بوو کە ئەم دوو وڵاتە بکات بەپایەگای بەهێزی خۆی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا. خاڵێکی گرنگی دیکە کە شوێنێکی تایبەتی لەستراتیجی ناوچەیی ئەمەریکادا هەبوو، سروشتی ئەو پەیوەندییانە بوو کە ئیســرائیلی بەویلایەتە یەکگرتووەکانەوە دەبەســتەوە، ئەم قەوارەیە کە بەدوای دامەزراندنیدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕووبەڕووی گێــژاو و نائارامی کــردەوە، ڕۆڵێکی گرنگــی لەقەیرانی ئەم ناوچە هەستیارەو ئەو هەڵوێستە سیاسییە نێودەوڵەتییانەدا گێڕا کە جێی بایەخی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوون.

ئەم خاڵەش بەتەنها بەس بوو تا وەک سەرەکیترین و بەهێزترین پێوەر واشــنتۆن لەبەرچاوی بگرێت بۆ ئــەوەی ئەرکی هاوپەیمانی متمانە پێکراو بەئیسرائیل بسپێرێت.

متمانەی ئیــدارەی ئەمەریکا بەدوو هاوپەیمانــە ناوچەییەکەی «ئیسرائیل و ئێران»، بەمانای پشتیوانیکردن و بایەخدانێکی زیاترە بە«تەلئەبیب و تاران» لەباڵاترین ئاســتدا، بۆ ئەوەی تا دوا سنوور پەرە بەهێزو توانای ســەربازی و تەکنیکییان بدرێت، کە سەرەنجام دەڕژێتــە خانەی خزمەتکردن بەبەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاوەو جێ پێی ئەمەریکاش لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر قایم دەکات.

لەئەنجامی ئەم سیاسەتەدا، بەلێشاو کۆمەکی سەربازی و ئابووری ئەمەریکا ڕووی لەئیســرائیل و ئێران کرد، بەو ئامانجەی لەلایەکەوە هاوسەنگی سەربازیی لەنێوان ڕژێمی ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبیدا بەدیبێت و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی ئێران ببێت بەجبەخانەی چەکە ئەمەریکییەکان. بەئەندازەیەک کە ئەم جبەخانەیە بووە جێی پرسیارو نیگەرانی زۆرێک لەڕژێمەکانی ناوچەکە سەبارەت بەئامانج و

مەبەستی کۆکردنەوەی ئەم چەکە پێشکەوتووانە لەئێراندا، هەروەها سەبارەت بەوەی کە ئایا شا ئەم چەکە زۆرو زەبەندە ئاراستەی چ لایەک دەکات، لەکاتێکدا کە لەهیچ لایەن و بەرەیەکەوە هەڕەشەی لێنەدەکرا؟

لەم چوارچێوەیەدا سیاسەتی ئەمەریکا لەدوو بڕگەی زەمەنی جیاوازدا ڕووبەڕووی دوو تاقیکردنەوەی سەخت بووەوە:

یەکەم، پاش چوار ساڵ لەڕاگەیاندنی دۆکترینی نیکسۆن لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکییەوە، واتە هاوکات لەگەڵ جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣دا، هێزو توانای سوپای ئیسرائیل لەم جەنگەدا کەوتە ژێر پرسیارێکی گەورەوە، سوپایەک کە تا ئەو کاتە وەک لەشکرێکی لە شکان نەهاتوو لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاماژەی بۆ دەکرا، چۆن ڕووبەڕووی چارەنووسێکی بەوجۆرە بووەوە کە گومان لەکارایی و توانای بکرێت؟

هەروەها شکستی چاوەڕوان نەکراوی ئیسرائیل لەم جەنگەدا بووە هۆی ئەوەی دامودەزگا سەربازییەکانی ئیسرائیل لەهۆکارەکانی بکۆڵنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، لەئەنجامی ئەو هەلومەرجە مەترسیدارەی دامودەزگای سەربازیی ئیسرائیلی تێکەوت، ئیدارەی ئەمەریکی پەست و تووڕە بوو. بەئەندازەیەک کە وێڕای ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لەنێو سوپای ئەمەریکادا، بۆ یەکەمجار هێزەکانی پەیمانی ناتۆشیان خستە حاڵەتی ئامادە باشییەوە بەمەبەستی ڕووبەڕوونەوەی هەر ڕووداوێکی لەناکاو و کتوپڕ.

ئەزموونی جەنگی ئۆکتۆبەر، نەک هەر تاقیکردنەوەیەکی کردەکی بوو بۆ هەڵسەنگاندنی هێزو توانای هاوپەیمانێکی ئەمەریکا، بەڵکو

ڕەهەندێکی سیاســـی مەترسیداریشی لەخۆدەگرت، چونکە ئیدارەی ئەمەریکی بەهۆی بڕیاردانە هەڵەشەکانییەوە خۆی تووشی تەنگەژە کرد لەسیاسەتی ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتداو پێگەی خۆی خســـتە مەترســـییەوە. لەبەر ئەوەی هاوکات لەگەڵ هەڵگیرســـانی جەنگی ئۆکتۆبەردا، هەوڵ و کۆششێکی چڕ لەلایەن دوو زلهێزەکەوە دەدرا بۆ بەدیهێنانی سازش لەنێوانیاندا.

چ گومـــان لـــەوەدا نەبوو کە ئیـــدارەی ئەمەریکا بـــاش درکی بەئاقیبەتی ڕاگەیاندنی ئامادەباشی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان و هێزەکانـــی پەیمانـــی ناتۆ دەکردو ڕەنگدانەوە ســـلبییەکانی ئەم هەنگاوەشی لەگۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا لەبەرچاو گرتبوو.

بەڵام لەپێناو ئەوەی قەوارەی هاوپەیمانە بەهێزەکەی بپارێزێت، باکیی بەوە نەبوو هاوکێشەکانی ڕێککەوتنی نێوان مۆسکۆو واشنتۆن لەق دەبێت. بەواتایەکی تر، پاراســـتنی ئاسایشـــی ئیسرائیل بەلای ئەمەریکاوە لەئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان واشـــنتۆن و مۆسکۆ و لەتەرتیبکردنی پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ ئۆردوگای کۆمۆنیزمدا، بەبایەخ و گرنگتر بوو.

هەرچەندە مشتومڕێکی زۆر لەناوەندە سیاسییەکانی ئەمەریکادا ســـەبارەت بەئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئیسرائیل هاتە ئاراوە، کە ئایا ئەمەریکا لەسەر بایەخدان بەئیسرائیل بەردەوام دەبێت تەنانەت دوای شکست هێنانیشی لەجەنگی ئۆکتۆبەردا؟ یاخود چـــاو بەم پەیوەندی و بایەخ پێدانەدا دەخشـــێنرێتەوەو گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟

ســـەڕەرای ئەوەی هەندێک لەناوەندەکانی ئەمەریکا پێشنیاریی

ئەوەیان دەکرد کە پێویستە واشنتۆن شانی لەپابەندبوونەکانی یان لەبەشێک لەپابەندبوونەکانی بەرامبەر بەئیسرائیل خاڵی بکاتەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە تەنها «ئەوانەی بەهێزن» دۆستی ئەمەریکان، ئەو بەهێزانەی کە زۆر بەباشی دەزانن چۆن سوود لەکۆمەک و پشتیوانی ئەمەریکا وەردەگرن و دەشزانن کە چۆن بەردەوام بە بەهێزیی لەناوچەکانی خۆیاندا بمێننەوە.

وێڕای هەموو ئەوانەش، گۆڕانکاری بەسەر دیدو بۆچوونی واشنتۆندا نەهات بەرامبەر بەئیسرائیل، نەک پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا وەک دۆخی جاری جاران مایەوە، بەڵکو ئەمەریکا باوەڕی بەوەش هێنا کە پێویستە ئیسرائیل بایەخ و گرنگییەکی لەجاران زیاتری پێ بدرێت. ئەگەر لەڕابردوودا پشتیوانی سەربازیی بەمەبەستی پاراستنی هاوسەنگی هێزی ئیسرائیل بووبێت لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا، ئەوا ئەزموونی ئۆکتۆبەر سەلماندی کە پێویستە ئەم هاوسەنگییە لەبەرژوەندی ئیسرائیل بگۆڕێت و پارێزگاری لەباڵادەستی هێزو توانای ئەم وڵاتە بکرێت بەسەر وڵاتە عەرەبییەکاندا، تا لەدۆخی کتوپڕو لەناکاوی وەک ئەوەی ڕوویدا دووبارە نەبێتەوە. هەروەها ئەم ئەزموونەی بەرۆکی بەهاوپەیمانەکەی ئەمەریکا گرت، سەرنجی ئیدارەی ئەمەریکی بەرەو ڕێگەیەکی نوێ ڕاکێش کرد کە پێویست بوو دەست وبرد بکات لەپەیڕەوکردن و جێبەجێکردنیدا، ئەم ڕێگەیەش «پرۆسەی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» بوو، دەبوو ئەمەریکا بناغەی بۆ دابڕێژێت، بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکی گەورەو ڕیشەیی لەکۆی هەلومەرجی سیاسی ناوچەکەدا ڕووبدات.

ئەزموونی جەنگی ئۆکتۆبەر و هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکان

بەرامبەر بەئیسرائیل، ئەو ڕاستییە گرنگەی ئاشکرا کرد کە ئیدارەی ئەمەریکی هەرگیز دەســـت لەپشتگیریی ئیســـرائیل بەرنادات، ئەو وڵاتە بەردەوام وەک هاوپەیمانێکی ستراتیژی و هەمیشەیی واشنتۆن دەمێنێتەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانیش هەموو هەوڵ و کۆششـــێکی بۆ پاراســـتنی ئەو قەوارەیە دەخاتە گەڕ، ئەمەریکا دەیویســـت لەم ڕێگەیەوە ڕاســـتگۆیی خۆی بۆ هەموو جیهان بســـەلمێنێ. هەروەها لەپشت ئەمەشـــەوە گەرەکی بوو سەرنجی هاوپەیمانەکانی بۆ ئەوە ڕاکێشـــێت کە متمانەی تەواوی پێ بکەن لەهەلومەرجە ســـەخت و دژوارەکاندا ئەمەریکا پشت ناکاتە دۆستەکانی.

ئەمـــە یەکـــەم تاقیکردنەوە بوو بۆ سیاســـەتی نیکســـۆن، کە دەریخست هاوپەیمانەکانی ئەمەریکاش دەکرێ ڕووبەڕووی مەترسیی ڕاستەقینە ببنەوە.

بەڵام تاقیکردنـــەوەی دووەم، لەمەودایەکی زەمەنی تا ڕادەیەک دوورترو لەدوای لەکارخســـتنی نیکســـۆن لەپۆستی ســـەرۆکایەتی ڕوویـــدا، کە هێشـــتا لەلایەن ئیـــدارەی نوێـــی ئەمەریکییەوە کار بەدۆکترنی نیکســـۆن دەکرا، لەشوباتی ١٩٧٩دا ئەم تاقیکردنەوەیە ڕووبەڕووی «ئێران»، هاوپەیمانە دووەمە هەرە بەهێزەکەی ئەمەریکا لەناوچەکەدا بووەوە.

بەمجۆرە نیکسۆن تاکە ســـەرۆک کۆماری ئەمەریکا بوو کە دوو جار شکســـتی دۆکترن و پلانەکانی خۆی دەدی: یەکەمیان لەکاتی سەرۆکایەتی و دووەمیشیان دوای بەرکەنارکردنی لەسەرۆکایەتی.

ئەو هۆکارەی کە لەگرنگی ڕەخنەگرتن لەدۆکترنەکەی نیکسۆنی کەمکـــردەوە، بەها تییۆرییەکەی بوو، ئەم دۆکترنە چارەســـەرێکی

جێی بڕوای بۆ قەیرانـــە دەرەکییەکانی ئەمەریکا پێ بوو، هەروەها بەپێچەوانەی ڕابردووشـــەوە، لەجێبەجێکردندا زیانی ڕاســـتەوخۆی بەڕاستگۆیی ئەمەریکا نەگەیاند لەئاستی نێودەوڵەتیدا.

# کارتەر[35] ❊
# Jimmy Carter

**ئەودەمەی کارتەر پێی نایە کۆشکی سپییەوە لەساڵی ١٩٧٦دا، هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاوس بوو بەچەندین فاکتەری تەقینەوەی ترسناک و تۆقێنەر. هێشتا پرەنسیپەکەی نیکسۆن جێی ستایش و پیاهەڵدانی بەشێک لەبڕیار بەدەستانی ئەمەریکا بوو، بەو پێیەی ئەو پرەنسیپانە ڕاستەوخۆ زیانیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا نەگەیاندووە.**

---

٣٥ - جیمی کارتەر (١٩٢٤ - ....)، سیو نۆهەمین سەرۆکی ئەمەریکایە (١٩٧٧ - ١٩٨١)، سەر بەپارتی دیموکراتە. لەشاری بلینزی سەر بەویلایەتی جۆرجیا لەدایکبووە. تەکنیکار بووە لەهێزی دەریایی ئەمەریکادا. ساڵی ١٩٦٢ بووە بەئەندامی کۆنگرێس، لەساڵی ١٩٧٠ەوە تا کاتی هەڵبژاردنی بەسەرۆکی ئەمەریکا، حاکمی ویلایەتی جۆرجیا بووە.
یەکێک لەکارە گرنگەکانی سەردەمی سەرۆکایەتی کارتەر لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، پەیمانی کامپ دیڤید بوو، کە لەنێوان میسرو ئیسرائیلدا بەستراو بووە هۆی کۆتایی هێنان بەجەنگی نێوانیان. هەروەها بەبارمتە گرتنی دیبۆلۆماسییەکانی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لەتاران، ڕووداوێکی گرنگی دیکەی سەردەمی سەرۆکایەتی کارتەر بوو، کە بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ بەدەستبەسەری هێشتیانەوە. ئێرانییەکان تا ئەو ڕۆژەی کە کارتەر کۆشکی سپی بەجێهێشت لە٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٨١دا، ئازادیان نەکردن. جیمی کارتەر لەسەرەتای دەیەی ١٩٩٠ەوە وەک ناوبژیوانێکی ئاشتی لەگەڵێک کێشەو قەیراندا دەرکەوت و لەساڵی ٢٠٠٢شدا بەهۆی هەوڵو کۆششییەوە لەپێناو سەقامگیرکردنی ئاشتیو ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ، خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێبەخشرا. ئەو کە هێشتا لەژیاندا ماوە، یەکەم سەرۆکی سەر بەویلایەتەکانی باشوری ئەمەریکایە، لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی ناوخۆی ئەمەریکاوە، پێدەنێتە کۆشکی سپییەوە. (و)

ئیســـرائیل دوای جەنگی ئەکتۆبەر هێزو توانای خۆی بەدەســـت هێنایـــەوە، دامـــودەزگا ســـەربازییەکانی، زۆر لەســـاڵی ١٩٧٣ تۆکمەو بەهێزتر بوون. پاش تێپەڕینی ســـێ ســـاڵ بەسەر جەنگی ئۆکتۆبەریشـــدا، توانای سەربازیی ئەو وڵاتە بەڕێژەی لە٤٠٪ تا ٦٠٪ بەبەراورد لەگەڵ پێش جەنگدا بەرز ببووەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، ڕژێمی شـــا لەئێران وەک بەهێزترین و گەورەترین هێزی ســـەربازیی کەنداو بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکای لەو ناوچەیەدا دەپاراست. واتە ئەم دوو هاوپەیمانە ســـەرەکییەی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هێشتا کانگای دڵنیایی ئیدارەی ئەمەریکی بوون.

قەیرانـــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت کە لەکێشمەکێشـــی عەرەب و ئیسرائیلدا بەرجەســـتە بوو، بایەخی هەرە سەرەکی و ئەولەوییەتی لەسیاســـەتی دەرەوەی ویلایەتـــە یەکگرتووەکانـــدا داگیر کردبوو. ئیدارەی ئەمەریکی  لەچوارچێوەی ســـوودوەرگرتن لەئەزموونەکانی نیکســـۆندا هەوڵی دەدا لەســـەر ئەو هەنگاوانەی بەردەوام بێت کە بەئاراستەی پرۆسەی ئاشتیدا نابووی.

ئیدارەی کارتەر هەموو قورســـایی خۆی بەکارهێنا بەمەبەســـتی چارەســـەرکردنی قەیرانەکەو پەرەدان بەوتوێژەکانی ئاشـــتی نێوان میســـرو ئیســـرائیل لەســـاڵی ١٩٧٧دا، کە ســـەرەنجام مۆرکردنی «ڕێککەوتننامەکانـــی کەمپ دێڤید»ی لێکەوتـــەوە لە٦ی ئەیلولی ١٩٧٩دا.

ئەم ئاهەنگی شـــادی و ســـەرکەوتنە سیاســـییەی کارتەر، کە سیاسەتمەدارانی کۆشکی سپی بەچەپڵەڕێزانێکی گەرمەوە پێشوازییان لێکـــردو زۆرێک لەچاودێرانیـــش پێیان وابوو ســـەرکەوتنی کارتەر

لەدووەمین خولی هەڵبژاردنی ســەرۆکاتی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا مســۆگەر دەکات، لەراســتیدا زۆری نەخایاند. چونکــە مۆرکردنی رێککەوتننامەکــە لەگەڵ گۆڕانکارییەکی سیاســی گەورەدا هاوکات بوو کە لەوبــەری ئەم ناوچەیە واتە "ئێران"دا روویدا. لەشــوباتی ١٩٧٩دا، رژێمی شا هەرەسی هێناو کۆماری ئیسلامی ئێران دامەزرا. کە لەهێڵە سیاســییە گشــتییەکانیدا هەڵگری دروشــمگەلێکی دژ بەئەمەریکا بوو. دیارترین وێنەی پێکدادانی نێوان شۆڕشی ئیسلامی و ویلایەتە یەکگرتووەکان قەیرانی "بارمتەکان" بوو لەتاران.

بەدوای ئەم رووداوە مەترسیدارەشدا، لەکانونی یەکەمی ١٩٧٩دا ناوچەکە داگیرکردنی ئەفغانســتانی لەلایەن ســوپای ســۆڤیەتەوە بەخۆیــەوە دی، کە ئــەم رووداوەش بــاری ئیــدارەی ئەمەریکی هەرچی زیاتر قورســتر کردو ســەرباری ئەو گێژاوە گەورەیەبوو کە تێیکەوتبوو.

ئــەم گۆڕانکارییانە ئیدارەی کارتەرییان لەبەردەم هەلومەرجێکی دژواردا راگرت و ئەوەشــیان بەســەر ســەرۆک کۆماری ئەمەریکادا ســەپاند کە ســەرلەنوێ بەبنەماو کۆڵەکانی سیاســەتی دەرەوەی ئەمەریکادا بچێتەوە، ئەو بنەمایانەی هێشــتا پشــتیان بەدۆکترنی نیکسۆن بەستبوو.

سەرکەوتنی شۆڕشی ئیســلامیی ئێران، ئەزموونێکی سەخت و گران بوو بۆ دۆکترنی نیکسۆن و کۆی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەدەیەی (١٩٧٠)دا، ئــەم رووداوە ئیدارەی ئەمەریکیی رووبەرووی ئەم راستییانە کردەوە:

١ـ پشتبەســتن بەهاوپەیمان بۆ پاراســتنی بەرژەوەندییەکانی

ئەمەریکاو فەراهەمکردنی کەشـێکی گونجاو بۆ دامەزراندنی بنکەی سـەربازیی ئەمەریکی، پرۆسـەیەکە هەلومەرجی سیاسی ناوخۆیی هاوپەیمانەکـە تەحەکومی پـێ دەکات، کە ئایا تـا چەند توانای کۆنترۆڵکردنـی بارودۆخەکـەی خۆی هەیە؟ چارەنووسـی بوونی ئەمەریکیش پەیوەستە بەئەنجامی جەنگی هاوپەیمانەکەیەوە لەگەڵ دوژمنەکەیدا، ئەگەر لەم جەنگەدا هاوپەیمانەکەی بەسـەرکەوتوویی هاتـەدەر، ئەوا بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا ناکەونە مەترسـییەوە. بەپێچەوانەشـەوە ئەگەر هاوپەیمانەکەی واشـنتۆن لەجەنگەکەیدا تێکبشـکێت، ئـەوا بەرژەوەندییەکانـی ویلایەتـە یەکگرتووەکان هەرەسـدەهێنن. بەپێی دۆکترنی نیکسـۆن ئەمە بەمانای ئەوە بوو کە چارەنووسـی بەرژەوەندییەکانی واشـنتۆن لەدەست هاوپەیمانە ناوچەییەکانیدایەو بەوەشـەوە شـەتەک دراوە کە ئەم هاوپەیمانە تـا چەند بەکارامەیـی مامەڵە لەگـەڵ ڕووداوە کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراوەکاندا دەکات.

٢ـ هەرەسـهێنانی یەکجاریـی ڕژێمێکـی هاوپەیمـان، گەلێک مەترسـیدارترە لەوەی لەڕووی سـەربازییەوە تێکبشکێت. چونکە لەسـایەی تێکشـکانی سـەربازیدا، بوونی ئەمەریکی ڕووبەڕووی مەترسـییەکی ڕاسـتەقینە نابێتـەوە، ڕێی تێدەچێـت جارێکیتر هەلومەرجەکە بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی جارانی، ڕەنگە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا بتوانێت باشـتر لەڕابـردووش جڵەوی بارودۆخەکە بەدەسـتەوە بگرێ، لە حاڵەتی یەکەمدا هەرەسـهێنان و ڕووخانی ڕژێمـی هاوپەیمان، هەرەسـی نفـوزی ئەمەریکی بـەدوادا دێت و لەهەلومەرجێکـی وادا، گەڕانەوەی دۆخەکە بۆ دۆخی جاران گەلێک

ئەستەمە . لەبەرئەوە چوونەدەری هەر دەوڵەتێک لەبازنەی هاوپەیمانی ئەمەریکا، بەمانای لەدەستدانی بنکەیەکی ستراتیژی ئەمەریکایە لەناوچەکەداو قەرەبووکردنەوەشی دژوارە، چونکە هەر لەسەرەتاوە لەسەر ئەو بنەمایە هەڵبژێردراوە کە خاوەنی باشترین خەسڵەت و تایبەتمەندییە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیدا.

٣ ئاسەواری خراپی بێ توانایی ڕژێمێک لەوەی پارێزگاری لەخۆی پێنەکرێت و هەرەس بهێنێت، تەنها بەو ناوچەیەوە ناوەستێ کە تیا تێکدەشکێت، بەڵکو لەئاستێکی فراوانتردا بازنەی بەرژوەندییەکانی ئەمەریکا دەگرێتەوەو ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر ئیدارەی ئەمەریکی دەبێ و دواجار پێگەو ڕاستگۆیشی وەک زلهێزێک دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە خاوەنی هێزو توانایەکی گەورەیە بۆ کارکردنە سەر دۆسیەی تەرتیباتی ئەو ناوچانەی بەناوچەی نفوزی ئەمەریکا دادەنرێن.

٤ـ ڕووخانی ڕژێمێکی هاوپەیمانی ئەمەریکا و گومانکردن لەڕاستگۆیی ئەمەریکاو لەرزۆک بوونی پێگەی سیاسی و سەربازیی لەهەر ناوچەیەکی ئەم دونیایەدا، متمانەی هاوپەیمانەکانی بەئەمەریکا لاواز دەکات، دوای ئەوەی کە دەروانن ئەو هێزە گەورەیە توانای پارێزگاریکردن لەهاوپەیمانێکی وابەستە بەخۆی نییە . ئەگەر ئیدارەی ئەمەریکا توانیوییەتی ئەو متمانەیە لەڕێگەی هەڵوێستییەوە بەرامبەر بەئیسرائیل لەکاتی جەنگی ئۆکتۆبەرو دوای ئەو جەنگەشدا بپارێزێت. ئەوا ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران تا دواسنوور ئەو متمانەیەی لەبناغەوە هەڵتەکاند. ئەم ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوە، ئیدارەی کارتەری ڕووبەڕووی ڕەخنەگەلێکی

توندکردەوە، کە تەوەرەی ســەرەکی ڕەخنەکانیش مەســەلەی ئەو متمانەیە بوو، هاوپەیمانە ناوچەییەکانی بەحکومەتی ئەمەریکییەوە دەبەستەوە.

ئــەم واقیعە تاڵانەی کــە پێکڕاو بەجارێک لەبــەردەم ئیدارەی کارتەردا قوت بوونەوە، بەئاشــکرا ئاماژە بوون ڕووەو ئاراستەیەکی دیاریکراو، ئەویش بەردەوامبوون لەسەر پشت بەستن بەدۆکترنەکەی پێشووی نیکســۆن، بەمانای پاشەکشــە کردنێکی مەیدانی دەبێت لەئەدای سیاســیی ئەمەریکادا لەبەردەم ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی بەخۆیەوە دەبینێ. ئەمەش گوزارشــتی لەو شکستە گەورەو بەئازارە دەکرد کە ڕووبەڕووی ویلایەتە یەکگرتووەکان ببووەوە.

لەبەر ڕۆشــنایی ئــەم هەلومەرجەدا، ئیدارەی کارتەر هەســتی بەپێویســتی جموجۆڵێکی سیاســی خێرا کرد لەپێناو پارێزگاریی کردن لەپاشــماوەی نفوزی ئەمەریکا لەناوچەی کەنداودا لەقۆناغی یەکەمدا، پاشــان لەقۆناغی دووەمیشدا بۆ بەدەست هێنانەوەی ئەو ناوچانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەدەســتیدا بوون، یاخود گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤی نوێ بۆ ئەوەی جێگەی ئەو ناوچە لەدەستچووانە بگرنەوە.

ئیدارەی کارتەر بەشێوەیەکی گشتی بەم شێوەیە واقیعی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هەڵدەسەنگاند:

١ـ بەئەندازەی پێویســت پارێزگاریــی لەناوچەی کەنداو ناکرێت و ڕژێمە وابەســتەکانی ئەمەریکا قورســاییەکی سەربازیی ئەوتۆیان نییــە لەناوچەکەدا تا ئیدارەی ئەمەریکا پشــتیان پێ بەســتێت و

لەبەرژەوەندییەکانی دڵنیا بێت. ئەوەی قەبارەی ئەو مەترسییانەشـــی گەورەتر کرد بوو، گەشەسەندنی ڕەوتە ئیسلامییەکان بوو لەو ناوچەیەدا، کە ئەو دیاردەیە بەئاشکرا لەزیاتر لە وڵاتێکدا سەریان هەڵداو هەڕەشەیان لەبەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکرد.

٢ـ ناوچەی کەنداو بەشـــێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن سۆڤیەتەوە هەڕەشـــەی لێدەکرێـــت و لاوازی ئەمەریکاش لـــەو ناوچەیەدا هەرچی زیاتـــر دەبێتە هاندەر بۆ نزیک کەوتنەوەی خێرای یەکێتی ســـۆڤیەت لەناوچەکە.

٣ـ ســـۆڤیەت بوونێکی بەهێزی لەکەناری دەریای ســـووردا هەیە، "یەمەنی باشـــوورو حەبەشە" دوو بنکەو پێگەی بەهێزی سۆڤیەتن لەو ناوچەیەدا، ئەمەش تەحەداکردنی نفوزی ئەمەریکییە لەهەردوو ناوچەی دەریای سوورو کەنداودا.

٤ـ لەبەرامبەر ئەم خاڵە لاوازانەشدا، ئەمەریکا خاوەنی چەند خاڵێکی بەهێز بوو، ئەویش ئەوە بوو کە زۆربەی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی کەنداو لەڕێگەی ڕێککەوتننامەی ســـەربازییەوە بەئەمەریکاوە وابەستەبوون، هەروەها بنکەی ســـەربازی ئەمەریکیی لەخاکـــی زۆربەی ئەو وڵاتانەدا دامەزرابوو، ئەگەرچی بنکـــەی لاوەکی ئەمەریکا بوون بەبەراورد بەدوو بنکە بەهێزەکەی دیکەی "ئێران و ئیسرائیل".

٥ـ گفتوگۆی ئاشتی نێوان میسر و ئیسرائیل چەندین قۆناغی گەورەی بڕیبوو. لەم ڕێگەیەشـــەوە ئەوە زامنکرا بوو کە ئیســـرائیل ڕووبەڕووی هەڕەشەی عەرەب نابێتەوەو پێگەی سەربازیی ئەو هاوپەیمانەی جارێکیتر ناکەوێتە مەترسییەوە، پاش ئەوەی بەرەی باشووری ئیسرائیل لەوپەڕی ئارامی و ئاسایشی تەواودا بوو.

٦ـ لەبەرەی ڕۆژئاوای دەریای سوورەوە چەند ڕژێمێکی هاوپەیمانی ویلایەتـــە یەکگرتووەکان هەن، کـــە دەکرێ پێکـــەوە لەچوارچێوەی پلانگەلێکی نوێدا هاوکاری بکەن بەمەبەســـتی زیادکردنی هێزو بوونی ئەمەریکا لەو ناوچەیەدا.

لەبەر ڕۆشـــنایی ئـــەم واقیعەدا، کارتەر هێڵە سیاســـییە نوێکانی حکومەتەکەی ڕاگەیاند کە بە«دۆکترنی کارتەر» ناسرا. لەدۆکترنەکەی کارتـــەردا هاتووە «ویلایەتە یەکگرتـــووەکان کار بۆ زیادکردنی بوونی ســـەربازیی ڕاســـتەوخۆی دەکات لەناوچەکانـــی نفوزیداو ئـــەم بوونە ســـەربازییەش لەو ناوچانەدا چڕتر دەکاتـــەوە کە بەناوچەی «ڕووداوە گەرمەکان» ناودەبرێن.

بەپێی دۆکترنی کارتەر شـــێوەی بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئەمەریکا لەسەر سێ کۆڵەکەی سەرەکی بنیات دەنرێت:

یەکـــەم: زیادکردنی بنکە ســـەربازییە ئەمەریکییەکان لەشـــوێنە هەستیارەکانی جیهان و بەرزکردنەوەی ئاستی کارایی لەڕووی تەکنیکی سەربازیی و هێزی مرۆییەوە. بۆ ئەوەی واشنتۆن توانای یەکلاکردنەوەو کۆتایی هێنان بەو هەلومەرجە کتوپڕانەی هەبێت کە بوونی سەربازیی ئەمەریکی تیا دەکەوێتە مەترسیی پاشەکشێ و هەرەس هێنانەوە.

لەم چوارچێوەیـــەدا ویلایەتـــە یەکگرتووەکان بوونی ســـەربازیی لەخاکی چەند ڕژێمێکی وابەستە بەخۆیدا لەڕێگەی دامەزراندنی بنکەی ســـەربازییەوە چڕ کردەوە، وەک بنکەی «مصیرە» لەسوڵتان نشینی عەمـــانو «بەربەرە» لەســـۆماڵ و «مومباســـا» لەکینییاو «دییاگۆ گارســـیا» لەزەریای هندی و «راس بناس» لەمیسرو چەندین بنکەی دیکە لەسعودییەو بەحرێن و سۆدان و وڵاتانی دیکەدا.

دووەم: دامەزراندنی هێزی دەســتێوەردانی خێــراو بەرزکردنەوەی توانای جەنگیی ئەم هێزە بەئەندازەیەک کە بتوانێت لەکاتی سەرهەڵدانی هەر قەیرانێکدا لەناوچەی نفوزی ئەمەریکادا ڕاســتەوخۆ و دەستبەجێ دەســتبەکار بێ و لەبەرژوەندیی ئەمەریکا کێشەکان یەکلایی بکاتەوەو کۆتاییان پێ بهێنێت.

ســێیەم: ئامادەکاریی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دەســتێوەردانی فراوانی سەربازیی بەهەموو قورســایی خۆیەوە بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی هەر هەڕەشــەیەک کە بەرژەوەندییەکانی بخاتە مەترسییەوە، جا ئەم هەڕەشەیەش لەوڵاتانی ناوچەکەوە بێت یاخود لەئۆردوگای کۆمۆنیزمەوە، پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەوپەڕی کاراییەوە ڕووبەڕووی ببێتەوە. لەحاڵەتی یەکەمیاندا، بەرپرســیاریەتی بەرەنگار بوونەوەی لەئەستۆی بنکە سەربازییەکان و هێزی دەستێوەردانی خێرادایە. بەڵام لەحاڵەتی دووەمدا، بەرپرســیارێتی ڕووبەڕوو بوونەوەی هێرشــبەران، دەکەوێتە ئەستۆی کۆی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا، بەهەردوو هێزی کلاسیکی و ئەتۆمییەوە، شانبەشانی هێزی ئەو لایەن و وڵاتانەی کە لەگەڵ ئەمەریکا دەکەونە بەر هەڕەشــەو مەترســییەوە. ئەم سیاسەتە تەرجەمەکردنی پراکتیکی ئەو ستراتیژییە گشتییەی سیاسەتی کارتەر بوو کە بە«جەنگ و نیمچە جەنگ» ناودەبرێت. «جەنگ» بەو مانایەی ئەمەریکا ئامادەیە بەهاوکاری «ئەوروپا» جەنگێکی سەرتاسەری لەدژی یەکێتی سۆڤیەت هەڵگیرسێنێت، «نیوە جەنگ»یش بەمانای چوونە ئەو جەنگەوەیە کە «لەئەودوای ناوچەکانی دیکە»ی جیهاندا هەڵدەگیرسێت.

بەپێی دۆکترنی کارتەر، ئیدارەی ئەمەریکی بایەخی یەکەمی بەناوچەی کەنداو دەداو لەڕووی گرنگی پێدانەوە دەخرایە پێش ئەودوای ناوچەکانی

دیکەی جیهانەوە، هەروەها ئەم دۆکترنە ناوچەی کەنداوی بەناوچەیەکی ستراتیژی ناوبرد بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، بەو پێیەی ئاسایشی ناوچەی کەنداو پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەقوڵایی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە هەیە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم بایەخ پێدانەدا، دۆکترنی کارتەر یەکەمین ئاراستەی سیاسییە لەمێژووی سیاسیی ئەمەریکادا کە بەو ئەندازەیە گرنگی و بایەخ بەناوچەی کەنداو بدات، نەک تەنها هەر لەئاستی ئەمەریکادا، بەڵکو لەگۆڕەپانی نێودەوڵەتیشدا. ئەم بایەخ پێدانەشی کرد بەپێوەرێکی کردەکی بۆ ڕاستگۆیی ئەمەریکا، ئەمەش کارێک بوو کە لەگەڵ ویستی گشتیی داڕێژەرانی بڕیاری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەگونجا.

ئەگەرچی ئەو شکستە پەیتا پەیتایانەی بەرۆکیان بەئیدارەی کارتەر دەگرت، کاریگەرییان هەبوو لەکۆتایی هێنان بەڕۆڵی سەرۆکایەتی و بێبەشکردنی لەوەی لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا بۆ خولی دووەم هەڵبژێردرێتەوەو سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام سەرەنجام دۆکترنەکەی لەلایەن ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی ئەمەریکاوە ستایش و پەسەندکرا. لەبەرئەوەی ڕەنگدانەوەی ویستی گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو بۆ دەست وەردانە ڕاستەوخۆی کێشە گەرمەکان و دیاریکردنی ئاراستەو نەخشەکێشانی ڕەوتی ئایندەی ڕووداوەکان. ئەمەش ئەو دەمە ئاشکرابوو کە سەرۆک ڕیگان، تەبەنی هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی کارتەرو ئەو پرەنسیپەی کرد لەکۆتایی ماوەی سەرۆکایەتییدا ڕایگەیاند بوو.

# ڕیگان[٣٦]

Ronald Reagan

**هـاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی سـەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسـاڵی ١٩٨٠دا، ڕیـگان ڕەخنەیەکی زۆری ئاراسـتەی سـاڵانی سـەرۆکایەتی کارتەر کرد. ئـەم ڕەخنانە وا ڕاڤەکـران کە ڕیگان**

٣٦ - ڕۆناڵد ڕیگان (١٩١١ ـ ٢٠٠٤)، چل هەمین سەرۆکی ئەمەریکایە (١٩٨١ ـ ١٩٨٩)، لەویلایەتی ئەلینۆی لەدایکبووە، لەگەنجێتیدا ڕووی کردووەتە ویلایەتی کالیفۆرنیاو بەکاری بێژەری ڕادیۆو تەلەفزیۆنەوە خەریکبووەو پاشان بووەتە ئەکتەری سینەماو سەر بەپارتی کۆمارییە. ڕیگان کە بەر لەهەڵبژاردنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی، حاکمی کالیفۆرنیا بوو، بەیەکێک لەسەرۆکە گەورەکانی ئەمەریکاو بەقارەمانی نیشتمانی دادەنرێت، ئەو توانی سەرکەوتنی مێژوویی و گەورە لەئاستی ناوخۆی وڵات و سیاسەتی دەرەوەشدا بەدەست بهێنێت. ڕیگان دوژمنی سەرسەختی سۆڤیەت و ئۆردوگای کۆمۆنیزم بوو، لەدەیەی هەشتای سەدەی ڕابردوودا سەرکردایەتی بەرەیەکی جیهانیی دژ بەیەکێتی سۆڤیەت و ئۆردوگای کۆمۆنیزمی دەکرد، کە (پاپای ڤاتیکان و ئوسامە بن لادن) بەشێک بوون لەستافەکەی. ڕیگان، لەسەردەمێکدا گەیشتە دەسەڵات و بوو بەقارەمانی نیشتمانی، کە بیروڕای ڕاست ڕەوانە باڵی بەسەر ئەمەریکادا کێشابوو، ئەو کاتەی دوای دوو خولی سەرۆکایەتی کە کۆشکی سپیشی بەجێهێشت، دوو لەسەر سێی ئەمەریکییەکان پشتگیرییان لەکارو هەڵوێستەکانی دەکرد. بەدوای بەجێهێشتنی کۆشکی سپیدا، زۆری نەخایاند تووشی نەخۆشی زهایمەر بوو، کە بەتەواوی بیرەوەری لەدەست داو تا وادەی مردنی کەسی نەدەناسییەوە.
پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران کردنی هەڵەبجە، دوو کارەساتی دڵتەزێنی کورد بوون کە لەسەردەمی سەرۆکایەتی ڕیگاندا ڕوویاندا. (و)

خەریکی دارشتنی پلانی سیاسەتێکی نوێیە بەمەبەستی سڕینەوەی پلانی کارتەر لەواقیعی سیاسەتی ئەمەریکیداو خوازیارە ڕێبازە نوێکەی خۆی بکات بەجێنشینی ڕێبازەکەی پێشوو.

بەڵام لەڕاستیدا وا نەبوو. چونکە ڕەخنەکانی ڕیگان، بەکردەوە ئاراستەی شێوازی پەیوەندییە دەرەکییەکانی کارتەر بوو کە لەسەردەمی خۆیدا ڕایگەیاند بوو، نەک ڕێبازەکەی کە ڕیگان بەردەوام لەسەری و پەیڕەوی دەکرد.

ڕیگان پێی وابوو پەرەدان بەهێزی سەربازیی وەک بڕبڕەی پشت و ئەو بنەمایەی کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکای لەسەر ڕاست دەبێتەوە کارێکی پێویستە، ئەم هەڵوێستە بەمانای درێژەدان بەپرەنسیپی کارتەرو گەشەپێدانی بوو بەئاراستەی زیاتر بەهێزکردنی توانای سەربازیی ئەمەریکادا. ئەمەش بەم دوو دەست پێشخەرییەدا دەردەکەوێ کە ڕیگان بەکردەوە ڕایگەیاند:

یەکەم: پێشکەشکردنی پشتیوانی سەربازی زیاتر بەوڵاتانی هاوپەیمان و وابەستەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و زیاتر کاراو ئەکتیڤترکردنی هێزی دەستێوەردانی خێرا، هەروەها بەردەوامبوون لەگەڕان بەدوای ناوچەی ستراتیژی و کارکردن بۆ دامەزراندنی بنکەی سەربازی لەو ناوچانەدا. لەئەنجامی ئەمەشدا بودجەی سەربازیی بەشێوەیەکی بەرچاو بەبەراورد لەگەڵ ڕابردوودا ڕووی لەزیادی و هەڵکشان کرد.

دووەم: کارکردن بۆ دامەزراندنی بنکەی سەربازیی هەمیشەیی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەمەرجێک ئەم بنکانە خاوەنی هێزو توانایەکی ئەوتۆ بن کە بتوانن کار لەهەلومەرجی سیاسی و

سەربازیی ناوچەکە بکەن و لەپشت ئەمەشەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان باڵادەستی سیاسی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مسۆگەرو زامن بکات. تاکە هاوپەیمانی ئەمەریکاش کە دەیتوانی، بەرگی کردەووە بەبەر ئەم ئامانجەداو لەگەڵ ئەم ئاراستەیەشدا دەگونجا، ئیسرائیل بوو.

هەرچەندە لەسەردەمی کارتەردا پێگەی ئیسرائیل قایم و بەهێزتر بوو بەتایبەتی دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی "کەمپ دێڤید"، بەڵام ئیدارەی ڕیگان دەیویست زیاتر لەڕووی سەربازییەوە پشتی ئیسرائیل بگرێت، لەبەرئەوەی ئەو بایەخ و گرنگییەی لەئیسرائیلدا دەیبینی زۆر زیاتربوو لەوەی کە ئیدارەی کارتەر لێی دەڕوانی. ئیسرائیل لەدیدی ڕیگانەوە بریتی بوو لەو تاکە هاوپەیمانەی ئەمەریکا کە توانای بەدیهێنانی ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە.

ئیدارەی ڕیگان تا ڕادەیەک بەشێوازێکی نوێوە مامەڵەی لەگەڵ ناوچەکەدا کرد، بیرۆکەی پشت بەستنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی بەچەند هاوپەیمانێک وەلاناو پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە ئاسایش و سەقامگیریی سیستەمی سیاسی ناوخۆیی هەر وڵاتێک و وابەستەبوونی بەرژەوەندییەکانیشی بەبەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاوە بەشێوەیەکی ئۆرگانی «مەرجی هەرە سەرەکی بۆ بوون بەهاوپەیمانی هەمیشەیی واشنتۆن»ە. ئەم مەرجانەش تەنها لەئیسرائیلدا هەبوون، تەنها ئەو وڵاتەش دەیتوانی ببێتە هاوپەیمانی ڕاستەقینەو ستراتیژیی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

بەم پێیە، ڕیگان لەچوارچێوەی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە

دەرەکییەکانی ئیدارەکەیدا، وەک هاوپەیمانی هەمیشـــەیی مامەڵەی لەگەڵ ئیســـرائیلدا کرد، ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە ســـەرۆک کۆماری ئەمەریکا ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەودوای وڵاتانی ناوچەکەدا وەک هاوپەیمانی پلە دوو ڕێکخستەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نەبوو کە زیادکردنی پشتیوانی سەربازیی ئەوان ناگرێتەوە.

بەمجۆرە ڕیگان پلانی کارتەری بەرەو پێش بردو گۆڕانکارییەکی گەورەی تیا بەدیهێنا، لەڕێگەی گەڕان بەدوای پێگەی هەمیشـــەییدا بۆ بوونی ئەمەریکی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا، نەک ئەوەی تەنها بەدامەزراندنی بنکەی ســـەربازییو ئاسانکاری کردن بۆ هێزی دەســـتێوەردانی خێرا لـــەو ناوچەیەدا دەســـت هەڵگرێت. هەروەها هەوڵیـــدا وڵاتە ڕۆژئاواییـــەکان لەو پڕۆژە ئەمەریکییانەدا بەشـــدار بکات کە خەســـڵەتی ســـەربازییان هەبوو، ئەمەش لەهەناوی خۆیدا هەڵگریی ڕەهەندێکی سیاســـی بوو، چونکە باڵادەستی نێودەوڵەتی و ڕابەریـــی و پێشـــڕەویی بێ ڕکەبەری بەویلایەتـــە یەکگرتووەکان دەبەخشـــی. ئیدارەی ئەمەریکاش بەتەنـــگ گرنگی بەدیهێنانی ئەم پێگە جیهانییەوە بوو بەمەبەســـتی گەڕاندنەوەی هەیبەت و شکۆ بۆ ویلایەتـــە یەکگرتووەکان وەک تاکە زلهێـــزی جیهان و تاکە زلهێزی ئەکتیڤو کاریگەر لەهاوکێشەی ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا.

## بوش[٣٧]
George Bush

**سەرۆكایەتی جۆرج بوش "باوك" بەخاڵی وەرچەرخانێكی گرنگ دادەنرێت لەمێژووی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا. لەماوەی چوار ساڵی دەسەلاتی ئەم سەرۆكەدا، ویلاتە یەكگرتووەكان بەزۆری**

٣٧ - جۆرج بوش (١٩٢٤ - ...)، چلو یەكەمین سەرۆكی ئەمەریكایە (١٩٨٩ - ١٩٩٣)، لەویلایەتی ماسۆتشوستس لەباوەشی خێزانێكی سەرمایەدارو سیاسەتمەدار لەدایكبووەو سەر بەپارتی كۆمارییە.

لەتەمەنی نۆزە ساڵیدا، كاتێك وەک فڕۆكەوان لەبەرەی ڕۆژهەلاتی دووردا دەجەنگا، ژاپۆنییەكان لەسەر ئۆقیانووسی ئارام فڕۆكەكەیان خستە خوارەوە، بەلام بوش توانی خۆی ڕزگار بكات. ئەو یەكێكە لەسەرۆكە هەرە بەتواناو كاراكانی ئەمەریكا، لە١٩٦٦دا دەبێتە ئەندامی كۆنگرێس و بەگەمە سیاسییەكانی ئەمەریكا ئاشنا دەبێت، لە١٩٧١ەوە تا ١٩٧٢ دەبێتە باڵوێزی ئەمەریكا لەنەتەوە یەكگرتووەكان و شارەزای ڕێساو یاسا نێودەوڵەتییەكان دەبێت، لە ١٩٧٣ەوە تا ١٩٧٦ دەبێتە باڵوێزی وڵاتەكەی لەچیین و لەنزیكەوە لەپەیوەندی و هاوكێشەی سیاسی وڵاتە سۆشیالیستەكان بەئاگا دەبێت، لەساڵانی ١٩٧٦و ١٩٧٧دا دەبێتە بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی ئەمەریكا CIA، كە گەورەترین دەزگای هەواڵگریی جیهانە. لە١٩٨١ەوە تا ١٩٨٨ دەبێتە جێگری سەرۆک ڕیگان و ئاشنا بەئیدارە كردنی دەوڵەت دەبێت. بوش لەساڵی ١٩٨٩دا، بەم هەموو شارەزایی و ئەزموونەوە دەبێتە سەرۆكی ئەمەریكا. لەسەردەمی سەرۆكایەتی ئەودا وەرچەرخانێكی گەورەی مێژوویی ڕوویدا، كە ڕوخانی دیواری بەرلین و هەرەس هێنانی یەكێتی سۆڤیەت و ئۆردوگای سۆشیالیستی ئەوروپای ڕۆژهەلات بوو. بوش ئیسرائیلی و فەلەستینییەكانی بانگهێشت كرد بۆ كۆنگرەی ئاشتیی مەدرید. ڕاپەڕینی ١٩٩١ی باشووری كوردستان و كۆڕەوە مەزنەكەو پێكهێنانی ناوچەی دژە فڕینیش لەسەردەمی ئەودا بوون. (و)

زۆردارەکی بڕیاری خۆی بەســەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا سەپاندو توانــی ڕەوتی ڕووداوەکان بەو ئاقــارە تایبەتییەی خۆیدا ببات کە گەرەکی بوو، ئەمەش بەهەڵوێســتی ئیــدارەی ئەمەریکی دەرهەق بەقەیرانی کەنداودا دەردەکــەوت. چەند مانگێکی کەم بەدوای ئەم قەیرانەشــدا بلۆکی کۆمۆنیزم بەیەکجاری هەرەسی هێناو لەبەریەک هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت بەڕەسمی ڕاگەیەندرا، کە گەورەترین و گرنگتریــن ڕووداوی ڕۆژگاری پاش جەنگی دووەمی جیهانی بوو. بەمەش جەنگی سارد لەبەرژەوەندی ئەمەریکا کۆتایی هات و جیهان کەوتە ژێر ســایەی سیســتەمێکی نێودەوڵەتی نوێوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕابەرایەتی دەکرد و تیایدا تاک جەمسەر بوو.

ئەگەر گفتوگۆکانی ئاشــتی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیســرائیل بخەینە پاڵ، ئەوا دەکرێت بڵێین ســەردەمی بوش پڕ بووە لەڕووداو گەلی نائاســایی. ڕەنگە ئەمەریکا هیچ کاتێک وەک سەردەمی بوش سەرکەوتنی بەبایەخ و گەورەی بەخۆیەوە نەدیبێت.

بەڵام سەیر ئەوەیە ئەم سەرکەوتنە لێک نزیکانە، ئەو دەرفەتەیان بۆ سەرۆکی ئەمەریکا نەڕەخساند کە بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتی هەڵبژێردرێتەوە. واتە ئەم سەرکەوتنانەی دەرەوە، لەئاستی ناوخۆدا وەها ڕاڤە نەکران کە چەند دەســکەوتێکی دروســتکراوی „بوش بن„ ئەمەش نزیکترین دیدو بۆچوون بوون لەڕاستییەوە، بەڵام „بەشێک لەڕاستی بوو نەک„ هەمووی.

# گەردەلوولی بیابان

"گەردەلوولـــی بیابـــان" جێبەجــێ کردنێکـــی نموونەیی پلانی دەســـتێوەردانی خێرای کارتەر بـــوو، ڕەنگە باشـــترین ئەزموونی سیاســـەتی ئەمەریکیش بووبێت کە پلانێکی بەو سەرکەوتووییە تیا جێبەجێ کرابێت.

بەڵام پێویســـتە ئاماژە بەوەش بکرێت کە جۆرج بوش نەک هەر بەتەنها خاوەنی بڕیاری جێبەجێکردن بوو، بەڵکو توانی کەرەســـەو پێداویستییەکانی سەرکەوتنی ئەم جێبەجێکردنەش دەستەبەر بکات، کە مەســـەلەیەکی گرنگ و بنەڕەتییە لـــەم ڕووداوانەدا. بۆ نموونە ئیزنهاوەر، وەک پێشـــتر لێی دواین - پلانی پڕ کردنەوەی بۆشایی جێبەجێکرد. بەڵام ڕووبەڕووی ئاســـتەنگی سیاســـی هێندە گەورە بووەوە کە ڕێگەی لەسەرکەوتنی گرت. بەڵام بوش لەجێبەجێکردنی دۆکترنەکەی کارتەردا سەرکەوتنێکی سیاسی هێندە گەورەی بەدەست هێنا کە کەم بایەختر نەبوو لەســـەرکەوتنە سەربازییەکەی. لەوەش گرنگتر ئەم سەرکەوتنە دەرفەتی ئەوەشی ڕەخساند کە لەئاییندەشدا درێژە بکێشێت بێ ئەوەی کاردانەوەیەکی ئەوتۆی لێ بکەوێتەوە.

لەم ڕووەوە ئەو خاڵە بەهێزەی بوشـــی لەسەرۆکەکانی پێشتری پێ جیادەکرێتەوە، پاســـاو هێنانەوەی سیاســـییە وەک فاکتەرێکی بنەڕەتی لەپلانی دەستێوەردانی سەربازیدا. بەئەندازەیەک کە وایکرد بەکارهێنانی هێز ببێتە دەرەنجامێکی سروشتی پڕۆژەیەکی سیاسی، وەک ئەوەی ئۆپراسیۆنی سەربازی پرۆسەیەک بێت کە پلانی سیاسی سەپاندبێتی.

واتە هەر بەکارهێنانێکی هێزی ســـەربازی، پێویستە لەسۆنگەی

پاســاوێکی سیاسییەوە ســەرچاوەی گرتبێت. پێشتر سەرۆکەکانی ئەمەریــکا هەرکاتێک هەوڵی جێبەجێکردنــی ئەجندەکانیان دابێت پاساوی سیاسییان بۆ بەکارهێنانی هێزە سەربازییەکانیان هێناوەتەوە. بەڵام جیاوازییەکە ئەوە بوو کە لەئەزموونەکانی ڕابردوودا پاســاوە سیاســییەکان لەئاسایشــی نەتەوەیی ئەمەریکیدا چــڕ دەکرانەوە. ئەمەش دەرفەتی ئــەوەی دەدا بەلایەنــە نێودەوڵەتییەکانی دیکە کــە نارەزایی دەرببڕن. بەو پێیــەی بەرژەوەندی نەتەوەیی یەکێکە لەهۆکارە هەرە گرنگەکانی کێشمەکێشە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان. ئەوەی بەلای لایەنێکەوە بەئاســایش ناودەبرێــت، بەلای لایەنێکی ترەوە بەهەرەشە ڕاڤە دەکرێت. لەبەرئەوە سۆڤیەت کاردانەوەیەکی پێچەوانەیان بەرامبەر بەهەموو هەنگاونانێکی ســەربازیی ئەمەریکی هەبوو.

بەڵام لەقەیرانی کەنــداودا، بەدوای داگیرکردنی کوەیتدا لەلایەن عێراقەوە، بوش ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ قەیرانەکە کردو لەپلاندانانیدا بۆ دەستێوەردانی سەربازی، بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەمەریکی وەک بەشــێک لەبەرژەوەندیی نێودەوڵەتی ئاراستە کرد. پاشان لەرێگەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشەوە سیمایەکی نێودەوڵەتی و یاسایی دا بەدەســت تێوەردانەکە. هەروەها جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەش بەرووکــەش ئەمەریکی نەبــوون ـ ئەگەرچی لەڕاســتیدا وا بوون ـ بەڵکو شــێوەی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی فراوانی بەخۆوە گرت لەچوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

بۆ ئەو مەبەستەش، بوش گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لەجێبەجێکردنی دۆکترنــی کارتەردا کــردو ئەزموونێکــی نوێی ســەرکەوتووانەی

لەسیاسەتی ئەمەریکی پێشکەشکرد. بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەهەندەکانی ئەم دیمەنە، چاوێک بەدۆسیەی سیاسەت و هەنگاوە سەرەکییەکانی "بوش"دا دەخشێنین بەرامبەر بەداگیرکردنی کوەیت:

هێرشـــی عێراق بۆ ســـەر کوەیت لە٢ی ئابـــی ١٩٩٠دا، ویلایەتە یەکگرتووەکانـــی هاندا بۆ ئەوەی نەخشـــەیەکی نوێ بۆ جوگرافیای سیاسیی کەنداو بکێشێت، کە بەدیهێنانی مومکین بێت، نەخشەیەک کـــە ناکۆک بوو لەگەڵ سیاســـەتی ڕەســـمی دەرەوەی ئەمەریکادا، ئەگەری پێشـــڕەوی سۆڤیەتیشـــی ڕووەو کەنداو لەبەرچاو گرتبوو بەهۆی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان بەغدا و مۆسکۆوە.

لەبەرامبەر ئەم دیمەنەدا، ئیدارەی بوش ڕاڤەکردنی هەڵوێســـت و هەلومەرجەکـــەی هێنـــدە بـــەلاوە گران و گرفت نەبوو. ئاســـۆی ڕووداوەکەی ئەوەندە لەبەرچاو ڕوون بوو، کە جموجۆڵێکی بەپەلەو چالاکی لێ دەخواســـت. ئیـــدارەی ئەمەریکی ســـوودێکی گەورەی لەپێشێلکارییە یاســـاییەکانی داگیرکارییەکەی عێراق وەرگرت، بەو پێیەی دەست درێژیکارییەکی چەکدارانەیە و لەگەڵ ڕێککەوتننامەو شەرعیەتی نێودەوڵەتییدا ناکۆکە.

ویلایەتە یەکگرتووەکان چەند ڕێوشـــوێن و هەڵوێستێکی توندی گرتەبـــەر، بەجۆرێـــک کـــە توانـــی قەیرانەکە لەبازنـــە کەنداوی و عەرەبییەکـــەی دەربهێنێت و بیگوازێتەوە بـــۆ بازنەی نێودەوڵەتی، هۆکاری سەرکەوتنی ئەمەریکاش لەم کارەدا، لەلایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ سستی و لاوازی سیاسەتی وڵاتانی عەرەبی بەرامبەر بەڕووداوەکەو لەلایەکی دیکەشـــەوە هۆکارەکەی پەلەکردنـــی وڵاتانی کەنداو بوو لەداواکردنی "حمایە"ی ئەمەریکیدا.

لەئەنجامی ئەوەدا، ڕەوتی ڕووداوەکان بەشێوەیەک چوونە پێش وەک ئـــەوەی ڕووبەڕوو بوونەوەی عێراقـــی و ئەمەریکی بێت، نەک قەیرانێکی ناوچەی کەنداو، کە خەسڵەت و تایبەتمەندی هەرێمایەتی خـــۆی هەیەو گرێـــدراوە بەسیســـتەمی عەرەبییـــەوە بەپێی دەقە یاساییەکانی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی.

ئەمەریکا نەیدەویســـت لەم ڕوانگەیەوە سەرنج لەقەیرانەکە بدرێ و ئەم دیدو ڕوانینەی بەسەردا زاڵ بێت - ئەگەرچی ستایشی دەکرد لەبەر پاشـــەڕۆژ - هەوڵی ئەوەیدا کە ســـیفەتێکی نێودەوڵەتی پێ بدرێـــت و بخرێتە نێو چوارچێوەی ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکانەوەو چارەسەر کردنیشی بکرێتە کاری هەرە سەرەکی ئەنجومەنی ئاسایش. لەم ڕێگەیەشەوە ئیدارەی بوش توانی بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆی بەسەر ئەنجومەنی ناوبراودا بســـەپێنێ، لەسەرەتادا بەداسەپاندنی بڕیاڕی گەمارۆی ئابووری خســـتنە سەر عێراق و پاشانیش لەڕێگەی بەدەســـت هێنانی ڕەزامەندی ئەنجوومەنی ئاسایشـــەوە ســـەبارەت بە بەکارهێنانی هێزی ســـەربازی دژ بەعێراق، کە لەڕاســـتیدا یەک بەیەکی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاســـایش دەربارەی عێراق، ئامانج و دەرەنجامی جموجۆڵی سیاســـی و دیبلۆماسی ئیدارەی ئەمەریکی بوون.

لەم نێوەنـــدەدا یەکێتی ســـۆڤیەت واقیعێک بوو کـــە ئیدارەی ئەمەریکـــی نەیدەتوانی تێـــی پەڕێنێ و لەپلانە ســـەربازییەکەیدا ڕووەو ناوچـــەی کەنداوو پەنابردنە بەر بەرکارهێنانی هێزدا نادیدەی بگرێت. کاربەدەســـتانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەوە نیگەران بوون کـــە نەوەک هەڵوێســـت وەرگرتنی ســـەربازییان دژ بەعێراق، ببێتە

هۆی نارەزایی یەکێتی سۆڤیەت و پاڵپێوەنانیان بۆ پشتیوانی کردن لەعێراق. لەبەرئەوە ئیدارەی بوش هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی بۆ ڕازیکردنی ئەوان خستە گەڕ، بۆ ئەو مەبەستەش هەر لەیەکەم ڕۆژی داگیرکردنی کوەیتــدا لەلایەن عێراقەوە، وەزیری دەرەوەی ڕەوانەی مۆســکۆ کرد، بەو ئەرک و ئامانجەی هەردوو وڵات لەبەیاننامەیەکی هاوبەشــدا ئیدانەی دەســت درێژییەکەی عێراق و داوای کشانەوەی خێراو بەپەلەی لێ بکەن. بەدوای ئەم سەردانەدا، یەکێتی سۆڤیەت ڕەزامەندی لەســەر ئیدانەکردنی عێراق دەربڕی و بۆ ڕۆژی دواتریش بەیاننامە هاوبەشەکە دەرکرا.

یەکێتی سۆڤیەت لەداگیرکردنی کوەیت نارازی بوو، بەڵام خوازیاری ئــەوەش نەبوو ئــەم قەیرانە تەنها لەلایەن ئەمەریکاوە چارەســەر بکرێت، بەڵکو دەیویســت وەک زلهێزێک ڕۆڵی خۆی لەم ڕووداوەدا ببینێت. یەکێتی سۆڤیەت سوور بوو لەسەرئەوەی لەڕێگەی ئەم ڕۆڵ بینینــەوە بێتەوە گۆڕەپانی ئــەم ناوچەیەی کە بەردەوام لێی دوور بووە. ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت ئەم ڕۆڵەی بەشێوەیەکی شیاوو کارا لەقەیرانــی کویتدا بگێڕایە، ئەوا دەیتوانی جارێکی تر لەمەســەلەی فەلەســتین و لوبناندا ڕۆڵێکی گرنگتر ببینێت. لەبەرامبەر ئەمەشدا ئارەزووی توندی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی کوەیت بەشــێوەی تاکڕەوانەو بەبێ بەشــداری هێزەکانی دیکە لای کەس شاراوە نەبوو، وێڕای ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەهەلومەرجێکی دژواری ناوخۆیی و سەرەمەرگ و دوارۆژەکانی ژیانی سیاسی خۆیدا بوو، بەڵام هێشتا بەدوای کەلێندا دەگەڕا بۆ خۆ خزاندنە ناوچەکەوە. دوای لێدوانە بەردەوام و چڕەکانی ئەمەریکا دەربارەی هەڵوێســتی

ئیدارەی بوش دەرهەق بەداگیرکارییەکەی عێراق، وتەبێژی ڕەسمی مۆسکۆ لە٦ی ئابی ١٩٩٠دا ڕایگەیاند کەکێشەی عێراق ـ کوەیت هاوکاری ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەتی گەرەکە . ناوبراو بەرامبەر بەو لێدوانەی سەرۆکی ئەمەریکا کە وتبووی "ئەم جەنگە هەڕەشە لەویلاتە یەگرتووەکان دەکات" ، هەڵوێستی ڕەسمی وڵاتەکەی سەبارەت بەقەیرانی کوەیت ڕاگەیاند کە "ئەم کێشمەکێشە نەک هەر هەڕەشەیە لەهەندێک وڵاتی دیاریکراو، بەڵکو هەڕەشەیە لەئاسایش و ئارامی سەرتاسەریی جیهان" . ئەم لێدوانەش بەدوای ڕێککەوتننامەی نێوان ئەمەریکا ـ سعودییە بەمەبەستی ڕەوانەکردنی هێزی ئەمەریکا بۆ شانشینی عەرەبستان ڕاگەیەندرا.

لەڕاستیدا ئەم ڕاگەیاندنەی سۆڤیەت نەبووە مایەی ناڕەزایی ئیدارەی بوش، کە هەڕەشەکردن لەئاسایشی نەتەوەیی بەهەڕەشەکردن لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە گرێدەدا، لەپێناو ڕێگەگرتن لەکاردانەوەی نێودەوڵەتی پێچەوانە. مۆسکۆ زۆر هەوڵیدا تا لەتوانادا بێت ڕێگاچارەی سەربازی لەپێش نەگیرێت، لەبەرئەوەی پشتیوانی کردن لەو ڕێگاچارەیە تەنها دەڕژێتە خانەی خزمەتکردن بەبەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاوە. هەر بۆیە بەدوای گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێکی سەربازی ئەمەریکیدا هەوڵیدەدا لەبایەخ و گرنگی کەم بکاتەوە. بۆ نموونە کاتێک کە لە (٩)ی ئابدا بوش هەواڵی ڕەوانەکردنی هێزی سەربازیی ئەمەریکای بۆ عەرەبستانی سعودییە ڕاگەیاند، ڕۆژی دواتر یەکێتی سۆڤیەت لەلێدوانێکدا ڕایگەیاند کە "ئابلۆقەدانی ئابووری سزایەکی شیاوە بۆ پاشەکشەکردن بەهێزەکانی عێراق لەکوەیت" .

واشنتۆن بەباشـــی دەرکی بەناڕەزایی سۆڤیەت دەکرد بەرامبەر بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی سەربازیی لەناوچەکەدا، لەبەرئەوە ئیدارەی بـــوش پەنای بردە بەر ئاگادارکردنەوەی کاربەدەســـتانی مۆســـکۆ لەئامانج و مەرامە سەربازییەکانی، تا لەم ڕێگەیەوە بەر بەهەر جۆرە جموجۆڵێکیـــان بگرێت. بۆ ئەو مەبەســـتەش پەیوەندیی تەلەفونی لەنێوان وەزیری دەرەوەی هەردوو وڵاتدا بەردەوام کراوە بوو. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا تەئکیدی لەوە کردەوە کە بڵاوکردنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەناوچەی کەنداودا ڕێوشوێنێکە بەمەبەستی خۆپاراستن و لەنزیکترین دەرفەتی شیاودا لەسعودییە دەکشێتەوە .

لەم کاتەدا واشنتۆن قۆناغێکی گرنگی تێپەڕاند بوو، کە کۆمەڵێک هەنگاوی هوشیارانەو هەماهەنگی لەخۆدەگرت لەگەڵ مۆسکۆ. بەڵام هێشتا ئەگەری ئەوە لەگۆڕێدا بوو کە پلانەکانی ئەمەریکا ڕووبەڕووی ئاستەنگ و دژواریی ڕاستەقینە بێتەوە لەحاڵی هەستیاریی مۆسکۆدا بەرامبـــەر بەجموجۆڵەکانی ئەمەریـــکا لەناوچەکەداو گەڕانەوەی بۆ هەڵوێستە کلاســـیکییە کێبڕکێ ئامێزەکانی. ســـەرەنجام ئەمەریکا توانی ڕەمەزاندی ســـۆڤیەت بەرامبەر بەهەندێک لەهەڵوێســـتەکانی خۆی دەســـتەبەر بکاو ڕێگـــە لەناڕەزایی دەربڕینیشـــیان بەرامبەر بەهەندێکی دیکەشـــیان بگرێت. ئەمەش تـــا ئەندازەیەکی زۆر جێی ڕەزامەندی سەرۆک بوش بوو.

بوونی هێزی هێرشبەری ئەمەریکی لەقەیرانی کەنداو و بەکارهێنانی نوێتریـــن تەکنەلۆژیـــا لەگۆڕەپانی جەنگ و خێرایـــی لەخولقاندنی ڕووداودا، کاریگەری سیاسەتی سۆڤیەتی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لاوازو کەم کردەوە، بەڕادەیـــەک کە ڕۆڵێکی پەراوێزیی هەبوو نەک

ئـــەوەی بڕیاردەرو لەچەقی ڕووداوەکاندا بێت. ئەمە مەســـەلەیەکی ئاشـــکرایەو پێویستیشـــی بەشـــیکاری نییە کە یەکێتی سۆڤیەت وەک جەمســـەری دووەم لەهاوکێشـــەی ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا لەهەڵوەشـــاندنەوەو هەرەس هێناندا ژیانی بەسەر دەبرد. باشترین ڕۆڵ کە ســـۆڤیەت دەیتوانی لەم هەلومەرجەدا لەئەســـتۆی بگرێت، ناوبژیوانی و هەوڵی خێرخوازانە بوو بۆ ڕێگەگرتن لەهەڵگیرســـانی جەنگێکی نوێ یاخود دواخســـتنی بـــۆ کات و مەودایەکی دوورتر. بەڵام یەکێتی ســـۆڤیەت لەئەنجامدانی ئەم ڕۆڵەشدا شکستی هێنا، لەبەرئەوەی هیچ کام لەلایەنەکانی قەیرانەکە باوەڕیان بەقســـەکانی نەهێناو ســـەرەنجام ڕەوتی ڕووداوەکان بەوجـــۆرە چوونە پێش کە ئەمەریکا نەخشەی بۆ کێشابوون.

ئەم لاوازییەی ســـۆڤیەت، نەبووە مایەی ئەوەی هەڵوێســـتێکی بێلایەنانە وەرگرێت، بەڵکو کاربەدەستانی کرملین لەهێڵە سیاسییە گشـــتییەکانیاندا ملیان بۆ ئیرادەی ئەمەریکی کەچکرد، سەرەنجام سۆڤیەت ڕەزامەندی لەسەر تێکڕای بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش نواند، کە لەڕاستیدا گوزارشـــتیان لەبیروڕای کۆشکی سپی دەکرد. ڕەزامەندی یەکێتی سۆڤیەت لەســـەر بەکارهێنانی هێزی سەربازیی بەمانای کۆتایی هاتنی ســـەردەمی ڕکەبەریی سۆڤیەت و سڕینەوەی جەمسەری ڕۆژهەڵات بوو لەهاوکێشەی ئەو ململانێ دوو جەمسەرییەی کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بەســـەر دونیادا باڵادەســـت بوو.

ئەم گۆڕانکارییە بەلای ئیدارەی بوشەوە، گۆڕانکارییەکی ئایدیال بوو، بەجۆریک کە ڕێگە بۆ واشنتۆن تەخت بوو تا بەسانایی ڕووەو

ئەو ئامانجانەی ببزوێت کەپێشتر دیاریی کردبوون. ئەم هەلومەرجە سەرۆکی ئەمەریکای خستە پێگەیەکەوە کە بەدەنگی بەرز لەئەجندە ئایندەییەکانی ســـەبارەت بەناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدوێ و ڕاشـــکاوانە خوازیاری سەرلەنوێ دارشتنەوەی دۆخی ئەمنی ناوچەکەبـــن لەچوارچێـــوەی هاوکێشـــەیەکی نـــوێ لەپەیوەندی و هاوســـەنگی هێزدا، لەپاش دەرپەڕاندنی عێـــراق لەکوەیت لەڕێگەی هێزەوە.

لەڕێگـــەی قەیرانی کوەیتەوە، سیاســـەتی ئەمەریـــکا پێی نایە قۆناغێکی نوێوە لەپەیوەندیدا بەناوچەی کەنداوەوە. بێدەنگی سۆڤیەت و بێ توانایی لەوەی هەڵوێســـتێکی پێچەوانە بەرامبەر بەرێوشوێنە سیاسی و سەربازییەکانی ئەمەریکا وەربگرێت، بەتایبەتی کە پشت ئەســـتوور بوو بەشەرعیەتی نێودەوڵەتی و کۆبوونەوەیەکی گەورەی وڵاتانی هاوپەیمان لەژێر سەرکردایەتیدا، ئەمەش لەڕووی سیاسییەوە پاڵپشتی و خاڵێکی بەهێزبوو کە بەرەبەرکانێ کردنی زەحمەت بوو، هەر ئەمەش باشـــترین زەمینەی بۆ ئیدارەی بـــوش هەموارکرد بۆ ئەوەی پلانە گەورە سیاسییەکانی جێبەجێ بکات. سەرەنجام جۆرج بوش توانی گەلێک ئامانجی سیاسی ئەمەریکا بەدی بهێنێت:

یەکەم: ســـەرکەوتنی ســـەربازیی لەجەنگدا. ســـەرکەوتنێک کە بێ ئەندازە گەورەبوو، بێ ئەوەی لەبەرامبەردا زیانێکی ســـەربازیی ئەوتۆی لێ بکەوێت. ئەمە یەکەمین و بێهاوتاترین ســـەرکەوتن بوو لەمێژووی سیاسی ئەمەریکادا، بەبەراورد لەگەڵ گەورەیی قەیرانەکەو مەترسییەکانیدا.

دووەم: ســـەرهەڵنەدانی ئەو کاردانەوە سیاسییەی کە چاوەڕوان

دەكرا یەكێتی سۆڤیەت بەرامبەر بەقەیرانەكە هەیبێت. لەبەرئەوەی ئەمەریكا سەركەوتووانە توانی لەڕێگەی بەشدارییەكی نێودەوڵەتییەوە لەچوارچێوەی بڕیارەكانی ئەنجوومەنی ئاسایشـــدا، ڕێگە لەئەگەری كاردانەوەی ســۆڤیەت بگرێت و شـــەرعیەتێكی نێودەوڵەتی بەكارە سەربازییەكانی ببەخشێت.

سێهەم: پێشكەوتنێكی سیاسی بێ سنووری سیاسی بۆ ویلایەتە یەكگرتووەكان لەگۆڕەپانی نێودەوڵەتییدا دەستەبەر كرد. بەجۆرێك كە ئەمەریكا بووە تاكە جەمسەرو تاكە زلهێزی جیهانی و هەر ئەویش بەتەنها توانای یەكلاكردنەوەی قەیرانە گەورەو مەترسیدارەكانی دونیا و ئاراســـتەكردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەكانی هەبێت بەو شـــێوەیەی كە خۆی دەیویســـت. لەبەرامبەر ئەم ســـەركەوتنەی ئەمەریكاشدا، «گرنگترین ڕووداو» تۆماركردنی دوا شكست و تێكشكانی مێژوویی یەكێتی ســۆڤیەت بوو لەژیانی سیاســـی سەخت و دوور ودرێژ و پڕ لەهەورازو نشێویاندا.

چوارەم: دەســـتگرتنی درێژخایەنی ئەمەریكا بەســـەر ناوچەی كەنداودا بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ تەحەدایەكی نێودەوڵەتی دەرەكی پێچەوانە بێتەوە. بەدیهاتنی ئەم باڵادەســـتییەش تەنها لەئەنجامی هەرەس هێنانی یەكێتی ســـۆڤیەتدا نەبوو، تەنانەت ئەگەر یەكێتی ســـۆڤیەتیش وەك خۆی بمایـــە، ئەوا توانای هیـــچ گۆڕانكارییەكی لەواقیعی كەنداودا نەدەبوو، دوای ئەوەی هێزی سەربازیی ئەمەریكا ئەو ناوچە ســـتراتیژییەی بـــۆ بەرژەوەندییەكانی خۆی پاوەن كردو لەڕێگەی هێزو دیبلۆماســـییەوە كۆتایـــی بەهەر جۆرە كێ بڕكێیەك هێنا.

# دوا کێبڕکێ

ئەو دەســـکەوتانەی جۆرج بوش بەدیهێنا، بەکەشێکی خۆ بەدوور گرتن لەململانێی دوولایەنەی واشـــنتۆن و مۆسکۆدا تێدەپەڕی. بەڵام یەکێتی سۆڤیەت هێزو توانای تەواوی نەبوو، تا وەک جاری جاران ببێتە ڕکەبەری ڕاستەقینەی ئەمەریکاو کاریگەری و گوشارێکی ئەکتیڤانەی لەسەر پلانە سیاسییەکانی هەبێت.

پێدەچوو سەرکردەکانی سۆڤیەت لەم سەروەختەدا بەهۆی گرفت و هەلومەرجە ئاڵۆزەکانی ناوخۆیانەوە لەقەیرانێکی ســـەختی متمانە بەخۆنەکردندا ژیان بەسەربەرن. لەکاتێکدا کە هێشتا ئیدارەی ئەمەریکی بەدیدی ڕکەبەرەوە لەیەکێتی ســـۆڤیەتی دەڕوانـــی و پێی وابوو کە بەدەست پێشکەری و جموجۆڵێکی لەناکاو دەتوانن غافلگیریان بکەن و تەگەرە بخەنە بەردەم پێشـــڕەوییەکانی ئەمەریکاو جێبەجێکردنی دەستێوەردانی سەربازییەوە.

لەبەرئـــەوە ئیـــدارەی ئەمەریکـــی زۆر بەتەنگ ئـــەوەوە بوو کە خۆی ئەنجامدەری هەموو دەســـت پێشـــکەرییەک بێت، بەکردەوەش توانی ســـەرکەوتوو بێت لەبەخێرایی ئەنجامدانی کارە دیبلۆماســـی و سیاسییەکانیدا، لەکاتێکدا کە یەکێتی سۆڤیەت زۆر بەسستی هەنگاوی دەنا. وێڕای ئەوەش ململانێیەکی وریانە لەنێوان هەردوولادا ســـەری هەڵدا، هەرچەندە ئەمـــە دوا ململانێی نێوانیان بوو، بەڵام بەهایەکی سیاسی باڵای لەخۆدەگرت، بەو پێیەی ڕەنگدانەوەی تەرزە بیرکردنەوەی هەردوو لایەنی ململانێ نێودەوڵەتییەکە بوو سەبارەت بەقەیرانێک کە تایبەتمەندییەکی گرنگی لەژیانی سیاسی نێودەوڵەتیدا هەبوو.

ئەمەش لەڕێگەی بەراوردکردنی بنەماو پرەنسیپی مامەڵەکردنی دوو لایەنەکەوە لەگەڵ قەیرانی کەنداودا ڕوون دەبێتەوە:

یەکێتی سۆڤیەت بەئامانجی کەمکردنەوەی ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەم قەیرانەدا، کاری لەسەر سێ تەوەرەی سەرەکی دەکرد:

یەکەم: تەئکیدی لەسەر پێویستی جموجۆڵی بەکۆمەڵ دەکردەوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە، لەپێناو مەحرومکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەوەی ڕۆڵێکی تاکڕەوانە لەم قەیرانەدا بگێڕێت. هەروەها بەردەوام تەئکیدی لەسەر ئەم هەڵوێستەی خۆی دەکردەوە لەبەرئەوەی سۆراغی هێزێکی ئەلتەرناتیڤیان بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە نێودەوڵەتییە تیا بەدیدەکرد.

دووەم: سەرکردەکانی یەکێتی سۆڤیەت ڕاشکاوانە نارەزایی خۆیان بەرامبەر بەبەکارهێنانی هێز ڕاگەیاند. لەزیاتر لەبۆنەیەکیشدا تەئکیدیان لەم هەڵوێستەیان کردەوە، لەهەمان کاتیشدا زیاتر لەهەر هەڵوێستێکی دیکەی سەرکردایەتی سۆڤیەت دەربارەی ئەم قەیرانە بایەخی پێ دەدرا. سەرەڕای ئەوەی ترس و نیگەرانییان بەرامبەر بەهێنانی هێزی سەربازیی ئەمەریکا بۆ ناوچەکە دەردەبڕی و لەگرتنەبەری ڕێوشوێنی سەربازیی و کاری تاکڕەوانەی واشنتۆن نارازی بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشدارییان نەکرد لەناردنی هێزەکانیاندا بۆ کەنداو، تەنانەت دوای دەرکردنی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش سەبارەت بەپەنا بردنە بەر بەکارهێنانی هێز لەپێناو جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنەکەو پاشەکشە پێکردنی عێراق لەکوەیت. خۆ بەدوورگرتن و دڵەڕاوکێی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر

بەبەکارهێنانـــی هێز تەنانەت لەچوارچێوەی هێزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشـــدا، پێداگریی بوو لەسەر هەڵوێستەکانی پێشوتری مۆسکۆ کە ئەم قەیرانە پێویستی بەکاری سەربازیی نییە.

ســـێهەم: هەوڵـــدان بـــۆ هاندانی وڵاتانـــی عەرەبی بـــۆ ئەوەی هەڵوێستێکی گونجاو ســـەبارەت بەقەیرانەکە وەرگرن و سەرەنجام لەچوارچێوەی هەوڵە عەرەبییەکاندا چارەسەری بکەن. سەرکردەکانی یەکێتی ســـۆڤیەت زیاد لەجارێک ئەم هەڵوێستەیان ڕاگەیاند. ئەوان پێیان وابوو کە گەڕانەوەی ڕۆح بۆ بڕیاری عەرەبی و لەئەستۆگرتنی ڕۆڵی پێشـــرەوی لەم قەیرانەدا دەبێتە هۆی لاوازبوونی هەڵوێستی ئەمەریکا و لێســـەندنەوەی ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی دەیگێڕا، بەمەش یەکێتی ســـۆڤیەت ڕۆڵێکی گەورەترو توانای مانۆڕ کردنێکی زیاتری بەدەست دەهێنا.

لەبەرامبەر ئەم تەوەرە سیاســـییانەی کە یەکێتی سۆڤیەت کاری لەســـەر دەکرد، ئیدارەی بوش میتۆدێکی لەسەر سێ بنەما دارشت کە پێچەوانەی سیاسەتەکانی مۆسکۆ بوو:

یەکـــەم: کۆنتڕۆڵکردنی ڕۆڵی عەرەبی و بەتاڵکردنەوەی لەهەموو مانـــا پەیوەندیدارەکانی بەقەیرانەکـــەوە، لەڕێگەی بێ بایەخکردنی جموجۆڵی وڵاتانی عەرەبییەوە. لەپاڵ ئەم سیاسەتەشـــدا، ویلایەتە یەکگرتـــووەکان هەوڵی زیاتری بۆ بەدەســـت هێنانـــی ڕەزامەندیی وڵاتانی عەرەبی دەدا بەمەبەســـتی هێنانی هێزە سەربازییەکانی بۆ ناوچەکە.

دووەم: بەخشـــینی ڕەهەندێکـــی ســـتراتیژیی بەقەیرانەکـــە و گرێدانەوەی بەمەسەلەی ئاسایشـــی نەتەوەیی هەریەک لەئەندامانی

کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە. واشـــنتۆن دەیویســـت لـــەم ڕێگەیەوە ڕووبەرێکی فراوان بۆ مانۆڕ و گەمەکردنی لەسەر هەموو هەڵبژاردنە مومکینەکانی زامن بکا کە بەپێی سروشتی ڕووداو و گۆڕانکارییەکان لەقەیرانەکەوە سەر هەڵدەدەن و دێنە پێش.

سێهەم: ڕێنمایی کردن و ئاراستەکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاســـایش و بەرەو پێشبردنی ئامانجە تایبەتییەکانی واشنتۆن لەژێر چەتری نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەمەبەســـتی دەرخستنی ئەمەریکا وەک جێبەجێکەری بڕیارە نێودەوڵەتییەکان.

دوو جەمســـەرەکەی ڕۆژهـــەڵات و ڕۆژئاوا لەســـەر ئەو تەوەرانە جوڵان و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ قەیرانەکەدا کرد، کە لەچوارچێوەی هێڵی کێبڕکێ نەخشـــە بۆ کێشراوە کلاسیکییەکانی نێوانیاندا بوو. ئەوەی تێبینی دەکرێت «کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی« جێی ململانێی نێوانیان بوو. لەکاتێکدا کەواشـــنتۆن خوازیاری دوورخســـتنەوەیان بوو لەقەیرانەکە، مۆســـکۆ پشتیوانی لەبەشداری ئەم وڵاتانە دەکرد لەچارەسەرکردنی قەیرانەکەدا.

هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بەشێوەیەکی گشتی ببووە بابەتی ململانێی نێوان دوو زلهێزەکەی جیهان، لەکاتێکدا کە ئەمەریکییەکان تەئکیدیان لەگرێدانی قەیرانەکە بەبەرژەوەندیی ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە دەکردەوە، یەکێتی سۆڤیەت هەوڵیدەدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی کاراو هاوبەش لەچارەســـەرکردنی قەیرانەکەدا بگێڕێت. هاوکات لەم ململانێ بەرفراوانەشدا، جیاوازی و مەودایەکی بەرین لەبۆچوونیاندا هەبوو سەبارەت بە بەکارهێنانی هێز، کۆشکی سپی دەیویست لەڕێگەی هێزەوە قەیرانەکە چارەسەر بکات و خۆی

ڕۆڵی هەرە سەرەکی تیا ببینێت، کرملینیش بەپێچەوانەوە دەیویست لەڕێگەی دیبلۆماسییەوە کۆتایی پێ بهێنرێت.

بەدوای گەردەلولی بیاباندا، دوا ململانێی نێوان دوو جەمسەرەکەی جیهـــان کۆتایی هـــات. ململانێیەک کە ســـەرکەوتنێکی مەزنی بۆ یەکێکیان و مەرگ و هەرەس هێنانیشی بۆ ئەویتریان بەدواوە بوو.

# ئەنجامگیری
# (پیاچوونەوەی گشتی)

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین لەڕێگەی سێ هەڵسەنگاندنەوە پوختەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمان سەبارەت بەدۆکترن و ڕێبازی ستراتیژیی سەرۆکەکانی ئەمەریکا تا سەردەمی «بوشی باوک» بنرخێنین:

*پەیمانە سەربازییەکان.

*ستراتیژیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

*دۆکترنی سەرۆکەکان.

پێویستە لەم ڕووەوە ئاماژە بەچەند مەسەلەیەکی گرنگی وەک هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت و ڕەهەندەکانی سیستەمی نوێی نێودەوڵەتی بدرێت کە قۆناغێکی ئەمەریکی نوێی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. قۆناغێک کە لەبناغەوە لەسەردەمەکانی پێش خۆی جیاوازە.

ئەم شیکارییە کردنە ڕەنگدانەوەی هەموو ڕاستییەکان نییە. بەڵام دەشێ بڵێین: سیاسەتی ئەمەریکا لەهەموو هەلومەرجە جیاوازەکاندا لەسەرچاوەیەکی چەسپاوو نەگۆڕەوە هەڵدەقوڵێت کە ئەویش «بەرژەوەندیی نەتەوەیە«. سەرەڕای ئەوەی هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەتیش وەرچەرخان و ڕووداوێکی مێژوویی گەورەبوو، بەڵام ئەو کاریگەرییەی لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا نەبوو کە دەستبەرداری پرەنسیپ و بنەما نەگۆڕەکانی بێت و ڕەوشێکی نوێ و بنەمایەکی نوێی ستراتیژی بگرێتەبەر. لەڕاستیدا سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بەسیاسەتی ئەمەریکادا تەنها لەچوارچێوەی گۆڕینی

ڕەوشی کارکردن و شێوازی جموجۆڵیدا ئەنجامدرا، بۆ ئەوەی هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئەمەریکا بگرێتەوە.

## هەڵسەنگاندنی پەیمانە ئەمەریکییەکان

لەســـەردەمی هەردوو ئیدارەی ترومان و ئیزینهاوەردا، ویلایەتە یەکگرتووەکان چووە ســـێ پەیمانی سەربازییەوە، بەدوای ئەوەشدا سیاسەتە گشتییەکانی دارشـــت و ئەرکە سیاسی و سەربازییەکانی راپەرانـــد، پێشـــتر ئاماژەمان بەرەهەنـــد و تایبەتمەندییەکانی ئەم پەیمانانە کرد، لێرەدا چەند تێبینییەک سەبارەت بەئامانجی سیاسەتی ئەمەریکا لەپێکهێنانی ئەم پەیمانە سەربازییانە دەخەینەروو:

١ـ بایەخی پەیمانی ســـەربازیی لەســـەردەمی ئیدارەی تروماندا ســـەریهەڵدا، کە تەنها پەیمانی ئەتڵەسی پێکهێنا، بەدوای ئەویشدا سەردەمی ئیدارەی ئیزینهاوەر لەدایکبوونی هەردوو پەیمانی بەغداو باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیای بەخۆیەوە دی. بەڵام ئیدارەکانی دواتر، ئەم پەیمانە سەربازییانەیان بەمیرات بۆ مایەوە. بەواتایەکی تر، ئەم پەیمانە سەربازییانە روانینو رەوشێکی سیاسی چوون یەکیان نەبوو، بەڵکـــو هەریەکەو پەیرەوییان لەو سیاســـەت و ئامانجانە دەکرد کە سەرۆک کۆماری نوێی ئەمەریکا دایدەرشت. لەسەر ئەم بنەمایەش، هەرکام لەسەرۆکەکانی ئەمەریکا بەپێی هەڵسەنگاندنیان بۆ سیاسەتی پەیمان بەســـتن و روانینیان بۆ ئـــەو گۆرانکارییانەی لەگۆرەپانی نێودەوڵەتییدا روویان دەدا، هەڵســـوکەوتیان لەگەڵ دەکردو رێکیان

دەخست. هەر لەبەرئەوە سیاسەتی تایبەت بەم پەیمانە سەربازییانە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری گرنگ دەبوونەوە. ئەو پرەنسیپانەی سەرۆک کۆماری پێشووی ئەمەریکا دەربارەی پەیمانێکی سەربازی پەیڕەوی لێدەکرد، سـەرۆک کۆمارەکەی دوای خـۆی پەیڕەوی لێنەدەکرد و سیاسەتێکی جیاوازی دەگرتەبەر. واتە ئەو پرەنسیپ و بنەمایانەی پەیمانەکـەی لەپێناودا پێکهێنرا بوو، نەگـۆڕ نەبوو، بەڵکو لەگەڵ گۆڕینی سـەرۆک کۆمارەکانی ئەمەریکادا گۆڕانکارییەکی ڕیشـەیی بەسـەر ئاراسـتەو دیاریکردنی ئەرکەکانیدا دەهات. ئەمەش زیاتر لەهەر خاڵێکی تر مەترسـی لەسـەر کارایی پەیمانە سەربازییەکان و کاریگەری خراپی لەسـەر بەرەو پێش بردنی ستراتیژی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەبوو، زیانێکی زۆریشی بەئیدارەی ئەمەریکی گەیاند، لەگەڵ ئەوەی کاربەدەسـتانی ئەمەریکا لەئاسـەواری تێکدەرانەی بێئاگانەبوون. هەموو سـەرۆکەکانی ئەمەریکا دەرکیان بەو ڕاستییە دەکرد، بەڵام ڕەوشـی تایبەتی هەریەکەیان وای پێویسـت کرد کە پابەند نەبێت بەشـێوازی ئەوەی پێش خۆی و سیاسـەتێکی نوێ بگرێتەبەر دەربارەی هەریەک لەو پەیمانە سـەربازییانەی لەکایەدا بوون.

٢ـ ئیـدارەی ئەمەریکی لەبەرئەوە پەنـای بردە بەر دامەزراندنی پەیمانە سەربازییەکان، چونکە ئامرازێکی کارای بەدیهێنانی هەردوو ستراتیژی « گەمارۆدان و ئیحتیواکردن » و « هێرشی سەرتاسەری» بوون، بەڵام ئەم پەیمانە سـەربازییانە نەیانتوانـی بەکردەوە ئەو ئامانجانـەی سـتراتیژی یەکەم بپێکـن کە گەماردانـی ئۆردوگای کۆمۆنیزم و دروستکردنی پشتێنەیەک بوو بەدەوریدا لەبەرەی ڕۆژئاواو

باشــوور و ڕۆژهەڵاتەوە. لەڕاســتیدا تاکە ڕێگری بەردەم پێشرەوی کردنــی کۆمۆنیزم لەو ســەردەمەدا، پەیمانــی ئەتڵەنتیکی باکوور بوو. دوای ئەوەی واشنتۆن دەستبەرداری ستراتیژی «گەمارۆدان و ئیحتیواکردن» بوو، دوا ئەڵقەی گەمارۆدانەکە دەستەبەرکراو ئەمەش لەهەلومەرجێکدا بوو دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا ستراتیژییەکی نوێیان گرتبووەبەر کە ئەویش «هێرشــی سەرتاســەری» بوو. لەواقیعدا تەواو نەکردنی پشــتێنەی ئەمنی بەدەوری ئــۆردوگای کۆمۆنیزمدا لەکاتی دیاریکراوی خۆیداو دواکەوتنی، هۆکاری ســەرەکی شکستی ستراتیژیی یەکەم (گەمارۆدان و ئیحتیواکردن)بوو.

٣ـ ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشــێوەیەکی چوون یەک مامەڵەی لەگەڵ پەیمانە سەربازییەکاندا نەدەکرد، هەریەکەو بەپێی بایەخ و گرنگییان و بەپشت بەستن بەو بۆچوون و هەڵسەنگاندنانەی دەزگا بڕیاردەرەکانی ئەمەریکا بــۆ ناوچە جیاوازەکانی جیهان هەیان بوو کە ڕووبەڕووی مەترسی کۆمۆنیزم دەبونەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. لەبەرئەوە ئیــدارەی ئەمەریکا بایەخی هەرە گەورەو ســتراتیژییان بەپەیمانــی ئەتڵەنتیک ئــەدا بەو پێیەی زیاتر لەهــەر ناوچەیەکی دیکەی جیهان لەبەردەم هەڕەشەو مەترسی دەستدرێژی سۆڤیەتدایە. لەکاتێکدا کە پەیمانەکانی تر کەمتر جێی بایەخ و سەرنجی ئەمەریکا بوون. لەم ڕووەوە کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان حسابیان بۆ ئەوە نەکردبوو کە شــێوەی مامەڵــە کردنیان و کەمتەرخەمییان بەرامبەر بەو پەیمانانە و گرنگــی پێنەدانیان، ئۆردوگای کۆمۆنیزم بەگشتی و یەکێتی سۆڤیەت بەتایبەتی بۆ هێرشکردنە سەر ئەو ناوچانە هاندەدات. ئەمەش لەســەر ئەرزی واقیع ڕوویدا. لەکاتێکدا یەکێتی

ســۆڤیەت تاهەرەس هێنانی هەرگیز نەیتوانی دەست بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا درێژبکات، لەبەرئەوەی خاوەنی جبەخانەیەکی گەورەی چەکی ئەتۆمیو کلاســیکی بوون، بەپێچەوانــەوەی چاوەڕوانی ئەمەریکای ڕکەبەریانەوە، ڕوویان کردە ڕۆژهەڵاتی ئاســیاو سەرکەوتووش بوون لەبەرفراوان کردنەوەی دەسەڵاتی کۆمۆنیزم بەسەر ئەو ناوچەیەدا.

ویلایەتە یەکگرتووەکان دووجار کەوتە ئەم هەڵەیەوە. جارێکیان لەستراتیژییەتی «گەمارۆدان و ئیحتیواکردن»دا کە هەموو بایەخ و ســەرنجیان لەسەر بەهێزکردنی پەیمانی ئەتڵەنتیک بوو، بێ ئەوەی دەســتوبردو پەلەبکەن لەپێکهێنانی پەیمانی باشــووری ڕۆژهەلاتی ئاســیاو بەهێزکردنیــدا کــە دەیتوانی ببێتە ســەنگەرێکی قایم و بەهێــز لەبەرامبەر بەرفراوان بوونەوەی دەســەڵاتی کۆمۆنیزمەکاندا و ســەرەنجام بەهۆی ئەو هەڵەیەوە لەجەنگی کۆریادا تێکشکاو ئەم وڵاتە کەوتە دەست کۆمۆنیزمەکانەوە.

جاری دووەمیشــیان لەستراتیژی «هێرشــی سەرتاسەری»دا، کــە بایەخی ئەمەریکی بەڕۆژهەڵاتی ئاســیا لەدوای دەســتگرتنی کۆمۆنیستەکانەوە بەسەر کۆریادا، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهــات و هەروەک جاری جــاران مایەوە، تا ســەرەنجام هندی و چینیش کەوتە دەست کۆمۆنیستەکانەوە.

٤ـ ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرپرسیاریەتی هاوپەیمانەکانی تەنها لەبەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازی کۆمۆنیزم لەچوارچێوەی ستراتیژی گەمارۆدان و ئیحتیواکردندا ســنووردار نەکــردەوە، بەڵکو چەندین ئەرکی نوێی پێ ســپاردن کە ئەمەش شێوازێک بوو لەشێوازەکانی بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەسەپاندنی

هەژموون و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەی پەیمانەکاندا. ئەم پەیام و بەرپرسیارییەتانەی کە لەم ئەرکە نوێیەوە سەریان هەڵدا پێگەی وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیمانانەی لەبەرامبەر فراوانخوازیی ئۆردوگای کۆمۆنیزمدا لاوازکرد.

٥- لەئەنجامی ئەو سیاسەت و مامەڵەکردنەی پێشتر لێی دواین، ویلایەتە یەکگرتووەکان لەهەڵسەنگاندنی ئەندامانی پەیمانەکان و ڕەهەندە سەربازییەکانیدا وردبین نەبوو، بەڵکو ئیعتباراتی سیاسی بەسەر ئەم ڕوانینەدا زاڵبوو، هەر لەبەرئەمەش بوو کە بەهێواشی ئەم پەیمانانە مۆرکی سەربازیی خۆیان لەدەستدا، چیتر نەیان دەتوانی بەرەنگاری فراوانخوازیی کۆمۆنیزم ببنەوە. هەندێک وڵاتی وەک مالیزیا و فلیبین چووبوونە پاڵ ئەم پەیمانە سەربازییانەوە، بەمەرجێک ڕۆڵیان لەبەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازیی کۆمۆنیزمدا لاواز یان هەر لەخانەی نەبوودا بوو. ئەو ئەرکە سەربازییەی بەم دەوڵەتانە سپێردرا بوو وەک پێویست توانای ڕاپەڕاندنیان نەبوو. بەڵام ئەو هاندەرە سەرەکییەی لەپشت هێنانیانەوە بوو بۆ نێو ئەم پەیمانە سەربازییانە، سەقامگیرکردنی هەژموونی ئەمەریکا خۆی بوو بەسەر ئەو وڵاتانەدا نەک بەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازیی کۆمۆنیزم.

٦- ویلاتە یەکگرتووەکان لەپەیمانەکانیدا ڕەچاوی ئاراستەی سیاسی ئەندامانی پەیمانەکەی نەدەکرد. ئەمەش دەبووە هۆی لاوازیی پێکهاتەی ئەو پەیمانە و سەرەنجام ڕووبەڕووی هەرەس هێنانی دەکردەوە، چونکە کێشمەکێش دەکەوتە نێوان دەوڵەتەکانییەوە، ئەمەش دەبووە هۆی شکستهێنانی، چونکە لەبری

ئەوەی بەشـــێوەیەکی کارا ڕووبەڕووی کۆمۆنیســـتەکان ببنەوە، بۆ نموونـــە لەپەیمانی ئەتڵەنتیکـــدا دوو دەوڵەتی ڕکەبەر ئەندام بوون کە ئەوانیـــش تورکیاو یۆنان بوون، ئەم ڕکەبەری و کێشمەکێشـــە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەســـەر پێکهاتەی پەیمانەکە هەبوو، بۆ نمونە: بەپاشەکشە کردنی یۆنان لەپەیمانەکە بەهۆی توندبوونەوەی کێشمەکێشی لەگەڵ تورکیادا لەسەر دورگەی قوبرس، ناتۆ لەبەرەی باشوورییەوە ڕووی لەلاوازی کرد.

٧- فاکتەرێکـــی دیکەش کە ڕۆڵی لەلاوازکردنی ئەم پەیمانانەدا هەبوو، ئەوە بوو زۆرێک لەم دەوڵەتانە بەگرفتی سیاســـی خۆیانەوە سەرقاڵبوون. لەپەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، هەموو بایەخی تایلاند لەســـەر کۆریای باکوور بوو، کە ئەو وڵاتەی بەســـەرچاوەی مەترسی لەســـەر خۆی دادەنا. پاکســـتان کە لەپەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاســـیاو پەیمانی بەغداشـــدا ئەندام بـــوو، گیرۆدە بوو بەکێشمەکێشـــیەوە لەگەڵ هنددا، ئەم فاکتەرەش وایکردبوو کە ئەم وڵاتانە هەموو بایەخیان لەسەر گرفتە سیاسییە تایبەتییەکانی خۆیان بێت و خۆیـــان بەدووربگرن لەگرنگیـــدان بەئامانجی ئەو پەیمانەی چووبوونە پاڵییەوە.

٨- ویلایەتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا، پەیمانی باشـــووری ڕۆژهەڵاتی ئاســـیاو پەیمانی بەغـــدای لەســـەر بنەمایەکی بەهێزو پتەوی هاوشێوەی پەیمانی ئەتڵەنتیکی دانەمەزراند، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ جیاوازی هەلومەرجی سیاسی هەردوو ناوچەی دوو پەیمانەکـــەی یەکەم لەگەڵ ئەوروپای ڕۆژئـــاوادا. هەلومەرجی جیۆپۆلێتیکـــی ئەوروپای ڕۆژئاوا وای پێویســـت دەکرد پەیمانێکی

سـەربازیی بەهێزو پتەو دابمەزرێندرێت تا بتوانێت ڕێگە لەهێرشی یەکێتی سـۆڤیەت بۆ سـەر ئۆردوگای ڕۆژئـاوا بگرێت. لە کاتێکدا کـە هەلومەرجی وڵاتانی هـە ردوو ناوچەی باشـووری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیاو ڕۆژهەڵاتی ئیسـلامی زۆر جیاوازبوون لەئەورووپای ڕۆژئاوا. هەروەها هـەر وڵاتێکی ئەندامی ئەم دوو پەیمانـە تا ئەندازەیەکی زۆر بەبارودۆخی تایبەتی سیاسـی خۆیانەوە پابەندو گرفتاربوون. ئەگەر ئـەم هەلومەرجە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسـەردا بهاتایە، ئەو دەوڵەتانەی بەرژەوەندیی نیشـتمانی خۆیان لەمەترسیدا دەدی، لەپەیمانەکە دەهاتنە دەرو ئەندامێتی خۆیان هەڵدەسپارد. ئەمەش لەپەیمانی بەغدادا ڕوویدا، کـە زۆربەی وڵاتانی ئەندامی پەیمانەکە پاشەکشـەیان کـرد، لەبەرئەوەی کەوتنە هەلومەرجێکی سیاسـی نوێـوەو نەیاندەتوانی درێژە بەئەندامێتی خۆیـان بدەن. بۆ نمونە عێراقو ئێران بەدوای گۆڕینی ڕژێمە دەسـەڵاتدارەکانی وڵاتەکانیاندا لێی کشانەوە.

٩ـ گۆڕانـکاری هەلومەرجی سیاسـی تەنها پەیوەسـت نەبوو بەسـەرهەڵدانی گۆڕانـکاری لەهەلومەرجی سیاسـی و بارودۆخی وڵاتانـی ئەندامی پەیمانە سـەربازییەکانەوە. بەڵکو دیدو ڕووانینی گشـتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئـەم پەیمانانە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەدیاریکردنی چارەنووسـیاندا. دوای ئەوەی کاربەدەسـتانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕوایان بەوە هێنا کە گەمارۆدانی ئۆردوگای کۆمۆنیـزم لەڕێگەی پەیمانی سـەربازییەوە بـێ ئەنجامەو بەدوای هاتنەپێشـی قۆناغێکی نوێ لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشـدا شـێوازێکی بێهوودەیە بـۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمۆنیسـتەکان،

دەستی لەپشتیوانی کردنی پەیمانی بەغدا بەرداو بایەخێکی ئەوتۆی بەئەندامەکانی نەدا، هەروەها هەر ئەمەش لەپشت گرنگی نەدانییەوە بوو بەپەیمانی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا.

١٠ـ ویلایەتــە یەکگرتــووەکان پێی وابوو کە مەترســی یەکێتی ســۆڤیەت لەشێوەی هێرشی ســەربازییدا خۆی دەبینێتەوە، لەبەر ڕۆشــنایی ئەم بۆچوونەیدا، دڵنیابوو لەوەی پەیمانە سەربازییەکانی وەک کۆســپ و قەڵغان لەبەردەم پێشرەوی کردنی سۆڤیەت ڕووەو ناوچــەی ژێر دەســەلاتی هاوپەیمانەکانی بەگشــتی و ناوچەکانی ژێر دەســەلاتی خۆی بەشــێوەیەکی تایبەتی دەوەستن. واشنتۆن چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە بەرفراوان بوونەوەی نفوزی سۆڤیەت و کۆمۆنیستەکان لەو ناوچانەدا بەشێوەی سیاسی بێت. بەلام ئەمە لەســەر ئەرزی واقیع ڕوویدا، یەکێتی سۆڤیەت بێ ئەوەی پەنا بباتە بەر کاری ســەربازی دزەی کردە ئەودیوو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی هاوپەیمانەکانی ئەمەریکاوە، ئــەم ڕووداوە گرنگەش بەمانای ئەوە بوو کەسیاســەتی ئەمەریکی لەبنیاتنانی پەیمانە ســەربازییەکاندا لەبناغەوە شکست خواردوو بوو، ئەم پەیمانانە سوودیان چییە ئەگەر توانای ئەوەیان نەبێت ڕێگە لەدزەکردنی سیاســەتی سۆڤیەت بگرن بۆ پشــت ئەو سەنگەرانەی بەهێڵی پێشەوەی بەرەی دژ بەسۆڤیەت دادەنرێن؟ ئەگەر ئامانجی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەدروســتکردنی ئەم پەیمانانە بەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازی ســۆڤیەت و ڕێگرتن لەکەوتنــی ولاتانی ئەندامی پەیمانەکانی بێت کە نەکەونە دەســت کۆمۆنیستەکانەوە؟

١١ـ ئەم ســێ پەیمانە ســەربازییە، وەک تێبینی دەکرا چەندین

دەوڵەتی جۆراوجۆری لەچوارچێوەی خۆیدا کۆکردبۆوە، پاکستان لەپەیمانی بەغداو پەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاشدا ئەندام بوو، تورکیا چووبووە پاڵ پەیمانی ئەتڵەنتیک و پەیمانی بەغداشەوە، فەرەنسا ئەندام بوو لەپەیمانی ئەتڵەنتیک و پەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، بەریتانیاش وەک ئەندام لەهەر سێ پەیمانەکەدا بەشداربوو. ئەم فرە ئەندامێتییە کاریگەریی سلبی لەسەر هەموویان هەبوو، چونکە بەکشانەوەی هەرکام لەو دەوڵەتانە لەپەیمانێک، کشانەوە لەپەیمانێکی دیکەشی بەدوادا دەهات، لەبەرئەوەی زۆرجار هۆکاری کشانەوەکەی یەکەمجاری ناڕەزایی دەربڕین بووە لەسیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بەم پەیمانە سەربازییانە. بۆ نموونە پاکستان لەپەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو پەیمانی بەغداش کشایەوە، فەرەنساش لەهەردوو پەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو پەیمانی ئەتڵەنتیکیش کشایەوە. ئەم کشانەوانەش بۆشاییەکی دوو سەرەی بۆ ماوەیەکی کورتخایەن لەو پەیمانانەدا بەجێهێشت. هەرچەندە بەریتانیاش لەهیچ کامیان پاشەکشەی نەکرد، بەڵام بەشێوەیەکی تر کاریگەری نەشیاوی هەبوو، ئاراستەی سیاسیی بەریتانیا بەوە جیادەکرایەوە کە ئاراستەیەکی فراوانخوازو لەهەوڵی خزمەتکردن بەبەرژەوەندییەکانی خۆیدایە لەڕێگەی قایمکردنی باڵادەستی سیاسییەوە بەسەر ئەو وڵاتو ناوچانەدا کە لەژێر سایەی ئەم پەیمانە سەربازییانەدا کۆبوونەتەوە. بەمەش حاڵەتێکی ڕکەبەری لەنێوان بەریتانیاو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا سەریهەڵدەدا کە پێکەوە لەپەیمانێکدا ئەندام بوون، ئەمەش مومکین بوو ببێتە هۆی لاواز کردنی پێکهاتەی ئەو پەیمانانە. ئەگەرچی ئەم حاڵەتە لەپەیمانی

ئەتڵەنتیکدا بەدی نەدەکرا، بەڵام بەهەردوو پەیمانی بەغداو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە بەئاشکرا لەڕێگەی دەست گرتنی بەسەر هەندێک وڵاتانی ئەندامی ئەو دوو پەیمانەوە دیار بوو. بۆ نموونە، پاشکۆیەتی عێـــراق بۆ بەریتانیا وایکردبوو کە بەرلەوەی بیر لەخزمەتی پەیمانی بەغدا بکاتەوە، بەچەند فەرسەخێک پێش ئەوە خزمەت بەسیاسەتی بەریتانیـــا بکات. بەمـــەش ویلایەتە یەکگرتووەکان دەســـکەوتێکی بەڵگەدارو ئەوتۆی لەم هەنگاوانەی عێراق نەدەچنییەوە.

بەشـــێوەیەکی گشـــتی ئەمە خاڵە لاوازەکانی ئەو سێ پەیمانە سەربازییە بوون، ئەم لاوازییانەش کاریگەرییەکی سلبیان لەسەر ئەو ئامانجانە هەبوو ویلایەتە یەکگرتووەکان نەخشـــەی بۆ کێشابوون، کە ســـەرەکیترینیان بریتی بوو لە«بەرەنگار بوونەوەی فراوانخوازی کۆمۆنیـــزم»و «ســـەپاندنی هەیمەنـــەی ئەمەریکا بەســـەر ناوچە ستراتیژییەکانی جیهاندا».

ناکرێت بەتەنها بەرپرســـیارییەتی شکستی سیاسەتی ئەمەریکا لەدامەزراندنی ئەو پەیمانە ســـەربازی و بەرگرییانەدا بەتەنها بخرێتە ئەســـتۆی ترومـــان و ئیزینهاوەرەوە، بەڵکو بەرپرســـیارییەتی ئەم ســـەرنەکەوتنە هەموو ئەو ئیدارە ئەمەریکیانـــەش دەگرێتەوە کە بەدوای ئەو دوو سەرۆکەدا دەسەڵاتیان گرتە دەست.

هەندێـــک پێیـــان وایە پشـــکی ترومـــان لەم هەڵانـــەدا ناچیزو سنووردارن، لەبەرئەوەی ترومان توانی باڵادەستی ئەمەریکا بەسەر پەیمانـــی ئەتڵەنتیکدا پتەوو مەحکەم بکات و، ئەم پەیمانەش بکات بەهێزێکی ســـەربازی ئەوەندە گەورەو زەبـــەلاح کە تەنانەت ڕێگەی ئەوەش بەیەکێتی سۆڤیەت نەدات بیر لەنزیک کەوتنەوەی ئەوروپای

ڕۆژئاوا بکاتەوە. بەڵام سیاسەتەکانی ئیزینهاوەر هێندەی سیاسەتی ترومان سەرکەوتوو نەبوون. ئیزینهاوەر بوو کە بڕیاری دامەزراندنی هەردوو پەیمانی بەغداو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای ڕاگەیاند، بەڵام لەهەمـــان کاتدا هـــەر ئەویش بوو کە لەگـــەڵ دامەزراندنی ئەو دوو پەیمانەدا دەستبەرداری ستراتیژییەتی گەمارۆدانو ئیحتیواکردن بوو، بەو پێیەی کە توانای بەرەنگار بوونەوەی سۆڤیەتی نییەو ستراتیژی هێرشی سەرتاســـەری کردە جێنشـــینی، وێڕای ئەوەش ئاوڕی لەو گۆڕانکارییە خێرایانە نەدایەوە کە لەگۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا ڕوویان دەدا. ئەو تاڕادەیەک لەچوارچێوەی ئەو پرەنسیپانەدا بیری دەکردەوە کە ترومان داڕشـــتبوون، لەکاتێکدا کە واقیعی ئەم سەردەمە چیتر لەگەڵ ئەو شێوە بیرکردنەوانەدا نەدەگونجا.

ئـــەوەی درێژەو پەرەی بـــەم هەڵانەی ئیزینهاوەر دا، شـــێوازی مامەڵەکردنـــی ئـــەو ئیدارانـــەی ئەمەریکابوو لەگەڵ ئـــەم پەیمانە ســـەربازییانەدا کە لەدوای ئیزنهاوەر دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئەم ئیدارانە دەســـتبەرداری ئـــەو یەکەم ئامانجەبوون کە لەســـەرەتاوە ترومان نەخشـــەی بۆ کێشاو ئیزنهاوەریش هەنگاوی بەرەو نا، بەڵام ئیدارەکانی دواتر چەند ئامانجێکی دیکەیان دیاریکردو سەرەنجامیش بـــەوە کۆتاییـــان هات کە دەســـتیان بـــەو ئامانجـــە دیاریکراوانە نەگەیشـــت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیدار بوو بەپەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاســـیاو پەیمانی بەغداوە. یەکەمیان توانای ڕاپەڕاندنی ئەو داواکارییانەی نەبوو کە سیاســـەتی ئەمەریکا لێی دەخواســـت، یان وەک جـــاران کارانەبوو لەخزمەتکـــردن بەبەرژەوەندییەکانیدا. دووەمیشیان ئەندامەکانی لێکترازان و جگە لەناوەکەی هیچی دیکەی

لـــێ بەجێنەما. دیارە ئـــەم کۆتاییانەش بەزیانی گـــەورە دادەنرێن لەهاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا.

## هەڵسەنگاندنی ڕێبازە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا

لەپێناو ڕووبەڕوو بوونەوەی ئۆردوگای کۆمۆنیزمدا، لەماوەی بیست ســـاڵدا واشنتۆن سێ ستراتیژی ســـەرەکی گرتەبەر. کە بەئیدارەی ترومان دەســـتی پێکردو بەئیدارەی کەنەدی کۆتایی هات، لەم ماوە درێـــژەدا ویلایەتە یەکگرتووەکان نەیتوانی ئـــەو ئامانجەی بپێکێت کە نەخشـــەی بۆ کێشـــابوو، بەڵکو ئاماژەیەکیش بەدینەدەکرا کە کاربەدەستانی ئەمەریکا سوودیان لەئەزموونە زۆرەکانی ڕابردوویان وەرگرتبێت، بۆ ئەوەی ســـەرکەوتووانە ڕێگـــە بەدووبارە بوونەوەی هەڵەکانیان نەدەن. سەرەنجام ئەم ستراتیژییانە نەیانتوانی ئیحتیوای نفوزی کۆمۆنیستەکان بکەن و یەک بەدوای یەکدا شکستیان هێنا.

لێرەدا ســـەبارەت بەم ســـتراتیژییانە ئاماژە بەچەند تێبینییەک دەدەین:

١ـ هاندەری ڕاســـتەقینەی بەرەنگاربوونەوەی ئەمەریکا بەرامبەر بەیەکێتی ســـۆڤیەت، هەڕەشـــەی ڕاســـتەوخۆی ســـۆڤیەت نەبوو لەئاسایشـــی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵکو وەڵامێکی شپرزانە بوو بەو ڕووداوگەلـــە خێرایانەی گۆڕەپانی ئەورووپـــا بەتایبەتی و کۆی جیهان بەگشـــتی بەخۆیانەوە دەدی. وڵاتانی ئەورووپا لەم ڕووداوانە دەترسان، چونکە سیمای هەوڵدانی فراوانخوازی سۆڤیەتییان پێوە دیاربـــوو ڕووەو چەنـــد ناوچەیەکی نوێ لەئەورووپاو سەرتاســـەری

جیهانــدا، لەژێر کاریگەری ئــەم ترس و هەلومەرجە ســامناکەدا، ویلایەتــە یەکگرتووەکان بنەماکانی سیاســەتی دەرەوەی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی سۆڤیەت دارشت، ئەم ترسەش لەهەلومەرجێکدا لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە دەورژێنرا کە هاوکات بوو لەگەڵ ئاراستەی فراوانخوازی واشــنتۆندا بۆ دەستگرتن بەســەر جیهاندا. ئەمەریکا شــێلگیرانە کاری لەو پێناوەدا دەکرد کە رێگە بەهیچ رکەبەرێکی تر نەدات لەگۆرەپانەکەدا کێبرکێی بکات. لەسایەی ئەم بارودۆخەشدا، سروشتی بوو کە کاردانەوەی ئەمەریکا سەبارەت بەرووداوە ناوچەیی و جیهانییەکان ناواقیعی و نا بابەتییانە بێت.

٢ـ هەڵســەنگاندنی مەترسییەکانی سۆڤیەت لەلایەن ئەمەریکاوە وردبینانــە و لەجێی خۆیدا نەبوو. کاربەدەســتانی ئەمەریکا پێیان وابوو کە باڵادەســتی ئەتۆمییان بەسەر یەکێتی سۆڤیەتدا دەتوانێت رێگە لەپێشرەوی کۆمۆنیســتەکان بگرێت، ئەم دیدگایەش لەلایەن بەرپرسانی واشــنتۆنەوە وەک ئامارەو کاردانەوە بەرامبەر بەهەوڵی فراوانخوازیی مۆسکۆ چەندین جار راگەیەندرا. ئەم بۆچوونە لەسەر ئەو بنەمایە بنیات نرابوو کە فراوانخوازیی سۆڤیەت لەشێوەی پەنابردنە بەر جەنگی سەرتاسەریدا دەبێت. بەڵام ئەزموون پێچەوانەی ئەمەی ســەلماند. چونکە یەکێتی ســۆڤیەت لەبەرفراوانبوونەوەیدا پشتی بەچەکی ئەتۆمی و جەنگی سەرتاسەری نەبەست. لەئەنجامی ئەمەشدا ئەمەریکییەکان نەیاندەتوانی بۆ ئیحتیواکردنی سۆڤیەت پەنا ببەنە بەر چەکە ئەتۆمییەکەیان، چونکە هیچ پاســاوێکیان بەدەســتەوە نەبوو بۆ بەکارهێنانی. ئەنجامی ئەم هەڵســەنگاندنە نادروستەش، شکست هێنانی هەردوو ســتراتیژی «گەمارۆدان و ئیحتیواکردن»و

«هێرشی سەرتاسەری» بوو.
٣ـ ویلایەتــە یەکگرتووەکان لەهەڵسـەنگاندنی نیــازو دیدگای ڕاستەقینەی کاربەدەســتانی یەکێتی سۆڤیەتیشدا بەهەڵەدا چوو. بەرپرسانی ئەمەریکی پێیان وابوو ڕابەرانی مۆسکۆ بەنیازن لەڕێگەی هێرشی سوپای سوورەوە ئەوروپای ڕۆژئاوا داگیربکەن. لەسەر ئەم بنەمایــە، کەوتنە بەهێزکــردن و قایمکردنی هێڵەکانی پێشــەوەی پەیمانی ئەتڵەنتیکی، لەبەرامبەردا ئیدارەی ئەمەریکا لەڕووی بایەخی سیاسییەوە بەشێوەیەکی یەکسان لەناوچەکانی پەیمانی ئەتڵەنتیک و ناوچەکانی دیکەی نەڕوانی، لەکاتێکدا کە هەڕەشــەی پەنا بردنە بەر بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی کرد گەر یەکێتی سۆڤیەت هەڕەشە لەوڵاتانی ئەوروپــای ڕۆژئاوا بکات، کەچی لەبەرامبەردا ئەو بایەخە گرنگەی بەناوچەکانی دوو پەیمانەکەی تر نەدا. بەگرتنەبەری ئەو دوو شێوازە پێچەوانەو هەڵسەنگاندنە نابابەتی و نادروستە، درکی بەوە نەکرد کە دەبنە هۆی هاندانی یەکێتی ســۆڤیەت و چیین بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر وڵات و پێگە لاوازەکان و بیانخەنە بازنەی نفوزی کۆمۆنیزمــەوە، دوای ئەوەی بڕوای تەواوییان بەوە هێنا کەئەمەریکا لەپێناوی ئامانجێکی لاوەکیدا چەکی ئەتۆمی بەکارناهێنێت.
٤ـ ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی ڕەچاو نەکرد کە لەهاوکێشەی هاوسەنگی هێزی نێوان مۆسکۆ و واشنتۆندا ڕوویان دابوو. لەکاتێکدا کە ئەم هاوســەنگی هێزە ڕێگەی بەهەڵگیرســانی چەکی ئەتۆمی لەنێوان دوو زلهێزەکەدا نەئەدا، ئەمەریکا ستراتیژی «هێرشی سەرتاسەری»و پاشان ستراتیژی «جەنگی سنووردار»ی ڕاگەیانــد. بــەم پێیە سروشــتی بوو کــە ڕەگەزەکانــی ئەم دوو

ستراتیژییە زیاتر لەوەی پراکتیکی بن، تیۆری بوون و هیچ لایەنێکی هەرەشەئامێزی بۆ سۆڤیەت و لەدژی سۆڤیەت و چیین لەخۆنەدەگرت گەر خوازیاریی فراوانخوازی بن.

٥- ئیدارەی ئەمەریکی ڕەوشـــی هەندێک لەلایەنە ســـتراتیژییە ڕاگەیاندراوەکانـــی هێنایە نێو چوارچێوەی ڕەوشـــە گشـــتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە لەپێناو خزمەتکردن بەبەرژوەندییەکانی دیکەیدا، ئەمەش کاریگەرییەکی ســـلبی لەسەر کارایی ئەم ســـتراتیژییە لەبەرچاوگیراوانە بەجێهێشـــت. کە وێڕای ئـــەوەی ئەم سیاســـەتە بووە هۆی ئەوەی دەوڵەتانـــی هاوپەیمانی واشـــنتۆن بەناچـــار پەیڕەوی لەو ڕەوشـــە دیکتـــە کراوانە بکەن، کاریگەریی سلبی لەسەر پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەندێک لەهاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی ئەم وڵاتە «وەک فەڕەنســـا» هەبوو، کە سیاســـەتەکانی لەگەڵ سیاســـەتی واشنتۆندا سەبارەت بەپەیمانـــی ئەتڵەنتیک نەدەگونجا. هەروەها هەندێک دەوڵەتی تری پەیمانەکانـــی دیکەش هەمان ڕووانینیان هەبوو، ئەو دەوڵەتانە نەک هەر پێیان وابوو کە سیاســـەتەکانی ئەمەریکا زیاتر لەوەی خزمەت بەدابینکردنـــی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانـــی پەیمانەکە بکات، تەنها داکۆکی لەبەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکات، بەڵکو زۆرجار وڵاتانی ئەندامی ئەو پەیمانانەشی تووشـــی قەیرانگەلی سیاسی دەکردەوە لەســـەر ئاستی سیاســـەتی ناوخۆو دەرەوەیاندا، سەرەنجامیش ئەم دەوڵەتانە بڕوایان بەوە هێنا کە ڕەوتکردن لەســـەر هێڵە سیاسییە تایبەتییەکانی ویلایەتـــە یەکگرتووەکان دەیانکاتە پاشـــکۆو دیلی سیاســـەتەکانی ئەو وڵاتە، کە ئەمەش لەگەڵ ئاراستەی سیاسەتی

دەرەوەیاندا ناکۆکە.
٦ـ ویلایەتە یەکگرتووەکان هەندێکجار هەوڵی سەپاندنی شێوازی ستراتیژییەکانی ئەدا بەسەر زۆرێک لەو دەوڵەتانەدا، بۆ ئەوەی بەبایەخەوە ئەو هەلومەرجە سیاسیە لەبەرچاو بگرێت کە ئەو وڵاتانەی تیابوو. واتە لەدیدی ئیدارەی ئەمەریکییەوە «ستراتیژییەکانی» ئەو چوارچێوە فراوانە بوون کە وای پێویست دەکرد جێگەی هەموو مەسەلە سیاسییەکانی وڵاتانی دیکەشی تیابێتەوە، نەک بەپێچەوانەوە. لەپێشگرتنی ئەم سیاسەتە بووە هۆی ئەوەی ئەمەریکا گەلێک وڵاتی هاوپەیمانی لەسەرتاسەری جیهاندا لەدەست بدات. هەر ئەمەش گرژی خستە نێوان پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەریەک لەسوریا و میسردا، کە دوای ئەوەی چوونە نێو پەیمانە سەربازییەکانیان رەتکردەوە، هەردووکیان چوونە پاڵ یەکێتی سۆڤیەتەوە. ئیدارەی ئەمەریکی پەی بەوە نەبرد کە رژێمە عەرەبییەکانی ئەو سەردەمە باوەڕیان بەپەیمانی سەربازی نییە.
٧ـ ئەو هەلومەرجەی کە بەدرێژایی ساڵانی بەر لەجەنگی دووەمی جیهانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی تیا ژیا، ئاسەوارێکی سلبی لەبیرکردنەوەی سیاسی ئەمەریکیدا بەجێهێشت، ئیدارەی ئەمەریکی لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمەوە سەبارەت بەئایندەی سیاسی جیهان و چەند ناوچەیەکی گرنگی جیا جیای جیهان نیگەران بوو، نەبادا بکەونە چنگی کۆمۆنیستەکانەوەو دەیویست بەرلەوەی ئەو مەترسییە روودات، ئەمەریکا دەستیان بەسەردا بگرێت. ئەم نیگەرانییە لەهەلومەرجێکدابوو کە هێشتا ئەم ناوچانە نەکەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەتەوە، ئەمەش وایکرد

لەکاتێکی درەنگدا دەســـت وەربداتە هەندێک ناوچەی جیهانەوە کە کەوتبوونە بەر هەڕەشـــەی سۆڤیەتەوە، بەڵام دەست تێوەردانەکەی پەلەو هەڵەشـــەبوو. بۆ نموونە دوای ئەوەی هەستی بەو مەترسییە کرد کە خەریکە یەکێتی سۆڤیەتی ڕوو لە«تونس» دەکات، کۆمەکی ســـەربازیی ڕەوانەی ئەو وڵاتە کردو ئەم هەڵوێســـتە هەڵەشەیەی، کاربەدەســـتانی فەڕەنســـای بێزارو تووڕە کـــرد. هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکان سیاســـەتێکی دیاریکراویان سەبارەت بەئەفەریقا تا کۆتایی ســـاڵی ١٩٦٠ نەبوو. بەڵام لەم ســـاڵە بـــەدواوە، دەرکیان بەبایەخی کیشوەری ئەفەریقاو جموجۆڵی کۆمۆنیستەکان ڕووەو ئەو کیشـــوەرە کرد. لەبەرئەوە ئەمەریکا دەستی خۆی بەرەو ئەفەریقا درێژکرد. لەپێشگرتنی ئەم سیاسەتە شپرزەیەش، بووە هۆی ناڕەزایی ئەوروپییەکان کە بەرژەوەندییەکی فراوانیان هەبوو لەو کیشوەرەدا.

## هەڵسەنگاندنی دۆکترنی سەرۆکەکان

دوای ڕانانی پرەنسیپ و دۆکترنی سەرۆکەکانی ئەمەریکا، دەکرێ ئەم تێبینییانە وەک ئەنجامگیریی لێکۆڵینەوەکە تۆماربکەین:

١ـ لـــەزۆر لایەنـــەوە هەموو ئـــەو دۆکترن و پرەنســـیپانەی کە ســـەرۆکەکانی ئەمەریکا لەئەســـتۆیان گرت، لەواقیعـــدا کاردانەوە بوون بەرامبەر بەو هەڵوێســـتە دژوار و مەترسیدارانەی هەڕەشەیان لەبەرژەوەندییەکانـــی ئەمەریـــکا دەکرد. ســـەرۆکەکانی ئەمەریکا هەوڵیاندا لەسایەی دارشـــتنی ئەم دۆکترن و پرەنسیپانەدا خزمەت بەئامانجە سیاسییە ئایندەییەکانیان بکەن، نەک ئەوەی لەڕێبازێکی

سیاسی ســـەربەخۆوە ســـەرچاوەیان گرتبێت، بۆ نموونە دۆکترنی ڕۆزفلـــت کە تەئکیـــدی لەپێکهێنانی هێزێکی ســـەربازی دەکردەوە لەپێناو دامەزراندنی سیســـتەمێکی پۆلیســـیی جیهاندا، تەنها دوای هەڵگیرســـانی جەنگـــی دووەمی جیهانـــی و داگیرکردنی ئەورووپاوە لەلایەن ئەڵمانیاوە چووە بواری جێبەجێکردنەوە. ترومانیش کاتێک دۆکترنەکەی بۆ پشـــتیوانیکردنی ســـەربازی و ئابووریی لەوڵاتانی ئەورووپا ڕاگەیاندو جێبەجێکرد کە ڕووبەڕووی هەڕەشـــەو مەترســـی ســـۆڤیەت ببوونـــەوە، ئەوکات ئەمەریـــکا نیگەران بـــوو لەڕێبازی فراوانخوازیی ســـۆڤیەت و هەوڵدانی بـــۆ ئەوەی کۆی ئەورووپا بخاتە بازنەی کۆمۆنیزمەوە، بەتایبەتی لەدوای ئەو هەلومەرجە گرگرتووەی کە یۆنان بەخۆیەوە بینی و جەنگی ناوخۆیی تیا هەڵگیرســـاو زۆری نەمابوو کۆمۆنیستەکانی تیاسەرکەون، هاوکات تورکیاش کەوتە بەر مەترسی و هەڕەشەی سەربازیی سۆڤیەتەوە.

ئیزینهاوەر دوای ئەم گۆڕانکارییە گرنگانەی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئیســـلامیدا ڕوویـــان دەداو یەکێتـــی ســـۆڤیەتیش هەوڵی خۆنزیک کەوتنەوەی لەڕژێمەکانی دەدا، دۆکترن و پلانە سیاسەکانی دارشت. نیکسۆن دوای شکستی ئەمەریکا لەجەنگی ڤێتنامدا پرەنسیپەکەی ڕاگەیاند. کارتەر ڕێســـاکانی سیاســـەتەکەی کاتێـــک دیاریکرد کە نفوزی ئەمەریکی لەناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەوتنە مەترسییەکی گەورەوە.

٢ـ هەندێـــک لەم دۆکرتن و پرەنســـیپانە لەگەڵ هەلومەرجی ئەو ناوچانـــەدا نەدەگونجان کـــە تیایدا جێبەجێ دەکـــران، بۆ نموونە ئیزینهـــاوەر دەیویســـت ڕژێمە عەرەبییەکان بـــەرەو بەئەندام بوون

لەپەیمانە سەربازییەکاندا ڕاپێچ بکات، بۆ ئەوەی هەلومەرجی گشتی ئەو وڵاتانە لەحســابە تایبەتییەکانی خۆیــدا لەبەرچاو بگرێت، کە وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ چوونە پاڵ ئەو پەیمانە سەربازییانە نەبوون و هەڵگری ئاراســتەیەکی سیاســی دیاریکراو بوون. واتە ئەمەریکا گەرەکی بوو سیاســەتی گشــتی ئەو ڕژێمانە بەجۆرێک بگۆڕێت کە لەگەڵ شــێوازی سیاســەتە تایبەتییەکانی خۆیدا بگونجێن، بەڵام نەخشەی ئەم سیاسەتەی لەبەر ڕۆشنایی کۆی هەلومەرجی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا دەکێشا.

٣ـ هەروەها ئەم سیاســەتە ناوچەییەی ئەمەریــکا، لەئەنجامی لەبەرچاونەگرتنــی هەلومەرجــی سیاســی تایبــەت بەناوچەکەدا، ڕووبــەڕووی گەلێک کۆســپ و گرفت بووەوە کە ئــەو هەلومەرجە ســەپاندبوویان. لەم هەلومەرجەدا ئیدارەی ئەمەریکی شــێلگیرانە خوازیاری جێبەجێ کردنی سیاسەتە ناوچەییەکانی خۆی بوو لەکۆی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا. بەدیهێنانی ئەمەش لەسایەی ئەو ململانێ سیاســییانەی تەحەکومیان بەواقیعە گشــتییەکەی دەکرد ئەســتەم بوو، لەژێر کاریگەریی گوشــارەکانی ئەمەریکادا هەندێک لەوڵاتانــی عەرەبی ملیاندا بەخواســتەکانی واشــنتۆن و هەندێکی دیکەشــیان ســەرپێچییان کرد لەبەرئەوەی باوەڕیان پێنەبوو، ئەو دەوڵەتانەی ئەم هەڵوێستەیان وەرگرت هۆکارەکەی دوژمنایەتییان بوو لەگەڵ ئەو ڕژێمانەی پێشتر چووبوونە پاڵ ئەمەریکاوە. بایەخ نەدانی ئیدارەی ئەمەریکی بەم هەلومەرج و واقیعەی ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی شکستی ڕەوشــی سیاسیی واشــنتۆنی لێکەوتەوە، چونکە ئەم سیاســەتانە لەســەر ئەو بنەمایە داڕێژرابوون کە هەموو ڕژێمە

سیاسییەکانی ناوچەکەی تیابەشـــداربن نەک هەندێکیان. نموونەی هەرە دیـــاری ئەمەش لەســـەردەمی دەســـەڵاتدارێتی ئیزینهاوەردا دەرکەوت، ئیزینهاوەر هەوڵدا سیاسەتەکانی خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بســـەپێنێت، بەڵام کاتێک کە وەڵامێکی ئیجابی لەلایەن زۆربـــەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتەوە پێنەدرایەوە، بەتایبەتی لەو دەوڵەتانەوە کە خاوەنی قورســـایی سیاســـی بوون وەک میسر بەنموونە، نەک هەر نەبووە هۆی چاوخشـــاندنەوە بەسیاسەتەکانی خۆیدا، بەڵکو بەپێچەوانەشـــەوە بەوپەڕی هەســـتیارییەوە ویستی لەڕێگەی دەستێوەردانی سەربازییەوە جێبەجێی بکات، لەگەڵ ئەوەی کە دەیزانی زەمینەی جێبەجێکردنی دەست تێوەردانەکەی فەراهەم نییە. ڕەنگە ئەم هەوڵ و دەست تێوەردانەشی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ەخنە توندانە بووبێت کە ئاراســـتەی دەکـــراو هەندێک لەچاودێران پێیان وابوو کە ئەم پرەنســـیپەی ئیزینهاوەر وەک پێویست کەڵکی جێبەجێکردنی پێوە نییە. ئەمەش ڕاستییەکی گرنگمان بۆ دەردەخات کە دۆکترنی سەرۆکەکانی ئەمەریکا، تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری و هاندەری شەخســـیدا بوون کـــە بریتی بوو لەپاراســـتنی پێگەی خۆیان لەکۆشکی سپیدا. هەڵوێستی جۆنسۆن و کارتەر لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتییاندا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت.

کاتێک جۆنسۆن هێزێکی گەورەی سەربازی ڕەوانەی ڤێتنام دەکرد، بـــێ ئەوەی ئەم هێزو توانا ســـەربازییە بتوانێت هیچ گۆڕانکارییەک لەبەرژەوەندیی ئەمەریکادا لەڤێتنام دروست بکات، لەڕاستیدا بەرەو بنبەست و ڕێگایەکی داخراو هەنگاوی دەنا.

کارتەریـــش دوای ئـــەوەی لەگەڵ شـــەپۆلێک ڕەخنـــەی توندی

گروپەکانی گوشـــار ڕووبەڕوو بووەوە سەبارەت بەشکستی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەئێـــران و ناوچەی کەنداودا، هەوڵی جێبەجێکردنی پلانی دەستێوەردانی سەربازیی دا لەکۆماری ئیسلامی ئێراندا. بەڵام ئەم پلانە لەیەکەمین قۆناغی جێبەجێ کردنیدا شکستی هێنا.

کەواتە سروشـــتییە کە ئـــەم دۆکترن و ڕێبازە ســـتراتیژییانەی سەرۆکەکانی ئەمەریکا کاریگەریی سلبییان لەسەر کارایی سیاسەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەبێت. بەشـــێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین ئەو سیاسەت و پرەنسیپانەی لەلایەن سەرۆکەکانی ئەمەریکاوە ڕادەگەیەندران، دوو خاڵی لاوازییان لەخۆدەگرت:

یەکـــەم: بریتی بوو لەوەی کە ئەمەریکا وەک پێویســـت بایەخ و گرنگی بەهەلومەرجی سیاسی ناوچەکە نەئەدا.

دووەمیش: ئەم دۆکترن و پرەنسیپانە لەژێر کاریگەری و هاندەری شەخسی سەرۆکەکانی ئەمەریکاوە سەرچاوەیان دەگرت.

٤ـ بەســـەرنجدان لەدۆکترن و پرەنسیپی سەرۆکەکانی ئەمەریکا درک بەوە دەکرێت کە پەیڕەوی لەو هێڵە گشـــتییانەی سیاســـەتی دەرەوەی ئەمەریـــکا دەکەن کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە گرتیەبەر، سیاسەتی دەستێوەردانی سەربازی و پشتبەست بەهێزی سەربازیی بوو. ئەگەر لەسەردەمی سەرۆکایەتی هەندێک لەڕابەرانی ئەمەریکاشدا سستی لەبەکارهێنانی هێزدا بەدی کرابێت، ئەوا حاڵەتی کتوپڕو ســـەپێنراو بوون، لەبەرئەوەی بەدوای شکستێکی سەربازی گەورەدا ڕوویانداوە و شکســـتی سیاسی ئەمەریکاشیان لەگۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بەدوادا هاتووە.

٥ـ ئەم دۆکترن و پرەنسیپانە تاڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری ترس

و نیگەرانی لەفراوانخوازیی یەکێتی سۆڤیەت و چییندا دارێژراون. واتە ئامانج لەم دۆکترن و پرەنسیپانە بەپلەی یەکەم سەپاندنی هەژموونی ئەمەریکابووە بەسەر جیهاندا، بەڵام لەهەمان کاتیشدا شێوەیەکیش بـــوو لەبەرەنگاربوونـــەوەی فراوانخوازیی کۆمۆنیـــزم، هەروەها ئەم دۆکترنو پرەنسیپانە کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئامانجگەلێکی دیکەی سیاسەتی ئەمەریکاشـــەوە وەک سەلماندنی ڕاستگۆیی ئەمەریکا بۆ نموونە. ئەم کاریگەرییەش دەرەنجامی ســـلبی لەســـەر کارایی ئەم دۆکترن و پرەنســـیپانە هەبووە، لەبەرئەوەی لەم حاڵەتەدا دەبوونە لاوەکـــی، گەر بۆ ماوەیەکـــی ســـنووردار و هەلومەرجێکی کاتیش بوایە.

# دۆکترنی کلینتۆن و دۆکترنی دەبلیو بوش

نووسینی: سەردار عەزیز

## کلینتۆن
## William Clinton

بەپێی ئەو زانیارییانـــەی لەبایۆگرافیای کلینتۆن خۆیدا هاتووە، بەتایبەت لەکتێبی "ژیانم" کە ســاڵی ٢٠٠٤ بێل خۆی نووسیویەتی، ڕۆژی ١٩ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٦ لەبەرەبەیانی ڕۆژێکی خۆرەتاودا لەنەخۆشـــخانەی «یولیا چێستەر» لەشاری هۆپ، لەدایکبووە. ئەم شارە لەبەشی باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە لەستەیتی ئەرکانسۆ، کە پاشان بێل بوو بەحاکمی، نزیک بەسنووری ستەیتی تەکساس، کە ستەیتی سەرۆک بوشی باوک و کوڕە. باوکی کلینتۆن کاتێک شـــەوێک بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە لەســـەر ڕێگای گشتیی تایەی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکەی دەتەقێ، ئەم ڕووداوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەی لەســـەر ڕێگا دەرچێت و پاشان ببێتە هۆی مردنی. بێل کلینتۆن لەبەشی یەکەمی کتێبی "ژیانم"دا بەوردو درێژی باسی ئەم ســـەردەمەی ژیانی دەکات. بۆ ئـــەو نەبوونی باوک و نەبینینی باوکی خۆی هەمیشە بۆشاییەکی پڕ نەکراوە بووە. مەبەستمان لەم ئاماژە کردنە بەژیاننامەی کلینتۆن ئەوەیە ئەو لەخێزانێکی هەژارەوە

هاتووه، که پاشان وەک بەهانەیەک، لەلایەن نەیارانییەوە بەکاردێت؛ بۆئەوەی وەک کەسێکی ناشارەزا ناوزەندی بکەن.

چیرۆکـــی باوکی کلینتۆن هەمیشـــە مایەی ســـەرنجی میدیاکان بووە. لـــە ڕۆژی باوک دا، کە هەمیشـــە دەکەوێتە ڕۆژی ســـێهەم یەکشـــەممەی مانگی شەشەوە، ســـاڵی ١٩٩٣ کاتێک کە کلینتۆن ســـەرۆک بوو، ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" لێکۆڵینەوەیەکی درێژی دەربارەی باوکی کلینتۆن نووســـی، کە زۆر زانیاری تر لەو بارەیەوە دەرکەوت. کلینتۆن، کە لە١٩ی مانگی ئابی ســـاڵی ١٩٤٦ هاتووەتە دونیاوە، لەســـاڵی ١٩٩٣ بوو بەســـەرۆکی ئەمەریکا وەک نوێنەری پارتی دیموکرات. کلینتۆن بەنەوەی پاش جەنگی دووەمی جیهانیی لەقەڵەم ئەدرێـــت. ئەو نەوەیەی کە پێی دەڵێن "بەیبی بوم"، واتە ساتەوەختی زۆربوونی ژمارەی منداڵبوون. سەرۆکایەتی ئەو بەیەکەم سەرۆکی ئەمەریکای پاش جەنگی ساردیش لەقەڵەم ئەدرێت.

لەنێـــوان کۆتایی جەنگـــی دووەمی جیهانـــی و کۆتایی یەکێتی سۆڤیەتدا، قۆناغێکی گرنگ و هەستیار هەیە لەمێژووی دونیا بەگشتی و مێژووی ئەمەریکادا بەتایبەتی. دونیای ســـەردەمی جەنگی سارد کە هەر زوو پاش کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی دەســـتی پێکرد، دونیایەک بوو کە دوو گەورە زلهێز باڵیان بەســـەر دونیادا کێشابوو، دونیایان لەنێوان خۆیاندا دابەشـــکردبوو. ئەم دوو زلهێزە، ئەمەریکا لەلایەک و یەکێتی ســـۆڤیەت لەلایەکی تر، هەریەکەو لەلای خۆیەوە ڕابەرایەتـــی کۆمەڵێک وڵاتـــی تریان ئەکرد کە لـــەڕووی پێکهاتەی ئایدیالۆژی و سیاسەت و ئابووریەوە لێک جودابوون.

بلۆکی یەکێتی ســـۆڤیەت بەبلۆکی سۆشیالیست ناسراوەو بلۆکی

ئەمەریــکا بەبلۆکی بازاڕی ئازاد، ســەرمایەداریی یان کەپیتالیزم ناســراوە. ئەم دوو بلۆکە هەمیشــە لەهەموو بوارێکەوە لەململانێی یەکتردا بوون و لەسەر خاکی وڵاتانی تر و بە بەکارهێنانی کەسانی تر، زوو زوو بەیەکدا هەڵشــاخاون. کۆتایی ئەم قۆناغە، ســەرەتای دەست پێکردنێکی جودابوو لەمێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

کۆتایــی ئــەم قۆناغە، بەڕوخانــی بلۆکی سۆسیالیســتی یەکێتی ســۆڤیەت کۆتایی هات لەســەر دەســتی "میخائیل گۆرباچۆف". ڕوخانــی یەکێتی ســۆڤیەت مانــای ســەرکەوتنی ئەمەریکا بوو. هەرچەندە ئەمەریکا ســەرنەکەوت، بەڵام یەکێتی ســۆڤیەت ڕوخا. وەک چــاوەڕوان ئەکرا ئەمەریکا ئەم ڕووداوە گرنگەی وەها قۆزتەوە هەتا ئەفسانەی سەردەستەیی سیستەمی خۆی لێوەداڕێژێ. یەکێک لەهەرە ناسراوترین ئەم ئەفسانانە، ئەفسانەی "کۆتایی مێژوو" بوو، کە لێکۆڵەرەوەو ڕووناکبیری ناسراوی ئەمریکی بەڕەچەڵەک ژاپۆنی "فرانسیس فۆکۆیاما" کتێبێکی زۆر بەناوبانگی بەناونیشانی "کۆتایی مێژوو و دواین مرۆڤ"دا لەساڵی ١٩٩٢ نووسی.

فۆکۆیاما، کە لەڕووی فیکرییەوە ســەر بەفەیلەســوفی ئەڵمانی "هێگل"ە، تێزەکەشی ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای دیدی ئــەوە. فۆکۆیاما بڕوای وەهابوو کە لەڕێی دیموکراســییەوە مرۆڤ بواری بۆ ڕەخســاوە، یان دەڕەخســێت، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی خۆی. ئەمە بەشێکە لەدیالێکتە ناسراوەکەی هێگل دەربارەی کۆیلە و ئاغا. کە لەکتێبی ناســراوی فینەمینەلۆژیــای عەقڵ یان ڕۆحدا، هێگڵ باســی ئــەم ململانێیە دەکات. بــەڕای فۆکۆیاما کە مرۆڤ، دەرفەتی بۆ ڕەخسا بۆ ئەوەی ببێتە کوێخای خۆی ئیتر ئامادە نییە

دەست بەرداری بێت و جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ کۆیلایەتی. کاتێک ئەمەش تەنها لەدیموکراسیدا بەرقەرار دەبێت، بۆیە هەبوونی ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی نێوان دیموکراسیەت و خوود-کوێخایی وەها لەسیستەمی دیموکراسی دەکات کە ببێتە دوا سیستەم و ئیتر کەس هەوڵی گۆڕانی نەدا. هەروەها بۆ گرێدانی ئەم تێزە بەپڕۆژەی سەرمایەدارییەوە، فۆکۆیاما و ئەوان سەرکەوتن و بەردەوامی دیموکراسی، بەردەوام ئەبەستنەوە بە بازاڕی ئازادەوە. ئەم جمکەش واتە پرۆژەی ئەمەریکا.

ئەم تێزە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبوو بەسەر داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی بێل کلینتۆنەوە. وەک بەهانە هێنانەوەیەکی فیکری و ئیمپیریکاڵ (مەیدانی) وابوو، بۆ ئەوەی پاساو بۆ باشی و بێوێنەیی و تاقانەیی سیستەمی ئەمەریکی و سەرمایەدای بهێنێتەوە. دیارە ئەمە بۆ خۆی بەشێکە لەو گەمە ئاڵۆزەی کە هەموو دەسەڵاتێک پێی هەڵدەستێ بۆ چەسپاندنی هەژموونگەری خۆی (چەمکی هەژموون بەزمانی عەرەبی هەیمەنە ئەگەیەنێت، کە بەمانای لەقاڵبدانی بیرو دیدی خەڵکییە، بەوەی سیستەمێک، یان ئایدلۆژیایەک، تاقانەو باشترین و بوێنەیە، لەڕێگای کەلتوور و زمان و فەلسەفەوە. ڕەگی ئەم تێزە دەگەڕێتەوە بۆ بیریاری مارکسی و ئیتاڵی "گرامشی").

کلینتۆن کە هاتە کۆشکی سپی لەڕووی سیاسەتی دەرەوە هەستی بەلاوازی ئەکرد. ئەم هەستە سەرچاوەکەی دەگەڕایەوە بۆ چەند هۆکارێکی جودا. یەکەم کلینتۆن کەسێکی خاوەن پێشینەو شارەزایی نەبوو لەو بوارەدا. ئەو لەپڕ لەماوەیەکی کورتدا، لەحاکمی ستەیتێکی بچکۆلانەوە هاتە نێو گەرمەی هەڵبژاردنەوە. بەجۆرێک هەتا چەند

هەفتەیەکیش پێش ساتی هەڵبژاردنی کاندیدەکانی پارتی دیموکرات، ئەو لەو بڕوایەدا نەبوو کە خۆی هەڵبژێرێت، بەپێی قسەی ڕاوێژکاری نزیکی خۆی، "سیدنی بلومێنتاڵ"، کە کتێبێکی قەبەی دەربارەی کلینتۆن بەناونیشانی (شەڕەکانی کلینتۆن)دا نووسیوە.

هۆکارێکی تری گرنگ ئەوە بوو کە کلینتۆن یەکێک بوو لەو کەسانەی نەچووبووە خزمەتی سەربازی لەکاتی شەڕی ڤێتنامدا، ئەمە بەجۆرێک بۆ کلینتۆن مایەی جۆرە هەستێکی ئاڵۆز بوو. بۆیە کە هاتە کۆشکی سپی، هەر زوو بۆ ئەوەی بەسەر ئەم لاوازیەدا زاڵ بێت، داوای ئەوەی لەڕاوێژکارەکانی کرد کە چەمکێکی بۆ دارێژن بۆ ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی تیا ڕوون بکاتەوەو بیکاتە دۆکترنی خۆی.

هەر ئەمەش بوو وەهایکرد بێل کلینتۆن هەر زوو لەلایەن ڕەخنەگرە دیارەکانی باڵی ڕاستەوە لەئەمەریکا وەک، کێرپاتریک، کیسنجەرو ئەوانیتر بکەوێتە بەر ڕەخنەو هێرشەوە؛ وەک کەسێکی نوێ بەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کەسێکی نەشارەزا، کەسێک کە ناتوانێت دۆکترنی خۆی دارێژێت. ڕەخنەی ئەوان ئەوە بوو کە کلینتۆن لەبەرامبەر هەر دیاردەو ڕووداوێکدا پلانی جیاو تایبەت دائەڕێژێت. لەمیانەی چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەرگیز ناتوانێ پلانێکی چارەسەرکەر و گشتی دارێژێ بەڵکو لەباشترین شێوەدا چارەسەرێکی نیوە ناچڵ دە دۆزێتەوە.

ئا لەم بارودۆخی گوشارو نیمچە سەرلێشوانەدا، کلینتۆن لەمانگی ئابی ١٩٩٣دا ئەنتۆنی لەیک، ڕاوێژکاری کاروباری دەرەوەی ڕاسپارد بۆ ئەوەی تاقمێک لەشارەزایان پێکەوەنێت تاوەکو چەمکێک دارێژن کە گوزارشت لەسەرجەم دۆکترنی ئەو و دیدی ئەو بۆ سیاسەتی

دەرەوە بکات. لەنێو ئەم بگرەو بردەو مشــتومڕەدا، قســە دەربارەی مێژووی سیاســەتی دەرەوەی ئەمەریکی کــراً، بەتایبەت دەربارەی "جۆرج کێنەن" . ئەم پیاوە ناسراوترین و ناودارترین دیپلۆماتە لەبواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا. ئەم وەک پیشە بۆ ماوەیەک باڵوێزی ئەمەریکا بوو لەســۆڤیەت. هەموو تێزەکەی دەربارەی ئەوە بوو کە ئەمەریکا ناتوانێت ســۆڤیەت لەناو ببــات (بەتایبەت لەبەرئەوەی ســۆڤیەت ببووە خاوەنــی چەکی ئەتۆمی)، بۆیــە ئەمەریکا تەنها دەتوانێ سنوور بۆ دەســەڵاتی دابنێت. بۆیە کێنەن وەهای بەباش ئەزانی کە ئەمەریکا هەوڵی بەرهەڵســتکردنی دەسەڵات و تەشەنەی یەکێتی ســۆڤیەت بدات و ســنووری بۆ دابنێ، هەوڵی هاوسەنگی بدات. کێنەن ئەم دیاردەیەی ناونا containment. لە ڕاستیدا ئەم چەمکــە لەهەموو چەمکەکانی تر، زیاتــر کرۆکی ململانێکانی سەردەمی جەنگی ســارد ڕوون دەکاتەوە. چونکە هەوڵی سەرەکی هەردوولا هەمیشە ئەوەبوو چۆن هەردوو زلهێز سنوور بۆ دەسەڵاتی ڕکەبەرەکەیان دابنێن.

بەڵام لەهەمان کاتدا قســە دەربارەی ئیدارەی پێشــووش کرا، بەتایبەت دیک چینی و بوشــی باوک. چونکە ئیدارەی بوشی باوک یەکەم ئیدارە بوو کە ڕاســتەوخۆ پاش ڕوخانی دیواری بەرلین حاکم بوو. دیک چینی لەپاش شکســتی ســۆڤیەت ئەوەی پێ باشــبوو ئەمەریــکا جاڕی کۆێخایەتی دونیا بــدات Global Dominance. بەڵام بوشی باوک بانگەشەی بۆ سیستەمی نوێی جیهانی کرد New World System لەبــری کوێخایەتی ئەمەریکا. دیارە پاشــان کە قسە لەسەر دۆکترنی بوش دەکەین ئەم دیدەی چینی وەک کەسێکی

خاوەن دەســەڵات و دیار، لەئیدارەی بوشی کوڕدا زیاتر ڕوون دەبێ تەوە.

لەمیانەی ئەم مشــتومڕانەدا، لەیک لاوێکی ٣٥ساڵی لە لیژنەی ئاسایشی نەتەوەیی نەشناڵNational Security Council بەناوی "ڕۆسنەر" ەوە بانگهێشتکرد، بۆئەوەی دیباچەی پلانێک بۆ سیاسەتی دەرەوە بۆخۆی (لەیک)و سـەرۆک کلینتۆن بنووسێتەوە. ڕۆسنەر لەمیانەی دارشــتنیدا ئاماژەی بەهاوکاری و هاندانی دیموکراسییەت دا لەدونیادا، هەروەها ئاماژەشــی بەســنووربەند کردنی سیستەمە دواکەوتــوو دیکتاتۆرەکانیــش دا، لەکۆتاییــدا قســەی دەربارەی دەســتێوەردان کرد لەوڵاتانی تر لەبــواری کاروباریی مرۆڤایەتیدا. لەیک ئەم پێشــنیارانەی پــێ جوان بوو، بەڵام ئــەو بەدوای تاقە چەمکێکدا دەگەڕا.

ئەم ســووربوونە لەســەر هەبوونــی وشــەیەک، چەمکێک یان زاراوەیەک بۆ ئەوەی ســەرجەم پلان و سیاسەتی وڵاتێکی گەورەو زلهێزی وەک ئەمەریکا کورت بکاتەوە، چەند ســەرچاوەیەکی جودا جــودای هەبــوو. یەکەم ئەو هەســت بەکەم کردنــەی کە لەلایەن ئیــدارەی کلینتۆنەوە هەبوو دەربارەی سیاســەتی دەرەوە، دووەم ئەو کەلتوورەی کە عەقڵی کارگێڕی Managment دایڕشتووە لەبواری ڕیکلام و ناو و ناســینەوەی کۆمپانیادا، کە کاریگەرییەکی زۆری هەیە بەســەر سیاسەت و بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە. زاراوەیەک بۆ ئەوەی پێی بناسرێتەوە، بۆ ئەوەی زۆر خەڵک وەبیریان بێتەوە، دەبێت زاراوەیەکی ســادەو مانا بەخش و جیاوازبێت. ســێهەم ئەو قۆناغە نوێیەی کە دونیای پاش شەڕی ساردی تیا دەژیا، پێویستی

بەوە دەکرد کە ئەمەریکا وەک تاقە زلهێزی دونیا هەڵوێستی خۆی، شوێنی خۆی، پلانی خۆی بۆ دونیا ڕوون بکاتەوە

پاشـــان لەیک داوای لەڕۆســـنەر کرد کە لەســـەر هەوڵدانەکانی بـــەردەوام بێت. ئەم هەموو هەوڵدان و دارشـــتن و پیاچوونەوەیە، لەنێوان لایەنە جیاوازەکان و شـــارەزایان و کەســـانی تر هەتا دەقی وتارێـــک دائەڕێژن بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە لەپشـــت ئەو قســـەو وتارانەی ســـەرۆکەکانەوە مەشـــینێک هەیە کـــە بەدرێژایی کات و بەردەوام هەوڵی دارشتن و نووسین و بیرکردنەوەی ورد ئەدات هەتا دەقی نووسینێک دائەڕێژێت. ئەمە خۆی وەک دیاردەیەک شایستەی هەڵوێستە کردنە. چونکە لەراستیدا هەمیشە حکومەت و دەزگاکانی لەپرۆسەیَ فریودانی خەڵکیدان.

ئەوەی لەیک زیاتر دەیویســـت ئەوە بـــوو کە لەنێو دۆکترنەکەدا ئاماژە هەبێت بۆ باڵادەستی ئەمەریکاو هەروەها بۆ بازاڕ، سیستەمی بـــازاڕی ئـــازاد. دیارە ســـەردەمی کلینتـــۆن، ڕەنگە بەزۆر شـــت بناسرێتەوە، بەڵام لە ســـەرووی هەموویانەوە بەسەردەمی گەشەی ئابووری ئەمەریکا دەناسرێتەوە.

چەمکی زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا، بەڵام لەپاشاندا لەسەر چەمکی ئینلارجمێنت Enlargment کـــە بەمانای گەورەکردن، فراوانکردن دێت، گیرســـانەوە. بەپێی قســـەی لەیک کلینتـــۆن خۆی چەمکی فراوانکردنی پێ باشـــبوو. بەبڕوای ئـــەو گەربێت و ژمارەی وڵاتانی ئـــازاد لەدونیادا زیاد بکات هەروەها بەهێزبـــن، ئەوا لەدەرئەنجامدا دەبێتـــە هـــۆی ســـەقامگیربوونی پەیوەندییـــە نێودەوڵەتییەکان. بەتایبەت لەمیانەی بانگەشـــەی هەڵبژاردندا لەگەڵ بوشـــی باوک،

کلینتۆن بانگەشەی بۆ سیستەمی دیموکراتیک ڕیالیزم دەکرد لەبری ڕیـــال- پۆلیتیــک. ئەمەش بەمانای چۆکدانـــەدان بۆ ئەمری واقیع دێت، کە نەک هەر کرۆکی چەمکی ڕیال- پۆلیتیکە، بەڵکو بانگەشە کردنیشە بۆ دیموکراسییەت.

لەمیانەی تێڕامان لەچەمکی فراوانکردن، هەندێ خاڵی سەرەکی هەر لەسەرەتاوە هەستی پێ ئەکرێت:

یەکەم، ئەگەر چەمکی زاڵی ســەردەمی جەنگی ســارد چەمکی کۆنتەینمێنــت بوو کە بەمانای ڕێ لێگرتن، ســنووربەندکردن دێت. کە بۆ خــۆی لەهەمان کاتدا ئاماژە بەوەش ئەدات کە دەســەڵاتی ئەمەریکی ســنووربەند بوو، وڵات و ناوچــەی گەورەو فراون هەبوو لەدونیادا کەئەمەریکا دەســەڵاتی نەبوو بەســەریاندا. ئەوا چەمکی "فراوانبــوون" ئاماژە بەنەمانی بەربەســت و دوژمن دەکات، ئاماژە بەئارەزووی فراوانخوازیی ئەمەریکا دەکات. دیارە ئەم فراوانخوازییە لەپێناوی چەسپاندنی بەهاو ڕیتمی ئەمەریکیدان، وەک بازاڕی ئازادو دیموکراسییەتی ئەمریکی. فراوانخوازی لەهەمان کاتدا ئاماژە بەوەش ئەدات کە سیستەمی سەرمایەداری لەشێوازی ئەمریکیدا سیستەمێکی سەرکەوتووەو دەبێ دونیا بیکاتە شــێوازی بەڕێوەبردنی حکومەت و کۆمەڵگاکانیان. بەکورتی بانگەشــەی فراوان کردن بانگەشــەی ســەرکەوتنی ئەمەریکابوو لەهەموو ڕوویەکەوە، ئابووری، سیاسی، بەهاکانی تری ژیان.

ســەرباری هەموو ئەمانــە، ئەم چەمکە ئەوە دەســەلمێنی کە دەســەڵاتێکی تر، سیســتەمێکی تر، بەهایەکی تر، ئابووریەکی تر لەدونیادا نییە بتوانێ بەر بەرەکانێی ئەمەریکا بکات. ئەمە لەهەمان

کاتدا جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە جەنگەکانی پاش جەنگی سارد، جەنگی ناوخۆیی دەبن نەک جەنگی نێودەوڵەتی. ئەم جەنگانە لەناوەندی تەسک و سنووری دیاریکراودا ڕوو ئەدەن. "لیسلی گلیب" ئەم جەنگانەی ناونا جەنگی ناو کوپی چا.

جەخــت کردن لەســەر ئابووری، لەســەر بازاڕ، لەســەر بەها ئەمەریکییــەکان و هەوڵدان بــۆ بڵاوکردنەوەیــان بەدونیادا بەس نەبــوو. چونکە دونیای پاش جەنگی ســارد دونیایــەک نەبوو کە مێژوو تیایدا کۆتایی هاتبێت. وەک ئەوەی فۆکۆیاما بانگەشــەی بۆ ئەکرد. دونیایەک نەبوو، کە ئاشتی تیایدا بووبێتە تەنها پرەنسیپ. هێشــتا جەنگێکی زۆر، هەرچەند وردە جەنــگ، لەدونیادا هەبوو. یەکێک لەوانە جەنگی ناوخۆیی ســۆماڵ بــوو، (کە لەهەمان کاتدا دەکرێت وەک سەرەتایەک بۆ کاری بزوتنەوەی قاعیدە سەیربکرێت. شەڕی مەقەدیشۆ، یەکەم ڕووبەروو بوونەوەی ئەمەریکاو ڕێکخراوی قاعیدە بوو، کە ئەمەریکا شکســتی تیاخوارد)، کە چەند هەفتەیەک پێش تەواوبوونی کاتی ســەرۆکایەتی بوشــی باوک هێزی سەربازی ناردە ئەو وڵاتە بەمەبەســتی یارمەتی، بەهاتنی کلینتۆن ئەم هێزە لەدۆخێکی خراپدا ئەژیان و پاش شکســتیان لەشەڕی مەقەدیشۆ، کلینتۆن لەژێر گوشاری ڕای گشــتیی ئەمریکیدا بڕیاری کشانەوەی لەو وڵاتەدا. هەروەها کێشــەی سەددام و عێراق هێشتا کێشەیەکی چارەسەر نەکراو بوو. عێراق دەبوو لەچەکە کیمیاوی و کۆکوژیەکانی داماڵرێت. بــەڵام عێراق هاوکاری تیمەکانی پشــکنینی نەئەکرد و هەمیشە کێشەی بۆ سازدەکردن.

کێشــەی عێراق و سەددام بەدرێژایی سەردەمی کلینتۆن درێژەی

کێشا. دیارە دۆکترنی کلینتۆن لەبارەی عێراقەوە هێشتا درێژەپێدانی شێوازی سەردەمی جەنگی ساردبوو. ئەمیش واتە کۆنتەینمێنت یان وەک ئـــەوەی بەزمانی عەرەبی پێی دەڵێن (احتواو)، پاشـــان ئەم پلانە درێژکرایەوە بۆ ئێرانیش کە پێیان دەوت (احتواو مزدوج). ئەم سیاســـەتی کۆنتەینمێنتە جۆرێک لەتەمێکردن و هێزی سەربازیشی بەخـــۆوە گرتبوو. بۆ نموونە لە٣١ی ئابی ١٩٩٦دا کاتێک ســـەددام بەیارمەتی پارتی هێرشیکردە سەر یەکێتی، ئەوا کلینتۆن بۆ وەستانی هێرشەکە ١٤ بنکەی سەربازیی عێراقی لەباشوور بۆردومانکرد.

کێشەی کلینتۆن و سەددام شایســـتەی هەڵوێستێکە. دۆکترنی کلینتـــۆن، دۆکترنی بڵاوکردنەوەی بەهاو سیاســـەتەکانی ئەمەریکا بـــوو. بەڵام ئـــەم بڵاوکردنەوەیـــە بەمانای چەســـپاندن یان بەزۆر چەسپاندن نەدەهات. چونکە بۆئەوەی بەهایەک بەزۆر بەسەر گەلێک یان نەتەوەیەکی تردا بچەســـپێنرێت، ئەوا دەبێ گۆڕان لەسیستەمی سیاســـی ئەو گەل یان وڵاتەدا بێنێتە ئـــاراوە. ئەوەی کە بەزمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت ڕژێـــم چەینج regime change یان گۆرینی ڕژێم. کە پاشـــان بوشـــی کوڕ کردیە کرۆکی سیاسەتی خۆ ی.

بـــۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم دیدە، ســـاتێک لەســـەر نامەیەک دەوەستین کە ڕەنگە بەناوبانگترین نامەی سەردەمی کلینتۆن بێت. ئەم نامەیە لەبەرواری ٢٨ی مانگی یەکی ســـاڵی ١٩٩٨ نووسراوە. نووسەرانی ئەم نامەیە ئەم ناوانەی خوارەوەن:

Elliott Abrams - Richard L. Armitage - William J. Bennett - Jeffrey Bergner - John Bolton - Paula

Dobriansky ـ Francis Fukuyama ـ Robert Kagan ـ Zalmay Khalilzad ـ William Kristol ـ Richard Perle ـPeter W. Rodman ـ Donald Rumsfeld ـ William Schneider ـ Jr. Vin Weber ـ Paul Wolfowitz ـ R. James Woolsey ـ Robert B. Zoellick.

هەریـــەک لەم ناوانە ڕەنگـــە ئەو کاتە بۆ خوێنەری کورد ناوی کەسانێکی ناســـراو نەبووبێتن. بەڵام ئەمڕۆ کە لەو ناوانە ڕادەمێنی دەبینی کێن و چ ڕۆڵێکیان بینی لەپەیوەندیی بە شـــەڕی عێراق و گۆڕینی ڕژێمی ســـەددامەوە. ڕەنگە ناوە هەرە ناســـراوەکان: زەلـمـــای خەلیلزاد، باڵوێزی ئەمەریکا بۆ ماوەیەک لەبەغدا، دۆناڵد ڕامســـفێڵد، وەزیری بەرگریی ئەمەریکا لەســـەردەمی بوشی کوڕ، جۆن بۆلتۆن باڵوێزیی ئەمەریکا لەنەتەوە یەکگرتووەکان، وولفەوێتز، باوکی تیۆری شەڕی عێراق، فۆکۆیاما نووسەری بەناوبانگ، ئەوانی تریش.

ئەو نامەیە کە لەلایەن ئەم کەسانەوە نووسراوە، لەدێڕی یەکەمیدا بەئاشـــکرا ئاماژە بەوە ئەدات عێـــراق لەدۆکترنی کلینتۆندا جێگای نابێتەوە. ئـــەوان دەڵێن: "ئێمە بۆ تۆ ئەنووســـین چونکە دڵنیاین کە سیاســـەتی ئەمەریکا بەرامبەر بەعێراق سیاسەتێکی سەرکەوتو نابێت، بۆیە ڕەنگە لەڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا ئێمە ڕووبەرووی جۆرێک مەترســـی ببینەوە کە زۆر جددی تر بێت لەهەموو ئەو کێشانەی تر کە لەپاش جەنگی سارد ڕووبەرووی بووینەتەوە".

نووســـەرانی نامەکە بەئاشکرا ئاماژە بەوە دەکەن ئەو سیاسەتی سنووربەندکردن، کۆنتەینمێنت کە کلینتۆن دژ بەسەددام گرتوویەتە

بەر ســەرکەوتوو نابێت، بۆیە ئەوان داوای گۆڕینی ئەو سیاســەتە دەکەن بەمەرجێک کە سیاســەتی نوێ پلانی گۆڕینی سەددامی تیا بێت. ئەوان بۆ بەدیهێنانی ئەو پلانە گرانە ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ پێشکەشکردنی هەموو هاوکارییەک.

بــەڵام وەک چــاوەڕوان دەکرا ئــەم نامەیە لەلایــەن ئیدارەی کلینتۆنەوە پشتگوێ خرا، چونکە ئاشکراترین هۆ ئەوەیە کە هەموو ئەوانــەی نامەکەیان ئیمزاکردووە ســەر بەپارتی کۆمارین. هەر ئەم پۆلە کەســانە بوون پاشان بوون بەئەو کۆمەڵەیەی کە بە "پارێزەرە نوێکان" ناسران.

بەتێڕامان لەپەیوندی نێوان ڕووداوەکان و هەڵوێســتی ئیدارەی کلینتــۆن، دەبینرێت ئەو ڕەخنەیەی کە هەر لەســەرەتاوە کەســە ناسراوەکانی باڵی ڕاست لەئەمەریکا لەکلینتۆنیان گرت تا ڕادەیەک ڕاســتە. لەکاتێکدا لەسەر ئاستی گشــتیدا کلینتۆن بانگەشەی بۆ بڵاوکردنــەوەی بەها ئەمەریکییەکان ئەکــرد، چ لەڕووی ئابووری و بازاڕو سیاســەت و ئەوەی پێی دەڵێن «دەســەڵاتی نەرم». بەڵام لەهەندێ جێگادا هێشــتا بەپرینســیپەکانی سەردەمی شەڕی سارد مامەڵــەی ئەکرد. ئەمە بەو مانایــە ناتوانرێت بووترێت کە کلینتۆن تەنهــا خاوەن یەک دۆکترن بوو. بەڵکــو لەهەمان کاتدا لەڕووبەڕوو بونەوەی ڕووداوی جیاوازدا خاوەن دۆکترنی جیاوازبوو.

هەر ئەمەش وەهای کرد کە لەساڵانی کۆتایی دەسەڵاتی کلینتۆندا، بەتایبەت لەڕووبەڕوو بوونەوەی قەیرانەکانی بەلقان و لێکهەڵوەشانی یوگوســلاڤیا، ئیدارەی کلینتۆن بــەدوای دۆکترنی تردا بگەڕێت بۆ مامەڵەکــردن لەگــەڵ ڕووداوەکاندا. جەنگی ناوخۆی یوگوســلاڤیا

بەشـــێک بوو لـــەو جەنگە ناوخۆ خوێناوییانەی کـــە لەدەرئەنجامی ڕوخانـــی بلۆکی سۆسیالیســـتی هاتە ئاراوە. وڵاتی یوگوســـلاڤیا لەکۆمەڵێـــک نەتەوە و ئاینی جیاواز پێکهاتبوو. ئیســـلام، فەلەی ئەرسەدۆکس، فەلەی کاسۆلیک، ئەمە لەڕووی پێکهاتەی ئاینییەوە، بەڵام لەڕووی پێکهاتەی ئیتنییەوە، یوگوسلاڤیا پێکهاتبوو لەسرب، کروات، بۆسنەیی، ئەلبان، ئەوانی تر. ئەم تێهەڵکێشەیە لەسەردەمی دەسەڵاتی سۆسیالیستدا لەســـایەی وڵاتێکی ناوەندیی دیکتاتۆریدا دەژیان. دەکرێ بووترێت سۆسیالیزمی یوگوسلاڤی یان تیتۆیی جودا بوو لەسۆسیالیزمی سۆڤیەتی.

کە جەنگی ناوخۆ دەستی پێکرد، ئەوەبوو سربەکان دەیانویست یوگوســـلاڤیا وەکـــو خۆی بهێڵنـــەوە. بۆیـــە هەرزوو ســـەرکردە کۆمۆنیســـتەکانی پێشـــوو بوون بەنەتەوەپەرســـت و ناشنالیستی ڕەگەزپەرســـت. لەهەموویـــان ناســـراوتر میلۆســـۆڤیچ. جەنگـــە ناوخۆییەکان گەیشـــتنە ئاســـتی جینۆســـایدو پاکتـــاوی ڕەگەزیی ethnic cleansing. لەبەرامبەر ئەم دۆخەدا ئیدارەی کلینتۆن لەگەڵ وڵاتانی تری ناتۆدا بڕیاری دەستێوەردانیاندا. دیارە دۆکترنی کلینتۆن کە زیاتر فراوانکردنی شـــێوازو بەهای ئەمریکی بوو لەگەڵ ســـنووربەند کردن، لەتوانایدا نەبوو لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا مامەڵە بکات، بۆیە هەر زوو شـــێوازێکی تر لەدۆکترن هاتە ئاراوە، ئەویش "humanitarina intervention"، بەمانای دەستێوەردان لەوڵاتانی تر بۆ وەســـتانی کارەســـاتی مرۆیی. بەپێی ئەم شێوازە تازەیـــەی دۆکترنی کلینتـــۆن، ئەمەریکا ماف بەخـــۆی ئەدات کە دەســـتێوەرداتە کاروباری ناوخۆی وڵاتانـــی ترەوە کاتێ ئەو وڵاتانە

خەڵکەکانیان ئەچەوسێننەوە. بەمانایەکی تر ئەمەریکا هێز دەنێرێتە نــاو وڵاتانی ترەوە بــۆ ئەوەی خەڵکەکــەی لەدەوڵەتەکەی خۆیان بپارێزێ. ئەم شێوازە نوێیە، هەروەها ڕەنگ دانەوەی سەردەمی پاش جەنگی ساردبوو. لەڕۆژانی جەنگی سارددا، ئەگەر ئەمەریکا بۆ هەر مەبەستێک بیویســتایە دەستوەرداتە نێو کاروباری وڵاتێکی ترەوە، ئەوا هەر زوو یەکێتی ســۆڤیەت بەوەڵام دەهات و دژایەتی دەکرد، هەوڵی هاوسەنگی هێزی ئەدا. بەڵام بەنەمانی یەکێتی سۆڤیەت ڕێگا تەخت ببوو لەبەردەم ئەمەریکادا.

ئەم دۆکترنە، یان شێوازە نوێیەی دۆکترنە قسەوباسی زۆر لەسەر کرا. ڕەخنەگرانی باڵی چەپ هەمیشــە لــەو بڕوایەدابوون هەرگیز ئەمەریکا سوپاو هێزی خۆی نانێرێتە وڵاتێکی تر لەبەر خاتری چاوی کاڵ یان ڕەشــی خەڵکانی تر، بەڵکو ئەمەریکا هەمیشە مەبەست و بەرژەوەنــدی خۆی هەیە لەکارێکی وەهــادا. ڕەخنەیەکی تر ئەوە بوو کە ئەمەریکا ڕاســتگۆ نییە لەبانگەشــەکردنی بۆ ئەم دۆکترنە، بەڵکو لەباشــترین باردا ئەمەریکا سەڵیکتڤە یانی هەڵبژاردەیە. بەو مانایە ئەمەریکا جیاوازی دەکات لەنێوان وڵاتان و گەلاندا، هەر گەل و وڵاتێــک بۆی گرنگ نەبێت ئەوا بایەخی پێ نادات. ئەم ڕەخنانە، بەداخەوە، تا ئاســتێکی زۆر ڕاســت بوون بەتایبــەت لەو ڕووداوە پێشینانەی کە لەدونیادا ڕوویاندا لەسەردەمی کلینتۆندا.

یەکێک لەو هەرە تراژیدیایانە، جینۆسایدی ڕواندایە. وڵاتی ڕواندا لــەدوو خێڵ یان ئەتنی پێکهاتووە، یەکێکیــان هوتۆ کە زۆرینەن، ئەوی تریان توتســی، کە کەمینەن. ئەم وڵاتــە وەک هەموو وڵاتە پاش کۆڵۆنییەکان – پۆســتکۆڵۆنیال- بەجۆرێکی وەها دارێژراوە

که یەک ئەتنیک دەسەڵات بگرێت بەسەر هەموو وڵاتدا و ببێتە هۆی یاخیبوونی ئەوانی تر. پاشـــان ئـــەم یاخیبوونە دەبێتە هۆی جەنگ و پێکداداان، ئیتر لافاوی خوێن وشـــک ناکات. کاتێک جینۆســـایدی ڕواندا ڕوویدا ئیدارەی کلینتۆن باش باشی لەهەموو ورد و درشتێکی ڕووداوەکان ئاگاداربـــوو، تەنانـــەت بەپێی ئـــەو بەڵگەنامانەی کە پاشـــان لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە بەپێی یاسای ئازادی زانیاری فریدۆم ئۆف ئینفۆرمەیشن دەرکەوت، ئەندامانی ئیدارەی کلینتۆن خۆیان لەنێو خۆیاندا وشەی جینۆسایدیان بەکارهێناوە بۆ وەسفکردنی ڕووداوەکانی ڕواندا، بەڵام کلینتۆن پێش وەخت بڕیاری دابوو کە دەستوەرنەداتە ئەو وڵاتەوە. ئەمە هێندە شەرمێکی گەورە بوو پاشان کلینتۆن لەساڵی ١٩٩٨ چوو بۆ کیگالی پایتەختی ڕواندا بۆ ئەوەی بەخەڵکی ئەویَ بڵێت: "sorry" ببورن.

چەند پێوەرێک هەبوون بۆ دەســـتێوەردان و دەســـتێوەرنەدان. یەکەمیان ئەوەبوو، ئەگەر وڵاتەکە ســـتراتیژی نەبیَ ئەوا شـــایانی دەســـتێوەردان نییە، ئەگەر وڵاتەکە دۆستی ئەمەریکا بێت و مافی مرۆڤ پێشـــێل بـــکات، ئەوا ئەمەریـــکا قڕوقەپ لێی دائەنیشـــیَ. بـــۆ نموونـــە تورکیا، کە بە بەرچـــاوی هەموانەوە، ئـــەو ڕۆژانەی کە کلینتۆن بانگەشـــەی بۆ دۆکترنی داکۆکیکـــردن لەمافی مرۆڤ یان کارەســـاتی مرۆیی دەکرد، گوندو شـــارۆچکەی کورد بەچەکی ئەمریکی، بەئاگاداریی ئەمەریکا، لەلایەن ســـوپای تورکیاوە وێران ئەکـــرا. بەڵام کلینتـــۆن و ئیدارەکـــەی و دۆکترنەکەی وەک ئەوەی مێشێکیش میوانیان نەبیَ وابوون.

یەکێـــک لەهەرە دیاریترین کێشـــەکانی دونیای ئەمڕۆ کێشـــەی

تیرۆریزمە. ئەم کێشەیە لەیانزەی سێپتەمبەرەوە دەست پێ ناکات. بەڵکو لەڕاستیدا مێژووی جەنگی قاعیدە و ئەمەریکا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کلینتۆن. بن لادن ساڵی ١٩٩٨، لە خوتبەیەکیدا دەڵێ "ئەمەریکا باش دەزانێ، بۆ زیاتر لەدە ساڵە کە من لێمداون، بەیارمەتی خوا. یەکەم لێدانی ئەم ڕێکخراوە بۆ ئەمەریکا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢ لەوڵاتی یەمەن، کە وڵاتی ڕەسەنی بن لادنە".

هەر مانگێک پاش دەست بەکارکردنی کلینتۆن، لەشوباتی ١٩٩٣دا تەقینەوەی world trade centre ڕوویدا، کە شەش ئەمریکی تیاکوژرا. ئەو ڕووداوە بەلای ڕەخنەگرانی کلینتۆنەوە سەرەتایەک بوو بۆ سیاسەتی کلینتۆن لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدەدا. سیاسەتی کلینتۆن، سیاسەت پشت گوێخستن یان ڕێپێدان appeasement بوو. ئەم سەرەتایە بەلای ڕەخنەگرانەوە وەهای لەقاعیدە کرد کە بێوچان بەردەوام بێت لەسەر هێرشەکانی بۆ سەر شوێن و جێگا و بەرژەوەندییە ئەمریکییەکان. هەر لەهەمان ساڵدا ١٩٩٣ لەمانگی تشرینی یەکەمدا، شەڕی شەقامەکانی مەقەدیشۆ ڕوویدا. پاشان لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩٩٥ تەقینەوەکانی ڕیبازی پایتەختی سعودییە، هەر لەهەمان کاتیشدا تەقینەوەکانی نایرۆبی (کینیا) و دارلسەلام (تەنزانیا) ڕوویاندا.

کلینتۆن ئەوە نەبوو دەستەپاچە بێت بەرامبەر ئەم لێدانانە، بەڵام هەوڵەکانی هەمیشە کورت و لاواز و بێ دەرئەنجام بوو. کاتێک قسە لەسەر doctrineە، ئەوا دەبێ لەماناکانی دۆکترنەکانی کلینتۆن ورد بینەوە لەبەرامبەر ڕێکخراوێکی وەک قاعیدەدا. کلینتۆن لەباڵی لیبراڵی پارتی دیموکرات بوو، کەسێک بوو هەر لەسەرەتای

گەنجییەوە دژ بەشــەڕ بوو. لەســەروبەندی ڕۆژانی ڤێتنامدا لەبری ئەوەی بچێت بۆ شــەڕ دژ بەشــەڕ ڕێپێوانی ئەکــرد. ئەمە وەهای کرد کە ئەو بۆ پاڵپشــتی خۆی هەمیشە چاوی لە"باڵی لیبراڵی دژ بەشــەڕ"ی پارتەکەی خۆی بێت. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو کە نەچوو بووە ســەربازی و دژ بەشــەڕ ڕێپێوانی کردبوو نەیئەویســت ببێتە ســەرۆکێک کە شەڕ ڕابگەیەنێ. سەرباری هەموو ئەمانە، نە CIA و نە FBI هاوکارو خوازیاری شەڕنەبوون دژ بە بن لادن.

کلینتۆن لەهیچ کام لەدۆکترنەکانیدا، نەگەورەکردن و فراوانکردنی دیموکراسی، نەدەستێوەردانی مرۆیی و نەگەشەی ئابووری، هیچ کام لــەم دۆکترنانە تێزێک نەبوون کــە بتوانن لەگەڵ ڕێکخراوێکی وەک قاعیدەدا مامەڵە بکەن. قاعیدە لەگەڵ ئەمەریکادا شــەڕێکی هەبوو لەدوو ئاســتدا. ئاستی یەکەم ئاســتی بەها، ئاستی دووەم ئاستی دوژمنی دوور. قاعیدە دژ بەبەها ئەمریکییەکانە لەهەموو ڕوویەکەوە، چونکە بەهای دژ بەئیسلامن. لەلایەکی ترەوە دوژمنایەتی ئەمەریکا دەکات چونکە پێی وایە کە هۆکاری پاڵپشتی ئەمەریکایە بۆ سەرانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت، کە ئەوان لەدەســەڵاتدا ماون. ئەم دیدانە پێویستی بەدۆکترنی نوێ و دیدی نوێ هەبوون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا. ئەمانە هەمووی لەلایەک، لەلایەکی ترەوە کلینتۆن لەبەر ئەو کێشەی خۆشەویستی و سێکس و درۆ و دادگایی کردنە، ئەوەندە گۆشەگیرو بێدەســەڵات بوو، بەجۆرێک کاتێک پاش تەقینەوەکانی نایرۆبیو دارلســەلام کە بڕیاری لێدانی سودان و ئەفغانستانیدا هەر خێرا بەوە تاوانباریان کرد کە ئەو بۆیە ئەم کارە دەکات، بۆ ئەوەی سەرنجی میدیا و خەڵک لەسەر قەیرانە کەسیەکانی خۆی لابەرێت.

لەکۆتاییـــدا ئـــەوەی دەتوانرێـــت بووترێت، دۆکترنـــی کلینتۆن دۆکترنێک بوو زیاتر لەبواری دەسەڵاتی نەرمدا soft power لەبری هێزی سەربازی. ئەمە ئاسان بوو چونکە ئەمەریکا لەساتەوەختێکی بوژانەوەی ئابووریـــدا دەژیا. ئەگەرچی کلینتـــۆن وەها دەبینرێت، بەتایبـــەت لەلایەن خەڵکـــی بێئاگا و عەقڵ تەســـکی دونیاوە، کە ســـەرۆکێکی ســـەرکەوتوو لێهاتوو بوو. بەڵام ئەو ســـەرۆکێک بوو بێبـــاک بەرامبەر قەیرانەکانی دونیا. بەرامبەر تراژیدیاکان. بۆئێمەی کورد ئەگەر ئەو یان دیموکراتەکان لەدەسەڵاتدا بوونایە ئەوا هێشتا ســـەددام و تاقمەکەی لەســـەر حوکم بوون و تائێستاش ئابڵۆقەی ئابووری بەردەوام دەبوو. ئەوەی شـــایانی باســـە لەڕووی قەیرانی کۆن و درێژخایەنی ئیســـرائیل- فەلەســـتین، کلینتۆن تا ڕادەیەک هەوڵی جددیدا بۆ چارســـەرکردنی ئەو کێشـــە ئاڵۆزە. دەرئەنجامی ئەمە دانیشـــتنەکانی کامپ دەیڤد بوو لەســـاڵی ٢٠٠٠دا. هەرچەندە هیوایەکی زۆری بەخشـــی لەکاتی خۆیدا بەڵام شکســـتی هێناو هەر پاش ئەوە قەیرانەکانی ئەو دوو قەوارەیە هێندەی تر زیاتر خوێناوی بوو، کە سەرەنجام وەهایکرد دەسەڵاتی حەماس فراوانتر بێت.

# جۆرج دەبلیو بوش
George W.Bush

ڕۆژی سێ شـــەممەی ٢٠ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩، جۆرج دەبلیو بوش، چل و ســێهەمین ســەرۆک کۆماری ئەمەریکا، پاش هەشــت ســاڵ حوکم کردن، کۆشکی سپی بەجێهێشــت بۆ باراک ئۆبامای سەرۆکی ژمارە چل و چوار.

جۆرج دەبلیو بوش، کوڕی گەورەی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا "جۆرج بوش"ە، کە بە بوشــی باوک ناســراوە. بوش، ساڵی ٢٠٠٠ پاش هەڵبژاردنێکی پرســیاراوی و پاش دۆڕانــی دەنگی زۆرینەی لەبەرامبــەر ئالگــۆردا، بەپێی بڕیاری دادگای باڵا، بوو بەســەرۆک کۆماری ئەمەریکا.

ســەرۆک بوش، لەمیانەی بانگەشــەی هەڵبژاردنیدا بایەخێکی ئەوتۆی بەسیاســەتی دەرەوەی ئەمەریکا نــەدا. بەڵکو تارادەیەک کەســێک بوو، بانگەشــەی بۆ ئەوە دەکرد کەئەمەریکا بەپێی توانا پێویستە بگەڕێتەوە دۆخی گۆشەگیری isolationist. بەڵام پاشان بەهۆی ڕووداوەکانەوە، ڕۆژانی سەرۆکایەتی بوش بوو بەسەردەمێک کە زیاتر لەهەموو سەردەمەکانی تر، ئەمەریکا تیایدا بوو بەهێزێکی

نێودەوڵەتی و ڕووبەڕووی شـــەڕێک بــۆوە کە تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆی هەیە (مەبەســت شـــەڕی دژی تیرۆرە؛ کە دژ بەدوژمنێکە خاوەن پانتاییەکی تایبەت نییە، هەروەها جگە لەباوەڕێک هیچی تری نییە کە ئەندامەکانی پێکەوە ببەســتێت). ئەم شەڕی دژ بەدوژمنە نادیارە، چ لەڕووی ساتەوەخت و چ لەڕووی تایبەتمەندییەوە بەیەکەم شەڕی سەدەی بیست و یەک دائەنرێت.

بوشیش وەک هەموو سەرکردەکانی تری ئەمەریکا خاوەنی دۆکترنی خۆیەتـــی. دۆکترنی بـــۆش، ڕەنگە بە بـــەراورد بەدۆکترنی زۆربەی سەرۆکەکانی تر، تا ئاســـتێکی زۆر دۆکترنێکی ڕوونترو دیاریکراوتر بێـــت. ناوەرۆکی دۆکترنی دەتوانرێت بووترێت لەبەڵگەنامەیەکدا واڵا کـــراوە. هەر ئـــەو بەڵگەنامەیە کە لەم نووســـینەدا زیاتر لەهەموو بەڵگەنامەکانـــی تر پشـــتی پێ ئەبەســـتین بـــۆ خوێندنەوەمان و قســـەکردنمان لەســـەر دۆکترنی بۆش. ئـــەو بەڵگەنامەیە لەمانگی ئەیلولی ســـاڵی ٢٠٠٢ لەژێر ناوی ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بڵاوبوەتەوە:

The national security strategy of the United State" "September ٢٠٠٢ ،of America

ئەم بەڵگەنامەیە کە لەماڵپەری کۆشـــکی سپیدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵگەنامەیەکـــە لەنۆ بەشـــی کورت، بەڵام چـــڕ پێکهاتووە، لەگەڵ پێشـــەکییەکدا. بەشـــی پێنجەمی ئەم بەڵگەنامەیە زیاتر ڕووناکی دەخاتە ســـەر دۆکترنی ســـەرۆک بۆش. ناونیشانی بەشی پێنجەم دەڵێ: ڕێگەگرتن لەدوژمنانمان بۆ هەڕەشـــە کردن یان دروستکردنی مەترسی لەســـەر خۆمان، هاوپەیمانانمان و دۆستەکانمان لەڕێگەی

چەکی کۆکوژییەوە.
وەک لەم ناونیشانەدا دەیبینین، ئیدارەی بۆش بەئاشکرا بانگەشە بۆ بەکارهێنانی هێــز دەکات لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەی لەلایەن ئەمەریکاوە دەچنە خانــەی دوژمنەوە. هەروەها چەمکی ڕێگەگرتن بەمانای دەستوەشانی پێشینە دێت، هەوڵدان بۆ لێدانی دوژمن پێش ئەوەی ئەو دەستی خۆی بوەشێنێ. هەروەها ئەوەی بەئاشکرا هەستی پێ ئەکرێت ئامارژەکردنە بەسەددام و عێراق وەک دوژمنێک، چونکە وەک پاشان ڕوون بۆوە، مەبەست لەزاراوەی چەکی کۆکوژی، ڕژێمی سەددام بوو. دیارە لەساتەوەختی بڵاوبوونەوەی ئەم بەڵگەنامەیەدا کــە ڕێک ســاڵێک دەکات پاش ڕووداوەکانی یانزەی ســێپتەمبەر، ئەمەریکا ئەو ســاتەوەختە لەجەنگدابوو لەگــەڵ ڕێکخراوی قاعیدە لەوڵاتی ئەفغانستان.
چۆنییەتــی تێگەشــتن لەدەقێکــی چــڕی گرنگ، کە پاشــان دەبێتــە ڕێنماییکەر بــۆ مامەڵەکردنی گەورەتریــن دەوڵەتی دونیا لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، پێویســتی بەخوێندنــەوەی تایبەت هەیە. خوێندنەوەی تایبەت بۆ زمانی دەقەکە، زاراوەکانی، دیسکۆرســەکە یان خیتابەکە و هەروەها ئەو مانا تایبەتە هەنوکەیی و ئایندەییانەی کە لەنێو مانا تەمومژاوییەکانی وشەو زاراوەو دێڕ و بڕگەکاندا خۆی حەشــاردادوە. ئەم بەڵگەنامەیە وەک زۆربەی بەڵگەنامە گرنگەکانی تــری ئەمەریکا کورتە، بۆ نموونە دەســتووری ئەمەریکی تەنها دە هەزار وشەیە. ئەم کورتییە، ڕێگە ئەدات بەگۆڕان و دەستکاریکردن لەکاتی پێویســتدا، هەروەها بەلێکدانەوەی تــر. ئەگەر بەزمانێکی میتافۆریانە (مجازی) قسە بکەین، ئەم بەڵگەنامەیە تەنها ئێسقانەو

لەهەموو ســاتەوەختێکدا بەپێی پێویست، مەبەستی پێویست، ئەو جۆرە گۆشتەی کە دەخوازرێت دەتوانرێت بخرێتە سەر.

یەکــەم زاراوە کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە لەمیانەی خوێندنەوەی بەڵگەنامەکە، زاراوە یان چەمکی مەترسییە. مەترسی threat لەم دەقــەدا لەپێکەوەگونجانی دوو هێز دێتە ئــاراوە. ئەو دوو هێزەش توندڕەوی و تەکنەلۆژیان. هەروەها دەتوانرێت بەجۆرێک لەجۆرەکانی ترادیشیون و مۆدێرنە وێنابکرێت. (ئەوەی پێویستە بوترێت ئەوەیە لێرەدا پەیوەندیی مۆدێرنە و ترادیشێون پەیوەندییەکی هاوتا نییە، بەڵکو لەڕاســتیدا مۆدێرنە لەخزمەتی ترادیشیوندایە). بیرکردنەوە لــەم دوو چەمکە ئــەو وێنە بــێ وێنەیەمان دەهێنێتــەوە یاد کە هەمووومان چەندەها جار لەشاشــەی تەلەفزیۆنەکانمانەوە بینیمان. ئەویــش وێنەی ئــەو دوو فڕۆکەیەی، کە هێمایە بــۆ تەکنەلۆژیا و لەلایەن توندڕەوانی ســەر بەڕێکخراوی قاعیدەوە بەنزمی بەئاسمانی ســامالی ئەو چێشــتەنگاوە درەنگەی شــاری نیورکدا فڕێندران و خۆیان بەدوو تاوەرە بەرزەکەی بنکەی بازرگانی جیهانییدا کێشــا. ئەم پێکەوەنوسانەی مۆدێرنە و ئوسولییەت سەیرترین پێکەوەنوسان بوو.

هەر ســەیرو ســەمەرەیی پێکەوەنوســانی ئەم دووانەیە بەلای ئەمەریکاوە و بەتایبەت ئیدارەی "بۆش"ەوە دەبێتە مایەی گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئازادی. بۆش دەڵێ: "گەورەترین و مەترسیدارترین دوژمنــی ئازادیی پێکەوەنوســان و پێکەوەگرێدانــی توندڕەوی و تەکنەلۆژیایە".

بەڵام بۆ ئەوەی ئەم پێکەوەنوسان و پێکەوەگونجانە بێتە ئاراوە،

نێوانگرێک پێویســـتە. نێوانگرێک بۆ ئەوەی ئەم دوو هێزە پێکەوە کۆببنـــەوەو لەگەڵ یەکدا یەکبگرن، ئەم نێوانگرەش ئەو وڵاتە لاوازو داڕوخاوانەیـــە کە لەدەرئەنجامی گۆڕانی سیســـتەمی جیهانی پاش جەنگی ســـارد هاتوونەتە ئاراوە. بۆیە لەگەڵ سەرچاوەی مەترسی تەکنەلۆژیاو توندڕەویدا هـــەردەم ناوی وڵاتە لاوازو داڕوخاوەکانیش دێـــت. هەر ئەم دیدەبوو کە ڕێگایـــدا بەئیدارەی بۆش هێرش بکاتە سەر وڵاتی ئەفغانستان. هەر ئەم دیدەش ڕێگای خۆشکرد بۆ ئەوەی پاشان ڕژێمی لاواز بووی سەددام، کە مەترسی ئەوەی هەبوو خاوەن چەکی کۆکوژیی بێت و بکەوێتە دەســـتی هێـــزە توندڕەوەکانەوە، لەلایەن ئەمەریکاوە هێرشـــی بکرێتە ســـەر. ئەم دیدەش سەرباری ڕەوایەتی، پاشـــان بوو بەمایەی قەیران؛ چونکە بۆ سەلماندنی ئەم دیدە پێویســـتی دەکـــرد پەیوەندییەک لەنێوان ڕژێمی ســـەددام و ڕێکخراوی قاعیدەدا بسەلمێنرێت. وەک چۆن پەیوەندییەکی ئاشکراو پتەو لەنێوان قاعیدە و تالیباندا هەبوو.

ئەوەی لەمیانەی تێڕامانمان لەچەمکی مەترســـی بۆمان ئاشکرا دەبێت ئەو ماڵئاواییە کە لەدیدەکانی سەردەمی جەنگی سارد کراوە. چیدی سەردەمی سنووربەند کردن و پێکەوە گونجانی نابەدڵ نەما. لەدونیای بۆشدا دوژمنان دەبێ هێز لەبەرامبەریاندا بەکاربێت و لەناو ببرێن، تێک بشـــکێنرێن. ئەو بونیادە فەلسەفییەی کە پاش جەنگی ســـارد هاتبووە ئاراوە لەمیانەی هەڵسوکەوت و مامەڵەی وڵاتان زۆر جودابوو لەوەی ســـەردەمی جەنگی سارد. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم دیدە پێویســـتە ســـاتێک لەبەردەم ئەم دیدە فەلسەفییە نوێیانەدا ڕامێنیـــن. بەڵام ئەم تێڕامانەمان بەئاســـانی فەراهـــەم نابێت لەبەر

ئـــەو قەیرانە ســـەختەی کە زمانی کوردی لەگـــەڵ چەمک و زاراوە سیاسی و فەلســـەفییەکاندا هەیەتی. هەندێک چەمک کە پڕ گرنگن بۆ تێگەشتنمان لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەسەدەی بیست و یەکدا، بەڵام ئەم چەمکانە لەزمانی کوردیدا بەرامبەریان نییە. چونکە زۆر بەسادەیی زمانی کوردی هەرگیز زمانی ئەو بوارە نەبووە.

لەمیانەی قسەکردنماندا پێویستمان بەڕوونکردنەوەی دوو چەمک هەیـــە ئەویش ڕۆگ rouge و هەروەهـــا دیتێرەنس deterrence ە. ڕۆگ ئـــەو وڵاتەیە کـــە گەلەکـــەی لەلایەن دەســـەڵاتدارانیەوە دەچەوسێنرێنەوە، سەروەت و سامانی گەلەکە و وڵاتەکە بۆ دەستکەوت و بەرژەوەندیی تاکەکەســـی لێپرســـراوانی دەوڵەت بەکاردێن. ئەم وڵاتە ڕێز لەیاســـا نێودەوڵەتییەکان ناگرێت، مەترسی بۆ وڵاتەکانی دراوســـێی دروست دەکات، هەمیشە یاســـا نێودوڵەتییەکان پێشێل دەکات کە خۆی ئیمزایکردون. هەروەها وڵاتێکە کە ناتوانێت خۆی، کێشە ناوخۆییەکانی خۆی چارەسەر بکات.

لەلایەکی ترەوە دیتێرەنس بەمانای ئەو هەڵوێستە عەقڵییە دێت کە هێزێک هەیەتی بەرامبەر بەدەرئەنجامە مەترســـیدارەکانی کارێک یان ڕووداوێک. ئەمە زیاتر لەســـەر توانای خەیاڵکردن وەســـتاوە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەســـتمان، دەگەڕێینەوە بۆ نموونە هەرە ناســـراوەکەی سەردەمی جەنگی ســـارد. کاتێک دوو هێز بۆ نموونە ئەمەریکاو یەکێتی ســـۆڤیەت خۆیان بەچەکی ئەتۆمی و چەکی تری خەتەرناکی لەو جۆرە پڕچەک دەکرد لەهەمان کاتدا لەوە ئاگادار بوون لەبەکارهێنانیدا کەس براوە نییە، چونکە چەکی لەو جۆرە چەکێکن ئەگەر هاتوو بەکارهات ئەوا هەردوولا بەیەکســـانی لەناو دەچن. ئەم

مەترسـیـیە وا دەکات جۆرە ئاشـتییەک بێتە ئاراوە کە پێی دەڵێن "دیتێرەنس"، کە لەبنەڕەتدا وشەیەکی فەرەنسییە بەمانای هەبوونی مەترسی لەئەنجامدانی کارێک، بەجۆرێک ئەو مەترسییە ببێتە هۆی ڕوونەدانی ئەو کارە.

ئـەوەی لەهەردوو ئـەم چەمکانەدا گرنگە توانـای عەقڵانیەتە. بەمانایەکی تـر وڵاتێک کە ڕۆگ، یان ئەوەی بەعەرەبی پێی دەڵێن "الدوله المارقه" بێت، ئەوا بەپێی عەقڵانیەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مامەڵـە ناکات. لەهەمان کاتدا ڕێکخراوی تیرۆریسـتی ڕێکخراوێک نییە کە بڕوای بەدیتێرەنس هەبێت. چونکە ڕێکخراوی تیرۆریسـتی لەگیان و ژیانی خۆی ناترسـێت. ئەم نەترسانە وەهای لێدەکات کە نەتوانرێـت بەدیدو چەمکە تەقلیدییـەکان مامەڵەی لەگەڵا بکرێت. چونکە لەهەناوی ئەو ئاشـتییەی لەئەنجامی دیتێرەنس دێتە ئاراوە هۆکارەکەی مەترسـی لەناوچوونی ژیانە. ئەمە بوو وەهای لەڕۆژئاوا کـرد لەبەردەم خیتابـی وەک (ئەگەر ئێوە ژیانتان خۆشـدەوێ، ئێمە مەرگ دۆسـتین)، کە خیتابی قاعیدەو ڕێکخراوەکانی تری لەو شێوەیەیە، توشی شـۆک بێت. بۆیە بەپێی بەڵگەنامەی ستراتیژی ئاسایشـی نەتەوەیی ئەمەریکا، چەمکـی دیتێرەنس ناتوانێ لەگەڵ دوژمنی تیرۆریستدا بەکاربێت.

بەڵام ئەم کێشـەیە ڕەگی قووڵتری هەیە. بەهاتنی بوش بۆ سەر حوکـم لەگەڵ ئەودا دەسـتەو تاقمی پارێـزەرە نوێکان هاتن. ئەم دەسـتەو تاقمەی کە جگە لەکۆمەڵێک سیاسـەتمەدارو ڕۆشنبیر و بیریار، هیچـی ترنەبوون. ئەمانە نە پارت بـوون، نە ڕێکخراو، نە کۆمەڵە. بەڵکو کۆمەڵێک خەڵکی نزیک بەیەک و هاوڕێ و ناسراوی

یەکتربوون، کە دید و تێڕوانینی هاوبەشـــیان هەبوو لەگەڵ یەکتردا دەربارەی شوێنی ئەمەریکا لەجیهاندا.

مێژووی ســـەرهەڵدانی ئەم گروپە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە پڕ شـــەرمەزاری و شکستەی کە ئەمەریکا لەســـاتەوەختی جەنگی ڤێتنامدا پیا تێئەپەڕی، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ دەرئەنجامەکانی ئەو جەنگەش. سەرەتا ئەم گروپە لەسەردمی "فۆرد"ا دەستیان گەشتە ناوەندەکانی دەســـەڵات بەتایبەت ئەو دوو ســـاڵەی کە بوشی باوک لە١٩٧٤-١٩٧٦ لێپرسراوی CIA بوو. ئەو ڕۆژانە هەرچەندە دەنگی تازەو لاوازبوون، بەڵام هەڵوێستی خۆیان بەئاشکرا دەر ئەبڕی. ئەو ڕۆژانە ســـەردەمی دتێنەت (کە هەمان دیتێرەنســـە) بوو. ئەوانیش سەرتاپا هەموویان دژ بەکارێکی وەهابوون. بەبروای ئەوان، دتێنەت هیچ نییە جگە لەخیانەتێک بەرامبەر خەونی ئەمەریکا. ئەوان پاشان لەهاتنی بوشـــی باوک بۆ سەر حوکم، داکۆکییان لەسەر سووربوونی خۆیان لەسەر چارەسەری سەربازی هەمیشە دووپات ئەکردەوە.

ئەم گروپە ڕوخانی یەکێتی ســـۆڤیەتیان بەساتەوەختێکی وەها بینی کە وەک دەرفەت و هەلێکی زێڕین هاتووەتە بەردەســـت وڵاتە یەکگرتوەکانـــی ئەمەریکا بۆ ئەوەی بۆ هەتا هەتایە دونیا لەســـەر شـــێوازی خۆی دابڕێژێتـــەوە و هەموو ئەو هێزانـــە لەناوبەرێت کە ڕێگردەبـــن لەبەرامبەر کارێکی وادا. ئەمە دەکرێت ناوبنرێت "پاکس ئەمەریکانا". بە مانای "ئاشتیی ئەمریکی" بەڵام چۆن ئاشتییەک؟! ئاشتییەک کەتیایدا ئەمەریکا تاکە زلهێزەو دونیا لەبەردەمیدا تەخت ڕاخراو و بەهاو سیســـتەمی ئەمریکی لەهەمـــوو جێگایەکی دونیادا بەبێ بەربەرەکانێ تەشـــەنە دەکات و دونیا بووەتە بەهەشـــتێک بۆ

بازارو کالاّ ئەمریکییەکان.

ئەمە بەبێ دوودڵی و گومان و ڕاڕایی، خەونێکی ئیمپراتۆریانەیە. بۆیە لەڕۆژانی حوکمی ســەرۆک کلینتۆندا ئەوان لەبارودۆخێکی پڕ نیگەرانــی و بێزاریدا دەژیان، چونکە پێیــان وابوو کە دەرفەتێکی گونجاو و لەبارە، بەڵام کلینتۆن سودی لێوەرناگرێت بۆ ئەوەی هەتا هەتایە دونیا بکاتە ئەمەریکایی، ئەمەریکا بکاتە سەردەســت. هەر ئەمەش سەرچاوەی ئەو هەموو ڕق و کینەیەیە کە بەرامبەر کلینتۆن و خێزانی ئەو و هیلەری هەیانە. بەڵام سەرەڕای دووربوونیان لەحوکم، پارێزەرە نوێکان هەرگیز کۆڵیان نەدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. یەک بەیەکی ئەوان لەڕێگای ئەو کەناڵانەوە کە بۆیان ڕەخســابوو، وەک میدیا، خانەی بیر thinktank. گۆڤارو ڕۆژنامەو کەناڵی تر، هەمیشە بانگەشەیان بۆ بیری خۆیان ئەکرد.

بەهاتنی ســەرۆک جۆرج دبلیو بۆش بۆ ســەر حوکم، پارێزەرە نوێــکان بوونە کۆڵەکەی ســەرەکی ئیدارەکەی ئــەو. دیک چینی، دۆناڵد ڕامســفێڵد، پۆل وۆڵفەویتز، سکوتەر لیبی، زەڵمای خەلیلزاد و ئەوانی تر. ئەمان هەر لەڕۆژی گەیشتنیانەوە بەدەسەڵات هەر زوو لەهەڵوەدای ئەوەدابوون چۆن بەرنامەکەیان فەراهەم بکەن. ئەوەبوو ڕووداوی یانــزەی ســێپتەمبەر ڕوویدا. ئــەم ڕووداوە بوو بەبەڵگەو بەهانە بۆ دەســتپێکردنی پلانی سەردەستی ئەمەریکا. سەرەتا بۆ ئەوەی مەبەســتەکەمان زیاتر ڕوون بکەینەوە دەبێ هەندێ بەقوڵی لەکۆمەڵێک چەمک وردبینەوە، کە ڕاســتەوخۆ پەیوستن بەدۆکترنی بۆشــەوە. ئەم چەمکانەش بریتین لە «هۆبزیەت، دیموکراســیەت، لێدانی پێشــینەیی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتی گەورە، شەڕی ناکۆتا،

دوژمنی نادیارو چەمکی تر».
بــەڵام پێش ئەوەی بــاس لەهەر یــەک لەو چەمکانــە بکەین لەپەیوەندییان بەدۆکترنی بۆشــەوە، پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە دۆکترنی بــۆش بەبێ هیچ کەموکورتییــەک دۆکترنی پارێزەرە نوێکانە. چەمکی هۆبزیەت دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەســوفی سیاســی بەناوبانگــی ئینگلیزیی «تۆماس هۆبز»، کە بڕوای وابوو مرۆڤەکان هەمیشــە لەململانێدان و وەک گورگن بۆ یەکتری. بەڵام ئەم چەمکە لەپەیوەند بەدۆکترنی بۆشــەوە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی ڕۆبرت کێــگان و کتێبەکەی دەربــارەی پەیوەندیی ئەمەریــکا و یەکێتی ئەوروپــا لەدونیــای نوێدا. کتێبەکەی کێگان، کــە خۆی و براکەی لەهەرە ناســراوترین بیریارانی پارێزە نوێکانن، بەناوی «بەهەشــت و دەســەڵات»دایە. مەبەســت لەبەهەشــت ئەوروپایە کە بڕوایان بەچەمکە نەرمونیانەکانی کانت هەیە. دەســەڵاتیش ئەمەریکایە، کە ناچارە تێوەگڵــێ لە دونیایەکی هۆبزیانەی پــڕ لەتوندوتیژیی هێز و مەترســیدا. بەپێی کێگان، ئەورو‌پــا بەهۆی ئەمەریکاوە دەتوانێ تێڕوانینێکی بەهەشــتییانەی خەیاڵییانەی هەبێ بۆ دونیا. ئەوروپا دەتوانێ وەها بڕوانێت چونکە ئەمەریکا دەیپارێزێت.
ئەم تێزە، بانگەشــەیە بۆ بڕوابوون بەڕەوایەتی هێز، بەشــەڕو کاری ســەربازی. ئەم تێــزە هەروەها دەڵێ دیدی ئاشــتییانە بۆ دونیا، یان دیدی ئەوروپاییانــە دیدێکی ناواقیعییانەیە. ئەم واقیعە پــڕ توندوتیژییــە ماف ئــەدات بەئەمەریکا، دەســتێوەردات، هێز بەکاربهێنێ، هەوڵ بدات لەسەر شێوازی خۆی دایبڕێژێتەوە. ئەمەش تەنها لەڕێگای بڵاوکردنەوەو تەشــەنەکردن و بەدیموکراسیی کردنی

وڵاتانی ترەوە دێت. بەڵام ئەم دیموکراسییە بەمانای دیموکراسیی ئەمەریکی، دیموکراسی بازاڕیی ئازاد و بازرگانی ئازاد. بەمانای کردنەوەی سنوور بەڕووی کۆمپانیا ئەمریکییەکاندا، بۆ ئەوەی هەموو شتێ بکڕن و ببنە خاوەن هەموو شتێک. دەوڵەت بچوک بێتەوە، بوارەکان بدرێتە کەرتی تایبەت. ئەم دیموکراسییە لەگەڵ بازاڕی ئازاددا مەرجی سەرکەوتنی کەپیتالیزم لەدونیادا دەرەخسێنێ. بەڵام ئەم دیدانە، سەرتاپا لەسەر خەیاڵێک وەستاوە کە گوایە ئەمەریکا گەورەترین و بەهێزترین هێز و وڵاتی دونیایە. بەڵام ئابووری، باری کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵگای ئەمەریکی، گۆڕانی دونیا، هەموو ئەوەیان دەسەلماند کە پێچەوانە ڕاستە.

ئەمەریکا تەنها لەخەیاڵی خۆیدا، براوەو سەرکەوتوو بوو، کەوتنی یەکێتی سۆڤیەت مانای سەرکەوتنی ئەمەریکا و شێوازە ژیانی ئەمەریکی نەبوو. بەڵکو لە ڕاستیدا ئەمەریکای سەدەی بیست و یەک وڵاتێکە کە زۆرترین شتی لەدونیا دەوێ بەبێ ئەوەی بتوانێ هیچ ببەخشێ.

ئەگەر بۆ ساتیک لەسەر چەمکی لێدانی پێشینەpre-emptive strike بوەستین، ئەوا هەر لەیەکەم ڕوانینەوە ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە ئەمەریکا بۆ ئەوەی لەدونیای نوێدا دەسەڵاتی بێ پایانی هەبێت، پێویستی بەوەیە یاسا کۆنەکان پێشل بکات یان بێنرخ و پەراوێزیان بکات. چەمکی لێدانی پێشینە، کە بەمانای هەبوونی مافی لێدانی وڵاتێک، گروپێک، جێگایەک دێت، پێش ئەوەی ئەو لایەن یان وڵات و گروپە دەست بووەشێنن. ئەمە بەمانای ئەوەش دێت، تەنها گومان بەسە بۆ ئەوەی وڵاتێک یان لایەنێک بکەوێتە بەر هێرشی سەربازی.

لەهەمـــان کاتدا ئەوە دەســـەلمێنێ کە ڕێکخراوێکـــی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان یان ئەنجوومەنی ئاســـایش، پێویست نییە ڕاوێژیان پێ بکرێت. هەر ئەمەبوو کە بەئاشـــکرا ئیدارەی بۆش لەسەرەتاوە دژ بەنەتەوە یەکگرتـــووەکان بوو. بەجۆرێک نوێنەری ئەمەریکا لەو ڕێکخراوە "جیمس بۆلتن" هەمیشـــە بانگەشـــەی بـــۆ ئەوە ئەکرد کـــە دەبێ نەتـــەوە یەکگرتوەکان نەمێنێت. ئـــەم بێ بایەخکردن و گوێنەدان بەناوەندو یاسا نێودەوڵەتییانە لەسەروەختی هێرشکردنە سەر عێراقدا بە ئاشکرا دەرکەوت، کاتێک ئەمەریکا هێرشی کردە سەر عێراق بەبێ ئەوەی ڕەزامەندی نەتەوە یەکگرتووەکان وەربگرێت.

هێرشـــکردنە ســـەر عێـــراق هەنگاوێـــک بـــوو بـــۆ گۆڕیـــن و بەدیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم پرۆسەیە بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتی نوێ یان گەورە ناودەبرا. کە بۆخۆی بەشـــێکی گرنگ و سەرەکی بەدیموکراســـی کردن و بەئەمەریکایی کردنی دونیابوو. پرۆسەی عێراق، وەک ولیەم کریستۆڵ دەڵێ، هەرگیز کۆتایی نەبوو بەڵکو سەرەتا بوو. بەغدا شوێنی دەستپێکردنە بەڵام بەدڵنیاییەوە، جێـــگای کۆتایی و دوا جێگا نییە. ئەم جەنگـــە گەورترە لەعێراق، گەورەترە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمە جەنگێکە دەربارەی جێگای ئەمەریکا لەسەدەی بیست ویەکدا.

کۆڵەکەی ئـــەم بیرە، لەدیدێکی تەواو جـــوداوە دێت دەربارەی تییۆرە کلاسیکییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. یەکێک لەهەرە بەناوبانگترین تییۆرەکانـــی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، تییۆرەی هاوســـەنگی هێز Power of balanc، کە بەشـــێکە لەتییۆرەی ڕیالیزم. بەپێی ئەم تییۆرییە گەرهاتوو وڵاتێک هێرشـــی کرایە سەر

لەلایــەن وڵاتێکی ترەوە ئەوا ئەو وڵاتە هەوڵئەدات هاوســەنگی هێز دروســت بکات لەبەرامبەر وڵاتی هێرشــکەردا. ئــەم تییۆرەیە بۆ پارێزەرە نوێــکان لەدونیایەکدا کە ئەمەریکا بەهێزترین و تاکە هێز بوو لەدونیادا شــیاو نەبوو. بەپێی پارێزەرە نوێکان، لەدونیای پاش ســۆڤیەتدا ئەگەر هاتوو هێزێک کەوتە ژێر مەترســی ئەمەریکاوە، ئەوا ئەو هێزە لەبری بیرکردنەوە لەهاوســەنگی پەیداکردن، تەسلیم بەئەمەریکا دەبێت. چونکە لەدونیای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پاش ڕوخانی دیواری بەرلیندا، هێزێک شان بدات لەشانی ئەمەریکا. بەپێــی ئەم دیدە، پارێزەرە نوێکان بڕوایان وابوو گەر بێت و عێراق و ڕژێمی ســەددام بگۆڕن، کە هێزیکی ماندووی لاوازیی دیکتاتۆرە، ئەوەندەی تێناچێت و ئاســانە، ئــەوا هەرزوو وڵاتانی تری ناوچەکە ناچار دەبن مل بۆ ئەمەریکا کەچ بکەن یان تەســلیم بن یان گۆڕان لەسیستەمەکانیاندا بێننە ئاراوە. بەڵام جارێکی تر واقیع سەلماندی کە پێچەوانەکەی ڕاســتە. ئەمەش دەتوانرێــت لەچەند ڕوویەکەوە ببینرێــت: یەکەم، چەنــد ئەمەریکا بەهێزبێت یــان تاکە هێزبێت، بەمانــای ئەوە نییە، کە دەتوانــێ هەموو کارێک بەبێ بەربەرەکانێ ئەنجــام بدات. دووەم، هێزی ئەمەریــکا ڕەنگە هێزیکی خەیاڵ کراو بێت یان هێزیک بێت تەنها لەبواری جەنگی کلاسیکیدا کارا بێت.

سەرباری هەموو ئەمانە، هێشــتا ئەمەریکا لەململانێدایە لەگەڵ هێزێکی نادیاردا. ئەم هێزە نادیارە کە توندڕەوی ئیسلامییە. هێزێکە وڵاتی نییە، جێگای نییە، ئەگەر سەرکردەی هەبێت ئەوا تەنها ناوە، بەڵکو لەڕاســتیدا هەر خانەیەک بەئــازادی بۆ خۆی مامەڵە دەکات لەگەڵ ڕووداوەکاندا. ئەم جەنگە ناکۆتاو نادیارە لەگەڵ ئیســلامیی

توندڕەودا، لەلایەکەوە ڕێ خۆشکەر و خولقێنەری دەرفەتە بۆ پیادەکردنی دۆکترنی بۆش. لەلایەکی ترەوە هێنانە ئارای دونیایەکە کە بەها سیڤیلەکان هەتا بێت تیا ون دەبن یان تەسک دەبنەوە. بەجۆرێک ئەمڕۆ لەبەشێکی زۆری دونیادا کاری سەرەکی حکومەت دابینکردنی ئاسایشە. ئەم باڵادەستییەی خیتابی ئاسایش وەها لەحکومەت دەکات لەدەزگایەکی خزمەتگوزارەوە کورت ببێتەوە بۆ دەزگایەکی چاودێری. لەهەمان کاتدا هەمیشە لەهەڵوەدای تۆقاندن و ترساندنی هاووڵاتیاندا بێت.

دۆکترنی بۆش، کە خەونی لەمێژینەی ئەمەریکایە بۆ بوون بەئیمپراتۆریەتێکی بێ بەرامبەر لەدونیادا، خەونێکە ئەوانەی کە هەوڵی فەراهەم کردنیان ئەدا کەسانێک بوون تا ڕادەیەکی زۆر بێئاگا لەدونیاو لەتواناى ئەمەریکا خۆی. ئەم دۆکترنە کە ساتەوەختی گواستنەوەی لەخەونەوە بۆ واقیع، تووشی شکست و ڕاچڵەکینێکی گەورە هات. ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت و ڕووداوی یانزەی سێپتەمبەر دەسەڵاتێکی ڕەمزی وەهایان بەخشی بووە ئەمەریکا کە بتوانێ بەڕێگای باشتر، بڕێکی زۆر لەو خەونە فەراهەم بکات. بەڵام گومڕایی و نەبوونی ئاگایی و بڕوابوونێکی ئایینیانە بەتەکنەلۆژیاو هێز، وەهای لەئەمەریکا کرد کە وا لەخۆی بڕوانێت کە ئەو بەتەنها خولقێنەری واقیعە و ئەوانی تر دەبێ دوای بکەون و لەو واقیعەدا بژین کە ئەمەریکا بەردەوام لەڕێی دەسەڵاتی باڵادەستی هێزی گەورەو تاقانەیەوە بەرهەمی دەهێنێت.

بەڵام وەک هەموو خەونێکی تری گەورە، بەدینەهێنانی دەبێتە هۆی شکستی گەورە. ئەگەر پارێزەرە نوێکان و دۆکترنی بوش دەربارەی

پاکس- ئەمەریکانا pax americana بوو، ئەوا واقیعییەتی ئەو خەونە، خەونی پاش ئەمریکایە. بەمانایەکی تر، وەک ڕۆبرت کێگان لەناملیکەکەیدا باسی دەکات دونیایەک کە تیایا چیدی ئەمەریکا تاک جەمسەر نییە. کۆندالیزا رایس ڕاوێژکاری کاروباری نەتەوەیی ئەمەریکا لەسەردەمی یەکەمی ئیدارەی بۆشدا و وەزیری دەرەوە لەسەردەمی ئیدارەی دووەمدا، لەدوا وتاریدا لەگۆڤاری foreign affairs باس لەگەڕانەوەی ڕیالیزم دەکات. ڕیالیزمێک کە بروای بەگۆڕانێکی کەم هەیە لەسیستەمی دونیادا. لەهەمان کاتدا رایس وەهای ڕاڤە دەکات کە ئەم باڵادەستییەی ڕیالیزم دەبێ دڵخۆشمان بکات بەرامبەر گۆڕانە بچکۆلەکان. مافی دەنگدانی ژن لەکوەیت و هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی شاری کەرکوک وەک نموونە.

ئەگەر عێراق خاڵی سەرەتای گۆڕانی دونیا بووبێت لەخەونی پارێزرە نوێکاندا، ئەوا کورد بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەنێو جەرگەی ئەو پرۆسەیەدا بوو. بەڵام سەرباری ئەمە ئەمەریکا نە بەڕاستەوخۆ و نە بە ناڕاستەوخۆ، بەهیچ شێوەیەک لەمیانەی قسەکردنی لەگۆڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قسەی لەسەر کوردو کێشەکەی نەکرد. بەڵکو زیاتر کێشەی ئیسرائیل لەنێو ناواندا بوو. دیارە لەبەر بوونی زۆرترین ژمارەی کورد لەتورکیا و نزیکی پارێزەرە نوێکان لەسوپای تورکیاوە، ئەوا قسەکردن دەربارەی کورد و کێشەکەی لەخەونی دونیای نوێی ئەمەریکادا جێ و شوێنێکی هێندە بایەخداری نەبوو. بەڵام ئەو شکستەی کە ئەمەریکا لەعێراق تووشی بوو، کوردی بەشێوەیەکی دیفاکتۆ کردە یەکێک لەیاریکەرە سەرەکییەکانی ناوچەکە. هەروەها جێی ئاماژەیە بەئیسلام بوونی تورکیا یان گەڕانەوەی تورکیا بۆ

ئاییــن، بەهەمان شــێوە کــوردی کردە یەکێک لــەو لایەنانەی کە ئەمەریکا ناچار بێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

ئەمەریکای پاش عێراق، ئەمەریکایەکە کە ناوو ناتۆرەی لەدونیادا دۆڕاوە. وڵاتێکــە کە بەرز فڕی بۆیە خــراپ کەوت. بەڵام ئەمەریکا هێشــتا لەتوانایدایە ببێتە هێزێکــی گەردوونی، یان بەلانی کەمەوە یەکێــک لەهەرە هێزە گەورەکانی دونیــا، گەربێت و ببێتە خاوەنی دۆکترنێکی مرۆییانە.

# ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو
# پانۆرامای کاریگەریی ئەمەریکا لەسەر کورد

ئامادەکردنی: سەردار محەمەد

# ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

United States of America

ساڵی ١٤٩٢، کە کریســـتۆفەر کۆلەمبس پاش بەسەربردنی سێ هەفتە لەنێو زریانێکی تووش و بەسامی زەریای ئەتڵەنتیکدا بەسێ کەشـــتییەوە گەیشـــتە کەنارەکانی دەریای کاریبی، هەرگیز ئەوەی بەبیـــردا نەدەهات پێی ناوەتە کیشـــوەرێکی نوێـــوە، ئەو تاکۆچی دوایشی کرد هەر لای وابوو ئەوێ «هندستانە».

دوای دۆزینەوەی ئەمەریکا، لەســـەرەتای سەدەی شانزەهەمەوە کۆچـــی بەلێشـــاوی ئەوروپییەکان ڕووەو ئەو ســـەرزەمینە گەورەو فراوانـــەی ڕۆژئاوای گۆی زەوی دەســـتی پێکـــرد. کۆچبەران، کە لەکەشـــتی بچووک بچـــووک و پڕ لەخەڵکدا لەزەریـــای ئەتڵەنتیک دەپەڕینەوە، گەشتەکەیان ٦ تا ١٢ هەفتەی دەخایاند، لەو ماوەیەدا زۆربەیان لەبرســـێتیدا لەڕولاواز دەبوون یان لەنەخۆشـــیدا گیانیان دەســـپارد، هەندێکیشیان لەنێو لرف و هوڕی زریاندا تیا دەچوون و نەدەمان.

زۆربـــەی ئەم کۆچبەرانەی لەئەوروپـــاوە بەرەو ئەمەریکا ڕێگەی هات و نەهاتیان دەگرتەبەر، لەتاو گوشـــاری ئابووری و سیاســـی و ئاینی هەڵدەهاتن و بەدوای ئازادی یان بژێویی ژیان و کۆکردنەوەی سەرمایەدا وێڵبوون.

#

لەو ڕۆژگارەدا، ئیسپانییەکان هاتن و لەناوچەی فلۆریدای ئێستادا جێگیربوون، ئینگلیزەکان شـــاری «جیمس تاون»یان لەڤێرجینیای ئێستادا ئاوەدان کردەوەو هۆڵەندییەکانیش نیو ئەمستردام کە ئێستا بەنیویۆرک ناودەبرێت. هەر لەسەرەتای دۆزینەوەی ئەم کیشوەرەشەوە شـــەڕێکی خوێناوی لەنێوان ئەوروپییە تازە نیشـــتەجێ بووەکانی کیشوەرەکەو دانیشتوانە ڕەسەنەکەیدا کە «سوورپێستەکان» بوون لەسەر دەســـتگرتن بەســـەر زەوی و زارە بەپیتەکانیدا هەڵگیرساو ئەوروپییەکان کوشتاری گەورەیان لەوان کرد.

پاشان شـــەڕو ململانێ کەوتە نێوان هێزە ئەوروپییەکانیشەوە، ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەمەریکا چەندین جار لەنێوان هێزە گەورەکانی ئەوروپادا دەســـتاو دەســـتیان پێکرا، تاســـەرەنجام ئینگلیزەکان لەبەشـــێکی فراوانی ئەو ســـەرزەمینە نوێیەدا نیشـــتەجێ بوون و لە١٦٠٠یشدا ئەمەریکا بووە بەکۆنیاڵی بەریتانیا.

لەســـاڵی ١٦١٩وە، ئەوروپییـــەکان کەوتە گواســـتنەوەی ڕەش پێستەکان لەئەفەریقاوە بەرەو کیشوەری ئەمەریکا، کە پاش ئەوەی لەبازاڕدا هەراج دەکران، لەکشـــتوکاڵ و کانەکاندا وەک کۆیلە کاری تاقەت پڕوکێنیان پێدەکرا.

#

دوای ئـــەوەی ئەمەریـــکا بەرەســـمی بووە کۆنیاڵـــی و لەلایەن بەریتانیاوە دەســـتی بەســـەرداگیرا، زۆربەی ئەوانەی لەســـەدەی حەڤدەهەمدا لەئەوروپاوە بەرەو ئەو کیشـــوەرە نوێیە کۆچیان کرد، ئینگلیزبوون. بەڵام لەساڵی ١٦٨٠ بەدواوە شەپۆلی کۆچی ئەڵمانی و ئیرلەندی و ســـکوتلەندی و سویسرایی و فەڕەنسییەکان بەلێشاو

بەرەو ئەمەریکا دەستی پێکرد. ساڵی ١٦٩٠ دانیشتوانی ئەمەریکا ٢٥٠ هەزار کەس بوو، بەڵام لەساڵی ١٧٧٥دا بوو بەدوو ملیۆن و نیو، هەموو ئەمانە زەمینەی سەرهەڵدانی شۆڕشیان بۆ سەربەخۆیی خۆشکردو لەبرەوسەندنێکی ڕێژەییدا دەسەڵات و پێگەی بەریتانیایان لەئەمەریکادا کزو لاواز کرد. زۆربەی دانیشتوانی ئەمەریکا زیاتر لەوەی خۆیان بەهاووڵاتی وڵاتێک بزانن سەر بەتاجی بەریتانی بێت، خۆیان بەهاووڵاتی وڵاتێکی سەربەخۆ دەزانی. ئەمە جگە لەوەی کە زەریایەکی گەورەو فراوان ئەوانی لەبەریتانیا جیادەکردەوە و ئەمەش کۆنترۆڵکردنی زەحمەت کرد بوون.

لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا، دەوڵەتی بەریتانیا لەپێناو دابینکردنی بودجەی کارە سەربازییەکانیدا، بڕیاری زیادکردنی باجی بەسەر ئەمەریکییەکاندا سەپاند، جگە لەوەش بەریتانیا ئەوەشی بەسەر ئەمەریکییەکاندا سەپاند کە دەبێت ئەنجامدانی هەموو کارێکی بازرگانی و هێنان و بردن و گواستنەوەی کاڵاکانیان لەڕێگەی کەشتییە بەریتانییەکانەوە بێت. لەئەنجامی ئەمەدا شەپۆلێک لەناڕەزایی و یاخیبوون سەرتاسەری ئەمەریکای گرتەوە، پەرلەمانی بەریتانیا بەناچار بڕیارەکەی ڕەتکردەوە. بەڵام لەبری ئەوە، گومرکێکی زۆریان خستە سەر کاڵاکان. لەبەرامبەریشدا، خەڵکی ئەمەریکا کڕینی کاڵای دروست کراوی ئینگلتەرایان بایکۆت کرد، پاشای ئەوکاتی بەریتانیا «جۆرجی سێهەم» فەرمانی بەهێزە سەربازییەکانی وڵاتەکەیدا هێرش بکەنە سەر بەندەری بۆستن و ئەم ڕووداوەش بڵێسەی شۆڕشی لەئەمەریکادا هەڵگیرساند.

شۆڕشی ئەمەریکا لەنیسانی ١٧٧٥دا بەشەڕی لگزیتنگتون

دەســتی پێکــردو لەتەمــووزی ١٧٧٦دا جاڕنامەی ســەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانــی ئەمەریکا ڕاگەیەندرا. لەوکاتەدا ئەمەریکا تەنها ســیانزە ویلایــەت بوو. دوای ئــەوەی «بنجامین فرانکلین» چووە فەرەنساو پشتیوانی فەرەنسییەکانی بۆ شۆڕشەکە دەستەبەر کرد، ســەرکردەی ناوداری ئەمەریکا جۆرج واشنتۆن ئینگلیزەکانی لەزنجیرەیەک جەنگدا تێکشــکاند و سەرەنجام بەریتانییەکان ناچار بەوە کران کە داوای ئاشــتی بکەن و لەساڵی ١٧٨٣یشدا لەکۆشکی ڤێرسای ڕێککەوتننامەی ئاشتی نێوانیان مۆرکرا.

#

جەنگــی ســەربەخۆیی، دوو پەیامی گرنگی لەگــەڵ خۆیدا بۆ ئەمەریکا هەڵگرتبوو: ســەرمایەداری و دیموکراسی. ساڵی ١٧٨٧، ســی و پێنج نوێنەر ڕوویان کردە شاری فیلادلفیا بۆ نووسینەوەی دەســتوور. ئەم کارە کە چوار مانگی خایاند، یەکێک لەگرنگترین دەستوورەکانی جیهانی لێکەوتەوە.

باوکانی دامەزرێنەر، بەهۆی نیگەرانی و مەترسییانەوە بەرامبەر بەسیستەمی پاشایەتی ئەوروپا، کە پاشاو شازادەکان لەوێدا خاوەنی دەســەڵاتی ڕەهابوون. سیستەمی سیاسی وڵاتی خۆیان لەسەر ئەو بنەمایە دارشت کە بەهیچ جۆرێک کەسێک یان حزب و دامەزراوەیەک بۆی نەلوێ هەموو دەســەڵاتەکان لەدەســتی خۆیــدا چڕ بکاتەوە. لەبەرئەوە هاتن دەسەڵاتەکانیان بەتەواوی لێک جیاکردەوەو کردیانن بەچاودێر بەسەر یەکترەوە.

سیستەمی دادی ســەربەخۆ، یەکێکە لەو کۆڵەکە سەرەکییانەی دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای لەســەر وەســتاوە،

کــە تەواو ســـەربەخۆ کار دەکات و نەدەســـەڵاتی جێبەجێکردن و نەدەســـەڵاتی یاســـادانان مافی ئەوەیان نییە دەست بخەنە ڕەوتی بڕیاردانییـــەوە، نە ســـەرۆک و نە کۆنگرێس توانـــای ئەوەیان نییە بڕیارە یاســـاییەکانی دیوانی باڵای فیدراڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕەت بکەنەوە یان سەرپێچی لێبکەن.

هەروەها دەستوور، دەسەڵاتی یاسادانانی بەکۆنگرێس سپاردووە و دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیش بەسەرۆک.

#

ســـەرۆک، کە کەســـی یەکەمی دەســـەڵاتی جێبەجـــێ کردنە، هەر چوار ســـاڵ جارێک و لەســـەر بناغەی زۆرینـــەی ڕای خەڵکی هەڵدەبژێردرێت و تەنها دەتوانێت دوو خول لەم پۆستەدا بمێنێتەوە. بەر لەهەموارکردنی دەستوور لەساڵی ١٩٥١دا، هیچ سنوور دانانێک لەبەردەم ســـەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی سەرۆکدا بۆ زیاتر لەدوو خول لەئـــارادا نەبوو. بـــەڵام لەبەرئەوەی دوو ســـەرۆک کۆماری یەکەمی ئەمەریکا واتە « جۆرج واشـــنتۆن و تۆماس جیفرسۆن »، لەدوای دوو خولی ســـەرۆکایەتی، بەخواست و ئیرادەی خۆیان، سەرلەنوێ خۆیـــان بۆ خولەکانی تر کاندید نەکربۆوە، ئەم لەخۆنەویســـتییەی ئەوان بوو بەنەریتێک و لەلایەن ســـەرۆکەکانی دوای خۆیانەوە ڕێزی لـــێ گیرا. بەڵام « فرانکلین ڕۆزفلت » تەنها ســـەرۆکی ئەمەریکایە کــە (بەهۆی بارودۆخی جەنگی دووەمی جیهانییەوە) لەچوار خولی یەک بەدوای یەکدا لەساڵانی ١٩٣٢، ١٩٣٦، ١٩٤٠، ١٩٤٤ بەسەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵبژێردراوەتەوە. بۆ ڕێگرتن لەوەی نەبادا سەرۆکەکان ئەوەیان بەبیردا بێت کە تا دەخرێنە تابووتەوە سەرۆک

بن، لەوە بەدوا لەدەستوریشـــدا ســـەرۆکایەتی بەدوو خول سنووردار کرایەوە.

لەئەمەریـــکادا ئەنجوومەنی وەزیران بوونی نییە، ســـەرۆک کۆمار بەرپرســـیارییەتی هێزە سەربازییەکان و بەرپرســـیارییەتی کاروباری ناوخۆی وڵات و پەیوەندییەکانی دەرەوەشی لەئەستۆدایە، هەر ئەویش وەزیـــر و دادوەرانی باڵا و باڵوێزەکان دیاری دەکات. بەڵام پرۆســـەی بڕیاردان لەئەمەریکادا بەشـــێوەیەکی نامەرکەزی ڕێکخراوە. کۆنگرێس چاودێرە بەسەر سەرۆکەوە، لەبەرامبەریشدا سەرۆک مافی ڤیتۆ کردنی بڕیارەکانی دەسەڵاتی یاسادانانی هەیەو دەتوانێت بڕیارەکانی کۆنگرێس ڕەت بکاتەوە، بەڵام ئەم ڤیتۆکردنەی ســـەرۆک سنووردارە، کۆنگرێس دەتوانێت بەڕای دوو لەسەر سێی ئەنجوومەنی کۆنگرێس ڤیتۆکەی سەرۆک بەتاڵبکاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، لەکاتی سەر پێچی کردن لەیاسادا، کۆنگرێس دەســـەڵاتی لێ پێچینەوەو دادگایی کردنی ســـەرۆکی هەیە. بەڵام لەبەرئەوەی سەرۆک ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، کۆنگرێس ناتوانێت متمانە لەخۆی و وەزیرەکانی بسێنێتەوە.

جێگری سەرۆک، کەسی دووەمە لەدەزگای بەڕێوەبردنداو دەسەڵاتێکی گرنگی هەیە. جێگرەکانی ســـەرۆک لەکاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا، هـــەر کاندیدە و جێگرەکەی خۆی بەدەنگدەران دەناســـێنێت. جێگری ســـەرۆک، دەبێتە سەرۆکی ســـینات. هەروەها لەکاتی لابردن، مردن و تیرۆرکردن یان پەککەوتنی سەرۆکدا، جێگرەکان شوێنیان دەگرنەوە. تا ئێستا شەش جار بەهۆی (دوو مردن، چوار حاڵەتی تیرۆر و یەک دەست لەکارکێشانەوە) جێگرەکان شوێنی سەرۆکیان گرتووەتەوە.

#

کۆنگرێــس لــەدوو ئەنجوومــەن پێکدێــت: ئەنجوومەنی پیران (سینات) و ئەنجوومەنی نوێنەران.

ســینات ژمارەی ئەندامانی ١٠٠ سیناتۆرە، هەر ویلایەتە و بەدەر لەگەورەیــی و بچووکــی، دوو نوێنەری هەیە لــەم ئەنجوومەنەدا. سیناتۆرەکان بۆ ماوەی ٦ ساڵ هەڵدەبژێردرێن و کاتەکەشی سنووردار نەکــراوە. بەپێی دەســتوور، لانی کەمی تەمەن بــۆ بەئەندامبوون لەســیناتدا ٣٠ ساڵە. ئەندامانی ســینات دابەش دەبن بەسەر سێ گروپدا لەســەر بناغەی تیروپشک، گروپی یەکەم بۆ ماوەی ٢ ساڵ لەســیناتدا دەمێننەوە و گروپی دووەم بۆ ماوەی ٤ ســاڵ و گروپی ســێهەم بۆ ماوەی ٦ ســاڵ. واتە یەک لەسێی سینات هەردوو ساڵ جارێک هەڵدەبژێردرێنەوە. سەرۆکایەتی سینات لەئەستۆی جێگری ســەرۆکدایە، کە ســەرۆکایەتییەکی ڕەمزییە، هەروەها لەســیناتدا ڕابەری کەمینە بەڕابەری ئۆپۆزیسیۆن دەناسرێت.

ئەنجوومەنی نوێنەران ژمارەیان ٤٣٥ ئەندامە، هەردوو ساڵ جارێک هەڵدەبژێردرێن و ســەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەیان ســنووردارنەکراوە. سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران بە بەتەمەنترین ئەندامی زۆرینە دەسپێردرێت. لانی کەمی تەمەن بۆ بەئەندامبوون لەم ئەنجوومەنەدا ٢٥ ساڵە.

یەکێــک لەتایبەتمەندییــە گرنگەکانــی سیســتەمی پەرلەمانی ئەمەریکا نەبوونی دیسپلینێکی بەهێزی حزبییە لەپرۆسەی دەنگدان و بڕیارداندا، بەپێچەوانەی وڵاتانی ئەوروپاوە کە حزبەکان لەپەرلەماندا بەشــێوەیەکی تەباو یەک دەست دەنگ دەدەن، لەئەمەریکا زۆرجار نوێنەران بەپێچەوانەی هەڵوێستی حزبەکەی خۆیانەوە دەنگ ئەدەن،

هەروەها لۆبی و گروپەکانی گوشاری ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی کارا لەکۆنگرێس و لەسیاسەت و پرۆسەی بڕیاردانی ئەو وڵاتەدا دەبینن.

#

لەئەمەریکادا، لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئەمڕۆ دەسەڵات لەنێوان دوو حزبی سەرەکیدا دەستاو دەست دەکرێت: دیموکرات و کۆماریخوازەکان.

ساڵی ١٧٩٢ تۆماس جیفرسۆن کە یەکێک بوو لەباوکانی دامەزرێنەر، بناغەی « حزبی دیموکرات »ی دامەزراند، کاتێک فراکسیۆنێکی لەکۆنگرێسدا پێک هێنا بەمەبەستی داکۆکیکردن لەجاڕنامەی مافەکان. ئەم فراکسیۆنە دواتر بوو بە«حزبی کۆماریخوازی دیموکرات». ئەم حزبە لەهەڵبژاردنی تۆماس جیفرسۆنەوە لەساڵی ١٨٠٠دا تا هەڵبژاردنی ئیبراهام لینکۆڵن، بۆ ماوەی شەست ساڵ حوکمی ئەمەریکای کرد، لەساڵی ١٨٤٨یشدا بەڕەسمی ناوەکەی گۆڕا بە«حزبی دیموکرات».

حزبی دیموکرات، لەجەنگی ناوخۆدا لایەنگری ویلایەتەکانی باشوور و هێشتنەوەی کۆیلەگەری بوو. کە لەو جەنگەشدا تێکشکا، بۆ ماوەی پەنجا ساڵ لەدەسەڵات و ئیدارەکردنی ئەمەریکا دوورکەوتەوە. بەڵام دواتر توانییان لەچوار قۆناغی هەستیاری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، سەرکردایەتی ئەمەریکا بکەن ڕووەو سەرکەوتن: لەجەنگی یەکەمی جیهانی، لەو قەیرانە ئابوورییە گەورەیەی ئەمەریکای تێکەوتبوو لەسەرەتای دەیەی ١٩٣٠، لەجەنگی دووەمی جیهانی و لەداڕشتنی سیاسەتێکی تۆکمەدا لەسەرەتای هەڵگیرسانی جەنگی سارددا.

لەنێو حزبی دیموکراتدا چەند باڵێک هەن:

*باڵێکــی دیموکراتــەکان لەسۆشــیال دیموکراتــەوە نزیکن و هەواداری رۆڵی زیاتری دەوڵەت و زیادکردنی باجن بەمەبەستی پلان دارشتنن بۆ بەنامە رەفاهی و کۆمەڵایەتییەکان.

*باڵــی لیبرال بەتونــدی خوازیاریی بازاڕی ئازاد و ســنووردار کردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتن.

*باڵێک سەر بە«ڕاستی ناوەند»ە، کە نە بەئەندازەی چەپەکان رەخنــە لەسیســتەمی ســەرمایەداریی دەگرن و نــە بەئەندازەی راستەکانیش لایەنگری بازاڕیی ئازادن، بەڵکو خوازیاری بەدیهێنانی هاوسەنگییەکن لەنێوان عەدالەتی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابووریدا.

*باڵێک ســەر بە«ڕاســتی محافزەکار»ەکانن، کــە نزیکترین باڵــی حزبی دیموکراتــە لەکۆماریخوازەکانەوە، ئــەم باڵە بڕوایان بەئەمەریکایەکی «ئەنگلۆساکسۆنی ـ پرۆتستانتی ـ سپیی پێستە»و سەرسەختانە دژی هۆمۆسێکسواڵ و لەباربردنی منداڵن.

فرانکلیــن رۆزفلت، ترومان، کەنەدیی، کارتەر، کلینتۆن و ئۆباما بەناوبانگترین سەرۆکەکانی سەر بەحزبی دیموکراتن.

#

پارتی کۆماریی (کۆماریخوازەکان)، حزبە سەرەکییەکەی دیکەی ئەمەریکایــە، کە لەکەشــی پڕ لەململانێی نێــوان هەوادارانی رەت کردنەوەی سیستەمی کۆیلایەتی و لایەنگرانی کۆیلایەتیدا دامەزرا.

ساڵی ١٨٥٤، ژمارەیەک لەلایەنگرانی سەرسەختی رەتکردنەوەی سیســتەمی کۆیلایەتی لەویلایەتــی میشــگان دامەزراندنی حزبی کۆماریخوازییــان راگەیانــد. نــاوی کۆماریخــواز لەنــاوی حزبی کۆماریخوازانی دیموکراتەوە هاتبوو کە لەبەرایی سەدەی نۆزدەهەمدا

لەلایەن تۆماس جیفرسۆنەوە دامەزرا بوو. دامەزرێنەرانی ئەم حزبە پێیان وابوو ڕابەرانی حزبی دیموکرات لەئامانجەکانی جیفرسۆن دوور کەوتونەتەوەو بەهۆی پشتیوانی کردنیانەوە لەکۆیلایەتی پرەنسیپی کۆمارییان پێشێل کردووە، لەبەرئەوە ناوی «کۆماریی»یان هەڵبژارد، بەو پێیەی درێژە بەڕێگەی جیفرسۆن ئەدەن.

بەدامەزراندنی حزبی کۆماریخواز، سیستەمی دوو حزبی دیموکرات ـ ویـــگ Whig لەئەمەریـــکادا کۆتایی پێهـــات، حزبی کۆماری بوو بەحزبی سێهەم، زۆری نەخایاند حزبی ویگ بەیەکجاری لەگۆڕەپانی سیاســـی وڵاتدا کرایە دەرو کۆماریخوازەکان بوون بەحزبی دووەم و پاشان بەحزبی یەکەم. دوای تێپەڕینی پێنج ساڵ بەسەر دامەزراندیدا، "ئیبراهام لینکۆڵن" کاندیدی ئەم حزبە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە١٨٦٠دا بەزۆرینەی دەنگ هەڵبژاردنی بردەوەو سەردەمی ٥٠ ساڵەی فەرمانڕەوایی کۆماریخوازەکان دەستی پێکرد.

لەساڵی ١٨٦١دا، لینکۆڵن سەرکردایەتی ویلایەتەکانی باکووری کرد لەجەنگی ناوخۆی ئەمەریکادا دژ بەویلایەتەکانی باشـــوور، کە خوازیاری درێژەدان بەکۆیلایەتی بوون و سەرەنجام بەتەسلیم بوونی دوا ســـوپای باشـــوورییەکان لە١٨٦٥و ســـەرکەوتنی ویلایەتەکانی باکوور کۆتایی هات. (جەنگی ناوخۆ بەخوێناویترین و زیان بارترین جەنـــگ دادەنرێت لەمێـــژووی ئەمەریکادا، کە نزیکـــەی ٦٠٠ هەزار کەسی تیادا کوژراو ٨ ملیار دۆلاری تیا خەرجکرا. چوار ڕۆژ بەدوای ئەوەشـــدا کە لە١٨٦٥دا یەکەم سەرۆکی کۆماریخوازەکان لەمێژووی ئەمەریـــکادا ئیبراهام لنکۆڵن بڕیاریـــدا کۆیلایەتی و کاری ئیجباری بەتاوان دادەنرێت، تیرۆرکرا).

لەسـایەی نزیکەی پەنجا سـاڵ فەرمانڕەوایی کۆماریخوازەکاندا (١٩٦٠ ـ ١٩٠٨)، ئەمەریکابـوو بەیەکێـک لەزلهێزە ئابوورییەکانی جیهـان. بەڵام دواتر لەکۆتایی دەیەی ١٩٢٠دا ئەمەریکا لەسـایەی کۆماریخوازەکاندا کەوتە قەیرانێکی ئابووری گەورە و کوشـندەوە. ئەمـەش یەکێـک بوو لەو هۆکارانەی کە بۆ ماوەی بیسـت سـاڵ لەدەسەڵات دووری خستنەوە.

لەنێو حزبی کۆماریدا دوو باڵی سەرەکی هەن:

*باڵــی لیبرال، کـە خوازیاری ڕۆڵی هەرچــی زیاتری دەوڵەتە لەسیاسەتی ناوخۆدا بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتی کۆمەڵایەتی و تەندروسـتی و بیمەی بێکاری، ئەمان کەمتـر لەمحافزەکاران دژ بەهۆمۆسێکسـواڵی و لەباربردنن، دوای ١١ی سـێتێمبەر ئەم باڵە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەنێو حزبی کۆماریدا نەما.

*باڵی محافزەکار، کە سەرسەختانە لایەنگریی دەوڵەتی بچووک و باجی کەمترو بازاڕی ئازادن. پارێزەرەنوێکان Neoconservatives کەبوونە کۆڵەکەی دەسـەڵاتی "جۆرج بوش"ی سـەرۆکی پێشووی ئەمەریـکا لەوەشـیان تێپەڕاند. ئەمان کە لەگـەڵ بونیادگەرایانی مەسیحییدا پەیوەندییەکی تۆکمەیان هەبوو، خوازیاری بەهێزکردنی هەرچی زیاتری دامودەزگا ئایینیەکان و پشـتیوانی دارایی دەوڵەت لەکەنیسەبوون.

ئیزینهاوەر، نیکسـۆن، ریـگان و هەردوو بوشـی باوک و کوڕ ناودارترین سەرۆکەکانی سەر بەحزبی کۆمارییین.

#

ســـەرەرای ئەوەی لە١٨٦٥دا، سەرۆک لنکۆڵن کۆتایی بەکۆیلایەتی هێنا لەئەمەریکادا، بەڵام جیاکاریی نەژادی بەرامبەر بەرەش پێستەکان سەدەیەکی تریشی خایاند .لەچوارچێوەی ئەم جیاکارییەدا، رەشپێستەکان لەبێکاری و ئەوپەڕی هەژارییدا دەژیان، لەزۆربەی ویلایەتەکانی ئەمەریکادا دەرگای شوێنە گشتییەکانی وەک قوتابخانە و زانکۆ و ریستۆرانت و یانە و ئوتێل و ســـینەما و ئامرازەکانی هاتوچۆیان بـــەڕوودا داخرابوو. لەو شوێنانەدا، سپیپێستەکان خۆیان لەرەشپێستەکان جیادەکردەوە.

تەنانەت بەپێی یاســا رەشپێستەکان مافی ئەوەیان نەبوو لەپاسدا لەسەر ئەو کورسییانە دابنیشـــن کە تایبەتبوون بەسپیپێستەکان، تا لەرۆژێکی کۆتایی پاییزی ســـاڵی ١٩٥٥دا، خانم روزا پارک لەشـــاری مۆنتگۆمری ویلایەتی ئالاباما ئەم رەچەیەی شـــکاندو گیانێکی تازەی کردەوە بە بەر خەباتی رەشپێستەکاندا. پارک لەهەنگاوێکی بوێرانەدا، ئامادەنەبوو ئەو رۆژە لەسەر کورسی تایبەت بەسپیپێستانی ناو پاسێکدا هەستێت، لەسەر ئەوە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا.

ئەم رووداوە، ئاگری لەهەســـتی رەشپێستەکان بەرداو بووە مایەی یاخیبوون و تورەییان، کەشیشێکی گەنج بەناوی "مارتن لۆسەر کینگ" بۆ ماوەی چەند مانگێک بایکۆت کـــردن و بەکارنەهێنانی ئامرازەکانی هاتوچۆی رێکخست، پاشان ئەم نارەزاییە بەئەندازەیەک پەرەی سەند کە بوو بە "بزوتنەوەیەکی بەرفراوانی هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافە مەدەنییەکان".

لۆسەر، کە سەرکردایەتی ئەم بزوتنەوە مەدەنییەی رەشپێستەکانی دەکرد، دەیوت: "من خەونێکم هەیە، خەونی بەدیهێنانی یەکســـانی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی".

لۆســەر لەو پێناوەدا ئەو یــان ئەو خەونەدا گیانی بەخشــی، بەڵام ســەرەنجام لەســاڵی ١٩٦٤دا ئەم هەوڵ و کۆششــەی ئەوان بەســەرکەوتن گەیشت و سیناتی ئەو وڵاتە بەزۆرینەی دەنگ یاسای مافە مەدەنییەکانی پەســەندکرد. کە بەپێی ئەم یاســایە هەرجۆرە جیاکارییەکــی نــەژادی لەویلایەتــە یەکگرتووەکانــدا قەدەغەکراو ڕەشپێستەکانیش هەموو ئەو مافانەیان بەدەستهێنا کە سپیپێستەکان هەیانبوو.

#

ئەمەریکا کە خاوەنی گەورەترین هێزی سەربازیی دونیایە، یەکێکە لــەو وڵاتە دەگمەنانەی بەدرێژایی مێژووی خۆی نە تامی شکســتی گەورەی چەشتووەو نە سوپای بێگانەشیان بەسەر خاکی خۆیانەوە دیوە (وەک ئەڵمانیا و فەڕەنساو ڕووسیا).

بوجەی سەربازیی ئەمەریکا، بەگەورەترین بوجەی سەربازی دونیا دادەنرێــت، زۆربەی هەرە زۆری ئەم بوجەیەی پێنتاگۆنیش تەرخان کــراوە بۆ داهێنانــی نوێی تەکنیک و تەکنەلۆژیــا، چونکە یەکێک لەململانێ ســەرەکییەکانی ئێستای وڵاتانی جیهان لەپێناو بەدەست هێنانی نوێترین تەکنیک و تەکنەلۆژیادایە، کە بناغەی باڵادەســتی و دەسەڵاتە.

وەزارەتــی بەرگریی ئەمەریکا "پێنتاگۆن"، بــەردەوام لەهەوڵی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ستراتیژیی سەربازی ئەمەریکا و تەیارکردنی ســوپاکەیدایە بەنوێترین تەکنەلۆژیای مەوجی ســێهەم، کە تیایدا پشــت بەکوالیتی بەرزی ئامێرە سەربازییەکان دەبەستێت لەجەنگدا لەبری وزەو توانای مرۆڤ. هەر ئەم تەکنیک و تەکنەلۆژیای مەوجی

سێهەمەشــە کە دەرفەتی ئەوەی بۆ ئەمەریکا ڕەخساندووە توانای ئیدارەکردنی قەیران و جەنگەکانی سەرتاســەری ئەم گۆی زەوییەی هەبێت.

هێزە ســەربازیەکانی ئەمەریکا، بەســەر گرنگترین ئۆقیانووس و دەریاکانــی جیهانەوەن. بڵاوەپێکردنی تەکنیکە ســەربازییەکانی ئەمەریکاش بەئەندازەیەکە کە ئاسمانیشــی گرتووەتەوە. ئەمەریکا زیاتــر لە٧٠٠ بنکەی ســەربازی لــە٣٦ وڵاتی جیهانــدا هەیە، کە گەورەترینیان بریتین لە: ئەڵمانیا: ٥٦٩ هەزار ســەرباز، ژاپۆن: ٤٧ هەزار، کۆریای باشــوور: ٣٢ هــەزار، ئیتاڵیا: ١٢ هەزار، بەریتانیا: ١١ هەزار، لەعێراق نزیکەی ١٦٠ هەزار ســەربازو لەئەفغانستان ١٥ هەزار سەرباز. فەرماندەییەکانی ئەمەریکاش بەسەر چەند ڕووبەرێکی جوگرافیدا دابەشــکراون کە سەرتاســەری گــۆی زەوی دەگرنەوەو هەریەکەو بەرپرســیارییەتی ناوچەیەکی دیاریکراوی ئەم دونیایەیان لەئەستۆدایە.

#

لــەدوای ڕێککەوتننامەی بریتنودزی ســاڵی ١٩٤٤ەوە، دۆلاری ئەمەریکی گرنگترین بزوێنەری پرۆسەی بازرگانی نێودەوڵەتییە، تاکە دراویشــە لەئاســتی جیهاندا کە بەهای هەموو دراوەکانی تر لەسەر بنەمای نرخەکەی دیاریدەکرێت. لەودەمەشەوە تا ئێستا دیاریکردنی نرخــی نەوت لەبازاڕەکانی جیهاندا بەدۆلارە. گەورەترین پۆرســەی جیهان (ۆل ســتریت) لەئەمەریکادایە کە ڕۆژانە دەیان ملیار دۆلاری تیادا ئاڵوێــر دەکرێت. بەشــێکی زۆری ملیاردلێرەکانی جیهان کە هەندێکیان تەمەنیان لەخوار چل ساڵەوەیە دانیشتووی ئەمەریکان.

لەکۆی ٣٠ فرۆکەخانەی هەرە گەورەو قەرەباڵغی جیهان، حەڤدەیان لەئەمەریــکادان. ئەمەریکا خاوەنی زۆرترین ڕێژەی هێڵی ئاســن و زۆرتریــن ڕێژەی بەندەرە هەرە گەورەو گرنگەکانی دونیایە. بارەگای سەرەکی ســندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بانکی جیهانی و ڕێکخراوی گات (بازرگانی جیهان) لەئەمەریکادان، کە ئاراســتەی سیاســەتی ئابووری جیهان دیاریدەکەن. بەپێی پلەبەندی باشــترین زانکۆکانی جیهان، لەنێو بیست زانکۆدا حەڤدەیان ئەمەریکین. زۆرترین ڕێژەی وەرگرانی خەڵاتی نۆبڵیش لەدونیادا پســپۆری زانستیی زانکۆکانی ئەمەریــکان. ئەمەریکا خاوەنــی گەورەترین دەزگای ســیخوری و زانیاری کۆکردنەوە، گەورەترین و گرنگترین ئاژانســەکانی هەواڵ و کەناڵەکانی ســەتەلایت و رادیــۆ و ڕۆژنامەو گۆڤارە جیهانییەکان و بەرهەمهێنەری سەرنجڕاکێشترین ئامرازە سەرگەرمییەکانی جیهانە: دراماکانی تەلەفزیــۆن، فلیمەکانی هۆلیۆد، مۆزیکە هاوچەرخەکانی جازو رۆک و ڕاپ، کە ئەمڕۆ بوون بەکلتورێکی جیهانی.

#

لەدوای جەنگــی دووەمی جیهانییــەوە، بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەمەریــکا تەنها بەناوچەیەک و کیشــوەرێکی دیاریکراوەوە قەتیس نەمــا، بەڵکو لەدیدی ئیدارەی ئەمەریکاوە سەرتاســەری ئەم گۆی زەوییــە بەپلەی جیاواز لەدابینکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا جێی بایەخبوون.

لەسەربەخۆیی ئەمەریکاوە تا جەنگی دووەمی جیهانی، کۆنگرێس ڕۆڵی سەرەکی لەدارشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا دەبینی، بەڵام بــەدوای جەنگی دووەمدا بەهۆی بەجیهانیبوونی سیاســەتی

دەرەوەی ئەمەریکاوە، چەقی قورسـایی و ناوەندی پرۆسـەی بڕیاردان لەسیاسەتی دەرەوەدا لەکۆنگرێسـەوە گواسترایەوە بۆ کۆشکی سپی. چونکە ئەمەریکا پێویستی بەوە بوو پرۆسەی بڕیاردانی سیاسەتی دەرەوە بەشـێوەیەکی مەرکەزی لەدەست ئۆرگانێکدا چڕ بکاتەوە: ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی.

لەئەمەریـکادا، بیـرو بۆچونی هەمـوو ئۆرگانـەکان "بەوەزارەتی دەرەوەو پێنتاگۆنیشـەوە" سەبارەت بەسیاسـەتی دەرەوە، پێویستە بەفلتەری ئەنجوومەنی ئاسایشـی نەتەوەیدا تێپەڕن، کە بەئاگاترین و هوشیارترین ئەو ئەکادیمییانەی لەخۆگرتووە پلانی ستراتیژی و دۆکترینی سـەرۆکەکانی ئەمەریکایان لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە گەڵاڵە کردووە و دارشـتووە. واتە کۆشکی سپی تەنها شوێنی سەرۆک نییە، بەڵکو بنکەیەکی پڕ لەجموجۆڵی سەدان ڕاوێژکاری پراگماتی و شارەزای کاروباری نێودەوڵەتی و بەڕێوەبردنی دەوڵەتیشە.

#

ئەمەریکا، لەباوەشی دوو ئۆقیانووسی گەورەی دونیادا هەڵکەوتووە: لەرۆژهەڵاتەوە ئۆقیانووسـی ئەتڵەنتیک و لەرۆژئاواشەوە ئۆقیانووسی ئارام دەوریانداوە، لەباکوورەوە کەنەدا هاوسنووریەتی، لەباشووریشەوە مەکسـیک. بەهۆی بنکەی گوانتانامۆشەوە، هاوسنووری وڵاتی کوبایەو لەرێگەی ئالاسکاشـەوە سنووری بەسـنووری ڕووسیاوەیە، کۆمەڵێک دورگـەی بچووک و پەرتەوازەی زەریای هێمنیش بەشـێکن لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لەڕووی فراوانی ڕووبەرەوە، لەدوای ڕووسیا و کەنەدا و چیین، ئەمەریکا بەچوارهەمین وڵاتی هەرە گەورەی جیهان دێت، بەپێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٧یش دانیشتوانەکەی ٣٠١ ملیۆن کەسە.

## پانۆراماى كاريگەريى ئەمەريكا لەسەر كورد

ئەمەريـــكا هەر لەســـەرەتاى گرتنەبەرى سياســـەتێكى دەرەكى ئەكتيڤەوە لەكۆتايى جەنگى يەكەمى جيهانيدا، كاريگەرى لەســـەر كوردو بزوتنەوەكەى هەبووە.

## وڵسن و قوربانييەكانى

پـــاش كۆتايى هاتنى جەنگى يەكەمى جيهانى و لەســـەروەختى بەستنى كۆنگرەى ئاشتى پاريسدا، سەرۆكى ئەمەريكا "ڤود وڵسن"، ڕاگەياندننامەيەكـــى بڵاوكردەوە كـــە لەچواردە بەنـــد پێكهاتبوو، لەبەندى دوانزەيدا جەغتى لەســـەر پێويستى "سەربەخۆيى و مافى چارەى خۆنووســـين"ى نەتەوە بندەستەكانى ئيمپراتۆرى عوسمانى دەكردەوە. ئەرمەن و كورد لەو ڕۆژگارەدا، هيواو پشتيان بەهاوكارى ڕۆژئـــاواو ئەو بەندەى ســـەرۆكى ئەمەريكا قايمبـــوو بۆ ڕزگاربوون لەژێردەستى توركەكان.

بەڵام ئەو ململانێيەى لەو سەردەمەدا لەسەر خاكى كوردستان و ئەرمينيا ڕوويدەدا، لەديدى ئيدارەى ئەمەريكييەوە بەشێكى بچووك

بـــوو لەگەمەیەکی یەکجار گەورە کە لەئاســـتی ناوچەکە و جیهاندا ڕوویدەدا. دوای هەڵگیرســـانی شۆڕشـــی ئۆکتۆبەر و ســـەرکەوتنی بەلشەفیکەکان لەجەنگی ناوخۆدا، ئەمەریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا بڕوای تەواویان بـــەوە هێنا کە هەوڵدان بۆ دروســـتکردنی بەربەســـتێک لەبەردەم بەرفراوان بوونەوەی نفوزی کۆمۆنیزمدا، بەکۆمەکی ئەرمەن و گورجـــی و کورد کارێکـــی بێهودەیە، تەنها وڵاتێک کە بتوانێ ئەو ڕۆڵە ببینێت تورکیایەکی بەهێزە لەســـایەی دەســـەڵاتی «مستەفا کەمال»دا. هەر بۆیە وڵســـن و ســـەرکردەکانی ڕۆژئاوا، ســـووک و ئاســـان پشـــتیان لەئەرمەن و کورد کردو کردیانن بەقوربانی گەمە سیاسییەکانی خۆیان.

## ئەمەریکاو کێشەی موسڵ

لەکێشمەکێشی نێوان بەریتانیا و تورکیادا سەبارەت بەچارەنووسی ویلایەتی موســـڵ، بەریتانیا پێویســـتی بەپشـــتیوانی ئەمەریکابوو بـــۆ لکاندنی ئـــەو ویلایەتـــە بەعێراقەوە، ئەمەریـــکاش لەپای ئەو ڕەزامەندییەدا، داوای بەشێک لەحصەی نەوتی کەرکوکی دەکرد.

ســـەرەنجام پـــاش جێبەجێکردنی ئـــەو داخوازییـــە، بەریتانیا ڕەزامەنـــدی ئەمەریکای دەســـتەبەرکرد بۆ لکاندنی ئـــەو ویلایەتە بەدەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقەوە، ســـەڕەرای نارەزایی کوردیش بەرامبەر بەوەی ویلایەتی موســـڵ بلکێندرێت بەعێراقەوە کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەیان پێکدەهێنا.

ســـەرنجڕاکێش ئەوەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پاش

تێپەڕ بوونی دە ســاڵ بەســەر دامەزراندنی عێراقدا ئامادەبوو دان بەو دەوڵەتەدا بنێت، واتە تەنها ئەوکاتەی کە بەشێک لەئیمتیاز و بەشی نەوتی کەرکوکی بۆ خۆی بەدەستهێنا.

## ئەمەریکاو تێکشکانی کۆماری مەهاباد

دامەزرانــی کۆمــاری مەهاباد و ئازەربایجان، هــاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی سارددا، کە گرنگترین سیمای جیهانیش لەسایەی ئەو جەنگەدا، ململانێی ســەختی نێوان ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت بوو. ئەمەریکا، تەیار بە چەکی ئەتۆم و وەک گەورەترین هێزی ئابووری جیهان لەشەڕ هاتبووە دەر، ئامانجی هەرە گرنگی ئیدارەی (ترومان)یش ئیحتیواکردن و ڕێگرتن لەبەرفراوان بوونەوەی کۆمۆنیزم بوو لەسەرتاسەری جیهاندا. ئێران خاڵی دەســتپێکی جەنگی ساردو هەڵکشانی ئەمەریکا بەرەو ڕۆژهەڵات بوو، هەروەها سەرەتای گرتنەبەری سیاسەتێکی دەرەکی کارای ئەمەریکاش بوو لەدوای جەنگی دووهەمەوە. ئەمەریکا هەموو هێزو توانای خۆی بۆ کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لەئێران و تێکشکاندنی کۆماری کوردســتان و ئازەربایجان خســتەگەڕ. پێداگرتنی ئەمەریکا لەسەر گرنگی یەکپارچەیی خاکی ئێران بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بوار نەدان بەدەست گەیشتنی سۆڤیەت بەکانە نەوتەکان و ئاوە گەرمەکەی کەنداو، هۆشیار کردنەوەی ڕاستەوخۆی مۆسکۆ لەلایەن ئیدارەی ئەمەریــکاوە، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبوو لەســەرکوتکردن و ڕووخانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان و سپاردنەوەیاندا بەدەوڵەتی ئێران.

# پەیمانی بەغدادو ئەمەریکا

لــە پەنجاکانی ســەدەی ڕابــردوودا، ئەمەریکا نەخشــەدارێژو سەرپەرشتکاری سەرەکی (پەیمانی بەغداد) بوو. پشتیگیری ویلایەتە یەکگرتووەکان، فاکتەرێکی گرنگی سەرخســتن و بەردەوامبوونی ئەم پەیمانەبوو کە «مەترســی بزوتنەوەی کورد» هاندەرو هۆکارێکی پڕ بایەخبوو لەبەشــداری کردن و بەئەندامبوونی حکومەتەکانی عێراق و تورکیاو ئێران تیایدا. یەکێک لەئامانجە سەرەکیەکانی ئەو دەوڵەتانەش، هاوکاری و یەکخستنی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەیان بوو بەمەبەستی سەرکوتکردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان.

## وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاو هەرەسی ١٩٧٥

سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەدوای مۆرکردنی پەیمانی دۆســتایەتی نێوان دەوڵەتی عێراق و یەکێتی ســۆڤیەتدا. لەمیانەی سەردانی نیکسۆن و کیسنجەردا بۆ تاران (١٩٧٢)، ئەمەریکییەکان و شای ئێران بەمەبەستی گوشار خستنە سەر حکومەتی عێراق، بڕیاری کۆمەک بەخشــینی ســەربازی و دارایی بەبزووتنەوەی کورد دەدەن، ئەوکات کورد ڕێکەوتننامەیەکی ئاشــتی لەگــەڵ حکومەتی ناوەندی عێراقیدا بەســتبوو. بەڵام وەک دواتر ئاشــکرا کــرا، ئەم کۆمەک و پشتیوانییەی ئەمەریکا، تەنها بەمەبەستی لاوازکردنی سوپاو دەوڵەتی عێراقو دوورخســتنەوەی لەســۆڤیەت بوو، نەک بۆ گەیشتنی کورد بەلانی کەمی مافەکانیان.

له ئازاری ١٩٧٥دا، کاتێک عێراق و ئێران لەسەر مەسەلە ئالۆزەکانی سنووری نێوان هەردوو وڵات ڕێککەوتن و هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاش یەکێک لەعەرابەکانی ئەو ڕێککەوتنە بوو، کورد بەتەنها لەبەرامبەر زەبروزەنگی شـــەڕەنگێزترین دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەجێ هێڵدراو ڕووبەڕووی کوشندەترین شکست و گەورەترین تراژیدیابوونەوە، کە لە ڕووی ســـایکۆلۆژییەوە زامێکی قووڵی خستە جەستەی کوردەوەو وێنەیەکی ڕەش و پڕ لەخیانەتکاری ئەمەریکاشی لەیادەوەری کورددا هەڵکۆڵی.

## بێدەنگی ئەمەریکاو ئەنفال

ســـاڵی ١٩٨٨، دەوڵەتی عێراق لە ســـایەی بێدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیـــدا، بەوپـــەڕی توندوتیژییەوە نوێتریـــن چەکی کۆکوژی و تەکنیکـــی ســـەربازی تۆقێنەری لـــەدژی گەلێـــک بەکارهێنا کە خاوەنی ســـاکارترین ئامرازی بەرگریکردن لەخۆیان نەبوون. ئەوکاتە ئەمەریکییەکان بەهەموو شێوەیەک پشـــتیوانییان لەدەوڵەتی عێراق دەکرد بەمەبەستی سەرخستنی لەجەنگی دژ بەئێراندا، هەربۆیە ڕژێمی بەعس بەتەواوی دەســـتی کراوە بوو بۆ ئەنجامدانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو پرۆســـەی ئەنفال، کە تراژیدیایەکی دڵتەزێنی ڕاســـتەقینە بوون بۆ کورد.

بەدوای دەنگدانەوەی ئەو کارەســـاتانە لەسەرتاســـەری جیهاندا، ســـیناتی ئەمەریکا بڕیاری گەمارۆی ئابووری خســـتنە سەر عێراقی

بەهۆی بەکارهێنانی گازی کیمیاییەوە ڕاگەیاند، بەڵام ئیدارەی ڕیگان ڕێگەی بەجێبەجێکردنی بڕیارەکە و سزادانی عێراق نەدا.

## ئەمەریکاو کۆڕەو

بەدوای پرۆسەی سەربازی "گەردەلولی بیابان"دا (١٩٩١)، سەرەڕای ئەوەی بوشی سەرۆکی ئەمەریکا بانگهێشتی خەڵکی عێراقی کرد بۆ ڕاپەڕین و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، کەچی لەساتەوەختی ڕاپەڕیندا، ئیدارەی ئەمەریکا پشتی لەخەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و باشووری عێراق کرد، ئەم هەڵوێستەش کارەساتی کۆڕەوی خەڵکی کوردستان و کوشتاری شیعەکانی باشووری عێراقی لێکەوتەوە.

وێڕای ئەوەش، کە دواتر لەژێر گوشاری ڕای گشتی ڕۆژئاواو بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناوچەی دژە فڕین دامەزرا، ئەمەریکا ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی لەپاراستنی هەرێمی کوردستاندا گێڕا. چونکە لەڕاستیدا بێ پشت ئەستووری (چەکوشی ئامادە) و فڕۆکەکانی ئەمەریکا، کورد بەتەنها توانای پاراستنی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی نەبوو. پاراستنی کورد لەزەبروزەنگی ڕژێمی بەعس و هێرشی سوپای عێراق بۆ ماوەی زیاتر لەدوانزە ساڵ، هەروەها ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆ بەسەرپەرشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و پاشانیش ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام، هۆکارگەلێکی گرنگبوون بۆ ڕەوینەوەی ئەو وێنە ڕەشەی لە دیدی کوردەوە بەرامبەر بەئەمەریکا هەبوو. بەڵام لەساتەوەختێکی هەستیاری سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراقدا، ڕاپۆرتەکەی

بیکەر هامیلتۆن جارێکیتر وێنە ڕەشـــەکانی ئەمەریکای لەیادەوەری کورددا زیندوو کردەوە.

## ئەمەریکاو دژایەتی کوردەکانی باکور

تورکیا، ئەو وڵاتەی کە نکوڵی لەبوونی کوردو دژایەتی ساکارترین مافەکانـــی دەکات، ئەندامێکی کارای ناتۆو هاوپەیمانی ســـتراتیژی واشـــنتۆنە، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە هەمیشە ئەمەریکا پشت و پەنای تورکیابووە، بەتایبەتی لەدوو دەیەی ١٩٨٠و ١٩٩٠دا کە هێرشـــی ئـــەو دەوڵەتە بەوپەڕی توندوتیژییەوە بۆ ســـەر کورد بەردەوام بوو، ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕی ١٥ ملیار دۆلار کۆمەکی سەربازی پێشکەش کرد، کە گەورەترین کۆمەکی سەربازی ئەمەریکا بوو بۆ دەوڵەتانی هاوپەیمانی "لەدوای ئیسرائیل".

ئەمەریکا هەمیشـــە لەبەرامبەر کوشـــتار و سەرکوتکردنی گەلی کورددا لەلایـــەن تورکیاوە بێدەنگ بووەو زۆرجار پشـــتیوانیکردنی ئەوانی لەپەکەکە کردووە بەپاساو.

لەکاتێکدا کە ئیدارەی ئەمەریکی بۆ هێرشـــکردنە سەر سربستان لە١٩٩٩دا ئەوەی کرد بە بەهانە کە لێناگەڕێن ئەلبانییەکانی کۆزۆفۆ بـــە بەرچاوی ناتۆوە لەلایەن ســـربەکانەوە قەتڵوعام بکرێن، کەچی لەچوارچێوەی ســـنوورەکانی وڵاتێکی ناتـــۆدا بەوپەڕی دڵڕەقییەوە گەلێـــک قەتلوعام دەکرا بێ ئەوەی ئەمەریـــکا بچووکترین ڕەخنەی ئاراســـتە بکات. بەڵکو CIA ڕۆڵی ســـەرەکی لەدەســـتگیرکردنی ئۆجەلان لەکینیا و تەســـلیمکردنەوەی بەتورکیادا گێڕا. ئەمە جگە

لەوەی کە ســالانێکی زۆرە بەردەوام ســوپای تورکیا لەبۆردومانی ناوچە ســنورییەکانی هەرێمی کوردســتان و شەڕی دژ بەپەکەکەدا پشتی بەزانیارییە سیخوڕیەکانی ئەمەریکا بەستووە.

## کوردو ئەمەریکا.. ئێستاو ئاینده

ڕەنگــە هیــچ وڵات و هیچ گەلێــک لەم دونیایەدا شــک نەبەین بەئەندازەی کورد کاریگەریی ئەمەریکای لەســەر بێت. ســەرەڕای ئەوەی کە پێویستە کورد لەئێستاو ئایندەشدا بەپلەی یەکەم پشت بەفاکتەری "زاتی" خۆی ببەستێت، سەرباری ئەوەش کە گەلێکجار کورد بووە بەقوربانی سیاسەت و هەڵوێستی ئەمەریکاو جێ پەنجەی ئەم زلهێزە بەزۆرێک لەتراژیدییەکانمانەوە دیارە، بەڵام هێشتا کەس ناتوانێت نکوڵی لەگرنگــی "فاکتەری دەرەکی" و هاوکاری ئەمەریکا بکات بۆ کورد لەئێســتاو ئایندەشــماندا. تەنانەت ڕەنگە مەرجێکی گەیشــتنی کورد بەئامانج و خواســتەکانی "پشــتیوانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەمەریکا" بێت، چونکە هەروەک چۆن کورد نەیتوانی لەباشووری کوردســتاندا بەتەنیا بەئازادی و دەسکەوتە گەورەکانی بگات، بەدڵنیایی لەئێستاو ئایندەشدا ناتوانێت بەتەنهایی پارێزگارییان لێبکات.

ئەمە واقیعی دونیای ئەمڕۆیە: "واشــنتۆن" نەک هەر پایتەختی وڵاتێک، بەڵکو ئەو سەنتەرەشــە کە چارەنوسو ئاراستەی زۆربەی ڕووداوەکانــی ئــەم دنیایەی لێوە دیاریدەکرێــت، ئەمڕۆ بەدەگمەن

کێشـــەیەک لـــەوڵاتو ناوچەیەکی ئەم گۆی زەوییەدا شـــک دەبەین ئەمەریـــکا رۆڵی تیا نەبینێـــت، تەنانەت زۆرجار هەڵوێســـتی ئەم دەســـەڵاتە گەردونییە رۆڵی یەکلاکەرەوەش لەو کێشەو رووداوانەدا دەبینێت.